

# بەشێک لە وتووێژەکانی ئیبراهیم عەلیزادە

دەبیری یەکەمی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران - کۆمەڵە

--------------------------------

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست


١- ئەمریکا هەوڵ بۆ کۆنترۆڵ کردنی سەرۆکایەتی ئێران دەدات ........................ مادێح ئەحمەدی ........ ٤

٢- کۆمەڵە" بەهێزترین کۆڵەکەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە ............................ مادێح ئەحمەدی ....... ١٠

٣- مێژووی خەباتی ناسیۆنالیستەکان پڕپڕە لە خەیانەت بە ئامانجەکانیان ................ بۆ رۆژهەڵات .... ١٦

٤- ناسیۆنالیزمی چەپ منداڵێکە دەگری نازانێت کوێی ژان دەکات ........................ شەهرام عەبدوڵا .... ٥٣

٥- جێبەجێکردنی هەڵبژاردنو ریفراندۆم لە کەرکوک پێویستی بەکات هەیە ............... کەمال رەئوف ..... ٥٩

٦- حیزبە کوردییەکان لە قەیران دەژین .............................................. سەردار محەمەد .......... ٦٥

٧- شانۆگەریی دپلۆماسیەتی ئێرانی بەرامبەر هەرێمی کوردستان ............................ ئاسۆ عوسمان .... ٧٥

٨- کوردستان باوەڕی بەریفۆرمخوازەکان نییە ................................................... ئا: سنوور ...... ٨٤

٩- ئێران مەبەستی لێدانی دیموکرات نەبوو، بەڵکو مەبەستی شکاندنی سومعەی یەکێتی بوو .................. ٨٧

١٠- مانەوەی کورد لەچوارچێوەی ئێراندا لەبەرژەوەندی گەلی کورددایە ............................. هاوڵاتی ........ ٩١

١١- کوماری ئیسلامی توشی چەندین قەیرانی چارە هەڵنەگرە ............................ فەرەیدون بێوار ...... ٩٦

١٢- گەلاڵەی هەشت خاڵیی شاری سنە لەژێر کاریگەری کۆمەڵەی کۆمۆنیستدا نووسراوە و ....... کوردپا ...... ١٠٤

١٣- پژاک لە گۆڕەپانی خەباتی مەدەنی و سیاسییدا دەوری بەرچاوی نییە ........... ستیڤان شەمزینی ...... ١٠٦

١٤- کوردستانو پارچەکانی.. بەرەو ئاسۆیەکی روون ........................................... ئاوێنە ......... ١١١

١٥- ساڵیادی گیانبەختکردنی فواد مستەفا سوڵتانی ........................................ رۆژ نیوز .......... ١٢٦

١٦- ڕەوتی چەپ لە کوردستانی عێراق پشتی لە ڕاپەڕین کرد ............................. کاوە جەم ........ ١٢٩

١٧- ئەمریکا داوای هاوکاری لێکردین ...................................... پشتیوان کەریم گەلاڵی ...... ١٣٧

١٨- دانوستانی نیوان حکومەتی تازە پیکهاتوی کوماری ئیسلامی ....................... ماڵپەری ئاشتی ....... ١٤٣

١٩- پێویستە هەوڵ بدەین ئەو تەفرەقەیە شۆڕ نەبێتەوە بۆ نیو جەماوەری خەباتکار ..... گۆڤاری لڤین .... ١٤٧

٢٠- ئێمە هێزە سۆسیال دیموکراتەکان لە چوارچێوەی چەپدا نابینین ...................... ئا: ئاوێنە ....... ١٥٤

٢١- مێژووی چەپ و کۆمۆنیزم، لینگەوقوچ دەکاتەوە!! ............................... عەبدوڵا مەحمود ........ ١٧٥

٢٢- سیاسەتەکانی ئاکەپە شکست دەهێنن ................................................ ئاوات هاوار ....... ١٨٠

٢٣- بارودۆخی ئێران و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ........................................ جیهانی ئێمروز ........ ١٨٤

٢٤- زەمینەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریی لە ئێراندا نییە ................... هێمن حەسەن ........ ١٩٧

٢٥- قسەوباسیک لەسەر بارودۆخی ناوچەکە و گشت پرسی لە هەرێمی کوردستان ..... و: سەعید ئەمانی .... ٢٠٢

٢٦- بە بۆنەی ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عزەدین حوسێنی .................... سایتی پەیام ........ ٢١٤

٢٧- گۆڕانکاری پێویستە لە ناوخۆی ئێرانەوە بکرێت .................. شەماڵ حەسەن - ڕێباز حەسەن ...... ٢١٩

٢٨- بڕیارەکەی ئەمریکا لە قازانجی کورد نییە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ............... هێمن حەسەن ....... ٢٢٢

٢٩- کۆماری ئیسلامی هیچ دەرفەتێک بە نەیارەکانی نادات .................................. شارپرێس ....... ٢٢٦

٣٠- مەترسییەکان بۆ باشوور زۆر جددی ترە لەمەترسییەکان بۆ سەر رۆژئاڤا .................. ئارێز ....... ٢٢٩

٣١- کورتە ژیاننامە سەید ئیبراهیم عەلیزادە ......................................................................... ٢٣٣



سەرچاوە Serchawe

## ئەمریکا هەوڵ بۆ کۆنترۆڵ کردنی سەرۆکایەتی ئێران دەدات



ئامادەکردنی: مادێح ئەحمەدی

ئاماژە: کێشەیەکە ئێران ئەمڕۆ لەبواری نێونەتەوەییدا تووشی هاتوە، قەیرانێکە کە بەشێوەیەکی هەمە لایەنە سەرنجی وڵاتانی جیهانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشاوە و چارەسەر کردنیشی لە کەناڵی دیالۆگو گفتۆگۆوە بەئاماژە بەئەقلیەتی کۆماری ئیسلامی مەحاڵە.

زەرورەتی گرنگیدان بەم کێشەیە زیاتر لەهەر سەردەمێکیتر پێویستو شیاوی سەرنجە، چونکو بەڕاستی ئەمڕۆ لەنێو گوتاری سیاسی جیهاندا، ئێران بەشێوەیەکی بەرفراوان کەوتۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بەم بۆنەوە بە پێویستمان زانی زەنجیرە وتووێژێک لە گەڵ لایەنە سیاسی و ئۆپۆزیسۆنەکانی ئێراندا بەئەنجام بەگەیەنین. لەم پێناوەدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێز"سەید ئیبراهیمی عەلی زادە" سکرتێری گشتی کۆمەڵە- سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کرد کە ئەمە دەقی وتو وێژەکەیە.

**مادێح ئەحمەدی:** کاک سەید ئیبراهیم، سەرەتا پێمان خۆشە سەبارەت بە دوایین گۆڕانکاریەکانی ئێران لە بواری نێونەتەوەییدا بۆمان باس بکەن یان ڕایٚ ئێوە لەم بارەیەوە چیە؟

**وەک:**

١- دۆسیەی ئەتۆمی.

٢- مافی مرۆڤ.

٣- نارەزایەتی و خۆپیشاندانی خەڵک لە ناوخۆوە و سەرکوت کردنی ئەو حەرەکەتانە لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە.

**ئیبراهیم عەلیزادە**: دۆسیەی ئەتۆمی ئێران بە ئاراستەیەکی پڕمەترسیدا دەڕوات. ڕژیمی ئیسلامی لە کێشەی لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکادا ئاگرێکی کردۆتەوە کە دووکەڵەکەی ڕاستەوخۆ دەچێتە چاوی خەڵکی ئەو وڵاتەوە. بەرژەوەندی جەماوەری خەڵک لە ئێران لەم کێشەیەدا لە بەرژەوەندی هەردوو لا بە تەواوی جیاوازە. دەوڵەتی ئەمریکا دەیهەوێ سەرەڕۆیەکانی ڕژیمی ئیسلامی کۆنترۆڵ کات و ئاڵقەکانی زنجیری دەسەڵاتی خۆی بەسەر چارەنووسی سیاسی و ئابووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەکمیل بکات و هەروەها ڕێگا لە نزیک بوونەوەی ڕژیمی ئیسلامی لە ڕەقیبەکانی جیهانی خۆی و دەوڵەتانی ئوروپای مەرکەزی، ڕوسیە و چین بگرێ. ڕژیمی ئێرانیش دەیهەوێ دەوری لە کێشمەکێشەکانی ناوچەییدا لە لایەن ئەمریکاوە بە ڕەسمی بناسرێ و لەم ڕێگایەوە جێگای پێ خۆی بۆ مانەوە لە سەر حوکم پتەوتر بکات و لە هەمان کاتدا سەرنجی خەڵک لە کێشەکانی ناوخۆیەوە بەرەو دەرەوەی وڵات ڕابکێشێ و بیانوو بۆ سەرکوت کردنی خەباتی حەقخوازانەیان بە دەست بێنێ. جەماوەری خەڵکیش لە ڕژیمی ئیسلامی بێزارن و تێدا چوونی بە ئاوات دەخوازن و لە هەمان کاتدا لە شەڕێکی نەخوازراویش کە وڵاتەکەیان تووشی ئەو ڕۆژگارە ڕەشە بکات کە ئێستا بەسەر عێراقدا هاتووە نیگەرانن.

گرینگی دۆسیەی ئەتۆمی ئێران لەو مەترسیانەدا نیە کە چەکی نەوەوی بە دەست هەر لایەنێکەوە بێت دەیخوڵقێنێ، بەڵکو لەوەدایە کە بۆتە خاڵێک کە گەلێک لە ناکۆکیەکانی ناو دەوڵەتانی گەورەی ئەمڕۆی دنیا تێدا خۆ دەنوێنێت و بیانوی بۆ لابەلا کردنی چەندین کێشەی جۆراوجۆر پێک هێناوە. لە پەیوەند لەگەڵ ڕژیمی ئیسلامیدا مەسەلە ئەوەیە کە چلۆن ئەو ڕژیمە لە هەل و مەرجێکی لاوازتردا بکێشرێتە ناو وتووێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا و ئیمتیازی پێ بدات. دەوڵەتی ئەمریکا بە بردنی کێشەی ئەتۆمی بۆ ئەنجومەنی ئاسایش دەستی ئوروپایەکانی لە کار تێکردنی ڕاستەوخۆ کورت کردەوە و وە لە ئەنجومەنی ئاسایشدا هەوڵ دەدات ڕوسیە و چینیش بە شوێن خۆیدا بکێشێت.

پیشێلکردنی مافی مرۆڤ و بێ حورمەتی بە کەسایەتی ئینسان لە جەوهەری بۆچونی ئەو ڕژیمە دایە و ئەوندەی بۆی چوبێتە سەر، لە پێشێلکردنی دریغی نەکردوە. ئەوەی لەم بوارەدا ئەمڕۆکە لە ئێران بە دەست هاتووە (کەم بێ یان زۆر)، بە تەواوی پەیوەندی بە ئاستی خەباتی جەماوەرەوەیە کە پاشەکشەی بە ڕژیم کردوە. ئەگەرچی ڕۆژانە و بە بەردەوام مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی ئەو وڵاتە لە لایەن ڕژیمەوە پێ شێل دەکرێ لە هەمان کاتدا ئەو واقێعیەتەش دەبیندرێ کە لەچاو ڕابردوو لە نێوان جەماوەری خەڵک و ڕژیمدا لەم ڕووەوە هاوسەنگییەکی نوێ پێک هاتووە. نە دەوڵەتی ئەمریکا و نە دەوڵەتانی ئوروپایی نایانهەوێت لەم بوارەدا بە شێوەیەکی جیدی بچنە مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ ڕژیمی ئیسلامی و

تەنیا بەشی ئەوەندە باسی لێوە دەکەن کە لەژێر پەردەی دا بەرژەوەندیەکانی سیاسی و ئابووری واقیعی پێ بشارنەوە.

**مادێح ئەحمەدی**: بە بڕوای جەنابت ئەگەر ئێران درێژە بەم ئەقلییەت و کردەوانە بدات، چ داهاتوویەکی لەبەردەم دایە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: دوو خالی جێگای سەرنج لەم بابەتەوە هەیە کە دەتوانێ بۆ پیش بینی کردنی داهاتوی ئەو کێشەیە یارمەتی دەر بێ. یەکەم، کۆماری ئیسلامی رژیمێکی یەکەست نیە وستراتیژی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو رژیمە بۆ پاراستنی حکومەتی ئیسلامی وەکوو یەک وانیە. ئەگەر ئەحمەدی نژاد و سپای پاسداران و ئاخوندەکانی وەکوو "مێباح یەزدی" نەیانەوێ خۆیان لە سەر دۆسیەی ئەتۆمی ئێران وەها پاشەکشەیەک بکەن کە ئەمریکا و دەوڵەتانی تر رازی بکات، خامنەیی و رەفسەنجانی و ئەوانی تر هێشتا ئەوەندەیان لە تواناداا هەیە کە سیاسەتی رژیم لەم کێشەیەدا بگۆڕن. دەست پێ کردنی گفتوگۆی رەسمی لە گەڵ ئەمریکا سەرەتایەکە کە دەتوانێ رێگا بۆ ئەو سازشە خۆش بکات. ئەحمەدی نژاد یان سەری دادەنەوێنێ و ئەو سازشە قبول دەکات یان کێشەکانی ناوخۆیی رژیم قووڵتر دەبنەوە و دەورانی بەیەکەوە ژیانی هێمنانەی باڵەکانی رژیم کۆتایی پێ دێت.

نوکتەی دووهەم ئەوەیە دەوڵەتی ئەمریکا هێشتا لە پێکهاتنی گۆڕانکاری لە ناوخۆی رژێمدا هیوا بڕاو نیە و بە هەموو ناکۆکیەکانیشەوە هێشتا کار کردن لەگەڵ ئەو رژیمە بە لایەوە پەسەندترە لەوەی کە پێ بنێتە ناو رەوتێکەوە کە نازانێ لە نیهایەت دا بەرەو کوێ دەڕوات. هەر بۆیە ئەمریکا هەوڵ دەدات لە ناکۆکیەکانی ناوخۆی رژیمی ئیسلامی کەڵک وەربگرێ بۆ ئەوەی جارێ بەشێک لە رژیم لە گەڵ بەرژەوەندیەکانی خوێ هاوئاهەنگ بکات.

بە کورتی لە گەڵ ئەوەشدا کە هەم ئەگەری گەمارۆی ئابووری، هەم زەربەیەکی نیزامی بەرتەسک، بە تایبەت لە ژێر کاریگەری و زەختی دەوڵەتی ئیسرائیل، رەت ناکرێتەوە بەڵام هەردوو لا لە هەوڵی دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش دان بۆ سازان.

**مادێح ئەحمەدی**: رای جەنابت هەمبەر بە دانیشتنی ئەمریکا لە گەڵ ئێران چیە؟ وە ئایا ئەو دانیشتنە پەیوەندی هەیە لە گەڵ بارودۆخی ئەمرۆی عێراق یا ئەوەیکە پەیوەندی هەیە بە کێشەی ئێرانەوە وە بە تایبەت مەسەلەی ئەتۆمیەکەی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: گفتوگۆی نێوان جمهوری ئیسلامی و ئەمریکا رووداوێکی نوێ نیە و ئەو پەیوەندیە بەردەوام هەبووە. لە کۆنفرانسی گوادلوپەوە لە سالی ١٩٧٩ کە ئەمریکا هەموو هاوپیمانانی خۆی رازی کرد رەزایەت بدەن،بە هاتنە سەرکاری رژیمی ئیسلامی وەکوو لەمپەرێک بەرانبەر بە یەکێتی سوڤیەت تا نوفل لوشاتۆوە کە قوتب زادە لە نیوان خومینی و سەفارەتی ئەمریکادا لە پاریس لە هاتوچون دابوو، تا ئاشکرابوونی سکاندالی ایران ـ کۆنترا لە ئامریکا لە گەرمەی

شەڕی ئێران و عێراق و چەندەها نمونەی تر و سەر ئەنجام لە جەریانی ڕووداوەکانی ئەفغانستان و عێراقدا کە وتووێژەکانیان بە نەهێنی بەڕێوە دەچوو. ئەمریکا و ڕژیمی ئێران لە عێراق و لە ئەفغانستان بە چەند قات زیادتر لەوەی کە نەیاری یەکتر بن هاوکاری یەکتر بوون. لە وتووێژەکانی ئاشکرایٔ ئەم دەورەیاندا کە بڕیار وایە لە بەغدا بەڕێوە بچآ بە بڕوایٔ من پێش ئەوەی ناوەرۆکی وتووێژەکان گرینگ بیٔ کەش و هەوایەک کە لە ئاکامی ئەو گفتوگۆیانەدا پێک دیٔ، گرینگی هەیە. دانیشتنی ڕەسمی نوێنەرانی هەردوو لا لەسەر هەر مەسەلەیەک بیٔ، ڕێگا بۆ دانیشتنی دیکە لە شوێنی دیکە و لەسەر کێشەکانی دیکە خۆش دەکات .

دیاری کردنی وەزعی عێراق وەکوو دەستووری ڕەسمی گفتوگۆکان ئیمتیازێکە کە دەوڵەتی ئەمریکا داویەتی بە کۆماری ئیسلامی و مانای سیاسیەکەی ئەوەیە کە دەوری ئەو ڕژیمەی لە هاوسەنگی هێزی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا بەرەسمی ناسیوە، هەر بۆیە ئەبیٔ چاوەڕوان بین و ببینین کە لە بەرانبەردا چ ئیمتیازێک وەردەگرێت.

**مادێح ئەحمەدی**: جەنابتان هەر لە سەرەتاوە دژ بە هێرشی ئەمریکا بۆ سەرعێراق بوون و ئێستاش وادیارە هەر لەسەر ئەو بڕوایەت، دەکرێت هۆکاری ئەمەمان بۆ باس بکەن؟ هەروەها لێرەوە رایٔ جەنابتان سەبارەت بە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران لە داهاتوودا چییە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئێستا و دوای ئەو هەموو کارەساتەی کە بەسەر ئەو وڵاتەدا هاتووە تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی هەڵوێستی ئەو جەماوەرە عەزیمەی کە لە هەموو جیهان دژی ئەو شەڕە بوون، دژوار نیە. ئەو خەڵکە لە هەمان کاتدا کە نەفرەتیان لە ڕژیمی سەدام دەکرد، لایان وابوو کە ڕێگایەکی تر بۆ ڕووخاندنی سەدام و بۆ ئاڵوگۆری بنەڕەتی لەو وڵاتەدا هەیە. ئایا نەدەکرا لە هەموو ئەو ساڵانەی کە ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتوەکان هەموو ئەو وڵاتەیان بە شوێن چەکی کۆمەڵ کوژدا پشکنی، بە شوێن گۆرە بە کۆمەڵەکانیش دا گەرابان؟ ئایا نەدەکرا لە گەڵ ئەوەدا کە قەسرەکان و ژووری خەوی سەدامیشیان دەپشکنی زندانەکانیشیان پشکنی با و ئاوڕێکیان لە ئەشکەنجەگاکانی سەدام داباوە؟ هاوکات کە ئەم پسپۆڕ و ئەو پسپۆڕیان لە بەغداوە دەبرد بو ئوردون بۆ ئەوەی بە بیٔ ترس لە ڕژیمی بەعس ڕاستیەکان باس بکەن، خەڵکی زیندانیان لە زیندانی ئەبو غورەیب بردبا ئەو شوێنە و نەهێنیەکانی ئەو زیندانەیان پیٔ ئاشکرا کردبان؟ هەر ئەوەندی کە ڕژیمی بەعسیان لەسەر چەکی کۆمەڵ کوژ خستبوە ژێر زەختەوە بۆچی ئەوکارە و دەیان کاری تری لەو چەشنەیان لە بوارەکانی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا بەڕێوە نەبرد؟ وەلام ئەوەیە، چونکە نەیان دەویست کۆمەلانی خەڵکی ئەو وڵاتە خۆیان بکەونە سەر ڕەوتی ڕووخاندنی ئەو ڕژیمە و خۆیان بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات ئامادە بکەن و ببن بە خاوەنی ئەو وڵاتە. خەڵک بۆ ماوەی دوازدە ساڵ بە بەڵێنی سەرکەوتنێکی ئاسان و بیٔ ژانەسەر لە ڕێگەی هێرشی سەربازی دەرەکیەوە



سەرچاوە
Serchawe

چاوەڕوان ڕاگیران. تێدا چوونی بە سەدان هەزار منداڵ تەنیا یەکێک لە ئاکامەکانی گەمارۆی ئابووری بوو کە تەنها بەسەر خەڵکی هەژاری ئەو وڵاتەدا ئەشکایەوە. دوای ڕووخانی ڕژیمی سەدامیش بەو شێوەیە کە دیتمان ڕێگا بۆ ڕەوتی کۆنەپەرەست و تاریک بیر خۆش کرا کە بخزێنە ناو دەسەڵات و یان لە دەرەوەی دەسەڵات خۆیان ڕێک بخەن و دەوری ئۆپۆزیسیۆن ببینن. ئەمانە هەمووی لە مانگەکانی سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ دا دەگوتران و دەنووسران.

ئێستاش هێرشی بەربڵاوی ئەمریکا بۆ سەر ئێران بێ گومان ئاکامەکانی بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە هەمووی هەر کاول کاری و مەرگ دەبێ و نەک هەر دیموکراسی و ئاسودەیی بەدی ناهێنێ بەڵکو ئەو وڵاتە ساڵها بەرەو دوا دەبات. ئەگەری وەها ڕووداوێک زۆر بێ یان کەم، پەلاماری بەرتەسک بێ بۆ تەمبێ کردنی کۆماری ئیسلامی یان هێرشی سەربازی بەربڵاو، جەماوەری خەڵک لە ئێران ئەوەندەیان تەجروبە دەست کەوتووە کە بەرەو پیری ماڵ وێرانی خۆیان نەچن و خوازیاری نەبن. بەڵام بۆ ئەوەی پێش بە وەها ڕەوتێک بگرن ڕێگایەکیان نیە جگە لەوەی کە لە بەرەی بزووتنەوەی جیهانی دژ بە شەڕدا بن و لە ئێرانیش هەوڵەکانی خۆیان بۆ ڕوخاندنی ڕژیمی ئیسلامی بە چەند قات زیاتر کەین. ئەوە ڕەوتێکە کە ئێمە هاندەری دەبین و هەوڵ دەدەین تێدا دەور ببینین.

**مادێح ئەحمەدی**: جیاواز لەم باسانە، بەئاماژە بەوەیکە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لەپێناوی ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامیدا سەرەکیترین ڕۆڵی هەیە، لەمێژە باس لەپێکهێنانی یەرەیەک لەنێوانیاندا دەکرێت، ئەمەوێت ئەوە بپرسم کە، بەرەی کوردستانی لە چ ئاستێکدایە؟ و هۆکاری پێک نەهێنانی ئەو بەرەیە لە نێوان پارت و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتدا دەگەڕێتەوە بۆ چی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: تاکو ئێستا پێشکەوتنێکی بەرچاو لە مەسەلەی پێکهێنانی بەرەی کوردستانیدا پێک نەهاتووە و گفتوگۆکانی دوو لایەنە و چەند لایەنە بە لاوازی هەر لە ئارادان. بۆ ئێمە پێویستی بەرەی یەکگرتوو لە یەکخستنی خەباتی جەماوەری لە کوردستان لە دژی ڕژیمی ئیسلامیەوە سەرچاوە دەگرێ، کەچی زۆربەی لایەنە سیاسیەکانی دیکەی ئێستای کوردستان لە ڕووی کۆپی کردنی هەلومەرجی سەردەمی هێرشی سەربازی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بۆ سەر عێراق لە ئێرانیش بە پێویستی پێکهێنانی بەپەلەی بەرەی کوردستانی گەیشتوون. هەر بۆیە لام وایە هەوڵەکانیان ڕەسەن نیە و موسابێقەیە بۆ دوا نەکەوتن لە هەلومەرجێک کە لە ڕووی تەوەهومی خۆیانەوە دروستیان کرووە.

بەڵام بە هەر حاڵ هاندەری ئەم و ئەو هەرچی بێ، ئێمە لامان وایە کە پرۆژەی بەرەیەکی یەکگرتوو لە لایەنە سیاسیەکانی هەڵسوراو لە کوردستان بە جۆرێک کە بتوانێ یارمەتیدەری خەباتی ئەو خەڵکە لە دژی ڕژیمی ئیسلامی بێ،



سەرچاوە
Serchawe

دەبێ بە شێوەیەک دابڕێژرێت کە ڕێگا بە ڕژیم نەدات لە کەلێن و کەلەبەرەکانی ناو هێزە سیاسیەکانی هەڵسوراو لە کوردستان بۆ زەربە لێدان لە خەباتی خەڵک کەڵک وەربگرێ. هەر بۆیە لامان وایە نابێ بە شێوەیەکی ئیختیاری هیچ کەس و لایەنێک کە بە سەهمی خۆی دەوری هەیە لە خەباتی ئەو خەڵکەدا دژ بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، پەراوێز بخرێ.

لە ئاستێکی دیکەدا ئاشکرایە کە بە بێ بوونی خاڵی هاوبەش لە ستراتێژی سیاسی ئەو هێزانەدا قسە لە پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو لە نێونیاندا بێ مانایە. دەبێ ئەوە روون بێ کە بۆ گەیشتن بە بەشێک یان بە هەموو ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان هەر کامە بە چ ڕێگایەک دا دەڕۆین و چ ئامرازگەلێک بە دەستەوە دەگرین. باشتر وایە کە باسەکانی نێوان ئەو هێزانە لەمەڕ پێکهێنانی بەرەدا بە ئاشکرا و لە رادیۆکان و لەسەر سەفحەی تەلەفزیۆنەکاندا پێش هەموو شتێک بچێتە سەر ئەم خاڵە.

سەرە رای ئەوانە لە روانگەی ئێمەوە چەند سەرەتایەکی چارەنووس ساز هەیە کە بە بێ سەلماندنی ئەوانە و بە بێ پابەند بوونی هەموو لایەنەکان پێیان بە بێ راگەیاندنی بێ پێچ و پەنای بەڵێنی خۆیان لە زەمینەیەدا، ناکرێ قسە لە پێکهێنانی بەرە بکرێ. پابەند بوون بە سەرەتای ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی لە کوردستان، قەدەغە بوونی هەرچەشنە دەست بردنێک بۆ چەک لە کێشە سیاسیەکانی ناوخۆیی لە کوردستان، قەدەغە بوونی پەیوەندی گرتنی وتووێژی بە جیاواز بە نهێنی بێ یان بە ئاشکرا لە گەڵ ڕژیمی ئیسلامی، لە زومرەی ئەو سەرەتایانەن.

**مادێح ئەحمەدی**: لەهەمبەر ئەو بابەتەنانەی کە باسمانکرد وەکوو دووایین پرسیار پێمان خۆشە سەبارەت بەوە بۆمان باس بکەن کە لە مێژە باس لەوە دەکرێت مێتۆدی ئێوە وەکوو کۆمەڵە - سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە ئاستی ئەمڕۆی کۆمەڵگادا ناگونجێت، تەنانەت دەستەیەکیش دەڵێن هیچیان پێ ناکرێت. وەڵامی جەنابتان چیە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: مەبەستی مێتود لەم پرسیارەی ئێوەدا دەتوانێ لایەنی جوراوجۆری هەبێت. بەرنامەی سیاسی ئێمە لە هەردوو بەشی لانی کەم و لانی زۆری خویدا رەنگدانەوەی ئاوات و ئارەزووەکانی زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانی ئەو وڵاتەیە. لە ناو خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و هەژاردا کەس نیە کە رۆژێک لە رۆژان وەها ژیانێک وەها رۆژگارێک کە لەو بەرنامەیەدا هاتووە بە ئاواتی نەخواستبێ. لەم بەرنامەیەدا کەس ناتوانێ یەک خاڵ بدۆزێتەوە کە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەمڕۆ و سبەینێی ئەو خەڵکەدا ناتەبا بێ. ڕێباز و ستراتێژی سیاسیشمان لە خەباتی چەند دەیەی رابردووی کوردستاندا تاقی کراوەتەوە و ئەگەرچی سەرکەوتنی نیهایی بەدەست نەهێناوە بەڵام هەر لەحزەیەک لە ژیان و خەباتی کۆمەڵە خزمەت بووە بە ئەو کۆمەڵگایە. لە بواری سیاسی و فەرهەنگیەوە بەرەو پێشی بردووە و تەنانەت دەوری هەبووە لەباشتر

بوونی سیمای ژیانی هەر ئەمڕۆیان وەلەو بە رادەیەکی کەمیش بووبێ. هەر ئەو مێتۆدە ئاڵا هەڵگری موقاومەتێکی عادڵانە بووە کە نەی هێشووە لاوانی کوردستان بکرێن بە دەستەچیلەی ئاوری شەڕی کۆنە پەرەستانەی ئێران و عێراق، کۆمەڵگای کوردستانی بە رادەیەکی زۆر لە کاریگەری فەرهەنگ و بیر و بۆچوونی رژیمی ئیسلامی پاراستووە. رێکخراوێکی سیاسی کردوە بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری. ئەوە بە کورتی بەشێک لە کارنامەی رێبازی کۆمۆنیستی لە کۆمەڵگای کوردستانە، باش وایە ئەو پرسیارە لەو کەسانەش بکرێ کە چەندین دەیە لە ژێر ئاڵای ناسیونالیزمدا بۆ خودموختاری یان فیدراڵیەتێکی نیوە ونیوەچڵ هەوڵیان داوە وە یان ئەمڕۆ بەو بایەوە ئەژین کە پێیان وایە لە دەرەوە بەرەو کوردستانی ئێران هەڵکراوە، با بزانین ئەمان لەم هەمووە تەمەنەی خۆیاندا چییان کردووە کە کۆمۆنیستەکان پێیان نەکراوە؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: مانگی مای ٢٠٠٦

---

## کۆمەڵە" بەهێزترین کۆڵەکەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە



ئامادەکردنی: مادێح ئەحمەدی:

ئاماژە: کۆنگرەی دوازدەهەمی "کۆمەڵە. رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" ئەمساڵ لە هەلومەرجێکی سیاسی جیاواز دا، لە تاراوگە بەرێوە چوو. سەبارەت بە کۆمەڵێک بابەتێکی گرنگ، کۆنگرەی دوازدەهەمی کۆمەڵە بوو بە تەوەری باسەکەمان و لەم پێناوەدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێز"ئیبراهیم عەلیزادە" (سکرتێری گشتی کۆمەڵە. رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) کرد، کە بەم شێوە وڵامی داینەوە.

**مادیح ئەحمەدی**: بەڕێز کاک ئیبراهیمی عەلیزادە، وەک دەزانین هاوینی ئەمساڵ کۆنگرەی دوازدەهەمی "کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" کۆتایی پێهات. وەک یەکەم پرسیار پێمان خۆشە سەبارەت بەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە بەرنامەو مکانیزمی کارکردن و... لە کۆنگرەدا هاتۆتە ئاراوە بۆمان باس بکەن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: کونگرەی ١٢ی کۆمەڵە ئاڵوگۆڕێکی لە ستراتیژی کۆمەڵەدا پێک نەهێناوە. ڕاپۆرتی سیاسی ئەو کونگرەیە لەم چەند ڕۆژەدا دەکەوێتە بەردەست و دەتوانن ببینن. بە پێی دوایین گۆڕانکاریەکانی سیاسی ئێران و ناوچەکە، کۆنگرە هەوڵی داوە کە ئەرکەکانی ئێمە لە هەموو بوارەکاندا بە وردی دیاری بکات. چالاکی تەشکیلاتی نەهێنی، سیاسەت بەرانبەر بە"NGO" کانی هەڵسوڕاو لە کوردستان، تاکتیک و شێوەکاری ئێمە لە خەباتی جەماوەری ئێستای کوردستاندا، خەباتی چەکداری و جێگا و شوێنی لە ستراتیژی ئێمەدا و گەلێک بابەتی وردی دیکە کە سەبارەت بە هەمووی ئەوانە سیاسەت دیاریکراوە.

بەڵام بە بڕوای من گرینگترین بابەتی ئەم کۆنگرەیە، باس و گفتوگۆ بوو لەسەر داڕشتنی بەرنامەیەک بۆ دەسەڵات داریتی جەماوەر لە کوردستان. بە پێی بۆچوونی کۆنگرە، "کۆمەڵە" بەرنامەیەکی بۆ ئەم مەبەستە داڕشتوە کە دەکرێ لە هەر بەشێکی کوردستان یان هەمووی، بۆ ماوەیەک یان بە بەردەوامی، بە عەمەلی یان بە فەرمی کاری پێ بکرێ. ئێمە لەم بەرنامەیەدا هەوڵمان داوە ڕێگا و شوێنێک دیاری بکرێ کە هەر لە سەرەتاوە دەسەڵات ڕاستەوخۆ بدرێتە دەست جەماوەر و ئەم حیزب و ئەو حیزب تەنیا بە پێی نفوز و خۆشەویستی یان لە ناو جەماوەردا بتوانن بەرنامەی سیاسی خۆیان بکەن بە بەرنامەی ئەم کۆمەڵگایە و هەر بەو پێیەش وەکوو حیزب لە دەسەلات دا بەشدار بن یان نەبن. هیوادارم ئەم بەرنامەیەش بەم زووانە بڵاو ببێتەوە.

**مادیح ئەحمەدی**: گەورەترین ڕەخنەیەک کەئەوڕۆ بەرەورووی ئۆپۆزسیۆن بۆتەوە ئەوەیە کە بەرەی نوێ و گەنجان لە ناو پارتەکاندا کەوتوونەتە پەراوێزی دەسەڵاتەوە، لەم پێناوەدا دەبینین لەناو ئێوەشدا گەنجان لە ڕێبەرایەتیدا نیین. لەم بارەوە ولامتان چییە؟ بۆچی لە کۆنگرەدا هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم بابەتەتان نەداوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەوەی کە ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن واقێعیەتێکی لە خۆیدا هەیە و بێ گومان وەکوو کەم و کوڕیەکی جیدی حیسابی بۆ دەکەین. بەڵام ئێوە دەزانن کە ئێمە لە ئێران لە لایەن ڕژیمی ئیسلامیەوە حیزبێکی قەدەغە کراوین و هەڵسوڕاوانی تەشکیلاتی ئێمە لە ناوەوەی کوردستان بە نەهێنی چالاکی دەکەن. دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم نزیکەی لە سەددا هەشتای ئەم هەڵسوڕاوانە لە زومرەی نەوەی گەنجی ئەو وڵاتەدان. ئەم نەوەیە بە هۆی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە ئێران ناتوانێ لە دەرفەتی یەکسان بە نیسبەت ئەو هاوڕێ یانەی کە لە دەرەوەی کوردستانن لە بە دەستەوە گرتنی پۆستە

تەشکیلاتیەکانی سەرەوە، بەهرەمەند بن. تەنانەت ناتوانن ئەو جۆرەی کە پێویستە لە ناوەوەی وڵاتیش خۆیان بە یەکتر بناسێنن و پەی بە تواناییەکانی یەکتر ببەن .

لەم کونگرەیەدا سیاسەت بەرانبەر بە"NGO" کان دیاری کراوە، جۆرەها لە هەڵسوڕانی بە ئاشکرا لە هەموو بوارێکدا هاندراوەو ڕێنوێنی پێویست کراوە. ئەمانە هەموویان دەتوانن یارمەتی دەر بن بۆ ئەوەی ئەم کەلێنە کەم بکرێتەوە. لە هەمووی ئەو ڕێگایانەوە قورسایی لاوان لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی ئێمەدا دەچێتە سەرێ. کە قورسایی سیاسی ئەوان چوە سەر، ئەوجار کەندوکۆسپی ڕێکخراوەیی و دەسەڵاتی سوننەت ناتوانێ پێشیان پێ بگرێ و ئەگەر پێشیان پێ بگرێ حیزب خۆی توشی ئاڵۆزی و قەیران دەبێ.

**مادێح ئەحمەدی**: لە مێژە باس لە پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لە نێوان پارتە کوردییەکاندا دەکرێت و گۆایە ئێوە بە فەرمی ڕاتانگەیاندووە کە لەو بەرەیەدا بەشداری ناکەن. بە پێی دوایین کۆنگرەتان هەڵوێستی نوێتان لەم بارەوە چییە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: پێشتر ئەوە بلێم ئێمە نەمانگوتووە لە بەرەی کوردستانیدا بەشداری ناکەین. ئێمە مەرجی خۆمانمان هەیە بۆ بەشداری کردن. ئیمە ئەو هەوڵانەی کە لە دوای لێدانی عیراق بۆ پێک هێنانی بەرە کراون و پشتیان بە تەوهوماتی ئەم و حیزبی کوردستانی ئیران بە سیاسەتی ئامریکا بەستووە بە جیدی نازانین. ئەوانە بەرژەوەندی کورتبینانە و بێبایەخیان لە پشتەوەیە. خەمی ئەوانە خەمی یەکگرتوکردنی خەباتی جەماوەری لە کوردوستان نیە. ئەوەی کە ئیمە بە هێندمان نەگرتۆە ئەوەیە و لە جێگەی خۆیەتی.

پێکهێنانی یەکێتی‌یەکی بەهێز لە کۆمەڵگای کوردستاندا بەرانبەر بە دەوڵەتی ناوەندی پێویستی‌یەکی حاشا هەڵنەگرە. ئێمە زۆرترین هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ ئەوەی کە لە خەباتی ناو جەماوەردا هەوێنی یەکگرتوویی بین و ڕێگا نەدەین وزە و توانای خەباتکارانەی خەڵکێک کە دژ بە دەسەڵاتی ئەو ڕژێمەن لە کوردستان بەفیڕۆ بچێ و هەمووی بەگژ دوژمندا بکرێتەوە.

بەڵام ئەوەندەی کە بۆ حیزبە سیاسیەکانی هەڵسوڕاو لە کوردستان هەڵدەگەڕێتەوە چەند نوکتەیەک هەیە کە بنەمای سیاسەتی ئێمە بەرانبەر بەم مەسەلەیە پێک دێنن. یەکەم ئەم حیزب و گروپانەی کە خوازیاری هاوکاری لە ئاستی بەرەدا یان خوارەوەترن دەبێ: یەکەم، بە ڕاشکاوی هەرچەشنە دەست بردنیک بۆ چەک لە کێشە سیاسیەکانی ناوخۆی کوردستاندا مەحکوم بکەن و سەرەتای دیالۆگ و خەباتی سیاسی شارستانیانە لە پەیوەند لە گەڵ ناکۆکییە سیاسیەکاندا بسەلمێنن.



سەرچاوە
Serchawe

دووهەم، ئازادی سیاسی بە بێ مەرج لە کوردستان بە رەسمی بناسن و ئەو سەرەتایە وەکوو بنەمایەکی خەباتی سیاسی لە کوردستان بە کردەوەش رەعایەت بکەن. سێهەم، گفتوگۆ لەگەڵ دوژمن لەسەر داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان کاری یەک حیزب یان یەک گروپ بە تەنیایی نیە، بەڵکوو مەسەلەی هەموو خەڵکی کوردستانە. هەر چەشنە پەیوەندی گرتنێکی جیاجیا و حیزبی لە گەڵ دوژمن دەبێ تەحریم بکرێ. ئەگەر هاتوو لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا وەها گفتوگۆیەک پێویست بوو دەبێ سەرەتای تەوافوق و رێکەوتنی گشتی سەبارەت بە کردن و چۆنێتی کردنەکەی هەر لە ئێستاوە بە رەسمی بناسرێ.

بۆ ئێمە هاوکاری کردن و هەماهەنگی کردن لە گەڵ ئەم یان ئەو حیزبی سیاسی ئامرازێکی دیپلۆماسی نیە بۆ هێنانە پێشەوەی لایەنێک و پەراوێز خستنی لایەنێکیتر. هەر بۆیە ئێمە لامان وایە لە کاتێکدا کە هەوڵ دەدرێ بۆ پێکهێنانی یەکێتی‌یەک لە ریزی رێکخراوە و حیزبە سیاسیەکاندا بەرانبەر بە دەوڵەتی ناوەندی، نابێ ئەم هەوڵانە خۆیان ببنەهۆی پێکهێنانی تەفرەقەی تازەتر کە دەتوانێ لە کوردستانێکدا کە حیزبە سیاسیەکانی چەکدارن کارەساتی گەورەی لێ بکەوێتەوە.

**مادێح ئەحمەدی**: بە ئاماژە بە بوونی ئەمریکا لە ناوچەو کاریگەری لەسەر هاوکێشەسیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێوە وەک"کۆمەڵە ـ رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران"، هەر لەسەرەتاوە هەڵوێستان دژبەبوونی ئەمریکا لەناوچەدا بوو. ئایا لە دوایین کۆنگرەتاندا سەبارەت بەم هەڵوێستە ئاڵوگۆڕێکتان نەخولقاندووە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: باشتر وایە کە بڵێین ئێمە هەڵوێستی دژ بە شەڕی ئامریکا لە عێراقمان بوو و ئێستاش دژی دووپات بوونەوەی سیناریۆی عێراق لە ئێرانین. ئێمە ئەو کارەساتە جەرگ بڕەی کە ئەمڕۆ لە عێراق لە ئارا دایە پێش بینیمان دەکرد. هەڵبەت نەک هەر ئێمە بەڵکوو بە دەیان ملیۆن ئینسان لە دونیادا کە هەموویان نەفرەتیان لە رژیمی سەدام بوو، هەر ئەو پێش بینی یەیان دەکرد. بۆچی لە حاڵێکدا ئەمڕۆ هەموو رووداوەکان حەقانیەت و دروستی ئەو هەڵوێستە نیشان دەدەن، گۆڕانکاری بەسەردا بێت؟ بۆ نموونە ئەڵێم ئەمڕۆ حیزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستانی ئێرانیش خەریکن هەڵوێستەکەی خۆیان کە ئیتر رووی مەجلسی نەماوە بە ئەسپایی پینە و پەڕۆ دەکەن. ئیتر ئاسان نیە ئەمڕۆ کەس بە راشکاوی ئاواتی ئەوە بخوازێ کە رۆژێک لە رۆژان لە ژێر سێبەری تانک و تەیارەی ئەمریکاییدا بچێتەوە ئێران و دەسەڵاتی پێ ببەخشرێ. کۆنگرەی ئێمە هەوڵی دا کە هەڵوێستی ئوسولی خۆی بەرانبەر بە بوونی ئامریکا لەم ناوچەیە لە هەلومەرجی تازەدا مانا بکاتەوە و نەتیجەی کونکرێتی لێ وەربگرێت. بە بڕوای من هەڵوێستی کۆنگرە لەم بابەتەوە بە نیسبەت داهاتووی کۆمەڵانی خەڵک لە عێراق هەڵوێستێکی واقێعی و بەرپرسیارانە بوو کە لە راپۆرتی کۆنگرەدا باسی

لێکراوە و بڵاو دەبێتەوە.

**مادێح ئەحمەدی**: لە مێژە ئەو رەخنە بەرەورووی ئێوە بۆتەوەو زۆرکەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە باشتروایە ئێوە ببن بە "حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان" و لە پاشکۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بێنەدەرێ. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێزو پۆتانسیلەی کە ئێوە لە چوارچێوەی خۆتانداهەتانە. ئایا ئەم بابەتەلە کۆنگرەدا کەوتە بەر باس و لێکدانەوە؟ بەگشتی لەم بارەوە وڵامتان چییە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەمە رەخنە نیە، ئەمە بۆچوونێکی سیاسی دیاریکراوە. ئەو کەسانەی کە پرسیارەکە بەم شێوەیە دەهێننە گۆڕێ، پێش داوەری و لێکدانەوەی تایبەتی خۆیان هەیە. کۆمەڵە پاشکۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نیە، بەڵکو بەهێزترین کۆڵەکەی پاراستنی ئەو حیزبەیە. واقعبینانەترین ستراتیژ بۆ کۆمەڵە وەکوو رێکخراوێکی کۆمۆنیستی ئەوەیە کە خۆی بە خەباتی سیاسی و چینایەتی کۆمەڵگایەکی گەورەترەوە گرێ بدات. کۆمەڵەیەک کە ستراتیژی دامەزراندنی کۆمەڵگای سوسیالیستی هەبێ، ناتوانێ خۆی لە چوارچێوەی بەرتەسکی کوردستانی ئێران دا قەتیس بکات، ناتوانێ بیر لە هاوسەنگی هێزی چینایەتی بۆ بونیات نانی وەها کۆمەڵگایەک نەکاتەوە. ئەگەر ئاسۆی سوسیالیسمی لە بەرانبەر خۆی دانا ئەو جار ناتوانی ئەو دەرگایەی کە بەرو رووی ئەو ئاسۆیە کردوویەتیەوە لە سەر خۆی دا بخات.

گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بنەڕەتی لە کوردستان بە گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی سیاسی ئێرانەوە گرێ دراوە و دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران تەنیا بە خەباتی خەڵکی کوردستان ناگۆڕدرێ. هاتنە دەرەوەی کۆمەڵە لە چوراچێوەی تێکۆشانی سەراسەری تەنانەت لە بەرژەوەندی بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی کوردستانیش بۆ کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتیدا نیە. هیچ دەستکەوتێک لەکوردستان لەم روەشەوە بە بێ گۆڕانی ناوەرۆکی دەسەڵاتی ناوەندی بادەوام و سەقامگیر نابێ. تێکۆشانی کۆمەڵە لەو چوارچێوەیەدا رێگەیەکی سەرڕاستتر و واقێع بینانەتریشە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بتوانن مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆشیان بەدەست بێنن.

لە وەڵامی پرسیارەکەتاندا سەبارەت بە باسەکانی کۆنگرە پێویستە بڵێم کە ئەگەرچی بۆچونی جیاوازیش لە ناو ئێمەدا لەسەر ئەم بابەتە هەیە، بەڵام لە کونگرەی ١٢ی کۆمەڵەدا ئەم بابەتە نەکەوتە بەر باس و لێکدانەوە.

**مادێح ئەحمەدی**: کاک ئیبراهیم باسێک لە ئارادایە کە دەڵێن ئەو تیۆرییەی مارکس"کرێکارانی جیهان یەکگرن" چەند دەیەیەکە هەڵوەشاوەتەوە، ئێمە ئێستەش دەبینین کە ئەو دروشمە لەسەر بڵاوکراوەو راگەیاندنەکانی ئێوەدا بڵاودەبێتەوە، بۆچی تائێستا ئەو دروشمەتان نەگۆڕیوەو ءئایا لە کۆنگرەدا باس لەسەر گۆڕینی ئەم دروشمە کراوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بە ڕای من تا ئێستا تاقە یەک بیرمەندی دونیای سەرمایەداری پەیدا نەبووە کە توانیبێتی لە رووی دیقەتی تیۆرییەوە، لە رووی حەقانیەتی سیاسی و لە رووی بایەخی ئەخلاقیەوە جیهان بینییەکی ئاوا هەمە لایەنە کە مارکس کردویەتی پیشکەش بە مرۆڤایەتی بکات. جیهان بینی یەک کە کۆمەڵگای بەشەری پێ بناسرێت و ململانیەکانی دونیای ئەمڕۆی پێ شرۆڤە بکات و ئاسۆی دواڕۆژی دیاری بکات.

تیۆریەکانی مارکس نەک هەر رەت نەکراونەتەوە بەڵکوو زۆربەی هەرەزۆری ئاکادیمیسیەنەکانی بورژوازی لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵناسی، مێژوو و هیتر بە بێ ئەوەی ناوی بێنن، لە سیستمی فیکری خۆیاندا هەزمی دەکەن و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بەکاری دێنن. هەڵبەت لایەنگرانی راستەقینەی مارکس لە دوای خۆی بەردەوام ئەو نەزەریەیان گەشە پێ داوە و بەرەو پێشتریان بردوە. تیۆری سوسیالیزمی زانستی هەتا هاتووە دەوڵەمەندتر بووە. دروشمی کرێکارانی جیهان یەکگرن! کە ئێوە ئاماژەتان پێ کرد، لە سەردەمی جیهانگیری سەرمایەداریدا زیاتر لە هەمیشە نیشان دەدات کە چەندە بەرژەوەندی کرێکاران لە سەرتاسەری جیهان بە یەکەوە گرێ دراوە. ئەگەر ئەم دروشمە ١٧٠ ساڵ لەوە پێش حەقانیەتی بووبێ ئەوا ئێستا لە هەلومەرجی نوێ جیهاندا بە دەیان قات زیاتر حەقانیەتی هەیە. تیۆریەکانی بەرانبەری مارکسیسیم، لیبرالیسم و نێۆلیبرالیسم ئەو هەموو فەلاکەت و مەرگەساتەیان لێ کەوتوتەوە کە ئەمڕۆکە لە دونیا دا دەی بینین. ئایا بەراستی تەسەور دەکرێ کە بەشەریەتی ئەمڕۆ لە ژێر سێبەری کۆنەپەرەستی ئیسلامی دا یان ناسیۆنالیسم دا یان ئەمپریالیسم دا هیوایەکی بە رزگار بوون هەبآ؟. بەشەری ئەمڕۆ هیچ رێگایەکی دیکەی لە بەر نیە یان ئەگەرێتەوە بۆ دەورانی بەربەریەتی خۆی و یان بەرەو سوسیالیسم هەنگاو دەنێ. و تیۆریەکانی سوسیالیسمی زانستی کە مارکس گەورەترین داهێنەریان بوو بە رێگەی دووهەم دا ئەمان بات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: مانگی دێسەمبەری ٢٠٠٦

----------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## مێژووی خەباتی ناسیۆنالیستەکان پڕپڕە لە خەیانەت بە ئامانجەکانیان



ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە وەڵامی پرسیارەکانی مانگی رابردووی(٢٠٠٨)ە خوێنەرانی(بۆ رۆژهەلات) لە ئێبراهیم عەلیزادە سکرتێری یەکەمی کۆمەڵەیە کە وەک میوان بەشداری لە سایتی (بۆ رۆژهەلات) کردبوو. وێرای سپاس بۆ ئێبراهیم عەلیزادە (بۆ رۆژهەڵات) دەقی وەڵام و پرسیارەکان وەک خۆی بڵاو دەکاتەوە:

**خەبات**: کاک ئیبراهیم ئەو کاتەت باش

وەک دەزانین پێشگوویيە پێغەمبەر ئاساکانی مارکس بە پێچەوانە و سەتاسەت بەرعەکسی پێشگوويیەکانی ئەو دەرهات کە خۆتان باشتر دەزانن نارۆمە ناو رێزەکارییەکانی. لە بواری ئابوریش لە یەکەم ساڵی ئێشتێراکی بوونی بەرهەم هێنانی پەتاتە لە سۆڤیەت بەهرەی ساڵانەی پەتاتە واتە بەرهەمی ساڵانەی بوو بە پەنجا لەسەتی بەرهەمی ساڵی پێشوو! ئەمەش لەبواری ئابووری. لە بواری سیاسیش خۆ شکستی هێنا. لەبواری مافی مرۆڤیش پەروەندەی لە گەشتاسب رەشترە. ئیتر کێ بڕوای بەو چەپە ئیدئۆلۆگە درۆینە هەیە و بۆ چاومان نەکەینەوە و ئەگەر توانیمان لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقی و هیومانیتە سەیری چەپ بکەین و بۆ ئەبێت بە خیانەتی خۆمان وەها پێشان بدەین ڕزگاری دوایین مۆستەعمێرەی مێژوو هەنگاوێکی هیومانیستی و مرۆڤانە نیە و بەم بڕوا نەخۆشانەمان بەر بە خواستە هیومانیتەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی بندەست ترین نەتەوەی جیهان بگرین؟

**عەلیزادە**: لە وڵامی ئەو بەرێزەدا پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم.

**یەکەم**: مارکسیزم جیهانبینیەکی زانستییە و کاری مارکس پێشبینی کردن نەبوو بەڵکوو شی کردنەوەی راستییەکانی جیهانێک بوو کە تێیدا دەژیا. کۆمەڵناسی، ناسینی ئابووری سەرمایەداری و ماتریالیسمی مێژوویی لە زانستەکانی چارەنووسسازی

سەردەمی ئێمەن کە مارکس وەکوو عالمێکی گەورە دەورێکی گرینگی بووە لە فورمولە کردن و دارشتنی تیئۆرییەکانی دا. ئەوەندەی کە نیۆتۆن و گالیلە و لاوازیە و ئینشتێن بە هەلە چوون مارکسیش هەر ئەوەندە لە بواری خۆیدا بە هەلە چووە. بۆ ئاگاداری ئەو بەرێزە تا ئێستاش مارکسیزم یان سۆسیالیزمی زانستی رێک و پێکترین و کارسازترین ولامی هەموو کێشەکانی جیهانی ئەمرۆی لایە. تەنانەت ئەو هۆمانیزم و ئەخلاقەی کە جەنابیشی شانازی پێوە دەکات سەرچاوەکەی لە سۆسیالیزم و مارکسەوەیە نەک لە ناسیونالیزم و لیبرالیزمەوە.

**دووهەم**: شۆرشی کرێکاری لە یەکێتی سۆڤیەت دوای چەند سال موقاومەتی بەردەوام لە سالەکانی دەیەی ٣٠ زایینی دا سەرەنجام شکستی خوارد و سەرەرای گەلێک دەسکەوتی بە نرخ بۆ بەشەریەت بە داخەوە نەیتوانی ئامانجی دامەزراندنی ئابووریەکی سۆسیالیستی بەدی بێنێت. هەر لەماوەی ئەو چەند سالەدا کە چینی کرێکار لە یەکێتی سۆڤیەت لە دەسەلاتدا بوو مافی دیاری کردنی چارەنوسی نەتەوەکان بە رەسمی راگەیەندرا و ولاتی روسیە کە بە زیندانی نەتەوەکان دەناسرا، بوو بە مەلبەندی بە یەکەوە ژیانی دلخوازانەیان. زال بوونی رەوتی ناسیۆنالیزمی روسی بە سەر حیزب و دەسەلاتی ئەو ولاتەدا هەر وەکوو هەموو بوارەکانی دیکەش ئەو دەسکەوتانەی پێشێل کرد. لەو سالانە بە دواوە ئیتر مێژووی یەکێتی سۆڤیەت مێژووی کۆمۆنیزم نییە بەڵکوو مێژووی جۆرێکی دیکە لە سەرمایەدارییە کە لە دەرگاوە دەرکرا بوو و لە پەنجەرەوە هاتەوە ژورەوە.

دوای کۆمۆنی پاریس ئەوە دووهەم جار بوو کە شۆرشی کرێکاری بەرامبەر بە نیزامی سەرمایەداری دەشکا. مەگەر شۆرشی کۆیلەکان لە دژی کۆیلەداران چەندەها جار تێک نەشکا، شۆرشەکانی دەورانی دەرەبەگایەتی چەندەها جار تێک نەشکان، بەلام ئایا رەورەوەی مێژوو بەم شکستانە لە حەرەکەت وەستا؟. نیزامی سەرمایەداری هێشتا سەد سالێک نابێت رووی کردووەتە ولاتانێکی وەک ولاتی ئێمە و لە سەرجەمی جیهانیشدا ٣٠٠ سالی زیاتر لە تەمەنی تێپەر نابێت. ئەگەر بەراوەردی بکەیت لەگەڵ نیزامەکانی تێک شکاوی پێشووتری خۆی بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم هێشتا ماوەمان زۆر لە بەردەستە و دلنیا بە کە وەدی هێنانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی بە دەستی بەهێزی ئینسانی خولقێنەر و داهێنەر ئەوەندەی پێ ناچێ و ئاسۆی هەر ئێستا لە ژیانی بەشەردا دەر کەوتووە.

سەیرە کەسێک لە جیهانێکدا بژی کە تێیدا ئەم هەموو نەهامەتییانە بەربینیان بە بەشەری ئەمرۆ گرتووە، بە رێباز و بەرنامە و خەباتی سۆسیالیستی بلێت بروای نەخۆش. ئایا ئەم جیهانە پرِ لە شەر و برسیەتی و ستەم و هەلاواردن و بێ عەدالەتییە چارەنوسی چارە هەڵنەگری بەشەرە؟ بێ گومان نە. ئەم نیزامە دەبێ بگۆردرێ و هێزی کۆمەلایەتی بۆ ئەو گۆرانکارییە دەمێکە هاتووەتە مەیدانی ژیانی کۆمەلایەتییەوە.

بەلام سەبارەت بە ئامانجی رزگاری نەتەوایەتی، تا ئێستاش کۆمۆنیستەکان وەفادارترین و لێبراوترین خەباتکارانی رێگای رزگاری نەتەوەی بن دەست لە ستەمی نەتەوایەتی بوون. کە چی مێژووی خەباتی ناسیۆنالیستەکان پڕپڕە لە خەیانەت بەم ئامانجە.

**بێزاد:** کاک ئیبراهیم لە گە ل ریزو سلاو...

**ناکوکییە کانی نێوان حیزبی کمونیستی ئێران پێش جیابونەوەی منصور حیکمت چی بوو؟**
**ناکوکییە کانی نێوان خوت و کاک عەبدوالله مهتدی چی بووە؟**

**عەلیزادە:** کاک بێزادی ئازیز سلاو،

کێشەکانی ناوخۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە هیچ کام لەو دوو دەورەیەدا کە ئاماژەتان پێ کردووە بریتی نەبووە لە کێشەی نێوان دوو یا چەند شەخسی دیاری کراو. لە هەر دوو قۆناغەکەدا کێشەکان سیاسی بوون. بەلام ناوەرۆکی جیاوازییە سیاسییەکان ئەوەندەی ئێستا روون و حاشا هەڵنەگرن، لە کاتی دوو جیابوونەوەکەدا بەم ڕادەیە شەفاف نەبوون. هەر بۆیە لە هەر دوو قۆناغەکەدا ئێمە هەولمان دەدا جیا بوونەوەکان روو نەدەن تا کاتێک کە جیاوازییە سیاسییەکان ئەوەندە دەردەکەون کە جەماوەری خەڵک لە وردە کارییەکانیشی تێ بگەن و لایەنگرانی ئەم یا ئەو رێباز ئینتخابی ئاگاهانەی خۆیان بکەن. بۆ نمونە هەڵوێستی جیاوازی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران لە گەڵ کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست بەرانبەر بە ئەرکەکان و ئەولەویەتەکانی خەباتی ئێمە لە کوردستان وردە وردە دەرکەوتن. یان ماوەیەک دوای جیا بوونەوەیان کە تێزەکانی مەربوت بە "حیزب و دەسەلات" لە لایەن ئەو حیزبەوە فۆرمولە کران روونتر دەرکەوت کە جیاوازییەکانی ئێمە و ئەوان لە چیدان.

سەبارەت بە جیابوونەوەی دووهەم لە کۆمەڵە و لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ئەگەرچی لە سەرەتاوە تەپ و تۆزێک تارمایی خستبووە سەر ناکۆکییە واقیعییەکان بەلام زۆری پێ نەچوو کە روون بۆوە رەوتی ئینشعابی رێبازێکی سیاسی و بەرنامەیی ناسیۆنالیستی گرتووەتە بەر و نەک هەر لە حیزبی کۆمۆنیست وەکوو حیزبێکی دیاری کراو، بەڵکوو لە کۆمۆنیزم وەکوو ستراتێژ و وەکوو ئامانج بڕاوە. ئەم قسانە بەو مانایە نییە کە من هەموو جۆرە ناکۆکییەکی دیکە کە لە سەر ئەو جیابوونەوانە کاریگەرییان بوبێت رەت بکەمەوە، بەلام لە راستیدا ئەوانە ئەگەریش بووبن، هۆکاری لاوەکی بوون.

**رسولی**: با سلام گرم به ابراهیم علیزاده

من خدمت شما ۲ سوال دارم

۱- برنامه مشخص شما برای جانشین سازی برای رهبری سازمانتان چیست؟ همه می دانند که شما مدت طولانی است که به عنوان نفر اول و رهبر کومەله و حزب کمونیست فعالیت می کنید. فکر نمی کنید در غیاب شما حزب کمونیست ایران دچار بحران رهبری شود؟ برنامه عملی شما برای انتقال مسئولیت تان چیست؟ منظور این نیست که گویا شما در رهبری حزب تان نخواهید ماند بلکه منظور اینست که کسان دیگری نیز در این ظرفیت امکان حچور پیدا کنند مپلا ێ یا نمی شود یک رهبری جمعی سه نفره جای شما را در این ظرفیت پر نماید؟
۲- سیاست شما در برخورد به جناح مخالف حزب کمونیست که در درون این حزب کار می کند چیست؟ سیاست شما به عنوان رهبری حزب در قبال جلساتی که این محفل در پالتاک و یا در استکهلم خارج از مکانیسمهای تشکیلات شما برگزار کرده است چیست؟ ئایا این تلاش برای پروژه انشعاب و ایجاد جریان سوم به همراه عمر ایلخانی زاده و دیگران نیست؟

**عەلیزادە**: رسولی عزیز سلام، در پاسخ به سوال اول شما بایستی عرض کنم که رهبری در حزب کمونیست ایران و در تشکیلاتی کردستان حزب (کۆمەڵە) هم اکنون هم جمعی است. علاوه بر کمیته مرکزی حزب که ۳ ماه یکبار تشکیل جلسه میدهد، یک کمیته اجرائی پنج نفری هم کلیه امور حزب را در فاصله دو اجلاس کمیته مرکزی اداره می کند. مسئول این کمیته رفیق صلاح مازوجی است. به علاوه در غیاب پلنومهای کمیته مرکزی کومه له هم یک جمع پنج تا هفت نفره از اعچای کمیته مرکزی کومه له امورات این بخش حزب را اداره می کنند. در تشکیلات کومه له دبیر اول تنها نقش هماهنگ کننده و سخنگویی را بعهده دارد و از اختیارات ویژه ای برخوردار نیست.
در حال حاچر هیچ مکانیزم خاصی جز فعالیت روتین کمیته های رهبری کننده برای جانشین سازی را نداریم. از نقر ما اگر ارگانهای تشکیلاتی منتخب کنگره ها کار خود را به شیوه اصولی و اساسنامه ای پیش ببرند، بطور طبیعی کادرهای جدید برای تصدی پستهای بالاتر ئاماده می گردند و در واقع مکانیزم مورد نظر شما در روح اساسنامه ما وجود دارد. به نظر من در حال حاچر در حزب ما کسانی وجود دارند که میتوانند مسئولیتی را که من بعهده دارم بخوبی انجام دهند و امیدوار هستم که حزب ما بتواند سبک کار و سنت پیشروی را در این زمینه در پیش بگیرد.

در پاسخ به سوال دوم، ما در قبال این رفقا سیاست ویژهای اتخاذ نمی کنیم. ێنها بعنوان اعضای حزب مانند هر عضو دیگری از یک حقوق اساسنامهای طبیعی برخوردار هستند که به دقت مراعات خواهد شد. اگر چنانچه رفقا بخواهند بعنوان



سەرچاوە Serchawe

یک جمع همفکر بطور رسمی بر اساس دیدگاه های خود اعلام موجودیت کنند، در این صورت هم با اعتماد به نفسی که در حزب خودمان سراغ دارم و با توجه به تجارب مثبت و منفی که از گذشته خود به دست آورده‌ایم با حداکثر انعطاف به این جریان برخورد خواهد شد.

در مورد جلساتی که به آن اشاره کردید ما مانعی برای برگزاری جلساتی از این نوع از جانب این رفقا نمی بینیم. البته برگزاری این جلسات از طریق مکانیزمهای تشکیلاتی منگقی تر است و به علاوه از این نظر هم مفیدتر است که میتواند تسهیلاتی بیشتری برای خود آنها فراهم کند و گفته های آنها سریعتر در سطوح مختلف حزب انعکاس یابد.

در مورد بخش آخر سوال شما، قبلا در مورد زمینه های همسوئی این رفقا با جریان سازمان انقلابی زحمتکشان ازجمله در مورد مخالفت با فعالیت کومه‌له در چهارچوب حزب کمونیست ایران صحبت شده است، اما در مورد دوری و نزدیکی آنها به یکی از جناحهای این سازمان تا کنون مطلب خاصی عنوان نکرده اند. باید منتظر بود که اگر این رفقا لازم بدانند خودشان در این مورد اظهار نظر بکنند.

**ڕەزا هەورامی**: لەگەڵ سلاو و ڕێز کاک برایم!

تکات لێدەکەم واز لەو ڕێبازە بێنە، جەنابت زۆر باش دەزانی خەڵکی کوردستان لە ١٠٠٠ کەس ٢ کەس لەگەڵ ئەو ڕێگەو ریبازە نین. تۆخوا حەیف نییە تەمەنی خۆت و هاوڕێکانت و ئەو هەمووە ئیمکاناتە بە فیرۆ بروا. بەلام ئێوە دەتوانن نوێنەری لانی کەم بەشێکی خەڵکی کوردستان بن، ئەویش لە کاتێکدا کوردستانی بیر بکەنەوە. ماڵتان ئاوا بێ خەڵکتان لە خۆتان وەرەز کردووە؟

**عەلیزادە**: بەڕێز کاک ڕەزا سلاو،

کۆمەڵە بەو ڕێبازەوە کە هەر ئێستا هەیەتی لە ڕاپەرینی ١٣٥٧ی هەتاوییەوە تا ئێستا کۆڵەکەی بزوتنەوەیەکی جەماوەری لە کوردستان بووە، ئامرازی دەستی خەڵکی کورد بووە بۆ موقاوەمەت بەرانبەر بە دەولەتی مەرکەزی، ئامرازی دەستی کرێکار بووە بۆ شوێن گرتنی مافەکانی، سەرپەنای ژنی ستەم لێکراو و هاندەری خەباتی بووە. ١٦ی گەلاوێژی پێرار هەر لە سەر بانگەوازی ئەو کۆمەڵەیە نەک لە هەزار کەس دوو کەس بەڵکوو هەموو خەڵکی کوردستان لە خوێندکار و کرێکار و کارمەند و بازارییەوە مانیان گرت. بەلام سەرەڕای ئەوانە دلنیا بە ئەوەی کە تا ئێستا کراوە لەوەی کە لە

داهاتوودا هەر لە سەر ئەم ڕێبازە لەرێدایە شتێکی گەلێک کەمە. هیواداریـن ئێوەش لە داهاتوودا ئەگەر دۆستیشی نەبن لانی کەم بێ لایەن بن و چاوەڕێ بن ئەوانەی قۆلی هیمەتیان بۆ گۆڕینی ئەو کۆمەڵگایە لێ هەڵمالیوە کاری خۆیان بکەن و من دلنیام قازانجی بە ئێوەش دەگات.

**کاردو**: بەریز عەلی زادە سڵاو

من ۱ پرسیارم هەیە هیوادارم بێ ولامم نەکەی ئێوە لە گەڵ حیزبی دیموکرات و خەبات پێوەندیتان تا چەندە؟

**عەلیزادە**: **بەڕێز کاک کاردۆ**; وێڕای سلاو، ئێمە لە گەڵ حیزبی دیمۆکراتی کوردوستانی ئێران تا ئەو کاتەی جیا بوونەوەیان تێدا پێک نەهاتبوو دیالۆگ و چاوپێکەوتنی بەردەوامان هەبووە و تا ڕادەیەکیش بە تایبەت لە بواری کار و باری ئەمنیەتییەوە هاوکاریمان کردووە. ئێستاش کە دوو لایەن بەم ناوەوە کار دەکەن، ئێمە بە بێ ئەوەی بە هێچ لەونێک هاندەری جیابوونەوەیان بووبین و لایەنگریەکی تایبەتی لە هیچ کام لەم لایەنانە بکەین، پەیوەندی رابوردووی خۆمان لە گەڵ هەر دوو بالەکەیان ڕاگرتووە و ئەوەی تا ئێستا کردوومانە لەگەڵ هەر دوو لایان درێژەی پێ دەدەین.

لە گەڵ رێکخراوی "خەبات"یش هیچ چەشنە پەیوەندییێکمان نییە.

**ئاریا ئەحمەدی**: ویرای ریزو سلاو بۆ بەریزتان و خەباتە مرۆیەکەتان

پرسیارەکانم بەم شیوەیە دێنمە ئاراوە

**یەکەم**: بۆ کۆمەلە لە دوای هەرەسهێنانی یەکێتی سۆفیەتی جاران و کالبوونەوەی ئایدیای کۆمۆنیستی لە خۆرهەڵاتی ناوەراست، تاوەکو ئێستا ئالوگۆری بەسەر سیاسەتە گشتیەکانی بەتایبەت لە بواری نەتەوەییدا پیک نەهیناوە؟

**دووەم**: ئیوە بۆ ئیستاش پیناسەیەکی کوردستانیتان نیەو بە نیازن کار بۆ سەرتاسەری ئێران بکەن؟ بە واتایەکی دیکە، ئایا ئێوە (بە رەچاوکردنی ئایدیای گشتگیرتان کە مافی دیاریکردنی چارەنوس یەکێکە لەوانە)تا ئێستا کەسایەتیەک یاخود لایەنێکی فارس و ئیرانیتان بینیوە یان دەبینن کە پشتیوانی مافی دیاریکردنی جارەنووسی نەتەوەی کورد بکات؟ ئەگەر وەلام بەلێیە، گەورەیی بنوێنن ئاماژە یان پێبکەن؟،



سەرچاوە
Serchawe

ئەگەریش ولام نەخێرە، دەی بفەرموون بۆ ئامادەن کەسێک یاخود لایەنێک مافی نەتەوەی ئێوەی وەک مافێکی سەرەکی مرۆڤایەتی قبوڵ نیە، هاوکاری و یارمەتی بدەن و کاریان بۆ بکەن؟

**عەلیزادە**: بەرێز ئاریا ئەحمەدی، سلاوێکی گەرم.

برای بەرێز! ئێمە پێمان وا نییە کە هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤیەت، هەرەس هێنانی کۆمۆنیسم بووە، ئەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت هەرەسی هێنا، نیزامێکی سەرمایەداری دەوڵەتی بوو کە بە ناوی کۆمۆنیسمەوە چینی کرێکاری ئەو وڵاتەی لە پێناوی ئامانجەکانی فراوان خوازانەی ناسیۆنالیسمی روسی دا، دەچەوساندەوە و مافەکانی سەرەتایی خەڵکی ئەو ولاتەی بە گشتی لە پێناوی سیستمێکی دیکتاتۆری حیزبیدا پێشێل دەکرد.

کۆمۆنیسم وەکوو ئاوات و ئارەزووی بەختەوەری و ژیانی باشتر بۆ ئینسان و پێک هینانی فورسەت و ئیمکانی یەکسان بۆ بەهرەمەند بوون لە سەروەت و نیعمەتی کۆمەڵگا، نە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و نە لە هیچ شوێنێک کال نەبۆتەوە، بەڵام بە داخەوە هێشتا نەیتوانیوە خۆی لە ژێر باری ئەو هەموو لادان و چەواشەکاریەی کە بە ناوی کۆمۆنیسمەوە کراوە و دەکرێ رزگار کات.

کاری ئێمە لەم بوارەدا سەهل نییە بەڵام تەنیا ئاسۆیەکی روونە کە بەرەو رووی خەڵکی چەوساوە و ستەم لێکراو هەیە و بە پێی گەشەی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی لە رۆژهەلاتی ناوەراستیش مەجالی هاتنە روو و بەهێز بوونی رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر دەبێت. نە ناسیۆنالیسم، نە لیبرالیسم و نە ئیسلام گەرایی توندرەو و میانەرەو، هیچکامیان ناتوانن ئەو ئاسۆیە بۆ رزگاری بە خەڵکی ئەم ناوچەیە نیشان بدەن. بەهێز بوونی رەوتێکی کۆمۆنیستی وەکوو کۆمەڵە لە کوردوستان نیشان دەدات کە ئەو ئامانجەی ئێمە تەنیا ئارەزوویێکی شیرین نییە، بەڵکوو توانای ئەوەی هەیە کە ببێ بە بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتیش.

سەبارەت بە ئاڵوگۆر بە سەر سیاسەتە گشتییەکاندا، پێویستە بڵێم کە بۆ ئێمە سۆسیالیسم، زانستێکی سەردەمە کە بەردەوام لەگەڵ بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگا و لەگەڵ بەرەو پێش چوونی خەباتی سیاسی و چینایەتی، گۆرانی بە سەردا دێت و بەرەوپێش دەچێت. حەرەکەتی کۆمۆنیستی دەورانی ئێمە، تایبەتمەندی سەردەمی ئێمەی پێوەیە و لەگەڵ پشت بەستن بە رابوردوو، بەرەو پیری نوێ بوونەوە و بەرەو پێش چوون دەچێ، و ئەمە تەنانەت کەم و زۆر لە حەرەکەتی کۆمەڵەشدا دەبیندرێ.

پێناسەی کوردوستانی ئێمە بەروونی لە ئەساسنامەی حیزبی کۆمۆنیست دا بەیان کراوە. بە پێی ئەو ئەساسنامەیە کۆمەڵە ڕێکخراوێکە کە هەڵوێست، ڕێباز و بەرنامەی چینی کرێکاری کوردوستان لە سەر مەسەلەی نەتەوایەتی و لە پەیوەند لەگەڵ مافی دیاری کردنی چارەنوسی نەتەوەی کورد دا دیاری دەکات و بەرەو سەرکەوتن خەباتی بۆ دەکات، پەیوەندی لەگەل هەموو حیزبە سیاسیەکانی کوردوستان تەنزیم دەکات و لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەول دەدات لە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد دیفاع بکات. دەتوانێ تەنانەت بە بریاری خۆی خەباتی چەکدارانەی خەڵکی کوردوستان ڕێک بخات و ڕێبەری بکات و هەروەها بەرنامەی تایبەتی خۆی بۆ دەسەلاتداریەتی خەڵک لە کوردوستان هەبێ.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و هەموو ئەو ڕێکخراو و کەسایەتییە شۆرشگێر و کۆمۆنیستانەی کە خۆیان لەو جیهەتەی ئێمە بە نزیک دەزانن، خوازیاری مافی دیاری کردنی چارەنوس بۆ خەڵکی کوردوستانن. جگە لەوە ئەمرۆکە تەقریبەن هەموو ڕێکخراوە چەپەکانی ڕادیکالی ئێران، مافی دیاری کردنی چارەنوسیان، وەکوو مافی جیابوونەوە و پێک هێنانی دەولەتی سەربەخۆ بۆ خەڵکی کورد بە رەسمی ناسیوە. لە دەورەی هێرشی جمهوری ئیسلامی بۆ سەر کوردوستان دوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی زۆربەی هێزە چەپەکانی شۆرشگێری ئێران بە گەرم و گوری پشتیوانیان لە خەڵکی کوردوستان کرد و کەم نەبوون ئەوانەی کە لەم پێناوەدا گیانیشیان بەخت کرد، ناو و نیشانیان دەتوانی لە مێژووی خەباتی ٢٨ سالەی ڕابردووی ئێراندا ببینییەوە.

ئەگەر کەس یان لایەنێک ئەو مافە سەرەتاییە بۆ خەڵکی کوردوستان بە رەسمی نەناسێت مانای ئەوەیە کە هیچ بۆنێکی لە عەدالەت خوازی و یەکسانی خوازی و سۆسیالیزم بۆ نەچووە و ئاشکرایە کە لە چوار چێوەی هاوپەیمانانی ئێمەدا جێگای نابێتەوە.

پێشرەو: سلاو و ریزم بو بەریز کاک ئیبراهیم عەلی زادە هەیە و هیوادارام هەر دە م لە سەرکەوتن دا بیت. من ٥ پرسیاری جیاواز لە یەکم لە بەریز کاک ئیبراهیم عەلی زادە هەیە:

١- کاک جەعفەر حەسەنپوور سال و نیویک لە مەو پیش لە بابەتیک دا لە مالپەری دیمانە نووسی((ئیبراهیم عەلی زادە و مەحموود ئەحمەدی نیژاد هەر دوو وەک یەک دوژمنی بزووتنەی میللەتی کوردن)).بە بروای ئیوە بوچی کاک جەعفەر ناوی ئیوە کە زیاتر لە ٣٠ سال بو کوردوستان و چینی چە وساوە یئە و میللەتە خەبات دەکەن بی حورمەتی دەکات و ناوی ئیوە دەباتە لای ناوی تیروریستیکی نیو نەتەوەیی کە لە کوردوستانیش زور لە دژی پیشمەرگە شەری کردووە؟ ئایا کینەی شەخسیە یا نەزەری خوی؟

٢- کاک موستەفای هیجری سکرتیری حیزبی دیموکرات لەوت ویژلە گەل رادیو زایەلە لە بابەت ئەگەری شەری نیوخویی لە داهاتوو دا دەلی شەری نیوخویی لە کوردوستان نابیت چونکە ئیمە هیچ حیزبیک لە و ئەندازە و قەوارە لە کوردوستان نابینین کە پیوست بەوە بکات شەری لە گەل بکەین و کەس زاتی ئە وەی نیە لە گەل ئیمە دەرکەوی. دیسان دەلی ئیمە زیاتر لە ٨٥ لە سەدی خەلکی کوردوستان لاینگری ئیمەیە. ئیوە چ ولامیک بەم قسەی کاک موستەفا ئەدەنەوە؟

٣- دووسال لە مەو پیش لە رووداوەکانی هاوینی سالی ١٣٨٤ دا ئیوە لە بانگەوازێک ،داواتان لە خە لکی کوردوستان کرد روژی ١٦ی گەلاویژ وەک مانگرتنی گشتی بەریوە بەرن و دووکان و بازار دابخەن.ئەم بانگەوازە لە ماوەی ئەم ٢٨ سالەی کوماری ئیسلامی بی وینە بوو خەلک هەر لە کرماشان تا ورمی و سە لماس هەموو بە یەک دەنگ دووکان و بازریان داخست و تەنانەت لە شارەکانی ورمی و نەغەدە و میاندووئائ و... لە بازار و گەرەکە تورک نشینەکانیش دا پیشوازی لی کرا و هەموو شارەکان بە بە یەک دەنگ لە مانگ گرتنی بی وینە بوون و زور لە نیو راگەیاندنەکانی دەروەش دە نگ دانەوەی بوو.بەلام دووسال دوای ئەو رووداوە کاک تەیموور موستەفایی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات وتی ئەو رووداوە بی وینەیی ١٦ی گەلاویژ هەندی لە حیزبەکان(مەبەستی کومەلەی ئیوەیە)ویستیان خویان بکەن بە خاوەنی و بلین لە سەر بانگەوازی ئەوان بووە بەلام ئەو حەرەکەتە هەمووی کاری تیکوشەرانی حیزبی دیموکرات لە ناو خوی کوردوستان بووە و خە لک بو لایەنگری لە حیزبی دیموکرات ئەم حەرەکەتەیان ئەنجام دا. ئیوە لە بابەتەوە چ ولامیک تان بو کاک تەیموور هەیە؟

٤- ماوەی سالیک لە مەو پیش وبلاگیک لە سەر توری ئینترنت بە ناوی کومەلە ناسی بلاو بووە کە بە تەواوی کاری بوو بە جنیودان و بە قەولی لە قاو دانی سەرانی کومەلەی زەحمەتکیشان و عەبدوللای موهتەدی و عومەر ئیلخانی زادە. بە بروای ئیوە ئەم وبلاگە لە لایەن چ کەسانیک بەریوە چوو؟ مەبە ستیان لەم وەری خستنی ئەم ویبلاگە چیی بوو؟ وە ئیوە تا چ رادەیەک نووسینەکانی ئەم ویبلاگە تان پی راست بوو؟

٥- لە جەریانی سەر هەل دانی رەوتی کمونیزمی کریکاری لە ناو کومەلەدا لە ماوەی سالانی ١٣٦٧ تا ١٣٧٠ فراکسیونی کمونیزمی کریکاری دامەرزا. ئایا ئیوە ئەندامی ئەو فراکسیونە بوون یا نە؟ئەگەر بوون چلون ئەو کات وا بیرتان کردەوە و چوونە ناو ئەم فراکسیونە.

زۆر زۆر لە کاک برایم خۆشەویست دەست خۆشی لی دەکەم و هیودارم پرسیارەکانی منی پی خراپ نەبیت و ولامی ئەوانە بداتەوە.

**عەلیزادە**: کاک پێشڕەوی ئازیز سلاو، پرسیارەکانت گەلێک ئاساییین هیوادارم ولامەکانم بتوانێ بە قەناعەت تان بگەیەنێت.

١- من ئەو بابەتەی کاک "جەعفەر حەسەنپور"م نەخوێندووەتەوە و ئەگەر وای نوسیبێت زۆر بە داخەوەم چوونکە کاک جەعفەر و من سالەها هەر لە زەمانی شا وە تا دەورەی پێشمەرگایەتی هاوڕێی نزیک بوین و لە یەک سەنگەردا خەباتمان کردووە. ڕێبازی سیاسی ئێستاشم هەر ئەوەیە کە کاک جەعفەریش تا کاتێک کە لە ریزی ئێمەدا بوو دڵسۆزانە خەباتی بۆ دەکرد. بەش بە حالی خۆم هیچ کێشەیەکی شەخسیش لەگەڵ کاک جەعفەری حەسەنپور شک نابەم.
٢- بۆ ئەوەی بتوانم ولامێکی دەقیق بە وتەکانی کاک مستەفا هیجری بدەمەوە پێویستیم بەوە هەیە کە نەک نەقل بە مەعنی بەڵکوو دەقی ئەو وتانەم لە بەردەست بێ. بەڵام گومانم لەوەدا نییە کە سەرچاوەی ئەسلی هەلگیرسانی شەری ناوخۆیی لە کوردوستان لە پاوانخوازی حیزبی دیمۆکرات دا بوو. شەری ئێمە و ئەوان شەر لە سەر دەسەلات و حاکمیەت نەبوو بەڵکوو موقاوەمەتێک بوو بۆ ئەوەی مەجالی هەڵسورانی سیاسی بە بێ مەرج بۆ هەمووان دابین بێت و کەس نەتوانێت بە ناوی ئەوەی کە بیرێکی جیاوازی هەیە و یان بە پاساوی ئەوەی کە تەبلیغاتەکەی بە دلی حیزبی دیمۆکرات نییە، ئازادی هەڵسورانی سیاسی بە زەبری چەک بەرتەسک بکرێتەوە. ئێستاش بۆ ئێمە بە رەسمی ناسینی ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی لە کوردوستان پێش مەرجی هەر چەشنە هاوکاری و رێک کەوتنێکە. سەبارەت بە رێژەی لایەنگرانی ئەو کاتی حیزبی دیمۆکرات، مێژوو هەیە و بەڵگەنامە هەیە و ئەو شتانەی کە سەر زارەکی دەوترێن دەقیق نین. بەلام نزیک بە سێ دەیە لەم دەورەیە تێپەر بووە، کێ دەلێ کاتێک جەماوەر مەجالی ئەوەیان بێت دەنگی ئازادانەی خۆیان دەر ببرن هاوسەنگییەکە هەر بەم جۆرە دەبێ کە ٢٧ سال لەمەوبەر بووە؟.
٣- ئەگەر مەسەلەکە وا بە ئاسانی جێ بەجێ دەبوو، حیزبی دیمۆکراتیش ئەوکات دەیتوانی بۆ ماوەی چەند رۆژ رادیۆ و هەموو دەزگاکانی تەبلیغاتی خۆی دانەخات و ئەم رووداوە بکات بە هی خۆی، بۆچی نەیکرد؟. دیارە نەدەکرا بۆیە نەیکرد!.
٤- من مەعلوماتێکی دەقیقم لە سەر ئەو کەسانە نییە کە ئەو وێبلاگەیان خستبووە رێ. حورمەت شکاندن و تێرۆری شەخسیەتیش بە رەوشتێکی خراپ و نارەوا لە خەباتی سیاسی دا دەزانم. ئەو وێبلاگە لە نەزەر منەوە ئەهەمیەتێکی ئەوتۆی نەبوو کە کات بۆ خوێندنەوەی سەرف بکەم و مەعلوماتی لێ وەربگرم.
٥- ئەندامانی رەسمی فراکسیۆن ٤ کەس زیاتر نەبوون، بەلام ئەو فراکسیۆنە لە سەرەتاوە هەموو بەرنامە و ستراتێژ و رێبازی سیاسی حیزب و کۆمەڵەی لە بازنەییێکدا کردبوو بە هی خۆی و هەولی دەدا، کەسانێک بخاتە دەرەوەی ئەو بازنەیە. من یەکێک لەو کەسانە بووم کە دەم گوت ئەوانەی ئێوە دەیلێن باوەری هاوبەشمانە و هەموومان لە پێناوی دا خەبات دەکەین. ئەمە بە تایبەت لە گەڵ ئەوەشدا کە واقعیەتی هەبوو، هەڵوێستێک بوو بۆ پوچەل کردنەوەی ئەو هەولانەی کە بۆ پێک هێنانی ئینشعاب لە کۆمەڵە و لە حیزب دا دەدرا. رەوتی کۆمۆنیسمی کرێکاری دواجار و وردە وردە جیاوازییە

واقیعییەکانی خۆی لە گەڵ ڕێبازی حیزب و ڕێکخراوی کوردوستانی حیزب "کۆمەڵە" دەر خست.

لە بواری عەمەلییەوە من لە بەرەی کۆمیتەی ڕەهبەری ئەو کاتی کۆمەڵەدا بووم کە لە گەڵ ڕەوتی فراکسیۆنی کۆمۆنیسمی کرێکاری موخالفەتی دەکرد.

**منصور پرستار - سوئد: بە سلاو و ریز بو کاک ابراهیم**

سیاساتی کومله و حکا له قبال جبهه یه کی چپ چیه؟ من پیم وایه ئەمه یارمەتی زور ئەدات بە ئنسجامی سازمانی لە و تەشکیلاتە دا. هیوای سەرکەوتن تان بو ئەکەم و هیوادارم کە هەمو دۆستان و کادرانی کۆمەڵە هەوڵ بدەن حکا و کۆمەلە راگرن بۆ ئەوی جامعەی ئیمە پیویستی بە حیزبی رادیکال و شۆرشگێرە و لە بەرانبەر خۆشبینی سازمانا ناسیونالیستە کاندا راوە ستیت؟

**عەلیزادە**: کاک مەنسووری بەڕێز، سلاو. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەرانبەر بە مەسەلەی هاوکاری نێوان ڕێکخراوە چەپەکانی ئێران، سیاسەتێکی گەلێک کراوەی هەیە. بەلام یەکگرتوو کردنی بەرەی چەپی ئێران کارێک نییە کە تەنیا لە مەیدانی گفتوگۆ و ڕێک کەوتنی ئەم یا ئەو ڕێکخراوی چەپدا بەرەو پێش بچێت. ئەوە ئەرکێکە کە تەنیا لە ناو جەرگەی خەباتی سیاسی و جەماوەری هاوبەشدا بە دەتوانێ جێ بە جێ بێت. بزوتنەوە کۆمەلایەتییەکانی ئێستا لە کۆمەڵگای ئێراندا وەکوو (بزوتنەوەی کرێکاری، ژنان، کوردوستان، خوێندکاران و...)، لە ناو دڵی خۆیاندا زەمینەکانی سەرەتایی ئەو هاوکاری و ڕێک کەوتنانەیان خولقاندووە، ئەمە ڕەوتێکە کە دەتوانێ سەرئەنجام بەرەیەکی یەکگرتووی چەپی لێ بکەوێتەوە. لە ڕوانگەی ئێمەوە هەبوونی لێکدانەوەی سیاسی نزیک لە یەک لە سەر هەل و مەرجێک کە کاری تێدا دەکەین، هەبوونی ستراتێژی نزیک لە یەک، (بە مانای ڕێگایێک کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاری کراو دەگیرینە بەر)، هەبوونی چالاکیەکی عەمەلی لە ناو ئەو بزوتنەوانەدا سەرجەم، دەتوانێ دەوری کاریگەر لە نزیک کردنەوەی هێزە چەپ و ڕادیکالەکان ببینێ و ئێمە هەول دەدەینلە هەر سێکی ئەو بوارانەدا ڕەوتی دور یا نزیک لە خۆمان هەڵسەنگێنین و بەرنامەی کاری هاوبەشیان پێ پێشنیار بکەین.

**ئەحمەد چەلەبی: لە گە ل سلاو و رێز بو کاک برایم**

پرسیاری من لە کاک برایم ئەوەیە کە وەک کەسێکی ئاکادێمیک کە لە زانکۆ دەرسی خویندوە، رادەی ئیمکانی شۆرشێکی کۆمۆنیستی، بگرە بە هەموو ڕەنگەکانی جۆراوجۆریشی، لە ئێرانی ئەورۆ دا چەندە؟

دیارە من باسی وەزعی کۆنکرێتی ئێستا دەکەم و ناشمەوێ کاک برایم بە پۆلمیک جوابی ئەو پرسیارە بداتەوە ئەگەر بە گەشبینێکی ساکارانەش بۆی بچین لە سات و کاتی ئیستادا گەلۆ ئەو ئیحتمالە دەگاتە یەک لە سەد؟

مەنسووری حیکمەت فیرقەیەکی لە سەر ئەساسی ئەوە پێک هێنا کە ئیرادە جێگای راستەقینە پڕ دەکاتەوە. فارس گووتەنی خواستن توانستن است

تاکەی کاک برایم وەدوای ئەو کلاوە خوار دەکەوێ؟

لە گەل رێزی دووبارەم

**عەلیزادە**: بەرێز کاک ئەحمەد، وێرای سلاو، ئێوە بە پێش داوەرییێک کە کردووتانە، مەودایێکی کەمتان بۆ دیالۆگێکی جیدی لە سەر ئەو مەسەلە گرینگە سیاسی و کۆمەلایەتییە هێشتوتەوە، بەلام من بە کورتیش بووە چەند ئاماژە بە چەند خالێک دەکەم.

بۆ ئێمە ئەوەی ئێوە ناوی شۆرشی کۆمۆنیستی تان لە سەر داناوە بە چەندین قۆناغدا تێپەر دەبێ. چینی کرێکار وەکوو چینێکی رێکخراو دەسەلاتی سیاسی بە دەستەوە دەگرێ، بە پێی بەرنامەیەکی دیاری کراو لە گەڵ باشتر کردنی هەل و مەرجی ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی بە هەر ڕادەیەک کە بۆی بگونجێت، لە نیزامێکدا کە هێشتا ناوەرۆکی ئەسلییەکەی سەرمایەدارانەیە، مەجالی گەشەی ئابوری ولات پێک دێنێ و کۆمەڵگا پێ دەنێتە قۆناغی فراوانی و پێداویستییەکانی ژیانی ئینسان لە سەر یەک کەڵەکە دەبێت، (تەنانەت هێندێک ولاتی پێشکەوتووی سەرمایەداریش ئەو قۆناغەیان تا ڕادەیێک بریوە، هەرچەند ئێستاش بە هۆی تەناقوزاتێک کە لە زاتی نیزامەکەیاندایە، تێدا چەقیون). بۆچی دەبێ ئەو کارەی کە چینی سەرمایەدار، کە بە راستی چینێکی زیادییە و بە بێ بوونی ئەویش لە سەردەمی ئێستادا ژیان بەرەو پێش دەچێ، بتوانێ کێشەی گەشەی ئابووری ولات چارەسەر بکات بەلام چینی کرێکار کە چینێکی زەروریشە، بەم هەموو ئەزموونەی تا ئێستایەوە نەتوانێ گەشەی ئابووری ولات دابین بکات و کۆمەڵگا بگەیێنێتە ئاستی فراوانی لە بەرهەم هێناندا. تەسەور بکەن چەند سەد هەزار مەلا کە رێکخراو بوون، و ستراتێژی یەکگرتوویان هەبوو، بەرنامەیان هەبوو، لە هەل و مەرجێکی لەباردا کە بۆیان هاتەپێش توانیان حکوومەت بە دەستەوە بگرن، بۆچی تەسەور ناکرێ کە نزیکەی ٢٠ ملیۆن کرێکاری ئەو ولاتە (ئەگەر زیاتریش نەبێ) وەکوو چینێکی رێکخراو بگاتە دەسەلات و باقی قۆناغەکانی کە باسم کرد ئەو جار وردە وردە بیباتە پێش؟. ئەوە "خواستن توانستن" نییە، ئەوە ماتریالیسمی مێژووییە. ئەوە ئیرادەی فەردێک یان حیزبێک نییە، ئەوە رەوتێکی لە حالی حەرەکەتی کۆمەلایەتییە و من بە راستی پێی گەشبینم.

ئەو رێبازە کلاوی خوار نییە، چینی کرێکار و ماف خوراو رێگایەکی غەیری خەبات لە پێناو کۆتایی هێنان بەو چارە



سەرچاوە
Serchawe

ڕەشبیانە نییە کە ئێستا تێدایە و زانست و مێژووشی لەگەڵە و خۆشی مۆتۆری حەرەکەتەکەیەتی.

**کمال**: وێڕای سڵاو وڕێز بۆ کاک برایمی عەلی زادە و بەڕێوەبەرانی سایتی بۆ ڕۆژهەڵات

پرسیار، ئایا هەڵوێستتان سەبارەت بە لێدانی ڕژێمی سەدام حوسێن لەلایەن ئەمریکاوە هەڵە نەبوو؟ دەکرێ پێمان بڵێی ئەگەر هێزی دەرەکی نەبایە خەڵکەکانی عێراق چۆن دەیان توانی حکومەتێکی دڕندەی وەک سەدام چۆن بگۆڕن یان بڕووخێنن؟

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە چاوێک بە سیاسەت و ئایدۆلۆژیای قەتیس ماوی چەندین ساڵەتان دا بخشێنن و لە جیاتی نوێنەرایەتی کردن و رزگارکردنی چینی شوینیستی کرێکاری فارس دا لە بیری رزگاری نەتەوەی کورد دابن. بە جێگای هێنانەوەی فاکت لە مارکس ی ئاڵمانی کە زۆربەی تێئۆریەکانی بۆ وڵاتانی ئورووپایی داڕشتووە و لە وڵاتێکی وەک کوردستان چۆن دەتوانن ئەم تێئوریانە دابمەزرێنن کە ساڵەهای ساڵە لەژێر پۆستاڵی شوینستەکان دا دەتلێتەوە. کاک سەید برایم دەکرێ چینی کرێکارمان لە کوردستان بۆ پێناسە بکەی؟ ناوی چەند کارخانەیەکم لە کوردستان پێ بڵێی؟ ئایا لەسەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا تاقە سەرمایەدارێک شک دەبەن؟ لەگەڵ ڕێز بۆ تان کاتی ئەوە نەهاتووە دەست لە ئایدۆلژی کومونیستی هەڵگرن و بیری رزگاری خەڵکی زەحمەتکێش و مافخوراوی کورد هەڵبگرن. سیاسەتکردنی ئێوە زۆرتر ئێحساسی شەخسی تێدا زاڵە تا لەبەرچاوگرتنی قازانج و بەرژەوەندی مرۆڤەکانی ناوچە؟ مەلاک بۆ قسەکانیشم ئەوەیە، کە ئێوە بۆ جارێکیش بووبێ داوای دانیشتنتان لە گرووپ و لایەنەکانی خۆتان نەکردووە بۆ دانیشتن لەسەر کێشەکانی ناکۆک و جیاواز لەیەکتری و بۆ ڕێبەری و بەرێوەبەری وڵات هیچ پلانێکتان دیارنیە؟ قورسایی خۆتان زیاتر داوەتە سەر ئێرانێکی کە هیچ عزوورێکتان تێیدا نیە، غەیری کوردستانەکە نەبێ! هیوادارم بیر و فکرتان لە ئوردووگای زرگوێز بێتە دەر و جیهانیش بە چاوێکی واقعی ببینن و بە چاویلکەی چەند ساڵ لەمەوبەر چاو لێ نەکەن. سەرکەوتووبن.

**عەلیزادە**: کاک کەمالی بەڕیز، سلاو

ئێوە لە ڕاستیدا پرسیارتان نەکردووە، بەڵکوو زۆرتر ڕا و بۆچوونی خۆتان دەربریوە و هەموو ژیانی سیاسی خۆم و هاوڕێیانم لە خیلافی ئەو جیهەت و ڕێبازەدا چۆتە پێش کە ئێوە بە کورتی دەست نیشانتان کردووە. لە سەر ئەو ڕێبازەی ئێوە حیزب و ڕێکخراوی تایبەت پێک هاتووە، ئێمەش کە خاوەنی بۆچوونی و ڕێبازێکی دیکەین حیزبی خۆمانمان هەیە، با هەر کامەمان ئیشی خۆمان بکەین و قەزاوەتەکە دابنێین بۆ ژیانی کۆمەڵگا و بۆ مێژوو. بەلام سەرەڕای ئەوە پێم خۆشە دوو

نوکتە لە پەیوەند لە گەڵ قسەکانی ئێوەدا بە پەلە باس بکەم.

ئەوەی ئەمریکا رژێمێک دەروخێنێ یان نای روخێنێ بە ئیرادەی من و تۆ نییە، سیاسەتی ئەوان لە جێگایەکی دیکە دادەرێژێ و شەرت نییە ئەو جۆرەشی بروخێنن کە بە دلی من و تۆ بێ. دەکرێ وەکوو عێراق ولاتیک بکەن بە گۆمی خوێن و پڕ پڕی بکەن لە نەفرەت و بێزاری ئینسانەکان لە یەکتر و ژیانی ئاسایی بە دەیان سالی بەرەو دوا بەرن، یان بە هەر شێوەیەکی دیکە. پرسیار ئەوەیە ئێمە خۆمان ئەگەر لە رژێمێک بێزار بووین، ئەگەر نەمان توانی و نەمان ویست تەحەمول بکەین دەبێ چی بکەین؟.

سەبارەت بە چینی کرێکاریش، هەر لە خۆت دەپرسم، ئەگەر بۆ حەوتویەک کرێکارانی شارەداری زبلی کوچە و کۆلانەکانی شارێکی وەکوو مەهاباد کۆ نەکەنەوە، ئەگەر هەر ئەو حەوتووە کرێکارانی نانەوا، دەرگای نانەواخانەکان نەکەنەوە، ئەگەر کرێکارانی ئاو و بەرق نەچنە سەر کارەکانیان و تاریکی و بێ ئاوی باڵ بە سەر ئەو شارەدا بکێشێ، ئەگەر کورەخانەکان و موزاییک سازییەکان و کرێکارانی بەشەکانی دیکەی بیناسازی هەر لەو شارە کار نەکەن، ئەگەر باری ئەو کامیۆنانەی کە خواردەمەنی دێننە ئەو شارە کەس نەبێ بەتالی بکات و... دیسانیش تۆ دەتوانی هەر بەو هاسانییە ئینکاری وجودی چینی کرێکار لە شاری مەهاباد بکەی؟

تەنیا حەرەکەتی ئەو چینە و رێبازی ئەو چینەی کە تۆ ئێستا هەر وجودیشی ئینکار دەکەی، دەتوانێ ستەمی نەتەوایەتی لە سەر شانی تۆ و هەموو نەتەوەکان هەڵبگرێ. کاکی خۆم دەتوانی پێم بڵێی ناسیۆنالیسم تا ئێستا چی بۆ ئەو ستەمکێشییەی تۆ کردووە کە ئاوا لە پێناویدا "وجودی رۆژیش ئینکار دەکەی"؟

**کردستان**: با سلام بە خدمت کاک ابراهیم علی زادە.

کاک ابراهیم من از شما دو سوال دارم. چرا از سال ١٣٦٢ به این طرف همیشه و درتمام کنگره ها شما دبیر کل کومەلە بودید. ایا هیچ شخصی مایل به این پست نبوده و یا در داخل حزب شما به هیچ شخصی اجازه خود کاندیدا شدن نداده شده است.

**سوال دوم** من این است که امروز بسیاری از صاحب نظران معتقد هستند که تاسیس حزب کمونیست ایران نه ازروی یک ضرورت سیاسی بلکه از روی یک توطئه از پیش تعیین شده توسط ارگانهایی خارج کومه له برای نابودی کومله تعیین شده بود و ملاک این حرف هم حضور منصور حکمت و دار و دسته اش در راس پروژه این حزب بوده است و هدف انها از تاسیس

حزب کمونیست ایران این بوده که از سرمایه های مالی و نفری کومەلە یک پلکان جهت بالا رفتن خود و نابودی کومەلە استفاده کنند. لطفا در این مورد نظر خودتان را بگوييد. با تشکر از شما.

**عەلیزادە**: درپاسخ به سئوالی که با امضاو کردستان رسیده است، بایستی بگویيم، بگور قطع چه در گذشته و چه در حال حاظر کسانی بوده اند و هستند که بتوانند در ظرفیت دبیر اولی کومەلە کار کنند. در همه این سالها به من اعتماد کرده اند و در این پست باقی ماندەام، اما انچه که نه خود به ان مایل بوده و هستم و نه اساسنامه ما هم در این مورد اجازه میدهد، این است که دبیر اول اختیارات ویژەای ندارد و عضو متساوی الحقوق کمیته مرکزی و کمیته های رهبری است. تنها رو به بیرون از تشکیلات سخنگو و رو به داخل هماهنگ کننده بوده است. انچه که تحت عنوان رهبری و لیدر و امثال ان در بعضی از احزاب متداول است، در حزب ما وجود ندارد. رهبری بمعنی واقعی کلمه، جمعی است.

البته موقعیتهای رهبری در جامعه را کسانی در مقاطع تاریخی مهم، در نقطه عطفهای سیاسی سرنوشت ساز با تصمیمات تعین کننده و یا با عمل معینی می توانند کسب کنند، بدون اینکه الزاما در پستهای بالای تشکیلاتی قرار داشته باشند. به این معنی، از نظر ما مسئله رهبری امری اجتماعی است و نه حزبی و سازمانی.

در پاسخ به قسمت دوم سوال بایستی تاکید کنم که چنین قضاوتی نسبت به منصور حکمت و گروهی که همراه او در صفوف ما فعالیت می کردند بسیار غیر واقعی و غیر منصفانه است و از نظر من مردود است. هیچ درجەای از اختلاف نظر کنونی ما با جریانی که بنام کمونیسم کارگری از حزب کمونیست ایران جدا شدند، ما را مجاز نمی کند تا گزشته درخشان انها را در دوره ای که در حزب کمونیست ایران مبارزه میکردند فراموش کنیم و یا زیر سئوال ببریم. انها با ما در همه مخاگرات، پیروزی ها، شکستها و جانبازیهای دوره حساسی از فعالیت مشترک در کردستان و در ایران سهیم بودند. این تاریخ است و نمی توان انرا بنا به میل خود، یا قضاوت و پیشداوری امروز به شیوه ای اختیاری تبین کرد. اسناد و مدارک این جریان، ماتریال لازم برای تحقیق مستقل در این مورد را در اختیار، تاریخ نویسان منصف اینده قرار خواهد داد.

**امید**: سلاو کاک سید ابراهیم

من کەسیکم که تشکیلات مخفی کوملەلە مهاباد کارم کردووه و تەنانەت شاید خەبەری زیندانی بونی منیشت بیستبیت و کاک احمد صالحی جوان من دەناسیت من تا ایستا نیزیک ٤ کەسم هیناوەتە کومەلە بو ناو ریزی خەبات فەرشی بن لاقی مال و مندالم فروشتووە و داومە بو خەرجی ری و توقوعیکم لە تەشکیلات نەبووە من الان موشکیلم بو ساز بووە حوکمم خواردوە ٤

سال زیندان الان بە چە مانەت لە دەریم ٢٧ روز زیندان بووم الان هاتومە سلیمانی و داوای بوون بە پێشمەرکەم کردووە بلام دەلین مال و مندالت هەیە نابی. سوالم ئەوەیە کە ئەو کات من هاتم بو مەقەر و قەولی هاوکاری تشکیلاتیم بە بەریزان دا بو بیریان لە و روزە نەدەکردەوە کە من شاید موشکیلم بو ساز بیت من رو لە کوی کەم؟

دواتر من ٨ روزە لە زرکویزم داوای ملاقاتی بە ریزتانم کردووە هەر ئەورو بو سبەینی یان بی کردووم هەروەها نامەیەکم بو دادە سروە ناردبوو بە کیوان افروز دا وتبویان کوبیە کی بو بەریزتان دەنیرن دواتر من بە ریزیکی تایبەتەوە دەستم بە شورش کردووە من ماوەی ٧ سال سەربەخو بو کومەلە لە مهاباد کارم کردووە من لە بنەمالە سیدەکانی دیی ازادم شورەتم نورانی یە شایەد مامم بناسی سید حسن نورانی.

**عەلیزادە**: سلاو کاک ئومیدی بەڕێز، سەبارەت بە مەسەلەکەی ئێوە لەگەڵ هاوڕێیانی دەبیرخانەی کۆمەڵە و نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە سلێمانی قسە کراوە. جارێکی دیکە سەردانیان بکە، هیوادارم ئەگەر گرفتێک هەبێ بە پێی زەوابتێک کە دانراوە، چارەسەر بکرێ.

سلاو: سلاو و ماندوو بە بن

من وەک لەم سەردەمە دا دەیبینم حیزبەکان بە زوری خەریکی فەشەل هینان بەو کومەلەش ئەگەر چی بە تەواوەتی قازانجی کورد ناپاریزی بەلام من دەلیم لە و دەگمەن حیزبانەیە کە هیوای بە خەبات هەیە و ئیستاش بوی تیدەکوشی رەنگە کەم و کوری هەبی و زور کیشەی دیکە بەلام من تەنها ئەوە دەلیم وەک دەلین سەریان لە نو لاکی خویانە و کارو خەباتی خویان دە کە ن خوزگە کومە لە و دیموکراتیش کە جاری خە بات و ناسیونالیزم سە ردە دە ن وا بووایێن تەنانەت سەد رەحمەت بو حیزبە نوی کە ئەوانیش کاروباری خویان دەکەن.

**عەلیزادە**: ئەو بەڕێزە پرسیارێکی دیاری کراوی نەکردووە و ڕاوبۆچوونی خۆی لە سەر حیزبە سیاسییەکانی کوردوستان دەربڕیوە.

**امیر**: سلاو بۆ سایتی ٤ ڕۆژهەلات و هەروا بۆ بەڕێز علیزادە.

من نە کۆمەلەم نە سەر بە هیچ لایەنێکی تر. تەنیا دەمەوێ بلێم کۆمەلەم لە تەواوی گرۆپ و سازمانەکان پێ ڕاستترە.

ئەگەر هەڵەم نەکردە بێت دوای ئەوەی کە عێراق لە لایەن ئەمریکاوە داگیر کرا، تەنیا کۆمەڵە بوو کە هەڵوێستی درووستی گرت وە بە دژی ئەم راوەستا.

لە دوایی دا بۆ هەموو لایەک روون بووا، کە ئەم هەڵوێستەی کۆمەڵە راست و درووست بوو، بەڕێز ئیبراهیم ئیوە تەنیا کەسایەتیەک و سازمانێکن کە هیواتان بە خەباتی جەماوەر هەیە نە بەتانکەکانی امریکا! ئیوە نە ناسیۆنالیستێکی فاشیستن نە کۆمۆنیستێکی شۆنیست! هیوادارم لە خەباتتان دا هەر سەرکەوتوو بن.

**عەلیزادە**: کاک ئەمیری بەڕێز، سلاو سپاس بۆ ئێوە

**مستەفا**: لە گەل و ریز و سلاو بۆ بەریز برایمی عەلیزادە

من ٣ داواکاریم هەیە

١- هەر ئیستا کوماری ئیسلامی ئیران و تورکیا بە بیانوی لیدانی پ ک ک و پەژاک بە هەموو تواناییەک هیرش دەکەنە سەر کوردستانی ئیراق. بە راستی بە چاوپیداخشاندنیکی بی لایانانە بومان دەردەکەوی کە کوردستانی ئیراق لە هەموو لایەکەوە لە گوشار دایە و ئەمەش دوور لە هەموو کەم و کورییەک دەتوانین بلین کە تەنیا رووناکاییەکە کە بو کورد رەخساوە. ئیوە وەک سەروکی حیزبیکی سیاسی کوردی بوچی لەم بوارەوە بی دەنگ دانیشتوون و تەنانەت روونکردنەوەیەکتان نییە؟

٢- ناکوکی ناو کومەلەی شورشگیری کوردستانی ئیران گەیشتوتە ئاستی بلندی خوی. تکاتان لی دەکەم هەستنە سەر پی و بی هیچ کینە و بوغزیک و بەو پەری سەداقەتەوە یارمەتی هەوالانی پیشووی خوت بدە با خودای نەخواستە تووشی کارەساتیکی دیکە نەبین.

٣- بەریز تکایە پیم بلی گەلو ئیوە بو سەقامگیرکردنی دیموکراسی لە ناو حیزبەکەی خوتان چی دەکەن؟ ئایا ئیوە پیتان وانییە کە دیموکراسی پیکهینەری باشترین زەمینە و میکانیزمە بو کار کردن لە نیوان کومەلگا و ریکخراوە دا؟ ئەگەر ئیوە باوەرتان بە دیموکراسی نییە من هیچ قسەیەکم نییە بەلام ئەگەر باوەرتان پیی هەیە چی دەکەن بو دیموکراتیزە کردنی ساختاری ریکخراوەکەی خوتان و هەروەها یارمەتی دانی فەرهەنگی دیموکراتیک لە کومەلگای کوردی دا؟

لە گەل ریز و سلاوم دا

**عەلیزادە**: بەڕێز کاک موستەفا، سلاو، سەبارەت بە داواکارییەکانت پێویستە عەرزتان بکەم کە:

١- ئێمە بەردەوام هەولمان داوە پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی و دەولەتی تورکیە لە دژی هەرێمی کوردوستانی عێراق لەقاو بدەین. لە رادیۆ و تلوزیۆن و گۆڤار و سایتەکانمان دا هەوالەکانی مان بلاو کردووەتەوە. لە گۆڤاری پێشرەودا لێکدانەوەمان لە سەر کردووە و بەیانی رەسمیش مان لە مەحکوم کردنی دوایین هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی سنوورەکان دەر کردوە. جگە لەمانە لە گەڵ هەر دوو بالەکەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەم بابەتەوە قسەمان کردووە و هەولمان داوە هەڵوێست و کردەوەمان بەرانبەر بەم کێشەیە لە گەڵ ئەوانیش لە یەک نزیک کەینەوە. دلنیا بە لەم بابەتەوە بە جیدییەتەوە بەردەوام دەبین.

٢- ئێمە هیچ خۆشحال نین بەوەی کە کێشەی نێوان بالەکانی ناو ئەو رێکخراوەیە گەیشتووەتە ئەو ئاستە و بە داخەوە کارێکی زۆرمان لەم بابەتەوە پێ ناکرێ و هیوادارین لانی کەم بە هیچ لەونێک ئەو کێشە ناوخۆییە نەگاتە ئاستی توند و تیژی چەکدارانە و بە زوویی رێگا چارەیەکی گونجاو و مەنتقی بۆ ببیندرێتەوە.

٣ - ئێمە رۆژانە لە چەند رادیۆ و کانالی تلوزیۆنی، لە رۆژنامە و گۆڤار و سایتەکانماندا بەردەوام تەبلیغی فەرهەنگی دیمۆکراتیک دەکەین و خاڵ بە خاڵ مافە سەرەتاییەکانی خەڵک لەم بابەتەوە روون دەکەینەوە. لام وایە کە لە کاتی دامەزراندنی دەسەلاتی جەماوەری لە کۆمەڵگا، پەیگیر و بەرێوەبەری هەموو ئەو ئوسول و پرنسیبانە دەبین کە ئەمرۆ پێی لە سەر دا دەگرین.

سەبارەت بە دیمۆکراسی لە ناو خۆی تەشکیلات دا، لام وایە ئەساسنامەی ئێمە لەم بابەتەوە گەلێک دیمۆکراتیکە و رێگا نادات بە شکل گرتنی دیکتاتۆری حیزبی. سوننەت و ئەزمونی موسبەت و مەنتقیش هەیە کە هەمووی دەبێتە دەرس بۆمان بۆ داهاتوو.

**کوردێکی ڕەسەن**: بەڕێزان لە ماڵپەڕی بۆ رۆژهەلات و کاک ئیبراهیم

نامەوی درێژ دادڕی بکەم چەند پرسیار ئاراستەی بەڕێزتان دەکەم!

١- بەڕێزتان و رێکخراوەکەتان مێژوویەکتان بۆ خۆتان بەناوی کۆمەڵەوە تۆمار کردووە و ئێستا کۆمەڵە چەند باڵی هەیە و خەریکە باڵی دیکەش دروست دەبێ، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

٢- جەنابتان زۆر دژی ئەمریکان و بە وڵاتێکی سەرمایەداریی دەزانن، هەموو دەزانین کە ئەمریکا دەسەڵاتی یەکەمی دنیایە ئێستا، چۆنە جەنابتان لەباتی لێنزیکبوونەوە دژایەتی و دووریی لێکدەکەن؟

٣- بەڕێزتان بەرەی کوردستانی چۆن لێکدەدەنەوە، هەرچەند قەت لە لایان بەڕێزتانەوە باسی بەرەی کوردستانی نەکراوە، تەنانەت بەشداریتان لە کۆبوونەوەیەکی ساڵی ٢٠٠٦ لە شاری هەولێر نەکرد، هۆکاری ئەم دووریی و پشتگیری نەکردنە چییە؟

٤- ئێوە خۆتان بە پێشڕەوی چینی کرێکار دەزانن و تەواوەتی خاکی ئێرانتان بەلاوە گرینگە و پشتیوانی لە کرێکارانی جیهانیش دەکەن، بەڵام تائێستا هیچتان بۆ کرێکارانی کوردستان نەکردووە؟

٥- لە دووای دانانی تەلەفزیۆنی رۆژهەڵات، ئێوەش وەخۆ کەوتن و تەلەفزیۆنێکتان دانا، گوایە پکک یارمەتیی کردوون، وەک چۆن رۆژهەڵات... یارمەتیی کردن؟

٦- جەنابت خەباتی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

٧- بۆچی ئێستا چالاکیتان کەمە و...؟

٨- نێوانی ئێوە حیزبەکانی دیکەی کوردستان چۆنە، ماوەیەکی زۆر کە سەردانی هیچ لایەنێکتان نەکردووە و هیچ لایەنێکیش سەردانی نەکردوون؟

بە هیوای وەڵام

**عەلیزادە**: لە وەلامی ئەو بەڕێزەدا کە پرسیارەکانی بە ناوی "کوردی رەسەن" ئیمزا کردووە:

١- سەبارەت بە هۆکاری کێشەکانی ناو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان هەر لەم رۆژانەدا لەگەڵ رۆژنامەی ئاوێنە وت و وێژێکم بووە کە لە سەر سایتی "بۆ رۆژهەلاتیش" دانراوە. داوام ئەوەیە ئەو بەڕێزە بۆ وەرگرتنی وەلامی پرسیارەکەی لەم بابەتەوە سەردانی ئەم سایتە یان سایتی ئاوێنە بکات. سپاسی دەکەم.

٢- بۆچی هەر بە سێرفی ئەوەی کە ئەمریکا دەسەلاتێکی گەورەی دونیایە دەبێ نزیکی لێوە بکرێ؟ سەرمایەداری بوون و سیاسەتی ئەمپریالیستی ئەمریکا بە جێگەی خۆی، هەر چەشنە دوری و نزیکیەکیش لەم یان لەو دەولەت لە رووی سیاسی و لە روی بەرژەوەندی ئەمرۆ و داهاتووی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ستەم لێکراوەوە، دەبێ قازانج و زەرەرەکانی بە شێوەیەکی کۆنکرێت لێک بدرێتەوە. ئێمە ناتوانین چاومان لە حاست، رابوردوی دەست تێ وەردانی ئەمریکا لەم ناوچەیە و لەوانە لە مەسەلەی کورد ببەستین، ناتوانین زیانەکانی ئەمرۆی لەشکەرکێشی و شەری ئەمریکا و نەهامەتییەکانی بۆ خەڵک نەبینین، ناتوانین ئاواتی ئەوە بخوازین سیناریۆی عێراق لە ئێرانیش دووپات بێتەوە. ناتوانین خەڵک لە

چاوەڕوانی دەخالەتی ئەمریکادا، ڕابگرین بە جۆرێک کە بروا بە خۆ و پشت بە هێزی خۆ بەستن بۆ ڕزگاری، کە بەردی بناغەی بونیات نانی کۆمەڵگای دوارۆژیشمانە، لە بیر بەرنەوە.

٣- ئێمە لە گەڵ ئەوەشدا پێک هاتنی بەرەیەکمان کە خەباتی دژی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان هاوئاهەنگ بکات پێ باشە و لامان وایە کە ئەمە ڕێگە دەگرێ لەوەی کە ڕژیمی ئیسلامی ئێران لە کەلێن و کەلەبەرەکانی ناو ڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان کەڵک وەر بگرێ و خەباتی ئەو خەڵکەی پێ لاواز کات، بەلاَم لە هەمان کاتدا نامانەوێ قسە کردن لە بەرە، ببێ بە نان بە قەرز دان بە یەکتر و یان چورتکە هاویشتن لە ناو هێزە سیاسییەکاندا و کایە کردن بە کێشەی ڕەهبەری.

دوور بوونی ستراتێژی سیاسی حیزبەکانی کوردوستان لە یەکتر کاری پێک هاتنی بەرەی، ئەمرۆ گەلێک دژوار کردووە. بەم حالەشەوە دیالۆگ کردن لە سەر ئەو مەسەلەیەمان پێ باشە، چونکە لەم ڕێگەیەوە، جیاوازییەکان یان خاڵە هاوبەشەکان زۆرتر روون دەبنەوە. سەبارەت بە وردە کارییەکانی ئەو باسە، لە ئەدەبیاتی ئێمەدا، بابەتی زۆر هەیە و جەنابی دەتوانێ موراجعەیان پێ بکات.

٤- بە درێژایی سێ دەیەی رابردوو، هەرچی چینی کرێکار لە کوردستان مانی گرتووە، چی هەولی داوە ڕێکخراوی خۆی پێک بێنێ، چی کۆبوونەوە و ئیعترازی کردووە، چی ڕێ و ڕەسمی جیهانی خۆی بەڕێوە بردووە، هەمووی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و سەرمایەدارانی کورد، لای خۆیان بە ناوی کۆمەڵەوە تۆماریان کردووە. هەر کرێکارێکی مافخواز، ئۆتۆماتیک مارکی کۆمۆنیست بوون و کۆمەڵە بوونی لێ دەدرێ. ئەوە واقعیەتێکی کۆمەلایەتییە جا جەنابیشی چۆنی حیساب بۆ دەکات خۆی ئەزانێ.

٥- نەخێر ئێمە بۆ دانانی کانالی تلوزیۆنی ماهوارەیی کۆمەلە هیچ چەشنە یارمەتیەکی مادی مان یان هیچ چەشنە کەل و پەل و کەرەسەیەکمان لە پ.ک.ک وەر نەگرتووە. بریاری دامەزراندنی تلوزیۆنی کۆمەڵەش بە سالێکیش پێش دامەزراندنی تلوزیۆنی ڕۆژهەلات لە پلێنۆمی هاوبەشی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست دا پەسەند کرا بوو و هەولەکان بۆ جێ بە جێ کردنی لە بواری مالی و فەننی و حقۆقییەوە دەستی پێ کردبوو.

٦- خەبات بۆ ڕزگاری نەتەوەیەکی ستەم لێکراو لە ستەمی نەتەوایەتی مەسەلەیەکە و ناسیۆنالیزم وەکوو ئیدئۆلۆژی و بەرنامە و ڕێبازێکی سیاسی دیاری کراو مەسەلەیەکی دیکەیە. ناسیۆنالیستەکانی ئەم سالانەی سەردەمی ئێمە بە پێچەوانەی رابردووی دورتر، بێ کیفایەتی خۆیان لە چارەسەر کردنی ئەم کێشە عادلانەیە بارەها نیشان داوە. جیاوازی ئێمە لە گەڵ ناسیۆنالیستەکان تەنیا لە ناوەرۆکی بەرنامەی میللی مان دا نییە (هەرچەند لێرەشدا جیاوازییەکان کەم نین) بەڵکوو لەوەش گرینگتر لە ڕێگەیەکدا، واتە لە ستراتێژێکدا خۆی دەنوێنێ کە بۆ گەیشتن بەو بەرنامەیە ڕەچاو دەکرێ. لەو

مەسیرەدایە کە ئەوان نیشانیان داوە گەیشتنی خۆیان و حیزبەکانیان بە دەسەلات بۆیان لە سەروی ئامانجی رزگاری نەتەوە لە ستەمی نەتەوایەتی دایە.

٧- لەوانەیە لە ئاستی پێویست دا نەبێت، بەلام ئێمە هەموو هەولی خۆمان دەدەین بۆ ئەوەی چالاکاییەکانمان لە ئاستی ئەو چاوەروانییەدا بێت کە جەماوەری خەڵکی ولاتەکەمان هەیانە.

٨- ئەوەی پێویست بێت کردوومانە. هەر حیزبەی ئەولەویەت گەلێکی بۆ هەلسورانی خۆی داناوە، ئێمەش بە پێی ئەو ئەولەویەتانە هەلس و کەوت دەکەین کە لە دەزگای رەهبەری مان دا دیاری کراوە.

رەزا: سازمان زحمتکشان به رهبری مهتدی که ٤ سال پیش از کومه له و حزب کمونیست ایران منشعب شد اکنون در استانه فروپاشی و انشعابی دیگر قرار گرفته است. اختلافات انها به شیوه ای دور از سنت های کومه له می رود به فاجعه ای تبدیل شود. نظر شما در این رابطه چیست؟ ایا اختلافات اینان که با نام کومه له صورت می گیرد ارتباگی با سنت های این جریان دارد؟ ایا جریان شما از این رویداد خشنود است؟

عەلیزادە: در جواب سوالی که با نام رضا امضاو شده است،

انشعاب جریان سازمان انقلابی زحمتکشان کردستان از کومه له و حزب کمونیست ایران ٧ سال پیش صورت گرفته است، این را محج اصلاحیه ای در مورد سوال یاداوری می کنم.

این سازمان با انشعاب از جریان ما، صرف نظر از نامی که بر خود نهادند، از لحاظ اهداف و برنامه و استراتژی و ایدئولوژی و روشهای کار، حزب کاملا متفاوتی بوده و هستند و به همین اعتبار بایستی مورد قضاوت قرار بگیرند. منصفانه و واقعی نیست اگر رویدادهای داخلی انها به صرف تشابه نام به حساب جریان ما نوشته شود. مسائلی که اخیرا در نتیجه اختلافات درون این سازمان بوجود امده است، به هیچ وجه موجب خشنودی ما نیست و ما خواهان ان هستیم که احزاب و گروههای سیاسی اپوزسیون با خط مشی و برنامه های متفاوت، بتوانند اختلافاتشان را در فضای سالم، دمکراتیک و متمدنانه ای به پیش ببرند.

هاوار هەورامی: بەڕیز کاک برایم عەلیزادە ئەو کاتەت باش

ناکرێ وەک کەسایەتێکی ئازاد خەبات بکەی و واز لە کورسی دەسەڵات بێنی بۆ نەوەکانی سەردەم؟



سەرچاوە
Serchawe

لەگەڵ رێزمدا

**عەلیزادە**: بەرێز کاک هاوار هەورامی، تا کاتێک دەتوانم لە چوار چێوەی حیزبێکدا و لە کۆری هاورێیانم دا خەبات بکەم، بۆچی بخزێمە گۆشەی تەنیایی. ئەوەندەی کە ئینسان دەتوانێ لە کاری رێکخراو و جەمعی دا کاریگەری هەبێ، کەم وا هەیە بتوانێ لە تەنیایی دا ئەو دەورە ببینێ. پێم وایە ئەوە خزمەتێکی زۆرترە بە "ئەوەکانی سەردەم".

**مینا**: با درود فراوان به رهبر عزیز و گرامی و کمونیست ابراهیم علیزاده!

مایه افتخار است که رهبری همانند شما توانسته است اسم و ایده ها و ارمانهای کمونیسم را زنده نگه دارد، ما کسانی که چشم امید و فردای ازادی خودمان در ایران را به حزب کمونیست ایران و در سایه رهبری ابراهیم علیزاده دوخته ایم، از همین جا برای این انسان ازاده و کمونیست ارزوی عمری دراز و ثبات فکر کمونیستی را داریم

**عەلیزادە**: مینای عزیز، سلام،

از ابراز محبت شما سپاسگزارم، بدون هیچگونه تعارفی بایستی عرض کنم که انچه که من انجام می دهم، گوشه ای از فعالیت جمعی حزب و جریانی است که امیدوارم بتواند به وظایفی که در قبال جامعه و جنبش ما بعهده گرفته است با جدیت بیشتری عمل کند.

**سوران**: کاک برایم سلاو

١- بۆ چی بەری کوردستانی بە تەرحی ئەمریکا دەزانی لە کاتێکدا ئەو باسە زۆر بێشتر لە دەست پیکردنی دەخالەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا لەکورێ دابووە؟
٢- بەلەبەر چاو کرتنی ئەوەی کە بیروبۆچوونی جیاواز لە هەموو شوێنێک هەیە، خەباتی ئیدئۆلوژی کە تەنیا یەک مەبەستی هەیە و دەیهەوێ ئەوانی تریش بێنێتە سەر مەرامی خۆی هەر جەندە ئینسانیش بێ ئایا رەوایە؟
٣- ئایا بە کرتنە دەسەڵات لە داهاتوو توانای تەحەموولی حیزبە رەسەنەکانی ترت هەیە؟ ئەگەر وەڵام ئەرێیە بۆ چی هەر لەئیستاوە سازمانی خەبات بە دژمنی خۆت دەزانی؟

٤- لە شۆڕشی ٥٧ ی ئێران ئێوە چۆن بوو وەکوو توده و جریکی فیدای فریوی خومینی و نەخوارد؟ خۆ ئێوەش هێزێکی رادیکاڵ و کمونیستی دژە ئەمریکای بوون؟

کاک برایم هەر چەندە لەگەڵ فکرەکەو نیم بەڵام زانیاریم لەسەر خۆت و هێندێک لە رەفیقەکانت هەیە و لەسەر تێکۆشەریتان گومانم نییە.

تکایە وەلامی هەموو برسیارەکانم بدەرەوە.

**عەلیزادە**: کاک سۆرانی بەرێز، سلاو.

١- ئێمە نەمان وتووە کە پێک هێنانی بەرەی کوردوستانی تەرحی ئەمریکایە. ئێمە وتومانە، باسی ئەو تەرحە لەو روانگەیەوە بۆ هێندێک لە حیزبە سیاسییەکانی کوردی گرینگی پەیدا کردووە کە بتوانن چالاکانەتر خۆیان لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکا، لەم ناوچەیە رێک بخەن. پێم وا نییە ئەمریکا لەم بابەتەوە سیاسەتێکی دیاری کراو و روونی هەبێ، لام وایە ئەوە بەشێک لە تەسەور و تەوەهومی خودی ئەو حیزبانەیە و وێنە هەڵگرتنێکی ساکار لەو رووداوانەیە کە لە عێراق و لە کوردوستانی عێراق هاتنە ئاراوە. بەرەیەکی کوردوستانی بەرانبەر بە رژیمی کۆماری ئیسلامی کە هەلقولاوی پێویستییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردوستان بێ و خزمەت بە بەرەو پێش بردنی خەباتی ئەو خەڵکە دژ بە رژیمی کۆماری ئیسلامی بکات، پێویستیە و جێگای خۆیەتی کە هەولی بۆ بدرێ. وەها بەرەیەک پێویستە کە ستراتێژی خۆی لە سەر بناغەی خەباتی کۆمەلانی خەڵکی کوردوستان دامەزراندبێ و پێش هەموو شتێک هەول بدات لەو خەباتە هێز و توانا وەر بگرێت.

٢- حیزبی سیاسی لە سەر ئەساسی بەرنامەیەکی دیاری کراو، دادەمەزرێ و ئێمە هەول دەدەین زۆرینەی کۆمەڵگا بەو قەناعەتە بگات کە بە کردەوە دەر هاتنی ئەو بەرنامەیەی ئێمە بە قازانجیەتی. لە بەرنامەی ئێمەدا بۆ کۆمەڵگا، باسێک لە ئیدئۆلۆژی و بیر و باوەر نەکراوە. لە بەرنامەی ئێمەدا ئەوە مافێکی سەرەتایی هەموو تاکێکی کۆمەڵگایە کە بیر و باوەری جیهان بینی خۆی هەبێ. ئێمە پێمان وایە بیر و باوەر و فەرهەنگی زۆرینەی کۆمەڵگا بە دەرەجەی ئەساسی پەیوەندی هەیە بە هەل و مەرجی ژیانی مادی ئینسانەکانی ئەو کۆمەڵگایەوە و بە رژیم و بە چینی دەسەلاتدارەوە. پێ بە پێی گۆرانی ئەو هەل و مەرجە، ئیدئۆلۆژی و فەرهەنگی کۆمەڵگاش وردە وردە گۆرانی بە سەردا دێت.

٣- ئێمە بە پێی بەرنامەی خۆمان، بەرێوە چوونی سەرەتای ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی بۆ ژیانی ناو هەر کۆمەڵگایەک، بە زەروری دەزانین. ئەوە مانای ئەوەیە کە هەرگیز رێگر نابین لە سەر چالاکی هیچ حیزب و رێکخراوێکی

سیاسی دا، هەر چەندیش نەیاری ئێمە بێ.

ئێمە پەیوەندی و هاوکاریمان لە گەڵ سازمانی خەبات نەبووە و دامەزراندنی ئەو پەیوەندییەمان بە زەروری نەزانیوە، بەڵام هەرگیز ئەو سازمانەمان وەکوو دوژمن ناو لێ نەبردووە.

٤- ئەو پرسیارەتان لە بەر ئەوەی کە پێشداوەری تێدایە وەلامێکی نییە. ئەوەندە بزانن کە ئێمە هەم سیاسەتی ئەمریکامان لەو ناوچەیە بۆ خەڵکی ئێران و عێراق پێ زیانبارە و پێمان وایە لە بەرژەوەندی زۆربەی خەڵکی ئەو مەنتەقەیەدا نییە و هەم موقاوەمەتێکی کۆنەپەرەستانەی ئیسلامی کە بەرانبەر بەم سیاسەتە دەکرێ، رەت دەکەینەوە.

**هەژار**: سلاو

کاک سەید ئیبراهیم ئیوە هەر چەن خوتان بە سەراسەری دەزانن بەلام سازمانیکی کوردستانیشتان هەیە. ئایا ئیوە خوتان نزیکتر بە ئەحزابی ئیرانی یان سەراسەری (کومنیزمی کریکاری، حکمەتیستەکان، راە کارگر، ئەقەلیەت) دەزانن؟ یان نزیکترن لە حیزبە کوردیەکان(حیزبی دیموکراتی کوردستان، کوملەی زەحمەتکیشان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران)؟

پرسیار: ئەگەر بیتوو سبەی روژ بەرەیەکی کوردستانی پیک بیت بە سرنج دان بەوەی کە زوربەی حیزبە کوردییەکانی روژهەلاتی کوردستان بەرنامەیان بو ئیدارەی دواروژی ئیران و کوردستان فیدرالیزمە، ئیوە بەشداری لەو بەرەیە دا دەکەن؟

پرسیار: ئیوە چون دەروانننەئە و ریکخراوە مەدەنیانەی کە لە نیوخوی ئیران و کوردستاندا چالاکی دەکەن بو نموونە ریکخراوی مافی مروفی کوردستان؟

پرسیار: پیتان وایە ئەم کیشە نیوخوییانەی ئیوە سەرهەلدانەکەی دەگەریتەوە بوچی؟ ئایا پیوەندی بە باقی کیشە نیوخوییەکانی باقی حیزبەکانی ترەوە هەیە؟

پرسیار: هوی چییە جەنابت تا ئیستا لە چەن سوخەنرانی لە تیلویزیونەکەتاندا بە فارسی قسە دەکەن ئایا ئەم چەشنە هەلسوکەوت کردنە هەلاتنە لە دەست کورد بوون یان تەنیا مانوریکە...؟

بە سپاسەوە

**عەلیزادە**: کاک هەژار، سلاو.

١- گەلێک ئاساییە کە ئێمە خۆمان لە هەر حیزب و هێزێکی سیاسی کە خۆی بە سۆسیالیست بزانێ و هەوڵ بدات بۆ

یەکگرتوو کردنی ریزەکانی خەباتی کرێکاری بە نزیک بزانین. بەڵام پێوانەمان بۆ هەڵسەنگاندنی دووری یا نزیکی لە حیزبێکی سیاسی هەر ئەوە نییە کە ئەو حیزبە خۆی سەبارەت بە خۆی دەڵێ چی، بەلکوو دەبێ بە هەڵسەنگاندنێکی عەینی لە دەرەوەی خۆشیەوە بتوانین لە مەحەکی بدەین.

لە کوردوستان خەباتێکی جەماوەری مێژوویی لە دژی رژێمی کۆماری ئیسلامی لە ئارادایە، ئێمە بۆ ئەوەی کە رژێمی ئێران نەتوانێ لە ناکۆکییەکانی ناو حیزبە سیاسیەکان کەڵک وەر بگرێ، بۆ ئەوەی خەسارەت و زیانی خەڵک لەم خەباتەدا کەم بێتەوە، بە پێی پێویستییەکانی بزوتنەوەی خەڵکی کوردوستان لە گەڵ ئەو حیزبە سیاسیانەی کە کاریگەرییان هەیە، پەیوەندی دەگرین و هاوکاری دەکەین.

٢- فیدرالیزم بەرنامە نییە بۆ ئیدارەی دوارۆژی کۆمەڵگای کوردوستان بەلکوو گەلالەیەکی دیاری کراوە بۆ تەنزیمی پەیوەندی لە نێوان دەسەلاتی دەولەتی مەرکەزی و دەسەلاتی ناوچەی فیدرال دا. بۆ ئەو مەسەلەیە ئێمە پێمان وایە ستەمی نەتەوایەتی لەم رێگەیەوە چارەسەر ناکرێ و ئەو گەلالەیە لە واقعیەتدا دابەش کردنی دەسەلاتە لە نێوان دەولەتی مەرکەزی و حیزبە سیاسیەکانی خاوەنی ئەو گەلالەیە.

بۆ ئیدارەی دوارۆژی کوردوستان، ئێمە بەرنامەیەکی تایبەتی خۆمان هەیە کە ناوەرۆکەکەی نوێ کراوەتەوە و بەم زووانە بلاو دەبێتەوە. بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی نەتەوایەتیش، پێمان وایە کە دەبێ مافی جیابوونەوە و پێک هێنانی دەولەتی سەربەخۆ بە خەڵکی کورد بدرێ و هەل و مەرجی لە بار بۆ کەڵک وەرگرتن لەو مافە بخولقێ. بریاری نیهایی خۆشمان بەرانبەر بە جیابوونەوە یان جیا نەبوونەوە پەیوەندی بە هەل و مەرجێکی سیاسیەوە هەیە کە لە کاتی دابین بوونی ئەو مافەدا دێتە ئاراوە.

٣- حەرەکەتێک کە بۆ پێک هێنانی رێکخراوە مەدەنییەکان لە کوردوستان کەوتووەتە رێ، بەرهەمی هاوسەنگیەکی نوێیە کە لە نێوان خەباتی جەماوەری و رژێمی کۆماری ئیسلامیدا پێک هاتووە. زۆربەی ئەوان لە جەرگەی کێشمەکێشێکی بەردەوام لە گەڵ رژێمدا هاتونەتە کایەوە. ئەگەرچی رێکخراوی ئاشکران و تەنانەت برێکیان لە چوار چێوەیەکی یاسایی دا کار دەکەن، بەڵام گەلێک جار دەکەونە بەر هێرشی دەزگاکانی ئەمنیەتی رژێم، هەڵسوراوانی ئەکەونە زیندان. ئێمە بە پێی دوایین لێکۆلینەوەکانمان لە سەر ئەو هەل و مەرجە نوێیە و رەوتێکی دلخۆشکەر کە لەم بارە کەوتووتە رێ، لە کۆنگرەی ١٢ی کۆمەڵە و کۆنگرەی ٩ی حیزبی کۆمۆنیست دا، سیاسەتی لایەنگرانەی خۆمان بە نیسبەت ئەو حەرەکەتەوە ورد کردۆتەوە.

٤- سەبارەت بەم پرسیارە داوام ئەوەیە چاو لە وتووێژێک بکەی کە لە رۆژنامەی ئاوینەدا چاپ کراوە و لە سەر سایتی بۆ رۆژهەڵاتیش دانراوە، سوپاست دەکەم.

٥- زمان وەسیلەیەکە بۆ پەیوەندی گرتن، بۆ پەرە پێدانی پەیوەندی ئینسانەکان لە گەڵ یەکتر. پێتان وا نییە بەرچاو تەنگی لەم بابەتەوە زیان بە پێناسەی ئینسانیمان دەگەیەنێ؟



سەرچاوە
Serchawe

**سنە**: سلاو بۆ بەرێز عەلیزادە

بەرێز تا ئێستا یەکێک لەو هۆکارانەی کە بۆ مانەوەی کۆمەلە لە چوارچێوەی حیزبی کومونیست باسی لێ دەکرێ ئەوەیە کە کوردستان خۆی خاوەنی جولانەوەی مێژوییە و ئەم جولانەوە دەبێت سازمانی خۆی لە چوار چێوەی حزبی کمونیست هەبێت. هەلبەت زۆر هۆکاری تر کە من نامەوێ باسی هەموی بکەم لێرە. ئێستا پرسیار ئەوەیە...

باشە ئەی خۆ جولانەوی ژنانیش مەوجودن ئەی بۆ سازمانی خۆیان نیە لە چوارچێوەی حزبی کمونیست.. جولانەوەی لاوان لە شێوەهای جوراو جوردا وەکو جولانەوەی خوێندکاری و باقی شوێنەکانی تر مەوجودن ئەی بۆ سازمانی خۆیان نیە؟ بە بڕوای من حزبی کمونیست کاتێک ئەتوانێ خۆی بە بەشێک لەو جولانەوانە بزانێ کە هەنگاوی عەمەلی بۆ هەلگرێ.چۆن بە نسبەت جولانەوەی خەلکی کورد هەلی گرتوە ئێستا بەشێکی بەرچاوە لەو جولانەوە دا. دەبێت بە نسبەت جۆلانەوە کۆمە کۆمەلایەتیە کانیتر لەوانە لاوان و ژنان کاری عەمەلی تر بکات. ئایا تا ئێستا حزبی کمونیست تا چەندە هەنگاوی بە نیسبەت دروست کردنی سازمانی ژنان و و سازمانی لاوان لە چوارچێوەی حیزب دا ناوە؟

**عەلیزادە**: لە ولامی ئەو بەرێزەدا کە پرسیارەکەی بە ناوی "سنە"وە ئیمزا کردووە، پێویستە بلێم، کۆمەڵە ڕێکخراوێکی جانبی بۆ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نییە، کۆمەڵە بەشی ئۆرگانیکی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە. خەبات بۆ ریشە کێش کردنی ستەمی نەتەوایەتی لە کوردوستان، بەشێکی گرینگی بەرنامەی کۆمەڵەیە بۆ دوا ڕۆژی خەڵکی کورد، بەلام هەمووی نییە. ڕێکخراوی جەماورەی ژنان یان لاوان و هی تر، بۆ یەک بەرژەوەند و یان یەک ئامانجی دیاری کراو پێک دێت، کە چی کۆمەڵە، پەیرەوی هەموو بەرنامەی کۆمەلایەتی رەوتی کۆمۆنیستی لە کوردوستانە.

پێک هێنانی ڕێکخراوی جەماوەری، ژنان و لاوان ئەرکێکە کە ئێمە بە شوێن جێ بە جێ کردنیەوە هەین و هیوادارم ئەو بەرێزە بتوانێ وردەکاری ولامی پرسیارەکەی لە ڕاپۆرتی دوایین کۆنگرەی ئێمەدا کە بەم زووانە بلاو دەبێتەوە، ببینێتەوە.

**کاروان**: من پرسیاریکم لە کاک ئیبراهیم عەلی زادە هەیە. ئەگەر روژیک زوربەی ئەندامان و دوستان و لاینگرانی ریکخراوە کەتان دەنگ بە لابردنی حیزبی کومونیستی ئیران بدەن و خوازیاری هەلسووران تەنیا بە ناوی کومەلە بن هەلویستی ئیوە چی دەبیت؟ ئایا حازرن حیزبی کومنیست وەلا بنین یا دیسان هەر خوازیاری مانەوەی حیزبی کومونیستی ئیرانن؟

**عەلیزادە**: میکانیزمی هەر جۆرە گۆرانکاریەک لە ناو حیزبێکی سیاسیدا، ئەساسنامەی ئەو حیزبەیە. بە پێی ئەساسنامەی ئێمە، ئەم حالەتەش، هەر مافی بێ ئەم لاو ئەو لای زۆربەی ئەندامانی حیزب لە کۆنگرەی رەسمی ئەو حیزبەدایە. ئەگەر

کەسێک لە باری سیاسییەوە لە گەڵ وەها بریارێک نەبێ، دەتوانێ رێگای سیاسی و تەشکیلاتی خۆی جیا کاتەوە. لە گەڵ ئەوەشدا کە لە رووی واقیعییەوە پێم وا نییە وەها بریارێک لە کۆنگرەی ئێمەدا دەر بچێ، بەڵام بە فەرز کە وابی، من بە بۆچوونی ئێستام، وەکوو ئەندامێک دژی ئەو بریارە دەبم.

**غەریب**: بەریز عەلی زادە پیوندیتان لە کەل سازمانی خەبات لە ج ئاستیک دایە ئەکەر پیوەندیتان نیە بۆچێ دەکەریتەوە ئایا مەسئەلە فکرەیان شتی دیکەیە تکایە لەوبارەوە روون کردنەوەمان بدەنی؟

**عەلیزادە**: کاک غەریبی بەرێز، ئێمە لە گەڵ هیچ رێکخراوێکی ئیسلامی چ کورد و چ غەیرە کورد پەیوەندیمان نەبووە.

**سنەی خویناوی**: سلاوم بو بەریز کاک ئیبراهیم عەلیزادە هەیە و چەند پرسیارم لەم خوشەویستە هەیە

١- بە نەزەری ئیوە حیزبی کومونیستی ئیران بە بی کومەلە چ خوشەویستی و پیگەیکی کومەلایەتی لە نیو خەلک دا هەیە؟
٢- ئایا ئیوە قەبوول دەکەن کە پروژە دامەرزاندنی حیزبی کومونیستی ئیران شکستی خواردوە و تەنانەت بنەمالەی شەهیدانی کومەلە ئەو حیزبە بە حیزبی خویان نازانن؟
٣- بوچی لە کاتی جیا بوونەوەی دووهەم لە حیزبی کومونیستی ئیران واتە جیا بوونەوەی کومەلەی زەحمەتکیشان زمان و قەلەمی ئیوە زور بە توندی لە دژی ئەو هاوریانە کاری کرد و زور قسە و جنیوی ناشیرین لە رادیو دەنگی شورشی ئیران لە دژی ئە وان تان بلاو کردەوە بەلام بو دار و دەستەی مەنسووری حیکمەت لە جیا بوونەوەی یەکەم دا کە کومەلەیان تا رادەی مونحەل کردنەوە برد زمان و قەلەم تان هیچی نەکرد؟
٤- ئایا قەبوول دەکەن ئەدبیاتی حیزبی کومونیستی ئیران هەمان ئەدبیاتی کمونیزمی کریکاریە و ئیوە لە خوتان هیچ نەزەری سیاسی تان نیە؟
٥- ئەگەر بالی کەمینە بەریبەرایەتی کاک ساعدوە تەن دووست لە ئیوە جیا ببنەوە ئیوە چ هەلس و کەوتیک لە گەل ئە ئەوان دەکەن؟
زور سوپاسم لە کاک ئیبراهیم عەلی زادە هەیە و هیوادارم لە داهاتووش دا سەر کەوتو بیت

**عەلیزادە**: ولامی ئەو بەرێزەی کە پرسیارەکانی بە ناوی "سنەی خوێناوی'وە ئیمزا کردووە؟

١- ئەگەر لاتان وابێ کە کۆمۆنیسم وەکوو بەرنامە و ستراتێژێکی دیاریکراو لە ناو کۆمەڵگای ئێراندا زەمینەی عەینی گەشە کردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە، ئەوە دڵنیا بە کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران زەرفیەتی ئەوەی هەیە کە لە سەر ئەو

زەمینەیەدا بەرەوپێش بچێ و هاوپەیمانانی واقیعی خۆشی بدۆزێتەوە. خۆ ئەگەریش پێت وابێ کە کۆمۆنیسم هەر لە بنەرەتدا جێگە و پێگەیەکی ناتوانێ لە ناو کۆمەڵگای ئێراندا هەبێ، ئەوە ئیتر هیچ ڕێگایەک نییە غەیری ئەوەی کە جەنابت ولامی پرسیار و پێشداوەرییەکەی خۆت لە ڕاستییەکانی سەر سەختی زەمانە لە داهاتوودا وەر بگرییەوە.

٢- ئەوە ئیدعای نەیارانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە و حەقیقەتی نییە. ئەوانەی ئەو ئیدعایە دەکەن، لە بیری دەبەنەوە کە سیاسەت و ڕێبازی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەر ئێستا لە ناو کۆڕ و کۆمەڵە کرێکارییەکان، لە ناو بزوتنەوەی خوێندکاران، لە شیعارەکانیان دا، لە کردەوەی ڕۆژانەیاندا (کەم یا زۆری جارێ با بمێنی) ڕەنگی داوەتەوە. لە گەڵ کرانەوەی کەش و هەوای سیاسی ئێران و بە هەر ڕادەیەک کە توانای سەرکوتگەری ڕژیمی ئیسلامی لاواز بێ، ئەندازەکانی تەشکیلاتی ئەو حیزبەش دەر دەکەون. چەپی ڕادیکالی ئێران بە گشتی لە رووی کۆمەلایەتی و سیاسییەوە، لە رابوردوودا زەرفیەتەکانی خۆی دەر خستووە. ڕەوتی سەرهەلدانەوە و بوژانەوەی ئەو چەپە لە دەورەی ئێستاشدا دەستی پێ کردووە. لێرەدا جارێ قسە لە سەر هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی دیاری کراوی نییە، قسە لە سەر ڕەوتێکی واقیعییە کە بە شێوەیەکی بابەتی، لە ناو کۆمەڵگای ئێراندا هەستی پێ دەکرێ و دەبیندرێ، کە ئەوە زەمینەی گەشە کردن و بەرەو پێش چوونی حیزبی ئیمەشە.

سەبارەت بە بنەماڵەی شەهیدان، من هیچ دایک و باوکی شەهیدێک شک نابەم کە پێی خۆش بێ کەسێک پێی بلێ ڕۆلەکەتان بە هەلە چوو بوو، ڕەنج بە خەسار بووە. ئەوان لە ناو جەماوەردا شانازی بەوە دەکەن کە ڕۆلەکەیان لە پێناوی خۆشبەختی و ژیانی باش بۆ هەموو ئینسانەکان گیانفیدایی یان کردووە. باشتر وایە بۆ مەبەستی سیاسی نەچیتە مەیدانی ئازار دانی عاتیفی ئەو ئازیزانە.

٣- ئەو قەزاوەتەی ئێوە لە سەر تەبلیغاتی ئەو دەورەیەی کە ئەو جیابوونەوەیە تێیدا رووی دا، واقیعی نییە. خۆشبەختانە ئێستا وتار و نوسراوەکانی هەموو لایەک ئارشیو کراون و بە هاسانی لە دەسترەس دان. جنیو و قسەی ناشیرین لە ئەدەبیاتی ئێمەدا هەر نییە، ئەگەریش لەحنێکی توندی سیاسی لە وتارێکدا بە کار هاتبێ، ئەوەش هەر زۆر بە دەگمەنە و لە ولام دانەوەیەکی دیفاعیدا بە کار هاتووە.

٤- بۆ قەزاوەت کردن لە سەر ئەدەبیاتی سیاسی حیزبێک دەبێ زەحمەتی ئەوە بە خۆتان بدەن، ئەو ئەدەبیاتە بخوێننەوە و بە فاکت و بەڵگە مۆستەنەدی بکەن، ئەگینا کەس قسەکەتان بە جیدی وەر ناگرێت.

٥- ڕەوش و شێوەکانی تەشکیلاتی لە سەر حەدس و گومان دانامەزرێ. دەبێ ئوسول و پرنسیبی جێ کەوتوو هەبێ جا هەر شتێک رووی دا با روو بدات. لەم بابەتەوە ڕەوتی ئێمە لە دوو جیا بوونەوەی رابوردودا ئاستی تەوەقوعاتی کۆمەڵگای گەلێک بردۆتە سەرێ. ڕەفتاری ئێمە لە گەڵ ڕەفتاری حیزبە ناسیۆنالیستەکان لە کاتی جیابونەوەیاندا بەراوەرد بکەن.

**ئارام:** سلاو و ڕێزی تایبە ت بۆ کاک سید برایم



سەرچاوە
Serchawe

**زۆربەی ئەحزابی کوردی پێیان وایە کە ئامریکا سەرچاوی ئالوگۆری دێموکراسیە لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست و دەڵێن لە ئێرانیش دەکری فیدرالی بە یارمەتی ئامریکا ئاسۆی ڕزگاری میللەتی کورد بێت. بیرورای ئێوە چیە؟ هیجری و حسن زادە و مهتدی هەرسێک لە و سیاستە دا هاوبەشن، ئەگەر بەرەیەکی کوردی لە روژهەلات پێک بینن، ئێوە چی دەکەن و مەرجتان بو هاوکاری هێزە کوردیەکان چیە؟**

**عەلیزادە**: کاک ئارامی بەرێز، سلاوێکی گەرم،

١- بۆ ئەوەی بزانین کە ئایا سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، سەرچاوەی دیمۆکراسییە، پێویستی بەوە نییە بچینە سوراغی، تیئۆری و تەحلیلەکانمان (کە هەلبەت بە روونی مەسیرەکەمان پێ نیشان دەدەن)، هەر ئەوەندە بەسە، چاومان بکەینەوە و هاوپەیمانی دەولەتی ئەمریکا لە گەڵ رژیمە دیکتاتۆرەکانی گۆشە و کەناری دونیا، هاوپەیمانی ئەمریکا لە گەڵ دەولەتانی دواکەوتووی عەرەبی ببینین، لە ژنانی حەرەمسەراکانی شێخەکانی میلیاردێری عەرەب، لە خەڵکی لێ قەوماوی فەلەستین کە دەیان سالە، بێ مافیان کردون و دایان دەپلۆسن، لە جەلادەکانی دەزگای قەزایی عەرەبستان کە بە رەسمی بە شمشێر سەر دەپەرێنن، لە کۆدەتاچیەکانی پاکستان، لە تالیبانێک کە بۆ دژایەتی یەکێتی سۆڤیەت لە داوێنی دەزگای "سیا"ی ئامریکا و دەولەتی پاکستانی هاوپەیمانیدا پەروەردە کران بپرسین، لە مەرگە ساتێکدا بی بینین کە ئێستا لە عێراق لە ئارا دایە. بۆ ئاسۆی رزگاری میللەتی کوردیش،

**یەکەم**. پێشینەی مێژوویی بە پێچەوانەی ئەوەمان پێ دەڵێ،
**دووهەم**. راستییەکانی هەر ئێستای سەر شانۆی سیاسی عێراق و ئەو زەختانەی کە دەولەتی ئامریکا خستویەتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردوستان بۆ داشکاندنی داخوازییەکانیان هەر بە پێچەوانەی ئەو تەوەهوماتەیە.
**سێهەم**. سیاسەت دارێژەرانی ئەمریکاش خۆیان هەرگیز لە دووپات کردنەوەی ئەو راستییە ماندوو نابن کە ئەولەویەتی سیاسی ئەوان دابین کردنی بەرژەوەندییەکانی ئامریکایە نەک رزگار کردنی میللەتی کورد لە ستەمی نەتەوایەتی. ئەگەر ئەو دووانە ناتەبا بوون، تەردید ناکەن و ئەوەی هەولیان هەلدەبژێرن.
پرۆژەی ئێرانی فێدرال، جگە لەوەی کە کێشەی نەتەوایەتی کورد لە ئێران چارەسەر ناکات، ئەوە بە جێگەی خۆی، بۆ دەولەتی ئامریکاش پرۆژەیەکی جیددی نییە و تەنیا، بۆ ترساندنی رژیمی ئێران و ئیمتیاز وەرگرتن جار و بار باوەشێنێکی دەکەن.
٢- بۆ مەسەلەی بەرەی کوردوستانی، یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی پێک هێنانی هەر بەرەیەک نزیک بوونی ستراتێژی ئەو هێزانەیە کە قەرارە بەرە پێک بێنن، ئەگەر وا فەرز بکەین کە بەرنامەی هەموویان لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لە

کوردوستانە و هەر کامەیان پرۆژەی تایبەتی خۆیان بۆ ئەو مەبەستە هەیە، ئەو جار پرسیاری گرینگ دەبێتەوە ئەوە کە لە چ ڕێگایەکەوە دەیانهەوێ بەم مەبەستەیان بگەن؟ ئایا دەکرێ، هێزێک کە پێی وابێ بە ریفۆرم و لە چوار چێوەی قانوونی ئەساسی دا، دەبێ بۆ ئەو مەبەستەی هەول بدات، بێتە ناو بەرەیەکەوە کە هەولی روخاندنی رژیمی کۆماری ئیسلامی دەدات. یان هێزێک کە پێی وابێ خەباتی چەکداری تەنیا ڕێگەیە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە و هێزێکی دیکە ڕێگەیەکەی دیکە دەگرێتە بەر، ئەمانە چوون لە لە ناو بەرەیەک دا جیگەیان دەبێتەوە؟ ئایا دەکرێ لە ناو بەرەیەکدا بین و لایەنێک مافی ئەوە بۆ خۆی ڕابگرێ کە بە جیاواز بچێتە ناو پرۆسەی وتووێژ لە گەڵ رژیمی مەرکەزییەوە (وەکوو ئەوەی کاتی خۆی لە "هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد" دا کرا)، یان وەکوو نموونە ئەگەر لایەن گەلێک لە هێزە کوردییەکان بیانهەوێ دەورێکی وەکوو هێزەکانی "ئیئتلافی شیمال" لە ئەفغانستان لە پەیوەند لەگەڵ دەولەتی ئەمریکادا ببینن و لایەن گەلێکیش ئەو سیاسەتە بە سەرەتای کارەساتێکی گەورە بۆ کوردوستان بزانن، ئەوانە چۆن پێکەوە دەچنە ناو بەرەیەکەوە؟ و گەلێک نموونەی تری لەو چەشنە. کەوابێ ڕێگا چارە چیە؟

ئەگەر ئەو یەکگرتوویە لە پێناوی خەباتی هاوبەش لە دژی رژیمی کۆماری ئیسلامی پێویستە، دەبێ لە چی ڕێگەییکەوەبۆ بچین؟ ئێمە نامانەوێ باسی بەرە وەکوو کایەیەکی دیپلۆماتیک بە کار بێنن، ئێمە نامانەوێ خەڵک بە هیوایەکەوە کە گەلێک گیر و گرفت لە ڕێگەی جێ بە جێ بوونیدا هەیە، سەرقاڵ کەین و لە کردەوەدا هیچی بۆ نەکەین. بۆیە وتوومانە کە دەرگای گفتوگۆ و دیالۆگی جیددی لەم بابەتەوە با کراوە بێ، با هەمە لایەنە بێ و هیچ لایەنێک پەراوێز نەخرێ، با لەم پروسەیەدا هەم جیاوازییەکان بۆ خەڵک ئاشکراتر بن و هەم خالە هاوبەشەکان دەر کەون. کارێکی گرینگ لەم جیهەتەدا ئەوەیە کە لە خەباتی جەماوەری ناو کۆمەڵگای کوردوستان دا، رۆحی هاوئاهەنگی و یەکگرتوویی لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی دا پەرە پێ بدرێ. بۆ وێنە ئەگەر قەرارە مانگرتنێکی کرێکاری لە شوێنێک بەرێوە بچێ و یان مانگرتنێکی گشتی لە هەموو کوردوستان لەرێ دایە و بواری دیکەی لەو چەشنە، ئەگەر هێزە سیاسیەکان خاوەنی مەیل و بۆچوونی جیاواز هاندەری زۆرترین هاوپشتی و هاوپەیمانی و یەکگرتوویی جەماوەر بن، لە دەیان کۆبوونەوە و دانیشتنی دوو لایەنە و چەند لایەنە زیاتر ڕێگە خۆشک دەکات بۆ لە یەک نزیک کردنەوەی هێزەکانی سەر گۆرەپانی خەبات لە دژی رژیمی جمهوری ئیسلامی.

ئەوانە و خالی تری لەو چەشنە بابەتی گرینگی دیالۆگ لە سەر مەسەلەی بەرەن کە پێویستە بە ئاشکرا و بە بەرچاوی جەماوەرەوە بەرێوە بچێت، هەتا خەڵک هەم ئیمکانەکەی و هەم ئاستەنگییەکانی بناسێت.

**هێرش: پاش سلاو**

**منیش وەک هەر لاویکی دیکە کورد کومەلیک پرسیارم هەیە سەبارەت بە حیزبەکان و لە وانە حیزبی کومونیستی ئیران.**



سەرچاوە
Serchawe

بەلام سەرەتا روون کردنەوەیەکم بوو بو سایتی ٤ روژەەلات. سەید ئیبراهیم سالی ٤٩ پەیوەست نەبووە بە کومەلە بەلگە و ئەسناد باس لە سالی ١٣٥٢ و ١٣٥٤ دەکەن.

پرسیار:١ ئیوە وەک حیزبی کومونیست هوی چیە لە قسەکانتانا هیچ بایەخیک نادەن بە مەسەلەی نە تە وایەتی یان وا باشترە بلیم بو هیچ بەرنامە یەکتان نییە بو چارەسەری ئەم کیشەیە؟

٢- هەر وەک هەموان دەزانن حیزبی کومونیست و سازمانی کوردستانی ئەو حیزبە ئیستە دو بالە و بالی کەمینە جیاواز لە ئیوە بیر دەکەنەوە، پیت وایە ئەم دو بال بوونە یان ئەم جیاوازی فکرییە بە رە و کوی دەچیت؟

٣- بە بروای ئیوە هوی ئەو دژایەتییە سەر سەختانە لە گەل کومەلە شورشگیر چییە ؟ ئایا ئەو کە سانە هاوسەنگەری پیشووی ئیوە نە بوون؟ تەبلیغاتی ئیوە بو بەرانبەر بە حیزبەکانی تر بو نمونە پژاک جوریکی ترە لە حالیکدا بەرانبەر بە کومەلە ئیجگار توندن. ئایا ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە ئیوە کومەلە بە تەنیا رەقیبی خوتان لە داهاتوی کوردستان دەزانن؟

بە سپاسەوە

سەرکەویت بزاوتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد

**عەلیزادە**: لە ولامی پرسیارەکانی کاک هێرش دا،

سەبارەت بە سالی پەیوەست بووم بە کۆمەڵە، ئەوەی کە لە سایتی بۆ رۆژهەلات دا هاتووە، دەقێق ترە.

من لە سالی ١٣٤٩دا هاوکات ئەندامی دوو حەوزەی تەشکیلاتی کۆمەڵە لە مەهاباد و لە تەورێز بووم. لە مەهاباد لە گەڵ کاک حەمە حوسێن کەریمی و کاک عەلی ئاشناگەر و لە تەورێزیش لە گەڵ کاک حوسێن مورادبەیگی (حەمە سور) بەڵام سالی ١٣٥٢ وەکوو ئەندامی رەسمی وەرگیراوم (پرۆسەی ئەندامەتی لە کۆمەڵەی ئەو کات دا دور و درێژ بوو). لەوانەیە سو تەفاهۆمەکە لەووەوە پێش هاتبێ.

١- بۆ ئاگاداری ئێوە بەرنامەی ئێمە بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی نەتەوایەتی لە بەرنامەی هەموو حیزبێکی ناسیونالیست واقعی تر و ریشەیی ترە و بە کردەوەش راستگۆیانە بۆی تێ کۆشاوین.

٢- بۆچوونەکانی جیاوازی ناو ئێمە لە هیچ روویەکەوە لەو ئاستەدا نییە کە لە نێو ئێمەدا ئەزمەیەکی خولقاندبێ، ئەوەی کە بەو حالەشەوە بەرەو کوێ دەچێ، دەبێ چاوەرێی بەرەوپێش چوونی ناوەرۆکی باسەکانیان بین.

٣- موخالفەتی سیاسی ئێمە لەگەڵ سازمانی ئینقلابی زەحمەتکێشان و هەر رێکخراوێکی دیکە لە کوردوستان بەشێکە لە خەباتێکی شارستانیانە کە دەبێ بۆ کۆمەڵگای کوردوستانی بە رەسمی بناسین و نابێ حەساسیەتی پێ نیشان بدەین. تەنیا

لەم ڕێگەیەوە دەکرێ ئیمکانی هەڵبژاردنی ئازادانە و ئاگاهانە بۆ خەڵک پێک بێنین. تەبلیغاتی ئێمە کە لە سەر سایتە ئینترنێتییەکان هەمووی ئارشیو و تۆمار کراوە، شتێک نییە غەیری بە کردەوە دەر هێنانی ئەو بۆچوونەی کە لە سەر زەرورەتی ئازادی بێ مەرجی سیاسی هەمانە. هیوادارین هەموو لایەنەکان بە هەموو بالەکانیانەوە ئەو سەرەتایە بسەلمێنن و هەرگیز لەبیری نەبەنەوە

**کاوس عزیزی**: سلاو کاک سەید برایم.

من پرسیاریکم هەبوو کە ئاوا مەترەحی دەکەم.
داخوا ئەو حیزبی کۆمۆنیستە چ رەسالەتیکی ماوە کە ئیوە ئاوەها بە دەم دەست گرتووتانە؟
باشتر وانیە کە ناوی خۆتان بکەنە حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان؟
کوا چەند غەیرە کوردی کۆمۆنیستی ئیرانتان لە گەلە؟

**عەلیزادە**: بەرێز کاک کاووس عەزیزی، سلاو

"ڕەسالەتی" حیزبی کۆمۆنیستی هەر ئەوەیە کە لە بەرنامە و لە ستراتێژی ئەو حیزبەدا بەیان کراوە و لە دوایین کۆنگرەی حیزبیشدا کە پەسەند کراوەکانی لەم ڕۆژانەدا دێتە سەر سایتە ئینترنێتییەکان، تەئکیدیان لە سەر کراوەتەوە. ئێوە دەتوانن موخالیف یا موافقی ئەو "ڕەسالەتە" بن بەڵام ناکرێ ئینکاری ئەوە بکرێ کە کۆمەڵێک ئینسانی شۆڕشگێر لە کوردوستان و لە ئێران، لە پێناوی ئەو "ڕەسالەتە" دا خەبات دەکەن و چونکە ئەوە واقعیەتێکی عەینییە.

ئێمە جیهەتمان ئەوە نییە کە حیزبی کۆمۆنیستی کوردوستان پێک بێنین، بەڵام بە هەموو تواناوە تێدەکۆشین بۆ ئەوەی کۆمەڵە کە ڕێکخراوی کوردوستانی حیزبی کۆمۆنیستە، هیچ بۆشاییەک لە پێناوی "ڕەسالەتێکی" کۆمۆنیستی دا کە لەو ناوچەیە ئەکەوێتە سەر شانی بە جێ نەهێڵێت.

سەبارەت بە دوایین بەشی پرسیارەکانیشت ئێمە ئەندامانی حیزبەکەمان بەوە پێناسە ناکەین کە لە کوێ لە دایک بوون، بەڵکوو بەوە دەیان ناسینەوە کە لە پێناوی ئامانجیک و لە ڕێبازێکی دیاریکراودا خەبات دەکەن.

**A.H**: کاک سە ید برایم عە لیزادە ئە م کاتە ت باش

دیارە پیم وایە ئەو کات بۆ بە خاک سپاردنی دوکتور جەعفەر لە ناوچەی چۆخماخ و گاپیلۆن لە گەڵ یەکێک لە کەسایەتیەکانی کوردستان بەشدار بووم. بۆ یەکەم جار پێکەوە دوای بە خاکسپاردنی ئەو مرۆڤە کارامە و ئازادیخوازە پێکەوە قسەمان کرد.

دیارە هاوکات جەنابیشت تەسلیەتت بە من وەت بۆ شەهید بوونی براکەم، ئەوەم لە بیر ناچێتەوە.

هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم، بەو هیوایە کە لە هەوڵی پێوەندی لە گەل ئەو لاینە دا بن کە براکەم و سەدان ڕۆڵەی کورد گیانیان بۆ ئازادی تیا بەخت کرد. من پێم وایە جەنابت کەسێکی سادقی لە کارە کانتدا، ئەگەر چی جیاوازی سەلیقە لە نێوانمان دا هەیە، بەڵام گومان لە وەنی یە هەوڵ بو چەوساوانیش بە سەداقەتەوە ئەدیت و خەسڵەتی ئاریستوکراسیت تیا نی یە و بۆ خۆشت لە بنە مالە یکی ئاسایی کۆمڵگای کوردە واریت کە بە ڕنچی شان بژێویی پیدا دە کات.

بەو هیوایە ڕوانگەکان سنوور بۆ مرۆڤە تێکۆشەرەکان دروست نەکات بەڵکو هۆکارێک بێت بۆ لێک نزیک بوونەوەیان.

سەرکەوێت خەباتی گەلی چەوساوەی کورد

لە گەڵ ڕێز بۆ ماندوو بوونەکانت.

**عەلیزادە**: برای بەڕێزم "A.H"، سلاوێکی گەرم، ئەگەر بە هەلە نەچووبم ئێوەم ناسیوەتەوە. سوپاس بۆ مەحەبەتەکەت، هیوادارم فورسەتێک هەلبکەوێ و دیدارێکمان بە شەخسیش بووە پێکەوە هەبێت و بە تێر و تەسەلی قسە و باس بکەین. ئەتوانی بەم ئیمەیلەی خوارەوە پەیوەندیم پێوە بکەی: komalah@komalah.org

**حمید**: با سلام ودرود به رفیق ابراهیم علیزاده

به شاهدی مردم کردستان بویژه کارگران و زحمتکشان امروز همه کومه له را به اسم یک سازمان مارکسیستی و چپ میشناسند اعتبار و خوشنامی کومله به صداقت و درستی و کار در میان توده ها در مدتی که کومه له در شهر ها و روستا های کردستان حچور فیزکی داشت میباشد(بعنوان نمونه تقسیم زمین در میان دهقانان بی زمین-شورای محله شهرها - کانون معلمان و کارگران - دفاع از زنان و مسلح کردن انها بعنوان بخشی از نیروی مسلح کارگران و مردم زحمتکش - فراری دادن ارتجاع محلی و مالکین -...)اینها بخشی از کارنامه درخشان این جریان اجتماعی است اما امروزه جریانی به اسم حکمتیست و کمونیزم کارگری به اسم چپ لگمات جبران ناپژیری به چپ در ایران و بلاخص در کردستان میزنند در این مورد مدارک کافی هست

سوالم این است نظر شما در مورد این گره چیست چرا تا حالا موچع خود را نسبت به این گروه مشخص نکردی؟ در حالیکه چربه این گروه در راس ان منصور حکمت به کومله برای همه روشن و مشخص است یعنی منصور حکمت تمام ارزوی... نسبت



سەرچاوە Serchawe

به کومله براورده نمود کاری که جمهوری اسلامی با لشکر کشی و عوامل اگلاعاتی هیچ وقت نتواست بهش برسد با تشکر یک کارگر از سنندج

**عەلیزادە**: حمید عزیز، سلام. جریانی که امروز بـه نـام "حکمتیست" فعالیت می کند، اگرچه بیشتر فعالین و رهبران ئن پیشینه ی سیاسیشان به حزب کمونیست ایران و بـه کومه لـه بـر میگردد، ولـی از لحاڤ استراتژی سیاسی و روشهای کـار جریان متفاوتی هستند و ما در مناسبتهای مختلف، بخشی از این تفاوتها را بیان کرده ایم. جدا شدن ئنها از کومه لـه و از حزب کمونیست ایران اساسا ناشی از این واقعیت بود که خگ و جهت سیاس و استراتژیک و اولویت هایشان تغیر کرده بود و در چنین حالتی البته جدایی امری کاملا گبیعی است، مسلما اگر حزب کمونیست ایران می توانست وحدت سیاسی و استراتژیک خود را حفڤ کند، حتی کومه لـه هم در کردستان امروز نیرومندتر می بـود، اما چنین رویـدادهایی در مسیر مبارزه پر پیچ و خمی که در پیش داریم امری غیر عادی نیست.

**ئاربابا**: وێڕای سڵاو و ڕێز.

١- کاک ئیبراهیم ئێوه پێتان وا نیه ئیتر دەبێ واز لە کاری ڕێبەری بێنی و بە بڕوا بە لاوان جێگا بۆ لاوان چۆڵ بکەیت؟
٢- ئێـوه پێتـان وا نیـه کـه ڕێکخـراوه چەپـەکان و ئێـوەش زۆر وشـک و نـەگۆرن و ڕێـک هاوشـێوەی ڕێکخـراوه توونـدڕەوە ئیسلامییەکانن؟
٣- بۆ بایەخ بە خەڵکی کوردستان نـادەن؟ ئێـوه هێشـتا گرفتـی کرێکـاری کوردتـان چـاره نەکردووه بیـر لـه کرێکـاری فـارس دەکەنەوه ؟ وا دەزانن ئاوا دەبنه کۆمۆنیست؟ کوردستان و کرێکاری کورد زۆر گرفتی هەیه که ئێوه قەد گوێتان بۆ نەگرتووه!

**عـەلیزادە**: بـەڕێز ئاربابـا، سلاو، بـه داخـەوه جـۆری پرسـیارەکانی ئێـوه ڕێگـای بـۆ دیـالۆگ، قەناعـەت پـێ هێنـان و یـان قەناعەت کردن نەهیشتووەتەوه. ئێوه قەزاوەتی خۆتان لە سەر جەرەیانی ئێمە کردووه و له ڕاستیدا پرسیارێکتان نییـه کـه پێویست بێ وڵامی پێ بدەمەوه، به داوای لێ بوردن.

**ئازاد**: وێڕای سلاو ئارەزووی سلامەتی و سەرکەوتن بۆ بەڕێز کاک سید برایم

پرسیارم ئەوه بو کـه: بیـر و رای کـاک سید بـرایم سـەبارەت بـه گێـره و کێشـەکانی نـاو کۆمەلـەی زەحمەتکێشـان و ئەگـەری لێکترازان و دو بەش بوونی ئەوان چیه؟ بیجگه له کیشەی دەسەلات کامه تەوزیح و لیکدانەوی سیاسی بۆ ئەو کیشانه دەسته بەر دەکات؟

**عەلیزادە**: بەڕێز کاک ئازادی ئازیز، هەروەکوو له وڵامی چەند بەڕێزی دیکەشدا ئاماژەم پێ کرد، بۆچوونی خۆم له سەر

کێشەی ناو ئەو ڕێکخراوەیە لە وتووێژێکدا کە سایتی بۆ ڕۆژهەڵاتیش دایناوە باس کردووە.داوام ئەوەیە لێرەدا لێم ببوری و لەوێ چاوی لێ بکەی. بە سپاسەوە.

**کەمانگەر**: **کاک ئیبراهیم**، دەمهەوێت بزانم ڕای جەنابت لە سەر بەشێک لە وتارەکەی هاوڕێ مینە حیسامی(وتەبێژی باڵی کەمینەی کۆمەڵە لە نێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) کە تێیدا کاک سەلاحی مازووجی ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی وەکوو شاگردی تەژدیدی مەنسووری حیکمەت ناساندبوو و ئەوی بە درێژەدەر و پەرەپێدەری فکر و مەکتەبی حێکمەتیست لە نێو تەشکیلاتی حیزبی کۆمۆنیست ناوبردبوو بزانم. ئایا ئێوە ئەم بۆچوونەتان پێ ڕاستە؟

**عەلیزادە**: کەمانگەری بەڕێز، سلاو.

ئەم وشانەی کە لە وتارەکەی کاک مینە حیسامی دا ئێوە ئاماژەتان پێ کردووە بۆ کاک سەلاح مازوجی بە مونسیفانە و ڕەوا نازانم. لە گەڵ "کلیات" واتە ناوەرۆکی نوسراوەکەی کاک سەلاح مازوجی موافقم و بە هەڵوێستێکی سیاسی مەتینی دەزانم.

**دیلو**: سلاو بۆ بۆ ڕۆژهەلات دەستەکانتان خۆش
حەز دەکەم چەند پرسیاری ئاراستە بکەم.
ئەو کوردێکی کۆمۆنیستە یان کۆمۆنیستێکی کوردە
ئایا ئەو چۆن دەڕوانێتە ناسیۆنالیزمی کوردی و حیزبە نەتەوییەکانی کوردستان
ئایا بۆ تا ئێستا لە گەڵ پارتی ئازادیی کوردستان دانیشتنیان نەبووە ئایا دەلیلەکەی ئەوە نییە کە هەر دوو بیرۆکە تەزادی یەکترن یان بڵێن زۆر لە یەک دوورن بەڵام هەر چی بێت ئەوان دوو ئۆپۆزسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵاتن بۆ؟

**عەلیزادە**: سلاو "delo"ی بەڕێز،

١- ئەگەر بمانهەوێ لە کایە کردن بە ووشە دوور کەوینەوە، واقعیەت ئەوەیە کە هیچ کۆمۆنیستێک بە پێی سەرەتاکانی جیهانبینی و ئامانجەکانی، خۆی بە هویەتی نەتەوەیی پێناسە ناکات. ئەو جۆرە پێناسە کردنە یان لە شارەزا نەبوون و نەناسینی ئەو ڕێبازەوەیە، یان لە عەوام فریوییەوە.
٢- لە ولامی بەڕێزێکی دیکەدا ئاماژەم پێ کرد کە ناسیونالیسم ئیدئۆلۆژی و بۆچونێکە کە حیزبی سیاسی جۆراوجۆر بە بەرنامە و ستراتێژی جیاوازی لە سەر دامەزراوە. لە ڕابردووی دورتردا ناسیونالیستەکان لە گەلێک ولات توانیویانە دەولەتی نەتەوەیی دابمەزرێنن و کێشەی نەتەوایەتی چارەسەر بکەن. بەڵام زۆر دەمێکە ئەم ڕەوتە تووشی نەزۆکییەکی کۆمەلایەتی و سیاسی هاتووە و دەبینین کە لە زۆربەی ئەو ولاتانەی ڕێبەری خەباتی نەتەوایەتییان بە دەستەوەیە، ئەو

خەباتە بە ئاکامی نیهایی ناگەیێن و تەنیا وەکوو پەیژە بۆ بە دەسەلات گەیشتنی حیزبەکانیان بە کاری دێنن. بێ توانایی ئەو سیاسەت و ڕێبازە بە مانای ئەوە نییە کە کێشەی نەتەوایەتی وجوودی نییە و بە مانای ئەوە نییە کە ڕێگا چارەی بۆ نییە. ئەوە جێگە باسێکی دور و درێژترە کە دای دەنێین بۆ مەجالی تر.

٣- کۆمیتەی ناوەندی ئێمە دانیشتن لە گەڵ ئەو ڕێکخراوەیەی بە پێویست نەزانیوە، هەر کات ئەو پێویستییە بێتە گۆڕێ لام وا نییە ئێمە بە هۆی جیاوازی ڕێباز و بەرنامەی سیاسیمان نکۆلی لێ بکەین.

**علی رسولی**: لە گەل ڕێز و سڵاو بۆ کاک سەید برایم

کێشەی ئێوە لە گەل کاک عەبدوللا، کێشەی دەسەڵات بوو یا کێشەی سیاسی؟

خۆ جەنابت باش دەزانی کە زۆر لایەن خەریکی سات و سەودان لە ناو بازاری سیاسەت دا، جەنابت باشدەزانی کە کەسانی وەک کاک عەبدوللا موهتەدی غەیری بەرژەوەندی خۆیان نەبێ گوێ نادەنە هیچیتر، بەو حاڵەشەوە توانیویانە بە ناوی دیفاع لە کێشەی کورد خەلکانێکی باش لە دەوری خۆیان کۆ کەنەوە، گەلۆ ئێوە کە هەمیشە کەسایەتیەکی خۆشناوی کۆمەڵە بوون ، بۆ خۆتان بەو ئیدئۆلۆژیە دۆڕاوەوە بەستەوە و خەلکتان لە خۆتان دوور کردەوە؟ بەراستی میلەتی ئێمە شایستە ئەوە نەبوو ئێوە دیفاعی لە بوونی بکەن ، خەونی بۆ ببینن و خەنەکانتان عەمەلی کەن؟

بۆخۆشت دەزانی هەموو چەپی ئێران بە قەرا موفتەدا سەدر نە هێزیان هەیە و نە هێزیان بۆ کۆدەبێتەوە، ئەی باشە بەتەمای چین؟

لە لایەکیترەوە ئێوە باس لە رادیکالیزم دەکەن بەلاّم چۆن دەکرێ ئێوە نزیک بە ٣٠ ساڵ هەر لە سەر کورسی دەسەلاّت بن و رەخنەش لە ولاتە پاشاگەردانیەکان بگرن و خۆشتان پێ ڕادیکاڵ بێ؟

بە سپاسەوە

**عەلیزادە**: برای بەڕێزم کاک عەلی رەسولی، سلاو.

١- ناکۆکی نێوان ئێمە، شەخسی نەبوو، بەلکوو سیاسی بوو. ئەو جیاوازیە سیاسیە ئەگەر ئەوکات کە ئەوان بریاری جیا بوونەوەیان دا زۆر روون نەبوو، خۆ ئێستا کەس ناتوانێ ئەوە نەبینێ کە ئیمە و ئەوان بە تەواوی دوو جیهان بینی جیاواز، دوو بەرنامە و دوو ستراتێژی جیاوازمان هەیە. هەلبژاردنی ناوی کۆمەڵە بۆ خۆیان، ئەگەرچی لە رووی حقۆقییەوە رەوا نەبوو بەڵام هیچ لەو واقعیەتەی کە باسم کرد ناگۆڕێ.

٢- سەبارەت بەوەی کە ئەوان بە هۆی هەڵبژاردنی جیهەت و ڕێبازی تازەیان چەندەیان خەڵک لە دەوری خۆ کۆ

کردووەتەوە، قەزاوەتێک ناکەم، با هەل و مەرجێکی دیمۆکراتیک بێتە ئاراوە و هەموو لایەنەکان بتوانن خۆیان لە سەنگی مەحەکی خەڵکی ئازاد بدەن، ئەو کات هەموو شتێک روونتر دەبێتەوە.

٣- ناسیونالیسمی کورد هیچی بۆ کورد نەکردووە کە شیاوی پێدا هەلکوتن بێ. دلنیا بە وەفادارترین و پەیگیرترین تێکۆشەرانی ڕێگای لە ناو بردنی ستەمی نەتەوایەتی هەر لە ناو کۆمۆنیستەکاندا دەبینییەوە. جگە لەوە تکام ئەوەیە خۆت وا بە هاسانی لەو باسە مەدە کە گۆیا کۆمۆنیسم باوەر و ڕێبازێکی دۆراوە. نیزامی سەرمایەداری ئەمپریالیستی بە ئیدئۆلۆژی و سیاسەت و دەسەلاتی وە، بۆ ئەوە نابێ بە چارەنووسی چارە هەڵنەگری بەشەری بزانی. گەندەل بووە و جینایەتکار و بێ بەزەیی و دژی ئینسانییە. کۆنە پەرەستی ئیسلامی و شوینیسمی ناسیۆنالیستی هەمووی بە پێی بەرژەوەندییەکانی ئەو نیزامە و بە هۆی کردەوەی دەسەلات دارانی ئەو نیزامە بوونیان هەیە.

٤- لە ناو جەرەیانی ئێمەدا دەسەلات هەرچی هەیە جەمعیە و دەبیری کۆمیتەی ناوەندیش دەسەلاتێکی سنورداری ئەساسنامەیی بۆ دانراوە. بەلام لە ولامی بەرێزیکی تر دا پێشتر باسم کرد کە منیش پێم وایە بوونی ڕێبەرانێکی تاقانە کە هەتا مردن هەر لە ڕێبەریدان خالێکی لاوازی حیزبایەتی ئەم سەردەمەیە. ڕێبەرانێک کە هەتا هەن ڕێبەرن (ئەگەر پێویستیش بن) دەبێ ئەو جێگا و شوێنەی خۆیان لە کۆمەڵگای ئازاد و دیمۆکراتیک و وشیاردا یان لە هەل و مەرجێکی شۆرشگێرانە و لە خالێکی وەرچەرخانی مێژوویی کۆمەڵگادا، لە لایەن جەماوەرەوە پێ بەخشرا بێ و نەک لە هەڵبژاردنی ناو کۆنگرەیەکی حیزبی دا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی بۆ ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٠٨

---



سەرچاوە
Serchawe

## ئیبراهیم عەلیزادە: ناسیۆنالیزمی چەپ منداڵێکە دەگری نازانێت کوێی ژان دەکات



**دیمانە: شەهرام عەبدوڵا**

ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)، لەم چاوپێکەوتنەی ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دوای تێکچوونی جیهانی دوو جەمسەری لەسەر حیزبەکەی ئەوان بێ کاریگەریی بووبێت، هەروەک باس لە بوژانەوەی ڕەوتی چەپ دەکات لە جیهان و ناوچەکەداو هۆکارەکانی نفوزی ئێران لە عێراقدا لێکدەداتەوەو مەرجەکانی خۆیان بۆ چوونە ناو بەرەیەکی کوردستانی تایبەت بە خۆرهەڵاتی کوردستان دەستنیشان دەکات.

**شەهرام عەبدوڵا**: گۆڕانکارییە جیهانیو ناوچەییەکانی دوای تێکچوونی جیهانی دوو جەمسەریو سەرجەم ئەو گۆڕانکارییانەی لە یەک دوو دەیەی دواییدا هاتنە ئاراوە، بەرنامەو کاری زۆرینەی پێکهاتە سیاسییەکانیان لە ئاستی جیهانو ناوچەکەدا تووشی گۆڕانی بەرچاو کرد، بەڵام کاریگەرییەکی دیاری لە سەر حیزبەکەی ئێوە دانەنا، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێننەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: پێش گریمانەی ئەوەی کە ئێمە لە ڕەوتی ژیانی سیاسیی خۆماندا گۆڕانکاریمان بەسەردا نەهاتووە، ڕاست نییە، بێگومان لەگەڵ گەشەو بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەدا، ئەو ڕەوتەش گۆڕانی بەسەردا هاتووەو هەوڵیداوە خۆی لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمی خۆیدا بگونجێنێت، تەنیا مەسەلە ئەوەیە کە ئەم گۆڕانکارییە نەبووەتە هۆی ئەوەی کە ڕەوتی ئێمە پەیوەندیی لەگەڵ ڕابردووی خۆی بپسێنێت، ئێمە گۆڕانکاریمان کردووە، بەڵام هێڵی سیاسی، ستراتیژیی، بەرنامەییو ئایدۆلۆژیکی خۆمان نەگۆڕیوە. ناسنامەی ئەو هێڵە بریتی بووە لەوەی کە سۆسیالیزم بەدیلی سەرمایەدارییە، سۆسیالیزم بە هێزێکی کۆمەڵایەتی کە هێزی چینی کرێکارەو لە ئاکامی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیدا دادەمەزرێت، چینی کرێکار بۆ ئەوەی بتوانێت توێژەکانی هاوپەیمانی خۆی لەناو کۆمەڵگەداو لە دەوری ڕێبازەکەی کۆبکاتەوە، پێش هەموو شتێک دەبێت خۆی تا

رادەیەک هۆشیارو رێکخراو بێت، بەڵام مارکسیزم وەکو زانستێکی کۆمەڵناسی خۆی بەرەوپێشچووەو تەکامولی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئەمڕۆ باوەڕپێکراوترین تیۆریی بووە بۆ ناسینی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی کە تەنانەت ئەکادیمیستەکانی بۆرژوازیش بۆ شرۆڤەکردنی کێشەکانی سەردەمی خۆیان میتۆدەکانی بەکاردەهێننو لە سیستمی فیکریو سیاسیی خۆیاندا هەزمی دەکەن. مارکسیزم زانستەو زانست بەپێی سروشتی خۆی ناتوانێت لە یەک شوێن چەق ببەستێتو بەرەوپێش نەچێت، کۆمەڵە لەو رۆژەوە کە پێکهات خۆی وەکو رێکخراوێکی کۆمۆنیستی کە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی لە ئێران خەبات دەکات، ناساند، بەڵام لێکدانەوەیەک کە ئەوکات لە سۆسیالیزم بووی‌و ستراتیژێک کە بۆ ئەو مەبەستە گرتبوویە پێش، نزیک بوو لە بۆچوونەکانی مائۆو ستراتیژی شۆڕشی چین، ئایا دەکرێت بڵێین کۆمەڵەی ئەمڕۆی ئێمە بە بەرنامەو ستراتیژی سیاسییەوە هەر ئەوەیە کە ئەوکات بوو؟ نەخێر، ئەو گۆڕانکارییانەی کە ئێوە باسی دەکەن لە دوو بابەتن:

**یەکەمیان**: بریتییە لە رەوتی گەشەکردنو پێگەیشتنو گەندەڵبوونی رژێمی سەرمایەداریی جیهانی، ستراتیژی حیزبێکی سۆسیالیستی لە هەرکام لەم قۆناغانەدا لەم وڵاتو لەو وڵات ناتوانێت رێک وەکو یەک وابێت، هەر بەوپێیە خەبات لە هەرکام لەو قۆناغانەدا کاریگەریی لەسەر بەرنامەی سیاسیو ستراتیژی ئێمەش بووە، مانیفێستی کۆمۆنیست کە نزیکەی ١٧٠ ساڵ لەمەوبەر نووسراوە بەراورد بکەن بە بەرنامەی ئەمڕۆی ئێمە، ئەگەرچی هەردووکیان یەک سەرچاوەیان هەیە، بەڵام دەقاودەق وەکو یەک نین، ستراتیژی سیاسی ئێمە لە ناوچەیەکدا کە کێشەی نەتەوایەتیو مێژوویی تێدایە، ناتوانێت لەگەڵ ناوچەیەک کە لە هەلومەرجێکی دیکەدایە جیاواز نەبێت.

**دووەم**: مەسەلەی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەتو بلۆکی ناسراو بە خۆرهەڵاتە، ئەم بومەلەرزە سیاسییەی کە جیهانی سەردەمی خۆی هەژاندو دوایین لەرزەکانی هەر بەردەوامە، ناتوانێت کاریگەری لەسەر ئێمە نەبووبێت. بۆ ماوەی ١٠ ساڵ رەوتی ئێمە لەژێر فشاری پڕوپاگەندەی دژە کۆمۆنیستیدا بوو، ئەگەرچی ئێمە هەرگیز ئەو سیستمەمان بە سۆسیالیستیو کرێکاریی نەدەناسی، بەڵام ئەوە گرنگ نییە ئێمە چۆنمان بیردەکردەوە، گرنگ ئەوەیە ئەو رژێمە کە جگە لە سەرمایەداریی دەوڵەتی هیچ شتێک نەبوو و بەناوی سۆسیالیزمەوە بە شوێن ئامانجەکانی ناسیۆنالیزمی روسییەوە بوو، بەسەر ئێمەشدا رووخا. بەرنامەی ئەمڕۆی ئێمە ناتوانێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی ئەو شکستەی کە بەسەر شۆڕشی کرێکاریی روسیادا هات، دابڕێژرێت، مەبەستم لە گشتێتی ئەم باسە ئەوەیە جەختی لەسەر ئەو راستییە بکەمەوە کە ئێمە رەوتێکی دۆگماو ئایدۆلۆژیی نەگۆڕ نین، بەڵکو رێبازی ئێمە رێگەیەکە بۆ ژیانو ژیانیش بەردەوام لە گۆڕاندایە، هەوڵمانداوە ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکەین کە پێویستی سەردەمن، ئیدی لە جێبەجێکردنیاندا سەرکەوتوو بووبێت یان نا، مەسەلەیەکی دیکەیەو پەیوەندیی بە هاوسەنگیی هێز لە هەر قۆناغێکدا هەبووە.



سەرچاوە
Serchawe

**شەهرام عەبدوڵا:** کەمو زۆر باس لەوە دەکرێت کە ڕەوتی چەپ بۆ جارێکی دیکە لە دنیادا سەرهەڵدەداتەوە، بەڵام بە شێوازێکی دیکە، ئێوە خوێندنەوەتان بۆ ئەمە چییەو کاردانەوەی لە ناوچەکەدا چۆن لێکدەدەنەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** سەرهەڵدانەوەی ڕەوتی چەپ لە ئاستی جیهانیدا ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، بۆ ناسینی جەوهەری ئەو بوژانەوەیە ناتوانین بچینە سۆراغی ئەو حیزبو ڕێکخراوانەی کە بەناوی چەپو سۆسیالیزمەوە چالاکیی دەکەن، ڕەنگە ئەگەر لێرەوە بۆی بچین نە دیمەنێکی زۆر هیوابەخش ببینینو نە بتوانین هەموو ڕاستییەکان بخەینە بەرچاو، سەرهەڵدانەوەی ئەم ڕەوتە ڕیشەی لە ئەزمەیەکی جیهانیدایە کە نیزامی سەرمایەداریی سەردەمی ئێمە تووشی بووەو بە بنبەست گەیشتنی هەموو ئەو بەدیلانەیە کە هەوڵیانداوە بەشێوەیەک وەڵامی ئەم ئەزمەیە بدەنەوە، ساڵانی دەیەی حەفتا کە جیهانی سەرمایەداریی تووشی یەکەم قەیرانی ئابووریی دوای کۆتایی جەنگی جیهانی هات، سەردەمی ڕەونەقی دوای شەڕو دەوڵەتانی ڕیفا (خۆشگوزەرانی) کۆتایی پێهات، لە وەڵامدانەوە بەو قەیرانە بوو کە سیستمی نیۆلیبراڵی هاتەکایەوەو بەدیلی خۆی پێشکەش کرد، دەیەکانی ٨٠ و ٩٠ سەردەمی تاقیکردنەوەی ئەو بەدیلە بوون، لە ئەمریکا ڕێگانو لە بەریتانیا تاچێر نوێنەرایەتییان دەکردو توانییان تا ڕادەیەکی زۆر جیهانی سەرمایەداریی لەژێر باری ئەو قەیرانە بهێننە دەر، بە کەڵک وەرگرتن لە فشاری نزیکەی ٣ هەزار ملیار دۆلار قەرزی وڵاتانی دواکەوتوو بە سیستمی بانکی جیهانیی، ئەو وڵاتانەشیان بە شوێن ئەو پرۆژەیەدا ڕاکێشا کە گەلێک کارەساتی گەورەی مرۆڤایەتیشی لێکەوتەوە، بە دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت، جیهانی خۆرئاوا کە هەستی دەکرد هیچ بەرهەڵستێکی لە بەرامبەردا نەماوە، بێ گوێدان بە ئاکامەکانی کۆمەڵایەتی، جیهانیگیریی‌و نیۆلیبراڵی، هەموو قوژبنێکی ئەو جیهانەی هێنایە ژێر ڕکێفی خۆی، وتیان مێژوو کۆتایی هاتووەو بۆ هەتاهەتایە سەرمایەداریی دوایین قوناغی ژیانی مرۆڤ دەبێت، لەو ماوەیەدا تەکنەلۆژیا گەیشتە ئاستێکی سەرسوڕهێنەر، مرۆڤ هیچکات لە ژیانی خۆیدا بە قەدەر ئەم سەردەمە نیعمەتی ژیانی بەرهەم نەهێناوەو بە قەدەر ئێستاو لەو ئاستەدا کەڵک لەو بەرهەمە وەرنەگیراوە، وادەیاندا میکانیزمی بازاڕ خۆی هەموو شتێک ڕێکدەخات، ئەو هەژارییەی لێکەوتەوە کە دەیبینین، وتیان شەڕی سارد تەواوبووەو جیهان ئاسایشی زۆرتری دەبێت، بە دەیان جار زیاتر جیهانیان نائاسودەتر کرد، وتیان پێش بە تیرۆریزم دەگرین، تیرۆریزمیان پەرەپێدا، دەستیان بۆ هەر کارێک برد تیایدا چەقین، بەمجۆرە سەردەمی ڕەونەقی ئەم بەدیلەش کۆتایی پێهات. وەکو کاردانەوەیەک بەرامبەر بەم هەلومەرجە، چەندین ڕەوتی کۆنەپەرەست لەوانە ڕەوتی ئیسلامی سیاسیی گەشەیان کرد، بەڵام دەرکەوت کە ئەمانەش بەدیلێک نین بۆ ڕێکخستنی ڕەوتی ژیان، کۆماری ئیسلامی ئێران وەکو نموونەیەک چی یاسای شەرعو ئایین بوو لە توورەکەی ١٤٠٠ ساڵەی خۆی دەریهێناو کردی بە دەستووری ژیانی ئەمڕۆ، کەچی وردە وردە هەر چووەوە سەر ئەو ڕەوتە نیۆلیبراڵییەی بەسەر جیهاندا زاڵە.

ئیسلامی توندڕەو کە لە شێوەی ئەلقاعیدەدا خۆی دەنوێنێت، کردەوەکانی نەک نیشانەی بەهێزتربوونی ئەو ڕەوتە نییە،



سەرچاوە
Serchawe

بەڵکو نموونەی زیندووی هیوابڕاوی‌و بێئاسۆییەتی، ئەنتی ئەمپریالیزمی هەندێک لە دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین هیچ ئاسۆیەکی روونی نەخستووەتە بەردەم خەڵکی ئەو وڵاتانەوەو خەباتی کرێکاریی‌و جەماوەریی لە دژی دەوڵەتەکانیان لە حاڵی پەرەسەندندایە، لە بەرامبەر ئەو قەیرانەو بە بنبەست گەیشتنی بەدیلەکانیەتی کە مرۆڤ دەچێتەوە سۆراغی ئەو ئامانجە پێشکەوتوو و مۆدێرن‌و مرۆڤایەتییانە کە سۆسیالیزم هێنابوویە گۆڕێ. بوارو توانای سەرهەڵدانەوەی رەوتێکی چەپو سۆسیالیست لە جیهاندا پەیدا بووە، خەباتی کرێکاران لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریی، خەباتی دژە جیهانگیری نیۆلیبراڵی لە فرۆمە جیهانییەکاندا، خەباتی دژە شەڕ، کە هەموویان ئەمڕۆکە لە ئاستێکی کۆمەڵایەتیی بەریندا هاتوونەتە ئاراوە، دیاردەکانی سەرەتایی بوژانەوەی چەپن لە کۆمەڵگەی جیهانیدا، ئەگەرچی هەموو ئەو رەوتانە راستەوخۆ سۆسیالیستی نین‌و پارازیتو دیاردەی نامۆشیان تێدایە، بەڵام لە رووی بابەتییەوە دەکەونە بەرەی چەپی خەباتی جیهانییەوە. جا کەی ئەم جوڵانەوەیە خۆی لە حیزبو رێکخراوو بەرەی پێشکەوتوو و بەهێزی سۆسیالیستیدا دەبینێتەوەو سەرچەشنەکانی ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتییەی بەڕێوەیە چۆن دەبن، ئەوە ئێستا بۆ ئێمە نەناسراوەو پێویستی بە کاتو خوڵقانی هەلومەرجی شۆڕشگێڕانە لەم وڵات یان لەو وڵاتدا هەیە، هەر لە کوردستانی خۆمان زۆر کەس لایانوابوو پێداگریی کۆمەڵە لەسەر مانەوەی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، تەنیای دەخاتەوەو لاوازی دەکات، بەڵام رووداوی 16ی گەلاوێژی ٣ ساڵ لەوەوپێش کە هەموو کوردستان بە بانگەوازێکی ئەو کۆمەڵەیە مانی گرت، لەو خەیاڵاتە هێنانیە دەرەوە، لە ئاستی ئێراندا ئەم بوژانەوەیە لە بزووتنەوەی کرێکاریی‌و خوێندکاراندا دەبینین‌و دوورنییە لەو رۆژانەی داهاتوودا بزووتنەوەی ژنانی ئێرانیش بگرێتەوە.

**شەهرام عەبدوڵا**: تا دێت نفوزی ئێران لە زۆر رووەوە لە عێراق‌و ناوچەکەدا زیاتر دەبێت، کە دیارە ئەمە مەیدانی خەبات لە ئۆپۆزسیۆنی ئێران بەرتەسکو بەرتەسکتر دەکاتەوە، دەکرێت بڵێین یەکێک لە رێگەکانی کەمکردنەوەی ئەو نفوزە دەوربینینی ئەو ئۆپۆزسیۆنەیە لە هاوکێشەکانی ناوچەکەدا، ئایا ئێوە لەو پێناوەدا هیچ بەرنامەیەکتان هەیە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: مەسەلەی هەوڵدانی رژێمی ئێران بۆ دەستوەردان لە کاروباری ناوچەکەدا، مەیلێک نییە کە تەنیا تایبەت بەو رژێمە دیاریکراوە بێت، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی بابەتیی هەر حکومەتێک کە لەو وڵاتەدا لە سەر کار بێت، ئێران لە بواری رێژەی جەماوەرەوە، لە بواری ئابووریی‌و سەوق ئەلجەیشی‌و پێشینەی سیاسییەوە، وڵاتێکی گرنگی ناوچەکەیەو ئاساییە کە رژێمێکی سەرمایەداریی هەوڵبدات لە دابەشکردنی کاری ناوچەکەدا، لە بواری سیاسییەوەو تەنانەت لە بواری بەرژەوەندیی ئابوورییەوە دەوری هەبێت. ئەمریکاو دەوڵەتانی عەرەبی ناوچەکە، بەهۆی ناکۆکییەک کە لەگەڵ رژێمی ئێران هەیانە، بەرامبەر بەو مەیلەی بەرەنگاری دەکەن، کەچی هەر ئەو مەیلە لە سەردەمی رژێمی شادا بە رەسمیی دەناسراو ئەو دەرفەتەی پێ دەدرا، رژێمی عەرەبستان رێگەدەستی ئەوەی هەبوو، ئێستاش هەیەتی کە وەهابییەت



سەرچاوە
Serchawe

لە هەموو ناوچەکەدا بەهێز بکاتو لە کێشەی لوبناندا دەوربببینێت، بۆ ئەوەی بزانین بەرامبەر بەو فرەخوازییەی ڕژێمی ئێران چ سیاسەتێک ڕەچاو بکەین، دەبێت بزانین خۆی بۆ ئەو سیاسەتەی دوو ئامرازی لە بەردەستدایە، یەکیان تەشەنەکردنە لە جوڵانەوە ئیسلامییەکاندا، دووەمیان هەڕەشەی دروستکردنی چەکی ئەتۆمییە، بۆ یەکەمیان لاوایە ئەو نفوزە ڕوو لە کزییە، بەتایبەت حیزبەکانی نزیک لە کۆماری ئیسلامی تادێت پێگەی کۆمەڵایەتییان لاوازتر دەبێت، بۆ نموونە لە باشووری عێراقو تەنانەت لە فەلەستین بە ئاشکرا دەیبینین، ئێمە هەوڵمانداوە ئەزموونی تاڵی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران بە خەڵکی ناوچەکە بناسێنینو بە هەموو تواناوە لە سەری بەردەوام بین، هەوڵدەدەین دەستی هاوکاریی بدەینە دەست هەر هێزێک کە پێشکەوتنخوازانەو ڕاستەقینە لە دژی ئەو نفوزە کاردەکات، خاڵە هاوبەشەکانی ستراتیژیی خۆمان لەگەڵ خەباتی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بخەینە بەرچاوو بیانکەین بە بنەمای هاوکاریی پتەوتر، دووەم ئەوەی ئێمە دەتوانین بیکەین پەرەپێدانی خەبات دژی ئەو ڕژێمەیە لە ناوەوەی وڵاتدا، کە پشتبەستنە بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو بزووتنەوەی کرێکاران، خەڵکی کوردستان، ژنان، خوێندکارانو ڕووناکبیران، پێموانییە ئەو خەباتە لە دژی کۆماری ئیسلامی بە هەموو مەیلو سیاسەتە ناوخۆییو فرەخوازییەکانیشیەوە کەمتربێت لە هێزێک کە لەسەر سنوور جموجۆڵێکی بەرتەسکی پێشمەرگانە دەکات، کە ئێمە توانای پەرەپێدانی ئەو بوارەشمان لە خۆماندا پاراستووەو بەهێزتریشی دەکەین.

**شەهرام عەبدوڵا**: ڕوانینتان بۆ حیزبە کوردستانییەکانی ئێران چۆنە، ئایا ئەگەر بەرەیەکی کوردستانی پێک بێت ئێوە ئامادەن بەشداریی تێدا بکەن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: نامەوێت بچمە سەر هەڵسەنگاندنی ئەم حیزبو ئەو حیزبی دیاریکراو، بەڵام ئێمە ئێستا لە مەیدانی خەباتی سیاسیی کوردستاندا سێ ڕەوتی کەمو زۆر جیاواز دەبینین: ڕەوتی ناسیۆنالیزمی نەریتی، ڕەوتی ناسیۆنالیزمی چەپو ڕەوتی سۆسیالیستی، ڕەوتی ناسیۆنالیزمی نەریتی ئامانجەکانی ناسیۆنالیستی نەریتیو کۆنی خۆی تا ڕادەی بەشداریکردنی حیزبەکانی خۆیان لە دەسەڵاتدا داشکاندووە، چونکە دەستیشیان لە دەسەڵات دوورە، تووشی بێئاسۆیینو کارساز نەبوونی سیاسەتەکانیان یەکلەدواییەک دەردەکەوێت، ئەوە سەرچاوەی قەیرانە ناوخۆییەکانیانە، ڕەوتی ناسیۆنالیزمی چەپ تووشی هەمان قەیران هاتووەو هیوایەکی بەوە نییە کە لەسەر ئەو ڕێبازە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەستی لە دەسەڵات گیربێتو بە کردەوەش ناتوانێت سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی بکات، بە بۆچوونی من ئەو ڕەوتە وەکو منداڵێک وایە کە دەگریو خۆی نازانێت کوێی ژان دەکات، بە بڕوای من بەرەی سۆسیالیست ئاسۆی ڕوونترە، چونکە دەزانێت هەر بە تەنها بە پێداگرتن لەسەر دروشمی ڕزگاریی نەتەوایەتیی ناتوانێت جەماوەری ستەملێکراوو زەحمەتکێشی ئەو وڵاتە بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتیش بهێنێتە مەیدانو هەوڵدەدات ئەو خەباتە بە بزووتنەوەی ڕادیکالی کرێکارانو ژنانەوەو بە

پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییەوە گرێ بدات، بەنیسبەت بەرەی کوردستانییەوە ئێمە لە هەلومەرجی ئێستادا پێکهاتنی وەها بەرەیەک بە دوور دەزانین، چونکە حیزبە سیاسییەکانی جێکەوتوو لە کوردستان، لە بواری ستراتیژی سیاسییەوە لە یەکتر دوورن، چوونی ئێمە بۆ ناو وەها بەرەیەک پەیوەندیی دەبێت بە هەبوونی خاڵی ستراتیژێکی هاوبەشو کۆمەڵێک سەرەتای وەکو بەڵێندان بەوەی کە لە کێشە سیاسییەکاندا دەستبردن بۆ چەک قەدەغە بکرێت، هیچ لایەنێک بۆی نەبێت بە جیاواز لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی بچێتە گفتوگۆوە، سەرەتای ئازادیی بێمەرجی سیاسی بە رەسمی بناسرێتو ئەوە بسەلمێنرێت کە دەسەڵات مافی جەماوەرەو ساتو سەودا هەڵناگرێتو دەبێت بە دەنگی جەماوەر چارەنووسی دیاریی بکرێت.

پرۆفایل:

- ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی غەوس ئابادی ناوچەی مهاباد لەدایکبووە.
- ١٩٦٩ لەگەڵ خەباتی خوێندکارانی زانکۆی تەورێزدا بە کاری سیاسیو کۆمەڵەوە پەیوەست بووە.
- ١٩٧٤ لە زانکۆی تەورێز ماستەری ئەندازیاریی کارەبای وەرگرتووە.
- ١٩٧٩ بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە.
- لە ١٩٨٣وە سکرتێری کۆمەڵەو ئەندامی دەستەی رێبەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - رێکەوتی: ١٥ی ئەپریلی ٢٠٠٨

-------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## جێبەجێکردنی هەڵبژاردنو ریفراندۆم لە کەرکوک پێویستی بەکات هەیە.



**سازدانی: کەمال رەئوف**

**سەبارەت بەڕەوشی سیاسیی کەرکوک و چارەنووسی شارەکەو ئەو هەنگاوانەی کەپێویستە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بیانهاوێت و چییان لەدەستچووەو چۆن قەرەبووی بکەنەوە، مەترسی دووبارەبوونەوەی کێشەی هاوشێوەی کەرکوک لەپارچەکانی تری کوردستان، هاوڵاتی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سەید ئیبراهیمی عەلیزادە سکرتێری حیزبی کۆمەڵەی ئێران سازکردووە.**

**هاوڵاتی: ئەگەر بەقۆناغەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردیدا بچینەوە دەبینین بەشێکی زۆر لەگرفتە چارەسەر نەکراوەکان، لەسەر مەسەلەی سنور و ئەو شوێنانەن کە کورد لەگەڵ پێکهاتەکانی تردا پێکەوە تیایدا ژیاون، کەرکوکیش بەنمونە، ئێستا لە حاڵێکدا کە لەم بەشەی کوردستان کە کورد ئۆپۆزیسۆن نییەو تاڕادەیەکیش گەڵێک پۆستی سیادی لەبەغدا هەیە، کەچی ئەو گرفتە هەرماوەو کەرکوک بە بەرمیلێک باروت دەچوێنرێو ئەگەری هەڵگیرساندنی شەڕی قەومی لێدەکرێ، ئایا بەڕای ئێوە ئەم کێشەیە لە دوائەنجامدا بەکوێ دەگات؟ یان باشتروایە کورد چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیەدا بکات؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** کێشەی کەرکوک بەپێی ئەوەی چ ستراتیژێک بۆ چارەسەرکردنی ڕەچاو دەکرێ، هەم دەتوانێ ئەم شارە و سەرجەمی پارێزگای کەرکوک بەرەو کارەساتێکی گەورەی مرۆڤی و بەرەو چارەنووسێکی نادیار بەرێتو هەم دەتوانێ بە شێوەیەکی دیمۆکراتیک و ئینسانی کۆتایی پێ بێت. بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەکی مرۆڤدۆستانەو واقیعی پێویستە کێشەی

کەرکوک لە چەند لایەنەوە ببینین:

**یەکەم**: وەکو کێشەیەکی ناوخۆیی ناوچەیەکی دیاریکراوی فرەنەتەوە، لە چوارچێوەی دۆزینەوەی ڕێگا بۆ پێکەوە ژیانێکی بە ئاشتیانەی نەتەوەکان تێیدا.

**دووهەم**: وەکو کێشەیەکی کوردستانی لە چوارچێوەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد.

**سێهەم**: وەکو کێشەیەکی سیاسی لەچوارچێوەی داهاتووی عێراق و پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ.

کێشەی کەرکوک لەڕوانگەی خاڵی یەکەمەوە تەنیا دەتوانێ لەکەشوهەوایەکی بەتەواوی دیموکراتیکدا وەڵام وەربگرێتەوە. بەو واتایە کە دەسەڵات لەپارێزگای کەرکوک نەک لەسەر ئەساسی پێکهاتەی نەتەوەیی ئەو شارە بەڵکو لەسەر بنەمای مافی «یەک ئینسان یەک دەنگ» بنیات بنرێتەوە. پێویستە کەشوهەوایەکی سیاسیو کۆمەڵایەتی وەها بخولقێ کە خەڵکی ئەم شارە بتوانن بە ئازادی لەم مافەی خۆیان کەڵک وەربگرن. ئەوەی کە پێیدەگوترێ «ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوک» دەتوانێ خاڵێک بێ بەم ئاراستەیەدا لەناو کۆمەڵێک ئیقدامی دیکە لەبواری سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو خزمەتگوزارییەوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە هەلومەرجی کەرکوک ناتوانێ دابراو بێ لەباقی شوێنەکانی دیکەی عێراق. دیموکراسی لەعێراق کوللییەتێکە کە دابەش ناکرێ. ئەو کەشوهەوای دیموکراتیکە ناتوانێ هەر بە تەنیا لە کەرکوک بخولقێ. هەر بۆیە تا کاتێک چارەنووسی دیموکراسی لە عێراقدا روون نەبووبێتەوە، ناکرێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە کەرکوک وەکوو دورگەیەکی دابڕاو ببێ بە نمونەی دیموکراسی لەو وڵاتەدا. هەر بۆیە خەباتی خەڵکی ئەو شارە ڕێوشوێنێک کە بۆ ژیانی ئاشتییانە دەیگرنەبەر خۆی دەتوانێ و پێویستە بەشێک بێ لە ڕەوتی خەباتی مەدەنی پێشکەوتنخواز لە سەرجەم عێراقدا.

ستراتیژێک کە لەگەڵ ڕۆحی ئینساندۆستی و پێشکەوتنی سەردەم بگونجێ ناتوانێ غەیری هەوڵدان بۆ پێکهاتنی کەشوهەوایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەوتۆ بێ کە تێیدا پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئەو شارە بە ئاشتی و بە تەبایی پێکەوە بژین. بە پێشینەیەک کە بەدوور لەویست و ئیرادەی خەڵکی ئەو شارە بۆیان خوڵقاندوون، پێکهاتنی وەها هەلومەرجێک پێویستی بە ڕێوشوێنێکی بەرنامە بۆ دارێژراوی دڵسۆزانەو شێلگیرانە هەیە. گەلێک فرسەت بۆ ئەو کارە لەدەستچووە. لەساڵی ۱۹۹۱ بەو لاوە بە جۆرێک و لە ساڵی ۲۰۰۳ش بەو لاوە بەجۆرێکی تر.

ئەوەی کە ئەمڕۆ پێویستە پێی لەسەر دابگیرێ و کاری بۆ بکرێ، ئەوە نییە کە بکەوینە سەرژمێری بزانین کە کام نەتەوە بە ژمارە لە کامیان زیاترە. ئەگەر زۆرینەی خەڵکی ئەو شارە کوردن، ئەوە ڕاستییەکە کە بە هیچ چاوبەستنو پڕوپاگەندەیەکی شۆڤێنیستی ناشاررێتەوەو پێویستی بەهیچ پێدا هەڵگوتنێکی ناسیۆنالیسمی کورد ناکات. سیاسەتی

مەسئولانە ئەوەیە کە بەردەوام دوڕدۆنگییەکان کەمبکرێنەوە، رۆحی ژیانی هاوبەش و تەبایی پەرەی پێبدرێ. خەباتی جەماوەریی هاوبەش بۆ داخوازی هاوبەش رێکبخرێ، رێکخراوەی جەماوەری بەبێ جیاوازی نەتەوەیی پێکبێت، کاری خزمەتگوزاری بە بێ جیاوازی بۆ هەموو نەتەوەکان بەرێوەبچێ، رێگا نەدرێ هیچ کەس تۆوی تەفرەقە بڵاوبکاتەوە. رادیۆ و تەلەفزیۆن و گۆڤار و رۆژنامەو کۆڕو سمینارو کۆبوونەوەکان هەمووی لە پێناوی چەسپاندنی وەها رەوتێکدا بکەونە کار.

**هاوڵاتی**: سەبارەت بەخاڵی دووەم چی؟ ئەگەر باسی ئەو ئەگەرە بکەیت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لەپەیوەند لەگەڵ خاڵی دووهەمدا، چارەنووسی پەیوەست بوونی شاری کەرکوک بە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا، هەر بە تەنیا لە روی دەنگی ساکاری زۆرینەوە دیاری ناکرێ، بەڵکو بەر لەهەموو شتێک پێویستە ئەو لایەنانەی کە کەمینەشن لەئاستێکی جەماوەریدا بەتەواوی خۆیان بەسەرەتای هەڵبژاردنی دیموکراتیک پابەند بزانن، چونکە ئەگەر وانەبێ هەر کەمینەیەکیش کە ئەو رێگە و شوێنە نەسەلمێنێ دەتوانێ هەر ئەزمونێکی دیموکراتیکیش تێکبدات. هەر بۆیە جێبەجێکردنی هەڵبژاردنو ریفراندۆم پێویستی بە کات هەیە، بەڵام کات نەک بۆ ئەوەی کە هەروا بە فیرۆ بچێ، یان مەجالی زیاتر بۆ نەیارانی چارەسەری دیموکراتیک و کێشەکە بخولقێنێ، بەڵکو بۆ ئەوەی بەپێی پرۆژەیەکی ئاگاهانەی هەمە لایەنە، برینەکانی کۆن سارێژ بکرێنەوە، ئەزمەی سیقە لە نێوان نەتەوەکانی دانیشتووی ئەو شارەدا چارەسەر بکرێ. بەجۆرێک ئەگەر خەڵکی عەرەب یان تورکمانی ئەو شارە دەنگی موخالیفیشیان بە پەیوەست بوونی کەرکوک بە هەرێمی کوردستان دابێ لایەن وا نەبێ ئاکامی ئەو پەیوەست بوونە بۆ ئەوان کارەساتە. بۆ نمونە کاتێک خەڵکی ویلایەتی کێبێک لەکەنەدا لە ریفراندۆمێکدا بە زۆرینەیەکی لاواز لە دژی جیابوونەوە بڕیاردەدەن، کەمینەی بەهێز کە رێوشوێنی دیارکردنی چارەنووسەکەیان قەبووڵکردووە، بە ئاکامەکانیشی پابەنددەبن. لە کەرکوک بە بێ زاڵبوونی رۆحی ئەو دیموکراسییە، بە بێ ئیسپاتی ئەوەی کە لە هەرێمی داهاتوی کوردستاندا نەک هەر مافیان ناخورێ، نەک هەر ئاسیشیان ناکەوێتە مەترسییەوە، نەک هەر ئاستی ژیانی ئابوورییان دانابەزێ، بەڵکو لە هەموو ئەو بوارانەدا لانیکەم هەنگاوێک بەرەو پێشدەچن. ئەوانەش تەنیا بە دروشم دان جێبەجێ نابن، بەڵکو لەواقعیەتەکان و لەکردەوەدا دەبێ ببینرێن. ریفراندۆم حەرەکەتێکی دیموکراتیکە، بەڵام نەک وەکو کردەوەیەکی بە تەنیا بەڵکو وەکو بەشێک لە کوللیەتێک کە جوزئیاتەکەی دیکەشی لە سەر جێگەی خۆی بێت. ریفراندوم خۆی لە خۆی دا بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە موعجیزەیەک ناکات. ناکرێ کەمینەیەکی بەهێزی ناڕازی بە پێچەوانەی ویستی خۆی بە هەرێمی کوردستانەوە بلکێنرێ.

**هاوڵاتی**: ئەگەر باسی روانگەی سێیەم بکەین؟ ئەو کات بارودۆخی کەرکوک چی لێ بەسەردێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لە روانگەی سێهەمەوە، کێشەی کەرکوک لەگەڵ ئەوەشدا کە کێشەیەکی واقیعی مێژووییە لەعێراقێکی فرە نەتەوەو فرە ئایین کە بەچەسپی دیکتاتۆری پێکەوە لکێنرابوون، لەهەمانکاتدا ئەمڕۆکە بۆتە مەیدانی ململانێی دەوڵەتەکانی ناوچە. هەر بۆیە لەو روانگەیەشەوە داهاتووی کەرکوک پەیوەندی بە چارەنووسی سیاسیی عێراق و شکڵی نیهائی دەسەڵات لەو وڵاتەوە هەیە. بۆ کورتکردنەوەی دەستی دەوڵەتانی ناوچەکە و تەنانەت دەوڵەتی مەرکەزیش لە گێرەشێوینی لە شاری کەرکوکدا، هیچ رێگایەک نییە غەیری بە ئاگاهێنانەوەی هەموو خەڵکی دانیشتووی ئەو شارە و نیشاندانی ئەو واقیعییەتە پێیان، کە ئەو دەوڵەتانەی خۆیان بە دۆستی ئەم یا ئەو نەتەوە لە قەڵەمدەدەن، تەنیا ئامانجیان دابینکردنی بەرژەوەندییە سیاسیو ئابوورییەکانی خۆیانەو هیچ دڵسۆزییەکیان بۆ هیچ نەتەوەیەکی ئەو شارە نییە. پێویستە جەماوەری خەڵک لەتورکیاو لەئێران و لەهەر وڵاتێکی دیکە دەوڵەتەکانیان بخەنە ژێر زەخت کە دەست لە کاروباری ئەو شارە وەرنەدەن. دەبێ دەخالەتەکانیان بەشێوەیەکی کۆنکرێتی بخرێتە بەرچاو و لەوڵاتەکانی خۆیان لەقاو بدرێ. ئێمە بە بەشی خۆمان بۆ بردنە پێشی ئەو جیبهەتە لە ئێران و لە کوردستانی ئێران هەوڵدەدەین.

بە کورتی ئەگەر بڵێم، بەبڕوای من چارەسەری نیهائی کێشەی کەرکوک هێشتا هەر پێویستی بە کاتە و بۆ ئەوەی ئەو کاتەش بە باشی و بەم ئاراستەیەدا کە باسمکرد کەڵکی لێوەربگیرێ، باشترین رێگاچارە ئەوەیە کە پارێزگای کەرکوکیش وەکو ناوچەیەکی فێدرالی جیاواز رێکبخرێ. ئەو رێگاچارەیە ئەگەرچی کاتی دەبێ، بەڵام گونجاوترین مەجال دەخوڵقێنێ بۆ ئەوەی چارەنووسی شاری کەرکوک بە چارەنووسی دیموکراسییەکی شێلگیر لە عێراقدا گرێبدرێ.

**هاوڵاتی**: ئایا بەرای ئێوە جۆرە پەشیمانبوونەوەیەک، یاخود جێگە گۆڕینێک لە بیروڕای ئەمەریکاییەکاندا نابینیرێ لە هەڵوێستیان لەسەر کورد بەگشتی و لەسەر گەڕانەوەی ناوچەدابڕاوەکان و پتەوکردن و فراوانکردنی دەسەڵاتی هەرێم بەتایبەتی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بەبڕوای من دەوڵەتی ئەمەریکا هەرگیز بەڵێنێکی روون و راشکاوانەی لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی لەکوردستان بەگەشتی و لەمەڕ چارەنووسی ناوچە دابڕاوەکان نەداوە تا ئێستا بڵێین لێی پاشگەز بووەتەوە. حیزبە سیاسییەکان، رۆشنبیرانو بەشێک لە میدیای کوردستان لە تەسەوری خۆیانەوە لایان وابووە کە لە پرۆژەی ئەمەریکادا لە عێراق جێگایەکی جیددیو نەگۆڕ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتیی کورد لە نەزەر گیراوە. ئەوەی کە ئێستا بە کردەوە بەڕێوەدەچێ هەر رێنوێنییەکانی پرۆژەی ناسراو بە «بیکەر - هەمیلتۆن»ە. دەوڵەتی ئەمەریکا بەردەوام خەریکی کار ئاسانییە بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی سەقامگیر لەبەغدا دابمەزرێ. یەکێک لەو کارئاسانییانە، بێدەنگکردنی لایەنی کوردی و رازیکردنی بەوەرگرتنی کەمترین ئیمتیازە. هەڵبەت جاری واش هەیە کە کارتی کورد بەکاردێنێ بۆ ئەوەی زەخت



سەرچاوە
Serchawe

بخاتە سەر لایەنە سیاسییەکانی عێراقی بۆ رازیکردنیان بە رێوشوێنێک کە ئەمەریکا بۆ دوارۆژی عێراق دیاری دەکات. لە هەلومەرجی ئێستاداو لە پەیوەند لەگەڵ کێشەی کەرکوکدا زۆرترین زەختی ئەمەریکا بۆ سەر لایەنی کوردییە.

**هاوڵاتی**: بەر لەچەند ساڵ لەمەوبەر گوێمان لەهەڵوێستو پێشنیازێکی ئێوە بوو کە تیشکی دەخستەسەر ئەوەی کورد دەبێت بەشێوەیەکی ژیرانە کەرکوک بکڕێتەوە، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، لەوێدا باست لەوە کردبوو کە دەکرێ بەبڕە پارەیەک شارەکە لە هاوردەکان پاکبکرێتەوەو نەشهێڵین شەڕی قەومی رووبدات، ئایا ئێستا لەو بارەیەوە دەڵێت چی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەو کارە ئەوکات گونجاوو عەمەلی بوو. خەڵکێکی هەژاری عەرەب هەبوو کە لە کاتی دەسەڵاتی رژێمی بەعسدا لە شوێنی باوباپیرانی خۆیان هەڵیان کەندبوون و بە بەڵێنی ژیانێکی باشتر لەشاری کەرکوک نیشتەجێیان کردبوون. زۆربەی هەرە زۆری ئەو خەڵکە هەژار بوون و خەیرێکیان لەو هیجرەتە زۆرەملێیە نەدیبوو. زۆربەیان خەڵکی لەرووی ئایینەوە شیعە بوون. چونکە بەعس دەیویست هاوکات هەم لەناکۆکی نەتەوییو هەم لە جیاوازی ئاینی بۆ بەرەو پێشبردنی پرۆژەکەی خۆی کەڵک وەربگرێ. ئەو کات مەجالی ئەوە رەخسا بوو کە بە سەرفکردنی برێک پارە کە بە تەواوی دابینکردنی لە توانای دەوڵەتی عێراقدا و تەنانەت لە توانای حکومەتی هەرێمیشدا بوو، ئەو خەڵکە بە رەزامەندی خۆیان بگەڕێننەوە سەر شوێنەکانی پێشویان. بەم جۆرە کێشەی ناوخۆی شاری کەرکوک لانیکەم بە رادەیەکی زۆر هێور دەکرایەوە. ئەگەرچی ژمارەیەک لەو خەڵکە عەرەبە بە دڵخوازی خۆیان گەڕانەوە شوێنەکانی پێشویان، بەڵام لە لایەکەوە حیزبە شیعەکان و حیزبە سوننەکان لە هاوئاهەنگییەکی بە کردەوەدا پێشی ئەو رەوتەیان گرت و لە لایەکی دیکەشەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرفکردنی پارە چ بۆ باشترکردنی ژیانی ئاوارەکانی کەرکوک کە گەڕابوونەوە بۆ ئەو شارە و چ بۆ کارئاسانی گەڕانەوەی عەرەبەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان، خۆیان پاراست و ئەوەی کە کردیشیان لە پێناوی بەرژەوەندیی حیزبیدا بووە نەک چارەسەرکردنی ریشەیی کێشەکان.

ئێستا کێشەی کەرکوک لەو ئاستەدا نەماوە کە لەم رێگەیەوە رێگا دەستێک هەبێ بۆ ئارامکردنەوەی بارودۆخەکە، ئەو مەجالە لە دەستچووە. ئێستا ئەولەوییەت کارکردنە بۆ پێکهێنانی کەشوهەوای بەیەکەوە ژیان، کە دیارە ئەوەش لە جێگەی خۆیدا پێویستی بەسەرفکردنی پارەیە لە پێناوی باشترکردنی هەلومەرجی ژیانی خەڵکی ئەو شارە بە بێ جیاوازی.

**هاوڵاتی**: لاتان وانییە کە کوردو بەشێک لە شیعە، بەجۆرێک و ئەمەریکاو سوننە و حکومەتی عێراقیش بەجۆرێکی تر تاڕادەیەک کێشەی کەرکوکیان کردۆتە وەرەقەیەکی سیاسی لەدژی یەکتری بەکاریدەهێنن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بە بڕوای من لە نیهایەتدا رەوتی شیعە و رەوتی سوننی لە سەر کێشەی کەرکوک هاوهەڵوێست دەبن. تا

کاتێک کە ئەوان لە بەغدا بڕیاردەری سەرەکی بن، ڕێگا نادەن کێشەی کەرکوک بە ئاشتییانە و لە کەشوهەوای دیموکراتیکدا چارەسەر بکرێ. دەوڵەتی ئەمەریکا پێویستی بەوە هەیە کە وەکو هەموو ناوچەیەکی دیکەی عێراق ئاسایش لە کەرکوکیش بەرقەرار بێت. ڕێگایەک کە دەوڵەتی ئەمەریکا بۆ گەیشتن بەو مەبەستە هەڵیبژاردووە پێکهێنانی سازشێکە لە نێوان لایەنەکانی کوردو شیعەو سوننیو ناسیۆنالیستەکانی عێراق. بێگومان لەو سازشەدا بەشی لایەنی کوردی واتە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەمووان کەمتر دەبێ.

**هاوڵاتی:** ئێوە پێشبینی دەکەن لە پارچەکانی تری کوردستانیش لەئایندەدا هەمان کێشە، یان بەشێوەیەکی تر لەسەر هەمان ناوچە گەرمەکان رووبداتەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەوە مەترسییەکە کە بەردەوام لە ڕێدایە. هاندان و ئاڵۆزکردنی کێشەکان لەو شوێنانەی کە کەمو زۆر هاوچەشنی کەرکوکن لە خزمەت ئاسانکاری بۆ گەیشتن بەمافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە هیچکام لە پارچەکانی کوردستاندا نییە. دەمارگرژی ناسیۆنالیستی لەو شوێنانە کارەساتیان لێ دەکەوێتەوە. داهاتووی ئەو ناوچانە بە رادەیەکی زۆر بەوەوە گرێدراوە کە چ پرۆسەیەک بۆ ئازادی لە ئێران بەڕێوەدەچێ؟ ئەگەر ئازادی لە درێژەی خەباتێکی سەنگەر بە سەنگەری جەماوەری و لە ئاکامی هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانەدا بێتە کایەوە، پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی ئەم یا ئەو ناوچە نابێتە ڕێگر لە سەر ڕێگەی ئازادیی وڵات و هەر کێشەیەکیش هەبێ دەتوانێ بە رووحی ئینساندۆستانەوە چارەسەر بکرێ. ئەوە رەوتێکە کە ئێمە ئێستا و بەردەوام پێویستە هەوڵی بۆ بدەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی - ڕێکەوتی: ١٨ی ئاگۆستی ٢٠٠٨

---------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

# حیزبە کوردییەکان لە قەیران دەژین



**گفتوگۆیەک سازدانی: سەردار محەمەد**

هەرچەندە "ئیبراهیمی عەلیزادە" حیزبەکەیان ناخاتە چوارچێوەی حیزبێکی کوردییەوە، بەڵام زۆرێک لەخەڵکی کوردستان هێشتا پێیانوایە کە ئەوان بەپلەی یەکەم رەگوریشەیان لەنێو خەڵکی کوردستاندایە نەک سەراسەری ئێران، ئەم سیاسەتمەدارە هێمنو لەسەرخۆیە کە سکرتێری "کۆمەڵە"و "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران"ە، پێیوایە زۆربەی هەرە زۆری حیزبەکانی کوردستان لەقەیراندا رۆژگارییان بەسەردەبەن، سەرچاوەی ئەم قەیرانەشیان لەکرۆکدا دەگەڕێنێتەوە بۆ "شکستی ستراتیجو سیاسەتەکانیان "و دەڵێت" سەرکردایەتییەک کە ئەم ستراتیجییە شکستخواردووە دادەڕێژێت لەناو ریزەکانی حیزبەکەیدا ئیعتیبارو نفوزی خۆی لەدەستدەدات. کە وایلێهات ئیتر توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکەو راگرتنی یەکڕیزی حیزبەکەی خۆی نامێنێ".

عەلیزادە ئاماژە بەوە دەکات کە "هۆکاری نەزۆک بوونی سیاسەتو ستراتیجی ئەم حیزبانەش دوورکەوتنەوەیانە لەخەڵک، واتە دابڕانیانە لەپێگەی جەماوەرییان، هەر ئەمەش رۆڵی سەرەکی هەبووە لەوەدا کە نەتوانن ستراتیجییەکی سیاسی گونجاو لەگەڵ ئامانجو بەرنامەی خۆیان دابڕێژن". ئەو تەئکید لەوەش دەکاتەوە کە "قوڵایی قەیرانی ئێستای ئەم حیزبانە پێش ئەوەی کە لەنەبونی دیموکراسیدا بێ، لەسیاسەت دارشتنی هەڵەو لەبێ ئاسۆیی سیاسیاندایە. بۆیە جیابونەوەکانیان لەبری ئەوەی گەلێک ئاسایی بێ، بەپرۆسەیەکی پڕ ئێشو ئازاردا تێپەڕ ئەبێو روحی هاوڕێیەتی لەناویاندا لەبەیندەبات. کێشەکانیش کاتێک قووڵتر دەبنەوە کە نەئەوەی دیموکراسی پێشێل دەکاتو نەئەوەی هاواری دیموکراسی دەکات هیچ کامیان رێگایەکی عەمەلیو ئاسۆیەکی روون ناخەنە بەردەم ریزەکانیان".



سەرچاوە
Serchawe

## کۆمەڵە یان حیزبی کۆمۆنیست

**سەردار محەمەد**: ئەگەر ئێستا لەهەرکام لەحیزبەکان بڕوانین، هەریەکەو قەیرانێکی تایبەت بەخۆی هەیە، با لەحیزبەکەی خۆتانەوە دەستپێبکەین، کاک ئیبراهیم بەرلەهەر شتێک با بپرسین ئایا تۆ رۆژێک لەڕۆژان بیرت لەوە کردووەتەوە دەستبەرداری سکرتێریی حیزب بیت، کە لەوەتەی دامەزراوە سکرتێریت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: من نەک هەر بیرم لێکردووەتەوە، بەڵکو ئارەزووشم ئەوە بووە، بەشاهیدی هەموو هاوڕێکانم زۆرم هەوڵداوە بەڵکو هاوڕێیەکم ئەو جێگەیە بگرێتەوە، کەسی ئاواش لە ناو حیزبی ئێمەدا کەم نین.

**سەردار محەمەد**: ئەی بۆ ئەمە روونەداوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بۆچی؟ بەداخەوە ناتوانم تەبریرێکی زۆر رۆشن بەدەستەوە بدەمو بڵێم بۆچی وایە، بەڵام هیوادارم ئەو کێشەیە وایلێنەیەت کە کەس بتوانێت ئەو رەخنەیە لەحیزبی ئێمە بگرێت.

**سەردار محەمەد**: بۆ ناوی حیزبەکەتان نەگۆڕی، لەکاتێکدا تەنانەت لەوڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەوروپاشدا حیزبە کۆمۆنیستەکان ناوی خۆیان گۆڕی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: گۆڕانی ناوی حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپا ، لەواقیعدا گۆڕانکاری بوو لەڕێبازی سیاسییاندا، تەنها گۆڕانێکی ساکاری ناوەکانیان نەبوو، گۆڕانکارییەک بوو بەهۆی شکستی ستراتیجیو رێبازەکەیان زەروری بوو.

**سەردار محەمەد**: بەڵام رەوتێک لەناو حیزبی ئێوەدا کار بۆ گۆڕینی ئەم ناوە دەکات؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بەڵێ راستە، بەڵام ئەم رەوتە لەڕووی وەزنی سیاسیو رێکخراوەییەک کە هەیەتی ئێستا توانای ئەوەی نیە رێبازی سیاسی ئیمە بگۆڕێ.

**سەردار محەمەد**: ئایا ئەوە بەکێشە نازانن کە بەشێک لەئەندامەکانتان لەمانەوەی کۆمەڵە لەناو حیزبی کۆمۆنیستدا ناڕازین؟



سەرچاوە
Serchawe

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەو کێشەیە لەگەڵ ئەوەشدا کە واقعییە بەڵام لەو ئاستەدا نیە کە ئێمەی خستبێتە بەردەم قەیرانێکی مەترسیدارەوە.

**سەردار محەمەد**: بەڵام کۆمەڵە بڕبڕەی پشتی حیزبی کۆمۆنیستەو بەدەر لەمە حیزبی کۆمۆنیست بوونێکی کارای نییە لەئێراندا؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەوە تەنها پەیوەندی بەحیزبی کومونیستەوە نیە، سەرجەم ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە پێگەیەکی وادایە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەلومەرجە سیاسییەی بەسەر کۆی ئێراندا زاڵە، لەکوردستاندا بۆ کۆمەڵە هەلێکی مێژوویی هەڵکەوت کە لەڕاپەڕینی ١٩٧٩دا پێگەیەکی جەماوەری پەیدا کرد، حیزبی کۆمۆنیست لەهەلومەرجێکدا پێکهات کە شورشی گەلانی ئێران بەدەستی حکومەتێکی مەزهەبی تێکشکابوو، سەرتاسەری ئێران لەژێر دەسەڵاتی خەفەقانی کۆماری ئیسلامیدا بوو، لەکوردستان موقاوەمەتێکی جەماوەری شکلی گرت بەڵام تا ئێستا ئەو فرسەتە بۆ حیزبی کۆمۆنیست هەڵنەکەوتووە تا لە جەرگەی موقاوەمەتێکی جەماوەریدا یان لەفەزایەکی دیموکراسی یان نیمچە دیموکراسیدا گەشەیەکی بەرچاو بکات. بەم حاڵەشەوە لە گەلێک لە حیزبە سیاسیەکانی بەرەی چەپی ئێران یان تەنانەت لە چاو گەلێک لەحیزبە سیاسیەکانی بەرەی راستیش جێگاو شوێنێکی باشتر بۆ خۆی دەستەبەر بکات. ئەم حیزبە توانیویەتی لەکوردستان کۆمەڵەی هەبێ، نفوزێکی سیاسی بەرچاوی لەناو کرێکارانی پێشرەو، لەنێو خوێندکاران‌و رۆشنبیرانی ئێران هەیە، ئینسیجامی هێڵی سیاسی خۆی پاراستووە، هەموو ئەمانەش کۆمەک دەکەن بەوەی بتوانێت لەگۆڕانکارییەکانی ئایندەی ئێراندا رۆڵ ببینێت.

**سەردار محەمەد**: بەڵام ئێوە کە حیزبی کۆمۆنیستان دامەزراند سەردەمی هەڵکشانی چەپ بوو، ئێستا چەپ پاشەکشێیەکی زۆر گەورەی کردووە، پێتانوانییە ئەمە پێویستی بەسەرلەنوێ بەخۆداچوونەوەیە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: وردبوونەوە لەهەلومەرجی ئێستای کۆمەڵگەی ئێران پێچەوانەی ئەوەمان پێدەڵێت، تەماشای بزوتنەوەی خوێندکاران بکە لەزانکۆکان، ئێستا لەدروشمەکانیان بڕوانیت هەمووی رەنگو بۆنی چەپو کۆمۆنیستیان پێوەیە، بزوتنەوەی کرێکاریی‌و ژنان ئەوەندەی جوڵانەوەیان تیاکراوە هەمووی مۆرکی چەپی پێوەیە. بەربەرەکانێی داهاتووی ئۆپۆزیسیۆن لەئایندەی سیاسی ئێراندا لەنێوان دوو رکەبەردایە: لیبرالەکان‌و کۆمۆنیستەکان، ئیسلامییەکان تەواو لە پەراوێزدان. رووبەڕووبوونەوەی لیبرال‌و کۆمۆنیستەکان چارەنوسی سیاسی داهاتووی ئێران دیاریدەکات، بەلای ئێمەوە پاراستنی سەنگەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەو ڕێگادەستەمان بۆ دەپارێزێت بچینە ئەو کێشەیەوە لەئاستی سەراسەریدا، لەحاڵێکدا کە خۆقەتیس کردنەوە بەکۆمەڵەو بەکوردستان لەو دەرفەتی سەراسەرییە بێ بەشمان دەکات.



سەرچاوە
Serchawe

## "کۆمەڵە"کەی ترو شکستی پڕۆژەکەیان

**سەردار محەمەد**: ئێستا کۆمەڵەکەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان بەهەلومەرجێکی نائاساییدا تێدەپەڕێت، بەبڕوای تۆ ئەم کێشەو قەیرانە لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەم کێشانە هەرچەندە ڕەنگە زۆر رووکەشی هەبێت وەک کێشە لەسەر دەسەڵاتو نەبوونی دیموکراسی یان شەفافیەتی دارایی، بەڵام لەناوەڕۆکدا دەگەڕێتەوە بۆ شکستی پڕۆژەکەیان، پڕۆژەی بوژانەوەی کۆمەڵە، شکستی ئەو سیاسەتانەش کە لەو ماوەیەدا گرتیانەبەر. ئەوان نەیانتوانی سەرنجی جەماوەری کوردستان بۆ لای پڕۆژەکەیان رابکێشن. ئەمان وەختێک لە کۆمەڵەو لەحیزبی کۆمۆنیست جیابوونەوە وتیان ئێمە هەڵەمان کردووە، واتە پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ١٩٨٣دا کارێکی هەڵە بووە، ئەو ساڵانەشی ئێمە لەژێر سایەی ئەو رەوتەدا بووین هەڵە بووینو هەموو ئەو رەنجەی داومانە بەخەسار چووە. باشە من دەڵێم خەڵک بە چ مەنتقێک لەدەورانێکی وەکو ئێستادا کە هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانە لەئارادانیە، دوای حیزبێک بکەوێت کە دەڵێت من هەژدە ساڵە بەهەڵە چووم؟

**سەردار محەمەد**: بەڵام پێتوانییە داننان بەهەڵەدا جۆرێکە لەڕاستگۆیی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بی گۆمان ئەگەر هەڵە بێت داننان بەو هەڵەیە جۆرێک لەراستگۆییە، بەڵام خەڵکێک کە ئامانجی حیزبێک قبوڵ دەکەن

هەم راستگۆبونیان لەو حیزبە دەوێ‌و هەم سیاسەتێک کە خەباتەکەیان بەرەو پێشبەرێت. سەرەرای ئەوە بەبڕوای من ئەوەی کە ئەوان پێیانوابوو هەڵە بووە ئەکسەرێتی لایەنگرانی رەوتی کۆمەڵە لەکوردستان بەهەڵەیان نەزانیوە.

**سەردار محەمەد**: ئەگەر کاک ئیبراهیم تۆ سەیری رابردووی خۆت بکەیت، هیچ هەڵەیەکی تیا بەدیناکەیت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بێگومان هەڵەم هەبووە. داننان بەهەر هەڵەیەکدا فەزیلەتێکی ئەخلاقی باشە. بەڵام بۆ جەماوەری کردنی حیزبێکی سیاسی‌و کۆکردنەوەی خەڵک، ئەوە بەس نیە. ئەگەر لاتوایە هەڵەت کردووە پێویستە لەکردەوەی سیاسیتدا خەڵک دڵنیا بکەیتەوە لەوەی کە هەڵەکانت دووبارە ناکەیتەوە. ئەوان لەرەخنە لەرابوردوی خۆیاندا راستگۆ بو بن یان نەبووبن، هەر لەو ماوەیەدا گەلێک سیاسەتیان دارشتووە کە نەیتوانیوە بچێتە پێش بۆ نمونە سیاسەتی نزیکبونەوە



سەرچاوە
Serchawe

لەلیبرالەکانی ئێرانی وەکو فیدائیانی ئەکسەریەتو ئەوانیتر، سیاسەتی دانیشتنی بەنهێنی لەگەڵ مەئمورانی بێ ناونیشانی رژێم، سیاسەتی بەرە دروست کردنەکانی ئێرانیو کوردستانیان، سیاسەتی خۆ گونجاندن لە گەڵ ستراتیجی ئەمریکا لەناوچەکەدا، سیاسەتی ناڕۆشنیان بەرانبەر بەخەباتی چەکداری، سیاسەتی دژایەتی کردن لەگەڵ مانگرتنی گشتی لەکوردستان لە ١٦ی گەلاوێژی پێراردا.

**سەردار محەمەد:** بەبڕوای تۆ ئەوەی ئێستا لەناو کۆمەڵەی شۆڕشگێردا روودەدات دەبێتە هۆی لێکترازانی دوو باڵەکە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** لەوانەیە جیابونەوە رووبدات، بەڵام کێشەکانی ناوخۆی ئەوان کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر کۆمەڵگای کوردستان نیە. بەشێکی زۆری کێشەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ مەوقیعەتیان لەکوردستانی عێراق. واتە ئایا دەتوانن لێرە پێگەی خۆیان بپارێزن، ئایا دەتوانن یارمەتی پێویست بۆ ئیدامەی کاری خۆیان پەیدا بکەن، ئایا دەتوانن بنکەو شوێنێک بۆ مانەوەی سەقامگیری خۆیان دەستەبەر بکەن. پێموایە فاکتەرەکە سەبارەت بە ئەگەری لێکرازان یان لێک نەترازانیان زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجێک کە دوای ئەو کێشانە، لێرە لەکوردستانی عێراق بۆیان دێتە پێش.

## حیزبی دیموکرات.. بێباوەڕی بەسەرکردایەتی

**سەردار محەمەد:** حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش بەهەمان قەیراندا تێپەڕی، ئێوە چۆن لەو کێشەیەو هۆکارەکانی دەڕوانن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەگەرچی جیابونەوەی ناو حیزبی دیموکرات تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام سەرچاوەی سەرەکی قەیرانەکەیان هەر ئەوەیە کە پێشتر بەشێوەیەکی گشتی باسم کرد. لەسەر شێوەی کاری سەرکردایەتیو مەسەلەی دیموکراسیو پێشێلکردنی مافی ئەمو ئەو لەناو حیزبی دیموکراتدا، هەمیشە لەرابوردووشدا کێشە هەبووە بەڵام هۆکاری ئەوەی سەرکردایەتی ئەو حیزبە لەو دەورە دیاریکراوەدا نەیتوانی ئەو کێشانە کۆنترۆڵ بکات، ئەوە بوو کە ئۆتۆریتەی سیاسی خۆی لەناو ریزەکانی ئەو حیزبەدا لەدەست دا بوو، لاواز بوونی ئۆتۆریتەی سیاسی رێگەی ئەوەی نەدا کە بتوانێت بە سەر ئەو کێشانەدا زاڵ بێت.

**سەردار محەمەد:** بەڵام ئەوەی لەناو حیزبی دیموکراتدا روویدا زیاتر لەوەی ململانێی فکری بن ململانێی شەخسی نەبوون؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ململانێی شەخسی ئەگەر بووە لەسەرەوەی حیزب بووە جەماوەری حیزبەکە بۆ دوو کەرت دەبن؟ بەشێک

لەحیزب کە بەسەرکردایەتیەکەی بێ باوەر دەبێو لەهەمانکاتدا ناشیەوێ ریزەکانی حیزبەکەی بەجێبهێلێ، بەناچاری لایەنەکەی دیکە هەڵدەبژێرێ بەو هیوایەی کە ئەو لایەنە رێگەی دەربازبونێکی پێنیشان بدات. بەڵام لەئەساسدا سەرچاوەی ئەو بێ باوەڕ بوونە لەنەچونە پێشی ئەو سیاسەتانەدایە کە ئەو سەرکردایەتیە دایڕشتووە.

**سەردار محەمەد**: ئەم کەرتبوونو پەرتەوازییەی لەحیزبی دیموکراتو کۆمەڵەو پێشتریش کە لەئێوەدا روویدا، چ زیانو مەترسییەک لەخۆدەگرێ؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لەهەلومەرجی ئێستادا کە جۆشو خرۆشێکی شۆڕشگێڕانەی زۆر بەهێز لەکۆمەڵگەدا لە ئارادا نییە، تا رادەیەک نیەگەرانی لەناو خەڵکدا پێکدێنێ، ئەگەر ئێمە هەوڵنەدەین بۆ رەفعی ئەو نیگەرانیانە بێ باوەڕی بەحیزبایەتیو کاری حیزبی لەناو جەماوەردا پەرە پێئەدات.

## پەکەکە.. قەیرانی چەکدارەکانی

**سەردار محەمەد**: ئایا هەستدەکەن پەکەکە لەقەیراندایە، یان ئێوە قەیرانی پەکەکە لەچیدا دەبینن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: پەکەکە بەرلەوەی حیزبێکی سیاسی بێت، بزوتنەوەیەکی جەماوەرییە لەکوردستانی تورکیا، مانەوەو بەردەوامبوونی پەکەکە پەیوەست نییە بەو هێزە چەکدارییەی لەقەندیل رایگرتووە، بەڵکو بەو نفوزە جەماوەرییە کە لەناو کۆمەڵگەی کوردستانی تورکیاو لەدەرەوەی وڵات لەئەوروپادا هەیەتی. واتە ئەو هێزە چەکدارییە بڕبڕەی پشتی پەکەکەو لایەنی بەهێزیشی نیە. قەیران زۆرتر ئەو بەشەی گرتۆتەوە.

**سەردار محەمەد**: زیان یان سوودەکانی تاکڕەوی پەکەکە لەکوردستانی تورکیادا چییە کە تا رادەیەک تەنها کاراکتەری گۆڕەپانی سیاسییەو هەموو حیزبو رێکخراوەکانی تر لەحوکمی نەبوودان لەچاو ئەمدا؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەمەی کە لەکوردستانی تورکیا تاکە یەک حیزب هەڵسوڕاوی سەر گۆرەپانی سیاسی بێت رەوتێکی باشو نیشانەی پێشکەوتوویی سیاسیو کۆمەڵایەتی نیە. کۆمەڵگای تورکیە بەکوردستانیشیەوە شیاوی ئەوەیە کە حیزبی سیاسی جوراوجۆری لە سەر بنەمای ستراتیژو ئامانجی سیاسیو چینایەتی جیاواز تێدا پێک بێت. پاوانخوازی پەکەکە زیان بە پێشکەوتنی کۆمەلایەتی دەگەیەنێو ئەمرۆکە کۆمەلگای کوردوستانی تورکیەش گەیشتۆتە ئاستێک کە تەسلیمی ئەو پاوانخوازیە نابێت.

**سەردار محەمەد:** ئایا دەکرێت بڵێین کە لەناو هەموو حیزبەکانی کورددا یەکەکە لەهەموویان کاراترو گەورەترە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** یەکەکە لەهەموو حیزبانەی تر کە ئێستا هەن هەم پێگەی جەماوەریی بەهێزترە، هەم قودرەتو توانای رێکخراوەییو هەم ئیمکاناتی تەبلیغاتیو سیاسی زۆرترە. هەر بۆیە ئەگەرچی دەوڵەتی تورکیا وا نیشانئەدات کە گوایە بەخەباتی چەکداری یەکەکەو بنکەکانی قەندیلییەوە سەغڵەتە، بەڵام لەراستیدا تەمەرکوزی ئەسڵی خۆی لەسەر لێدانی پێگەی جەماوەری ئەو حیزبە داناوەو بۆ ئەو مەبەستە سیاسەتێکی گەلێک پێچاوپێچ بەرێوە دەبات.

### یەکێتی.. قەیرانی ریفۆرم

**سەردار محەمەد:** لەدیدی تۆوە کێشەکانی ناو یەکێتی لەکوێوە سەرچاوە دەگرن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** کێشەکانی ناوخۆی دوو حیزبی دەسەڵاتداری یەکێتیو پارتی لەرابوردوودا کە ئۆپۆزیسیۆن بوون هەرچی بوو بێت، ئیستا بەپلەی یەکەم ئەو کێشانەیان پەیوەستن بەهەلومەرجی سیاسی عێراقو داهاتووی ئەو وڵاتەوە. رەوتی داهاتووی ئەوان لەژێر کاریگەری ئەو رووداوانەدا دەبێ کە لەعێراقدا دێنەئاراوە.

**سەردار محەمەد:** بەڵام پێتوانییە ئەم کێشانە ئەوەندەی کێشەی زاتیو ناوخۆیی ناو یەکێتین هی هەلومەرجە دەرەکییەکە نییە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بێگومان کێشەی ناوخۆیی هەیە، بەڵام من بۆچوونم ئەوەیە کە رووداوە دەرەکییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستانو عێراق رۆڵی سەرەکی دەبینن لەسەر ئینسیجامدانی حیزبی یان بێ ئینسجام کردنیان. چۆنیەتی تەنزیمی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیو پارتیش زۆر رۆڵ دەبینێت لەداهاتووی یەکێتیدا.

**سەردار محەمەد:** یەکێتی چۆن دەبێت کە لەداهاتوودا پێدەنێتە قۆناغی دوای تاڵەبانییەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** یەکێتی نیشتمانی وەک زۆرێک لەحیزبە سونەتییەکانی رۆژهەڵات زۆر گرێدراوە بەسەرکردەکەیەوە، ئەوە روونە کە مام جەلال رۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت لەئینسیجام بەخشینو راگرتنی یەکێتی ناو ریزەکانی یەکێتیدا، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی پێشینەی یەکێتی نیشتمانیو بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرجە سیاسییەی کە لەکوردستانی عێراقدا هەیە، من لەو باوەڕەدا نیم کە رۆڵی سیاسی یەکێتی نیشتمانی بەو ئاسانییە لەکوردستاندا پاشەکشەی پێ بکرێت. بە

حوکمی ئەوەی کە یەکێتی و پارتی دوو حیزبی دەسەڵاتدارن پەرەگرتنی نارەزایەتی جەماوەری لەدەسەڵاتی ئەو دوو حیزبەو شکل گرتنی بەدیل لەبەرانبەریاندا دەتوانێ ببێ بەهۆی لاواز کردنو پاشەکشە پێکردنیان.

**سەردار محەمەد**: واتە لەقۆناغی دوای تاڵەبانیدا، یەکێتی دەتوانێت هەمان رۆڵ ببینێت کە ئێستا لەسەردەمی تاڵەبانیدا دەیبینێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بێگومان زیانێکی گەورەی لێدەکەوێ، بەلام دەوری خۆی لەگۆرەپانی سیاسی کوردستانو عێراقدا لەدەست نادات.

**سەردار محەمەد**: ئایا رەوتی ریفۆرم توانیوییەتی چ خزمەتێک بەیەکێتی بکات یان چ زیانێکی بەیەکێتی گەیاندووە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بۆ هەڵسەنگاندنی کارکردی بەرەی ریفورم پێویستە سەرنج بدرێتە دوو خاڵی سەرەکی، یەکەم: ریفۆرمخوازەکانی ناو یەکێتی لەدەسەڵاتدا بوونو چاوەروانی ئەوە دەکرا کە بەپێی وەزنی خۆیان لەدەسەڵاتدا نمونەگەلێک لەوەی کە خۆیان پێیانوابوو چاکسازیە بەکردەوە بەخەڵکیان نیشان دابا. جا بەو پێیە دەکرا لەخوارەوەش جموجۆڵێکی هەماهەنگ بخەنە رێ. دروشمو داخوازییەکانی بەرەی ریفۆرم لەچوارچێوەی یەکێتیدا پێشکەوتوو بوو، خۆی لەخۆیدا زیانی بەیەکێتی نەگەیاندووە، بەلام مەلزوماتی پێویستی بۆ ئامادە نەکرابوو، ئەو ئامرازانەی کە بەدەستیانەوە بوو، دەیانتوانی بەکاری بهێنن، بەلام بەکاریان نەهێنا. دووهەم، ئەگەرچی یەکێتیو پارتیساڵەهایە لەکوردستان دەسەڵاتدارن بەلام لەراستیدا بەهۆی بارودۆخێکی تایبەتی کە ئەو ناوچەیە تێیکەوتۆە هێشتا تەکلیفی دەسەڵاتی سیاسیو داهاتوکەی لەکوردستان لەپەیوەند لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا یەکلایی نەکراوەتەوە. کەوابێ هیچ پرۆژەیەکی چاکسازی ناو یەکێتی ناتوانێ بەسەر ئەو راستیەدا باز بداتو پلاتفورمو پلانی سیاسی رۆشنی بۆ ئەو مەسەلەیە نەبێ. ئەگەر هەڵوێستی رادیکال تر وەردەگرێ، رای بگەیەنێو ئەگەر سازشیش پێویستە دەبێ لەئاکامەکەشیدا شەریک بێ. بەبرِوای من ئیبهامو نارۆشنی لەسەر ئەو مەسەلەیە برِوا بەخۆی لەناو بەرەی ریفورمدا گەلێک دابەزاندبوو.

**سەردار محەمەد**: ئایا درێژەکێشانی ئەم زۆرانبازی کوتلانە یەکێتی بەو تواناو بەهێزییە دەهێڵێتەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: پێموایە لەناو حیزبێکی سیاسی زیندوودا ئەو ململانێیانە دەبێت روویدەن، هەر حیزبێک وەها مونسەجیم بێت کە هیچ جۆرە نارەزایيو جیاوازییەکی چ لەسەرەوەو چ لەخوارەوەیدا نەبێت، عەیبەیەک لەکارەکەیدا هەیە.

## پارتی‌و کەموکورتییەکانی

**سەردار محەمەد**: پارتی جۆرێک لەو ئینسیجامەی پێوە دیارە، هەڵبەتە هۆکەشی ئەوەیە زۆربەی جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی ئەو حیزبە لەدەست چەند کەسێکی نزیک بەیەکتردا چڕ کراوەتەوە، پێتوانییە حیزبێک بەمجۆرە زەمەن بەجێیدەهێڵێتو رۆژگاری ئەوە هاتووە گۆڕانکارییەکی ریشەیی بەسەردا بێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: مەرج ئەوە نییە من چەندم پێوایە، مەرج ئەوەیە کۆمەڵگە چەندەی پێوایە. بەڵام ئەرکی رۆشەنگەریو میدیای ئازاد لەکوردستانی عێراقدا ئەوەیە کە کارێکی وا بکات لەو بەشانەشدا پارتی دەسەڵاتدارە ئیمکانی ئینتیخابی واقیعی بەخەڵک بدات. ئەگەر ئەوە نەکرێ، مەرج نییە دەسەڵاتی پارتی بەوشێوەیە بپارێزرێت، نەبوونی هەلومەرجی دیموکراتیک رەنگە مەترسی زۆر گەورەی بەدواوە بێت.

**سەردار محەمەد**: واتە ئەم حاڵەتە قەیران لەم حیزبەدا دروست ناکات؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: پێموایە قەیران لەناو حیزبەکەشدا دروست نەکات، لەدەرەوە مونافیسی بۆ دروست دەبێت، بۆ نمونە هەر ئێستا یەکێکیان یەکگرتووی ئیسلامیە.

## یەکگرتووی ئیسلامی‌و مەترسییەکانی

**سەردار محەمەد**: مەترسی یەکگرتوو لەچیدایە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: من لەهیچ حیزبێکی سیاسی کە لەسەر ئەساسی ئایدۆلۆژی ئیسلامی دامەزرابێت، هیچ سوودێک بۆ کۆمەڵگەی کوردستان نابینم.

**سەردار محەمەد**: بەڵام بۆ دەبێ مەسیحییەکان لەئەوروپا بەدەیان حیزبی دیموکرات مەسیحییان هەبێت، کەچی لێرە رەوا نەبێت ئیسلامییەکان حیزبێکی مەدەنیان هەبێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: کێ دەڵێت رەوا نییە هەیانبێت؟



سەرچاوە
Serchawe

**سەردار محەمەد**: ئەی بۆ جێی مەترسی بن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بۆ جێی مەترسی نەبن؟ ئێمە دەزانین ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لەئێران چ بەڵایەکی بەسەر خەڵکدا هێناوە.

**سەردار محەمەد**: بەڵام ئەگەر بەو شێوەیەی پارتی گەشەو عەدالەتی تورکیا ڕێز لەئازادییە تاکەکەسییەکان بگرن و بەهەڵبژاردن بێنە سەرکارو باوەڕیان بەتەداولی دەسەڵات هەبێت، بۆ ئەمانە نەبن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بۆ ئەوەی بزانین دەوڵەتی تورکیا چەندە ڕێز لە ئازادیە تاکە کەسەکان دەگرێ، پێویستە کارنامەی میتی تورکیاو هەلومەرجی زیندانە سیاسیەکانی ئەو وڵاتەو کوشتوبڕی کوردستانیشمان لەبیرنەچێتەوە. پارتی گەشەو عەدالەت نمونەیەکە کە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا هەوڵدەدەن وەکو بەدیلی ڕەوتە ئیسلامیەکان جێیبخەن، ئەوانەی کوردستان لەسەر ڕێچکەی ئیخوانولموسلمینو جیاوازییان هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەری وێراش نیوز - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئاگۆستی ٢٠٠٨

-----------------------------------------

## شانۆگەریی دیپلۆماسیەتی ئێرانی بەرامبەر هەرێمی کوردستان



**دیمانە: ئاسۆ عوسمان**

**برایم عەلیزادە: شانۆگەریی دیپلۆماسیەتی ئێرانی بەرامبەر هەرێمی کوردستان تا ئێستا بەقەدەر نووکە دەرزییەک ئیمتیازی بۆ لایەنی کوردستانی عێرا ق لێ نەکەوتوەتەوە.**

**ئاسۆ عوسمان**: پەیوەندی ئێمە و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە مەقەراتی ناوەندی ئێمە لە ناوچەی نفوزی ئەواندا جێگیرە چارەنووسی ئەو پەیوەندییە تەنیا لە دبلۆماسی ئێران و حکومەتی هەرێمدا دیاری ناکرێ، ئێمە چاوەروانی شتێکی خراپ لە دژی خۆمان لەو پەیوەندیە دا ناکەین.

**ئیبراهیم عەلیزادە**: سکرتێری سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران (کۆمەڵە )، پێی وایە لەئەگەری دانوستانی ئێران و ئەمریکا وەک سیاسەتی هەمیشەی ئەمریکا بەرژەوەندی خەڵکی ئێران ڕە چاو ناکاو کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش کەئێستا کراوەتە بەشێک لەئێران هیچ بەرژەوەندییەکینەبووە نەلەسیاسەتی پێشوی بۆش نەلەسیاسەتی تازەی ئۆباما، هەروەک و بەتوندی ئەو هەنگاوەی ئیدارەی نوێی ئۆبامای مەحکوم کرد کە ڕێکخراوی پژاکی خستۆتە نێو لیستی ڕەشەوە، لەبەرامبەر دوودڵی ونیگەرانییەکانی هەرێمی کوردستان عەلیزادە،دەڵێت بە پێی مەنتقی عەقڵی سەلیم نابێت ئەوان بە هۆی هاتنی ئوباماوە بکەونە بەرەی دژبە ئەمریکاوە، پییان وابێ لە ڕێگەی دبلوماسیەکی لاوازەوە دەتوانن زەختێک بخەنە سەر ئەمریکاوە. بە تایبەت کە تاکو ئێستاش هیچ نیشانەیەک لە گۆرانکارییەکی جیدی لە سیاسەتی ئەمریکادا بەرامبەر بە ئێران و عێراق دەرنەکەوتووە.ئەمەی کەلەخوارەوە دەیخوێننەوە دەقی ئەو گفتو گۆیەیی بەڕیز برایمی عەلیزدەیە



سەرچاوە
Serchawe

**ئاسۆ عوسمان**: سەرکەوتنی باراک "ئۆباما" لەلایەن جیهانی عەرەبی و ئیسلامیەوە، پێشوازییەکی گەرمی لێکراو وئێران یش وەک یەکێک لەنەیارە کۆن و سەرسەختەکانی ئەمریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشوازیان لەدۆڕاندنی کۆمارییەکان کردوبەجۆرێک خۆشحاڵبوون بەوگۆڕانەی لەئەمریکاوە دەستی پێکردووە، پسیارێک کەلێرەدادێتە پێش ئەوەیە هاتنی"ئۆباما" دەتوانێت چ گۆڕانکارییەک بکات لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوگۆڕانکاریانەش تاچەند بەسودی گەلانی ژێردەستە تەواو دەبێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەو خۆشحالی دەربرین و شایەلۆغانە لە وانەیە بۆم یا ئەو دەولەت لە جیگای خۆی بێت بەلام بە نیسبەت چینی چەوساوە و خەلکی ستەملێکراو و جەماوەری تینوی ئازادی لە هەر شوێنێک بوو بێ، واقیع بینانە نییە. بۆ ئەوەی واقعیەتی ئەو بۆچونە زیاتر روون بێتەوە پێویستە باسێکی گشتی تر بکرێ لەسەر جێگا و شوێنی هاتنە سەرکاری ئۆباما لە سیستمی سیاسی ئەمریکادا.

دوو تایبەتمەندی کە لە هاتنە سەکاری ئۆبامادا بەدی دەکرێ یەکیان ئەوەیە کە رەش پێستێک توانیویەتی ببێتە سەرۆکۆماری ئامریکا، ئەو رووداوە لە وڵاتێکدا کە پێشینەیەکی دوور و درێژی لە پێشلکردی مافی مەدەنی رەشپێستەکاندا بووە، تا رادەیەک گرینگە. سیاسەتی ئۆباما لەگەڵ بوش بەرامبەر بە کێشەکانی ناوخۆ و دەرەوەی ئامریکا جیاوازی هەبێ یان نەبێ، هەر ئەوە خۆی لە خۆیدا کەش و هەوایەکی کۆمەڵایەتی لەبارتر بۆ پاشەکشە کردن بە هەستی دواکەوتووانەی رەگەز پەرەستی لەو وڵاتەدا پێک دێنێ. تایبەتمەندی دووهەم ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەشدا کە جورج بوش و هاوکارانی لە دەزگای رێبەرایەتی ئامریکادا نەک هەر نوێنەری سیاسەتی نەریتی کۆماریخوازەکان بوون، بەڵکوو لە ناو ئەوانیشدا رەوتێکی تایبەتییان نوێنەرایەتی دەکرد کە بە رەوتی نێئوکۆنسرواتیو دەناسرا. ئەو رەوتە لەماوەی هەشت ساڵی رابردوودا پێگەی لە ناو ئەمریکا گەلێک لاواز بووە و لە ئاستی ناوخۆییدا خەڵکی لە دەسەلات نارازی تر کردبو. بە جۆرێک کە ئەگەر تەنانەت لە کێبرکێی هەڵبژاردندا کۆماریخوازەکانیش بهاتبانە سەرکار، چارەیان نەبوو جگە لەوەی کە لە هەموو بابەتێکەوە بە سیاسەتی نێئوکانەکاندا بچنەوە. ئۆباما و تیمەکەیشی ئەوەیان دەزانی هەر بۆیە لەسەر پێویستی گۆرانکاری پێیان دادەگرت و هەوڵیان دا بە بیرورای گشتی ئامریکا بڵێن کە ئەو گۆرانکارییە دەتوانێ لەسەر دەستی ئەوان جێبەجێ بێ.

سیاسەتی نێئوکانەکان لە دەزگای رێبەری ئامریکادا لە دوو تەوەرەی سەرەکیدا شکستی خواردبوو. لە تەوەرەی ناوخۆییدا سیاسەتیان بریتی بوو لە بەرەڵا کردنی بێ مەرجی کەرتی تایبەت بە خێرایەکی زیاتر لەچاو جاران لە هەموو بوارەکاندا، لابردنی هەموو ئەرکێک لەسەر شانی دەوڵەت بەتایبەت لە بواری خزمەتگوزارییەکاندا و رێگادانی موتڵەق بەوەی کە گۆیا

نیزامی پرتێکە و لێکەی سەرمایەداری بەشێوەیەکی ئاسایی خۆی رەوتی ژیانی کۆمەڵگا تەنزیم بکات و ئین. جی. ئۆ. کان لە هەر شوێنێک پێویست بێ لە جیاتی دەوڵەت ئەرکی خزمەت گوزاری گشتی جێ بە جێ کەن. ئەو سیاسەتە بە تەواوی شکستی خوارد و دیتمان کە ئابووری ئەمریکا تووشی کوشەندە ترین ئەزمەی ژیانی خۆی بووە بە جۆرێک کە دەوڵەت ناچار بوو بۆ ئەوەی پێش بە داڕمانی ئابووری ئەو وەڵاتە بگرێ بە قەرز وەرگرتن لە دەرەوە و بە کەڵک وەرگرتن لە پاشەکەوتی ئەرزی ناوخۆ بچێە بە هانای بانکەکان و سیستەمی دارایی و پیشەسازییەوە.

لە سیاسەتی دەرەوە دا لە چەند ساڵ پێش هاتنە سەرکاری بووش و تیمەکەی ئەوان تێزەکانی خۆیان لە زانکۆکان و لە مێدیاکانی ئەمریکادا باس کردبوو، بە پێی ئەو تێزانە ئەوان لەسەر ئەو باوەر بوون کە زەمان بە قازانجی ئەمریکا ناچێتە پێش و نابێ فورسەتەکان لەدەس بچن. لە روانگەی ئەوانەوە ئەمریکا بۆ ئەوەی بتوانێ سەرکردایەتی جیهانێکی یەک جەمسەری بکات، پێویستە بەشێوەیەکی کاراتر و خێراتر تواناییەکانی نیزامی و ئابووری خۆی بۆ سەقامگیر کردنی دەسەڵات لە ئاستی جیهانیدا بەکار بێنێ. هەر بۆیە لە سیاسەتەکانیاندا لە جیاتی هاوکاری لەگەڵ جەمسەرە لاوازترەکانی جیهان، وەکوو روسیا، یەکێتی ئۆروپا، چین، پشت گوێیان دەخستن و رەوتێکی تاک رەوانەیان بە تایبەت رۆژهەڵاتی ناوەراست گرتە بەر. ئەو سیاسەتەش لە ئاستی جیهانیدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. ئەو راستیە روون بۆوە کە ئەمریکا بەبێ ئەوەی کە بەشی شیاوی هەرکام لە رەکەبەرەکانی جیهانی و تەنانەت ناوچەیی خۆی بە تەواوی بەرەسمی بناسێ، ناتوانێ بەرژەوەندییەکانی خۆیشی دابین بکات.

جەوهەر و ناوەرۆکی سیاسەتی ئۆباما لە هەر دووکی ئەم بوارانەدا کە ئاماژەم پێکرد ئەوەیە کە پێش ئەوەی کە پاشەکشەیەکی نەخوازراویان بەسەردا بسەپێ، پێش ئەوەی کە تووشی هەزیمەت بن، خۆیان بە وشیاری و بە ئەسپایی و بە بەرنامەوە، یەک هەنگاو پاشەکشە بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن لە شوێنێکی گونجاوتردا جێگا پێێ خۆیان مەحکەم بکەن. ئۆباما و تیمەکەی دەرکی ئەوەیان کردوە کە ئەمریکا بە تەنیایی سەرکردایەتی جیهانی پێ ناکرێ. جیهان لە راستیدا یەک جەمسەری نییە، بەڵکو چەند جەمسەرییە. زیادە روویی لەم بابەتەوە لە روانگای تیمەکەی ئوباماوە جیهان بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەبات.

بەڵام سەرەرای ئەو تایبەتمەندیانەی باسکران، سیستمی سیاسی ئەمریکا لەسەر بناغەی کۆمەڵێک موئەسەساتی جێکەوتوو دامەزراوە کە هەموویان لە خزمەت پاراستنی بەرژەوندییەکانی چینی سەرمایەداردان و هەر بۆ ئەمە پێک هاتوون. ئەو سیستمە بە گۆرینی ئەم یا ئەو سەرۆک کۆمار هەرگیز ئەو جیهەتی خۆی وون ناکات. پێویستی پاراستنی بەرژەوندی باڵای نیزامی سەرمایەداری لە ئەمریکا مەرج و چوارچێوەی هەر گۆرانکارێکە. پاش ئەو پێشەکییە دوور و درێژە بۆ وەڵامی

پرسیارەکەتان دەتوانم بڵێم کە بەو پێیە خەڵکی بێبەش و ماف خوراو لە رۆژهەلاتی ناوەراست ئەگەر نەتوانن لەسەر حیسابی هێز و توانای واقعی خۆیان، لە سەر حیسابی خەباتی خۆیان دەسکەوتێک بەدەس بێنن، هیچ زەمانەتێک نییە بۆ ئەوەی سیاسەتی دەورەی ئۆباما لەچاو سیاسەتی دەورەی بووش بە سوودتر بێت بۆیان.

**ئاسۆ عوسمان**: "ئۆباما" تائێستا سیاسەتێکی روونی بەرامبەرخەڵکی کوردستان دەرنەبڕیوەو لەبەرامبەریشدا باس لەجیهێشتنی لەعێراق، و گفتوگۆو دانوستان لەگەڵ سوریا و ئێران دەکات، پێتان وایە سیاسەتی ئەمریکا دەتوانێت سەرکەوتوبێت لە دۆستایەتی لەگەڵ ئەولاتانەی کە بەهەموو شێوەیەک گۆڕان ودیموکراسی ڕەتدەکەنەوە.؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: کێشەی ئەمریکا لە رۆژهەلاتی ناوەراست نە لە رابردودا و نە لە ئێستادا ئەوە نەبۆە و ئەوەە نییە کە داخوا کام هەڵوێست دیموکراسی لێدەکەوێتەوە و کام هەڵوێست زیانی پێدەگەیێنێ. دەوڵەتی ئەمریکا بە دەیان ساڵە لە سەرتاسەری جیهان وەکوو پشتگر و پشتیوانی دەوڵەتانی دیکتاتۆری ناسراوە. گۆرانکاری دێموکراتیک لە هەر وڵاتێک لەسەر ئەساسی ململانێیە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە پێکهاتووە، جا ئەمریکا یان خۆی لەگەڵ گونجاندووە یان بەدژی بووە. ئەو دەوڵەتە بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی خۆی کە ئەویش لە رووی بەرژەوەندی چینی سەرمایەداری ئەو وڵاتەوە دیاری دەکرێ، رەچاو دەکات، دێموکراسی خوازی روکەشی تەبلیغاتی بۆ داپێن بوونی ئەو بەرژەوەندیانەیە. ئەوان تا ئەو جێگایە خوازیاری گۆرانی دێموکراتیک لەو وڵاتانەن کە ئەو دێموکراسییە بەرەو رووی بەرژەوەندییەکانی ئەوان نەبێتەوە. کاتێک کە خەڵک بە کەڵک وەرگرتن هەر لەو دێموکراسییەی کە ئەوان دروشمەکەی دەدەن بەرامبەر بە خۆیان رابوەستن بە ئاگر و ئاسن وەڵامی دەدەنەوە.

رۆیشتن هێزی ئامریکا لە عێراق هەر لە چوارچێوەی ئەو رێکەوتنە دا دەبێ کە لە دوایین مانگی دەسەلاتی بووش دا ئیمزا کراوە. چاوەروانی هیچ گۆرانکارییەکی بەرچاو لە سیاسەتی ئەمریکادا بەرانبەر بە عێراق لە کورت ماوەدا ناکرێ و ئەگەر رووداوەکانی ناوخۆی عێراقیش بە ئاراستەی بەرژەوەندی ئەمریکا دا نەچنە پێش لە کاتی خۆیدا هێزیش بەکار دێنن. ئۆباما ناتوانێ و نایهەوێ ئەو هەمووە باجە دارایی و ئینسانییەی کە دەوڵەتی ئەمریکا لە عێراق داویەتی بەفیرۆی بدات. بەڵام نەک هەر لە عێراق بەڵکو لە کێشەکانی دیکەی رۆژهەلاتی ناوەراستیشدا دەوڵەتی ئۆباما لەم دەورەیەدا هەوڵ دەدات کە رای دەوڵەتانی گەورەی جیهانی، روسیا، چین، یەکێتی ئوروپا، زیاتر لەبەرچاو بگرێ و لە ئاستی ناوچەییشدا لە دیپلوماسیدا بەرانبەر بە دەوڵەتەکان کەمتر زمانی هەرەشە بەکار بێنێ.

دەوڵەتانی سوریا، ئێران، ئیسرائیل، تورکیا کە دەوڵەتانی بەدەسەلاتی ناوچەکەن هەموویان دەزانن کە دەوڵەتی ئەمریکا



سەرچاوە
Serchawe

بۆ بەرێوە بردنی سیاسەتەکانی خۆی لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا پێویستی بە ئەوان هەیە و هەر بۆیە هەوڵدەدەن هەرکامەیان لەو هەلومەرجە بۆ پاراستنی حکومەتەکانیان و بەرژەوەندییەکانی خۆیان کەڵک وەربگرن. لەم ململانێیەدا، لام وایە ئۆباما دەتوانێ کێشەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێران و سوریە تا رادەیەک هێور کاتەوە و لەم بابەتەوە شکستی سیاسەتەکانی بووش داپۆشێ. قازانجێک کە ئەو سیاسەتە دەتوانێ بۆ خەڵکی ئێران و بگرە سوریاشی هەبێ ئەوەیە کە کار ئەو دەوڵەتە و بە تایبەت کۆماری ئیسلامی بۆ پاساو هێنانەوە بۆ پشت گوێ خستنی داخوازییەکانی خەڵک و هێرش بردنە سەر نەیارانی سیاسی خۆیان بە بیانوی ئەوە کە گویا هەرەشەی هێرشی ئەمریکایان بەسەرەوەیە دژوارتر دەکات.

**ئاسۆ عوسمان**: "ئۆباما" داوای دانوستان دەکات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا، بەبڕوای ئێوە دانووستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، سەرکەوتن بەدەست دێنێت..

**ئیبراهیم عەلیزادە**: گوفتوگۆی نیوان کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئەمریکا لە کانالی نارەسمی و ژێر بە ژێر لە رابوردودا بەردەوام لە جەریان دابۆە. نوینەرانی هەر دوو لا چەندەها جار بە نهێنی دانیشتنیان بووە. ئەو گوفتوگویانە لە دەورەی شەری هەشت ساڵەی ئیران و عیراق دا تەنانەت جۆرێک لە هاوکاری لە بواری عەسکەریشی لێ کەوتەوە. پەیوەندی بازرگانیش راستەوخۆ یان لە رێگەی شەریکە گەلی واسیتەوە بەردەوام هەبووە. هەر لە دەورەی حکومەتی "بووش" دوو دەور گوفتوگۆی ڕەسمی لە بەغدا کراوە. رووکەشی مەسەلەکە کێشەکانی ناوخۆی عێراق بوو بەلام لە ڕاستی مەبەستی هەموار کردنی رێگەی گوفتوگۆی هەمەلایەنە بوو. ئەو دانیشتنانەش بێ ئاکام نەبوون و لە هەرکامەیاندا "دانو ستانی" خۆی کراوە. دەوڵەتی ئێران زۆرترین کار ئاسانی بۆ بەرێوەچوونی سیاسەتی ئەمریکا لە ئەفغانستاندا کردوە. لە "عێراق" ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو کە رێگای کۆشکی سپی بە شیعەکانی توندرەوی دانیشتووی ئێران نیشاندا و گەلێک نموونەی دیکەی لەم بابەتەوە هەیە. ئەم دوو دەوڵەتە هەم ناکۆکییان بووە و هەم هاوکاری، لە جەرگەی وەها کێشمەکێشێکدا توانیویانە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دابین بکەن. کە وابێ نەفسی گفتوگۆ لە نێوانی هەر دوو لا رووداوێکی تازە نیە. جیاوازێک کە هەیە ئەوەیە هەرەشە و شەری ووشە لە بەینیاندا کەم بۆتەوە و ئوباما سیاسەتەکە بە سەراحەتێکی زۆرترەوە بەیان دەکات و لە دەورەیەکیشدا ڕوو دەدەن کە دەوڵەتی ئەمریکا ناچارە تۆزێک نەرمی زۆرتر بە نیسبەت ئەو دەوڵەتانە بنوێنێ و ئیمتیازی زیاتریان پێبدات. بە هەمووئەوانەشەوە ئەمە رەوتێک نییە کە بتوانێ بەخێرایی بچێتە پێش و سوریا و ئیران لە دوو دەوڵەتی نەیاری ئەمریکاوە ببن بە هاوپەیمانی. گۆرانکاریی لە پەیوەندییەکاندا بە عەمەلی وردە وردە دەبن.

هەڵبەت فاکتۆرێکی گەلێک گرینگ هەیە کە دەتوانێ ئەو رەوتە تووشی خەلەلی گەورە بکات، ئەویش گەشە کردنی خەباتی جەماوەری لە ئێرانە. ئەگەر ئەو ولاتە جارێکی دیکە پێ بنێتەوە دەورەیەکی شۆرشگێرانەوە، ئەوە حیسابەکانی هەر دوولا دەگۆرێ و ئێستا قابلی پێشبینی نییە کە ڕەوتی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی نێوان ئەمریکا و ئێران لەو کاتەدا بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات. لە ساڵی (١٩٧٩)دا دیتمان کە چلۆن ئەمریکای هاوپەیمانی رژیمی"شا" رێگا خۆشکەر بوو بۆ هاتنە



سەرچاوە
Serchawe

سەرکاری رژێمی ئیسلامی، چوونکە ئەوکات دەزگای رێبەری ئامریکا لای وا بوو کە ئەو رژێمە تازەیە دەتوانێ ببێبە سەنگەرێک بەرانبەر بە نفوزی یەکێتی سوڤیەت.

**ئاسۆ عوسمان**: لەگەڵ خۆشحاڵبوونی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام دوودڵی و گۆمان هەیە لەسیاسەتی "ئۆباما" لەبەرامبەر کورد، بەبۆچونی ئێوە تاچەند ئەم گۆمانانە لەجێگای خۆیدایەتی.

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەو گومانە نەک هەر ئێستا لە جێگای خۆیەتی بەڵکو لە دەورەی دەسەڵاتی بووش و تیمەکەشیدا هەر دەبوایە هەبێ. ئەو بۆچوونە لەوە نییە کە گوایە ئەمریکا خۆی لە خۆیدا دژی گەلی کوردە. ئەو راستییە لە هەڵسەنگاندنێکی واقعبینانەی ژێئۆپولتیکی ناوچەکەوە سەرچاوە دەگرێ. بۆ ئەمریکا لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی دەوڵەتی تورکیا و دەوڵەتانی عەرەبی بەگشتی و دەوڵەتی مەرکەزی لە عێراق و هەروەها داهاتووی ئێران کە بەرەو کوێ بڕوات، ئەوانە ئەولەویەتی هەیە و ئەو ئەولەویەتانە لە گەڵ جەوهەری مافی دیاری کردنی چارەنوسی گەلی کورد، کە بریتیە لە مافی پێک هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، ناتەبان. خەڵکی کوردستان لە مەیدانی دیپلۆماسیدا بە نیشاندانی مەزڵومیەتی خۆی ناتوانێ ئەو واقیعە بگۆرێ. هیچ موجاملەیەک ناتوانێ ئەو راستییە داپۆشێ. لە ساڵی (١٩٩١)وە تا ئێستا سیاسەتی ئەمریکا ئەوە بووە کە کارتی کورد بۆ بەرژەوەندی خۆی لە عێراق و ناوچەکە بەکار بێنێ و لایەنی کوردی بۆ سازان و بۆ داشکاندنی داخوازییەکانی بخاتە ژێر زەختەوە. لە بەرامبەردا ئیمتیازی زۆر کەمی پێداون. هەربۆیە بە بڕوای من ئەوە خۆشباوەری لە جێگای خۆی نەبوو.

**ئاسۆ عوسمان**: ئەمرۆ ئێران لەڕوی سەربازیی و تەکنەلۆجییەوە پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوەو بەمەرج گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکییەکان وڵاتانی رۆژئاوا دەکات، مەرجە سەرکییەکانی ئێران رێگەدانییەتی بە وڵاتێکی خاوەن ئەتۆمی "وەک خۆیان دەڵێن لەبواری ئاشتیدا" مەرجی دووهەمیان رێگرتنە لەدەست تیوەردانی "رۆژئاوا" لەکاروباری ناوخۆی ئێران، پرسیارەکەی من ئەوەیە لەئەگەری ڕازیبونی ئەمریکا بەمەرجی دووهەمی کۆماریئیسلامی ئێران، چارەنوسی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران چۆن دەبێت.

**ئیبراهیم عەلیزادە**: چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستان ئێران بە سیاسەتی ئەمریکاوە گرێ نەدراوە. سیاسەتی ئەمریکا لە قۆناغێکی فەرزیدا دەتوانێ رێگر بێ بۆ مافی دیاریکردنی چارەنوسی گەلی کورد یان لە ئاستیبێ لایەن بێ و یان بیهەوێ بۆ مەبەستێکی تایبەت بەکاری بێنێ. بەڵام داهاتووی کوردستانی ئێران بەوەوە گرێ نەدراوە هەر وەکوو بۆ کوردستانی عێراقیش لام وایە هەلومەرجێک کە لە ١٨ساڵی رابردوودا ئەو بەشە لە کوردوستان تێیدا بووە، ئاکامی بەرگرییەکە



سەرچاوە
Serchawe

بەرامبەر بە رژیمی بەعس کردوویەتی. پروپاگەندەی نارەوا هەوڵی داوە ئەو بڕوا بەخۆیە لە خەڵکی کورد بستێنێتەوە کە دەتوانێ بە هێزی خۆی رزگار بێ. کوردستانی ئێران بۆ پشتیوانی و بەهاناوە هاتن چاوی بڕیوەتە هاوپشتی و هاوپەیمانی لەگەڵ خەڵکی چەوساوە و ستەملێکراو و هاوچارەنووسی خۆی لە هەموو ئێران. هەر بۆیە من بە داهاتووی ئەو خەباتە لە کوردستانی ئێران گەش بینم. دەستێوەردانی رۆژئاوا لە کاروباری ئێران تا ئێستا بە قازانجی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران نەبووە. کۆماری ئیسلامی زیاتر کەڵکی لێ وەرگرتووە و تەمەنی درێژ کردووەتەوە. هەر لە شەری ئێران و عێراقەوە بگرە هەتا سیاسەتی "دیالۆگی رەخنە ئامێز" ی دەوڵەتانی ئۆروپایی و یان گەمارۆی ئابوریی و هەرەشەی شەڕ و هێرشی نیزامی، هەمووی بەکردەوە خزمەتی بە مانەوەی ئەو رژیمە کردوە. ئەوان زۆر بە پارێزەوە لە هێندێک لایەنی ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی نزیک دەبنەوە و هەولێکیش لە لایەن ئەوانەوە بۆ رووخاندنی رژیم لە دەستوور دا نیە. ئەوان دەزانن ئەگەر لە ئاکامی خەباتێکی روو لە پێشی کۆمەڵایەتیدا بەدیلێکی رادیکاڵ بۆ ئەو رژیمە هەنگاو بە هەنگاو گەڵاڵە بێ شەرت نییە بەرژەوەندی ئەوانی تێیدا دابین بکرێ.

**ئاسۆ عوسمان**: هەر لێرەدا دەمەوێ بزانم لێکدانەوە و هەڵوێستی ئێوە بۆ ئەوەی کە دەوڵەتی ئەمریکا رێکخراوی پژاکی بردووەتە ناو لیستی تێرۆرەوە چییە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەو بڕیارەی دەوڵەتی ئەمریکا پەیوەندی بە تیروریزم و شەڕی دژی تێرۆرەوە نییە. ئەمە گەمەیەکی سیاسییە. ئەمە یەکێک لەو گڵۆپە سەوزانەیە کە دەوڵەتی تازەی ئەمریکا بۆ راکێشانی سرنجی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرەو سیاسەتی تازەی ئەمریکا سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی هەڵی کردووە. ئەوە هەر هاوچەشنی ئەو سیاسەتەیە کە بەرامبەر بە پ.ک.ک بۆ راکێشانی رەزامەندی دەوڵەتی تورکیە هەیەتی. ئێمە بەرامبەر بە پژاک و ستراتیژی سیاسی ئەو رێکخراوەیە هەر لێکدانەوەیەکمان هەبێ بە جێگای خۆی بەڵام ئەو بڕیارە مەحکوم دەکەین بردنی پژاک بۆ ناو لیستی تیرور و هێشتنەوەی پ.ک.ک لەو لیستەدا لە کاتێکدایە کە دەوڵەتی ئەمریکا تەئیدی هەموو جنایەتانە دەکات کە دەرهەق بەخەڵکی کورد لە لایەن دەوڵەتانی ئێران و تورکیە و سوریەوە بەرێوە دەچێ. لە کاتێکدایە کە ئیسرائیلی هاوپەیمانی ئەمریکا بە هەزاران کەس لە خەڵکی بێ دیفاعی فەلەسیتن خەلاتی خوێن دەکات. لیستی تیروری دەوڵەتی ئەمریکا ئامرازێکی سیاسیە کە بە شێوەیەکی دڵخواز لە دژی ئەموو ئەو بەکار دێت و راستگۆیەی سیاسی تێیدا بەدی ناکرێ.

**ئاسۆ عوسمان**: حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتەسیاسیەکانی باشوری کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، دیپلۆماسیەتێکی گەرمووگوڕ لە نێوانیاندا هەیە، پرسیارەکەی من ئەوەیە پێتان وانیە نیگەرانی هەرێمی کوردستان لەسیاسەتی نارۆشنی ئیدارەی تازەی ئەمریکا، دیبلۆماسیەتی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێرانی بوژاندوبێتەوە؟.

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بەڕێوەبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر نیگەرانییەکیان لە سیاسەتی ئۆباما هەبێ تاکو ئێستاش هەر خۆیان لە بەرەی ئەمریکادا دەبیننەوە و بەو بەشەی کە دەوڵەتی ئەمریکا لە دابەش بوونی دەسەڵات لە عێراقدا بۆیان دەسەلمێنێ رازین. بە پێی مەنتقی عەقڵی سەلیم ئەوان نابێ بە هۆی هاتنی ئۆباماوە بکەونە بەرەی دژبە ئەمریکاوە، یان پێیان وابێ لە ڕێگەی دبلوماسیەکی لاوازەوە دەتوانن زەختێک بخەنە سەر ئەمریکاوە. بە تایبەت کە تاکو ئێستاش هیچ نیشانەیەک لە گۆرانکارییەکی جیدی لە سیاسەتی ئەمریکادا بەرامبەر بە ئێران و عێراق دەرنەکەوتووە. ئەو بووژانەوەی کە ئێوە باسی دەکەن، ئەساسەن بە دەست پێشخەری لایەنی ئێرانییەوە بوو بۆ ئەوەیە کە بە ئەمریکای نیشان بدات کە نەتەنها لە جنوبی عێراق بەڵکو لە کوردستانیشدا دەبێ حیساب بۆ جێگا پێ و نفوزی ئەو بکرێ. ئەمە شانۆگەرییەکی دبلۆماسیەتی ئێرانییە و تا ئێستا بەقەدەر نووکە دەرزییەک ئیمتیازی بۆ لایەنی کوردستانی عێراق لێ نەکەوتوەتەوە. لەو ماوەیەدا و لە پاڵ ئەو هەوڵانەدا، سنوورەکان توندوتۆڵ تر کراون و دیوار و کاناڵ و بورجەک و تەلدرویان تێیدا تەندراوە، تۆپبارانی سنوورەکان کە ئیستا ئیتر هیچ بە پاساوێکیشی نیە هەروا درێژەی هەیە. زۆربەی پرۆژە ئەساسییەکانی ئابووری کە سەریکیان دەگاتەوە کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی عیراق بە هەڵپسێردراوی و بە ناتەواوی ماونەتەوە، بە واتایەکی تر هیچ پێشکەوتنێک لە ئاکامی ئەو دبلۆماسیە بەدی نەهاتووە.

**ئاسۆ عوسمان**: ئەگەر سیاسەتی ئۆباما بەقازانجی ئێران شکایەوەو حکومەتی هەرێمی کوردستان روویی لەتاران کرد وەک سالانی نەوەدەکان، ئۆپۆزسیۆنی کوردستانی ئێران لەهەرێمی باشور چ چارنوسێکی دەبێ؟.

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئیران لە کوردستانی عێراق لایەنی جۆراوجۆر بە سیاسەت و ستراتیژی جیاوازیان تێیدا هەیە. ستراتیژی ئێمە ئەو بەشەی کە بەو مەسەلەی مەربوتە بە چەند خالی سەرکی پشت ئەستورە کە دەتوانێ وەڵامم دەرەوەی وەها ئەگەرێکیش بێت:

**یەکەم**. خەباتی چەکداری لە کوردستانی ئێران لەسەر هەبوون یان نەبوونی ئیمکانات و بنکە چەکداری لە دیوی سنوری کوردستانی عێراق بینا ناکرێ. درێژەی ئەو شیوە خەباتەی ئیمە پەیوەندی هەیە بە لێکدانەوەی ئێمە لە هەلومەرجی سیاسی کوردستانی ئێران و ولامی ئەو پێویستیانەی کە لەوێ دینە گۆرێ. ئەگەر ئەو هەلومەرجە بە لەبار بزانین هەر وەکوو چۆن لە رابردودا بووە لە داهاتووش دا بە پشتیوانی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئیران رێکی دەخەین. ئێمە ناتوانین پێ بنینە ناو ئەو بوارەوە لە حاڵێکدا خۆمان بەسەربەخۆیی نەتوانین لە هەموو بابەتێکەوە بریاری لەسەر بدەین.

**دووهەم**. ئێمە خاوەنی رێکخراوێکی کارا لە ناوەویی وڵاتین و لە هەمان کاتدا شێوەکار پیشنیار کراوی ئێمە بوەتە رێگا و

شوێنی چالاکی لە چەندها بواری ئاشکرادا لە ناوەوەی وڵات. کە گرێدراوی وەها هەلومەرجێک نیە کە ئێوە ئاماژەی بۆ دەکەن.

**سێهەم**، ئێمە لە دەرەوەی وڵات خاوەنی ڕێکخراو و گەلێک دامەزراوی سیاسی و تەبلیغی وەکوو رادیو و تەلەفزیۆنی فەزایی و ناوەندی بەڕێوە بردنین کە دەتوانن سەربەخۆ لە هەلومەرجی دوارۆژی کوردستانی عێراق درێژە بەکاری خۆیان بدەن.

**چوارهەم**، پەیوەندی ئێمە و خەڵکی کوردستانی عێراق و بە تایبەتی پەیوەندی ئێمە و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە مەقەڕاتی ناوەندی ئێمە لە ناوچەی نفوزی ئەواندا جێگیرە مێژووییە و بە گەلێک بواری لەو چەشنەدا هاتووە و چارەنووسی ئەو پەیوەندییە تەنیا لە دبلۆماسی ئێران و حکومەتی هەرێمدا دیاری ناکرێ. ئێمە چاوەروانی شتێکی خەراپ لە دژی خۆمان لەو پەیوەندیە دا ناکەین. هەلومەرجی ئێستا لەچاو نەوەدەکان گەلێک گۆراوە و کۆماری ئیسلامی ناتوانێ ئەو جێگە و شوینەی ئەو کات کە بە تایبەت شەری ناوخۆ لە ئارا دابوو بەدەست بێنێتەوە.

سەرچاوە: کوردستان نێت - ڕێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٢٠٠٩

---------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## کوردستان باوەڕی بەریفۆرمخوازەکان نییە



**ئا: سنوور**

**ئیبراهیمی عەلیزادە، سکرتێری یەکەمی کۆمەڵە سەبارەت بەدوا گۆڕانکارییەکانی ئێرانو کوردستانی ڕۆژهەڵات دەدوێت.**

**ئا: سنوور: هۆکاری درێژەکێشانی ئەم ڕووداوانە چینو چاوەڕوانی چی تریان لێدەکرێت؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەم ئەزمە سیاسییەی کە ئێستا لەئێران تەقیوەتەوە، ئاکامی دوو واقیعی جیاوازن، یەکیان کێشەکانی ناوخۆی ڕژێمو ئەویتریان نارەزایی‌و بێزاری جەماوەری خەڵکە لەڕژێمی کۆماری ئیسلامی. هەبوونی کێشەی ناوخۆیی لەناو ریزەکانی کۆماری ئیسلامیدا دیاردەیکی نوێ نییە، ئەوەی کە نوێیە ئەوەیە ئەم دیاردەیە گەیشتووتە ئاستێک کە پێکەوەژیانی دوو باڵە سەرەکیەکەی ناوخۆی ڕژێم گەلێک دژوار بۆتەوەو باڵی ویلایەتی فەقیەو خامنەیی واتە موحافیزەکارەکان لەچوار ساڵی رابردوودا زەمینەیان خۆشکردووە، بۆ ئەوەی باڵەکەی تر لەدەزگاکانی دەسەڵات بەتەواوی دوور بخەنەوە. نەک هەر هەڵبژاردنی دەورەی دەیەم، بەڵکوو هەڵبژاردنی دەورەی پێشووش کە رەفسەنجانی لەرکەبەری لەگەڵ ئەحمەدی نەژاد دا شکستی خوارد، هەڵبژاردنەکە بەشێوە کودەتایەکی سوپای پاسداران لەدژی رەفسەنجانی‌و باڵەکەی ئەو ناودەبرا. لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا سوپای پاسداران لەڕێگای ئەحمەدی نەژادەوە بەشێوەیەکی بەربڵاو هاتبووە ناو دەزگای بەڕێوەبەری دەوڵەتەوە زیاتر لەچوارده وەزیرو ژمارەیەکی زۆر لەمودیرانی باڵای وڵات لەئەندامانی سوپای پاسداران بوون.

**ئا: سنوور**: پێت وایە ئەم نارەزایەتییانە، ئاڵوگۆڕ لەڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دروستدەکات؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئامانجی ریفۆرمخوازەکان، گۆڕانکاریی بنەڕەتیی لەدەزگای دەسەڵاتی جمهوریی ئیسلامیدا نییە. ئەوان بۆ پاراستنی رژێمی ئیسلامیو میراتی خومەینی ستراتیژییەکی جیاوازیان هەیەو تەنانەت ناوی ریفۆرمخوازیش زۆر بەباڵایان نەبڕاوە. دەسەڵات لەناو ئەوانو باڵی موحافەزەکاردا دابەشببوو بەو مەرجەی کە باڵی موحافەزەکار دەستی باڵای هەبوو. زۆرترین تەوەقوعی ریفۆرمخوازەکان ئەوەیە کە هاوسەنگییەکە بخەنەوە جێگای خۆیو پێش بەسڕینەوەی یەکجاری خۆیان بگرن. بەڵام نارەزایەتی خەڵک لەئاستێکدایە ئەوان کە لەسەرەتاوە هاندەری بوون ئێستا پێیان کونترۆڵ ناکرێ.

**ئا: سنوور**: سەبارەت بەم رووداوانە ئێوە وەک لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکان بۆ وتارو هەڵوێستێکی هاوبەشتان نییە لەگەڵ حیزبە دیموکراتو کۆمەڵەکانی تردا؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئێمە لەلای خۆمانەوە نەک هەر خەمسارد نین بەڵکو زۆریش بەمەسەلەکەوە خەریکین. بەڵام سەبارەت بەکارو هەڵوێستی هاوبەش مەسەلە ئەوەیە کە سیاسەتو بۆچونو رێگای جیاواز هەیە، ئەوەیە کە ناهێڵێ بەرنامەیەکی هاوبەش شکڵ بگرێ. کاتێک لایەنێک داوا دەکات کە خەڵک پشتیوانیی بکەن لەکەڕوبی، بەڵام لایەنێکیش دەڵێ کە ئەسلەن هەڵبژاردنەکە موقاتەعە بکەن، جێگایەک بۆ رێکەوتنێکی هاوبەش لەو مەسەلەیەدا نامێنێ. ئەگەر لایەنێک بەخەڵک دەڵێ مەبن بەئامرازی دەستی حیساب لێکدەرکردنی باڵەکانی ناوخۆی رژێمو لایەنێک راستەوخۆ پشتیوانیان لێدەکات. روونە کە ناتوانن حەرەکەتی هاوبەش رێکبخەن. ئەوەی کە ئێمە ئێستا لەسەری کۆکین، ئەوەیە خەڵکی کوردستان لەهەمانکاتدا کە نابێ لەبزووتنەوەی سەراسەریی ئێران لەدژی رژێمی جمهوریی ئیسلامیی دوا بکەوێ، لەهەمانکاتدا ناشبێ بکەوێتە شوێن حەرەکەتێک کە دڵنیا نییە ئاکامەکانی بەقازانجی خۆی دەشکێتەوە.

**ئا: سنوور**: بۆچی تا ئێستا خەڵکی کوردستانی ئێران نەڕژاونەتە سەرشەقام بۆ پشتیوانیکردن لەو ئیعترازو نارەزایەتییانەی تاران؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لەناو خەڵکی کوردستانی ئێراندا بێ باوەڕییەکی زۆر قوڵ بەرامبەر بەریفۆرمخوازەکان هەیە، ئەو بێ باوەڕییە، رێگایان نادا بۆ ئەوەی کە بکەونە شوێن هیچ کەسایەتییەکی ئەوانو ئەو بانگەوازانەش کە ئێستا لەئێران دەکرێ، لەژێر رێبەریی ئەواندایە. لەبەرئەوە، خەڵک تا دڵنیا نەبن لەوەی کە بەرهەمی حەرەکەتی ئەوان ناچێتە کیسەی ئەو باڵەی ناو رژێمەوە نارژێنە سەرشەقام.

**ئا: سنوور**: ئەگەر ئێوەو حیزبی دیموکرات داوا لەخەڵکی کوردستانی ئێران بکەن بێنە سەر شەقام، پێتانوایە دێن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بەبڕوای من دێنو دڵنیاشین لەوەی کە ئێمە لەکاتو شوێنی گونجاودا ئەو داوایەیان لێدەکەین. ئەوان دەزانن کە وەختێ ئێمە ئەو داوایەیان لێدەکەین، بیرمان لەهەموو لایەنەکانی کردووەتەوە.

**ئا: سنوور**: بەڕوخانی کۆماری ئیسلامی چ هاوسەنگییەکی سیاسی نوێ لەناوچەکەدا دروستدەبێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: مەسەلە ئەوەیە چۆن بڕوخێ؟ ئەگەر لەئاکامی گەشەکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی تەدریجی کە تێیدا خەڵک ڕێکخراوتر بن، خەڵک وشیارتر بنو بەدیلێکی پێشڕەوو پێشکەوتنخواز بێتە سەرکار، لەو حاڵەتەدا من پێموایە سیمای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕادەیەکی زۆر دەگۆڕێ. هاوسەنگیی هێز لەهەموو وڵاتانی ئیسلامی بەقازانجی بەرەی پێشکەوتنخواز دەگۆڕێ. هەر لەفەلەستینو لوبنانو لەهەموو شۆێنەکانی دیکە کە کۆماری ئیسلامی بەدەرەجەیەک نفووزی هەیە، لەعێراق تەنانەت ئاسەوارەی بەخێرایی دەردەکەوێ. بەڵام ئەگەر نەتیجەی ئەو وەزعییەتە بریتیبێ لەوەی کە گۆڕانکارییەکی ساکار لەناو کۆماری ئیسلامیدا پێکبێ، بۆ نمونە خامەنەیی بڕواو ڕەفسەنجانی بێتە جێگای، باڵی ریفۆرم دەورەیەک دەسەڵات پەیدا بکەن، لەو حاڵەتەدا هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی پێکنایەت، بەڵام پێوەندیەکانیان لەگەڵ ڕۆژئاوا زووتر ئاسایی دەکەنەوە.

**ئا: سنوور**: ئەگەر ئەمەریکا داواتان لێ بکا بۆ ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئێوە ئامادەن هاوکارییان بکەن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: نەئەمەریکا داوایەکی ئاوامان لێدەکاتو نە ئەگەر بیکات ئێمە هاوکاری دەکەین. پێمانوایە ئەگەر بەدڵی ئەمریکا ئەو ڕژێمە بڕوخێ، بەدیلێک کە دێتە جێگاین ئەو بەدیلە نییە کە بایی ئەو هەمووە ڕەنجو فیداکاریو مەرارەتە بێ پێوەی دەکێشین.

**ئا: سنوور**: کاک برایم ئەگەر گۆڕان لەئێراندا ڕوویداو بەڕێزتان چوونەوە بۆ کوردستان، یەکەم شار کە ئەچیتە کوێیەو ناوەڕۆکی یەکەم وتارت بۆ خەڵکی چی دەبێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: فەرق ناکات کام شار بێ. حەزدەکەم بچمە ئەو جێگایەی کە زۆرترین خەڵکی لێکۆدەبێتەوە، ئەگەر ئەوکات هاوسەنگی بەقازانجی بەرەی ڕێبازی سوسیالیستیو کرێکاری نەگۆڕا بێ، لێدوانم بۆ جەماوەری خەڵک ئەوە دەبێ کە

نەکەونە شوێن ئامانجی لێڵو ناڕوون. کردەوەی هێزەکان بکەن بەپێوانەی هەڵسەنگاندنیان نەک بەتەنها ئیدعاو قسەکانیان. ئەوەی کە ئێمە پێویستیمان پێیەتیو وشیارییەکی قوڵی چینایەتیو کۆمەڵایەتییە.

شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ لەئێران شکستی خوارد، خەڵک ئەبێ وریا بن ئەم ئەزموونە تاڵە دووپات نەبێتەوە. ئامانجی ئێمە تەنیا ڕاپەڕاندن نییە، بەڵکو ڕاپەڕاندنێکە کە لەهەمانکاتدا خەڵک بزانن بە چ ئاکامێک دەگات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وێراش نیوز - ڕێکەوتی: ٢ی جوولای ٢٠٠٩

---------------------------------------------

## ئێران مەبەستی لێدانی دیموکرات نەبوو، بەڵکو مەبەستی شکاندنی سومعەی یەکێتی بوو



ئیبراهیم عەلیزادە، کەسایەتییەکی دیاری ناو بزووتنەوەی چەپی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ئێستاش سکرتێری حزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)یە. ئەو ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە لەمەیدانی سیاسی هەڵدەسوڕێت و لەماوەی ژیانیدا چەندین پۆستی جۆراوجۆری لەریزەکانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران وەگرتووەو یەکێکە لە دامەزرێنەرانی (کۆمەڵەی شۆڕگێڕی زەحمەتکێشانی ئێران) و ئێستاش لە ئۆردوگای زرگوێز ڕێبەرایەتی پارتێکی دێرینی چەپ دەکات. بەهمەن سەعید، وەکو ڕۆژنامەنووسێک لە ساڵی ٢٠٠٩ کتێبێکی قەبارە گەورەی بەناونیشانی (سێ ساڵ، لەگەڵ ئیبراهیمی عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە) بڵاو کردەوە، کە سەرجەمی کتێبەکە گفتوگۆیەکی دوور و درێژە لەسەر سەرجەم وێستگە شەخسی و سیاسییەکانی ژیانی عەلیزادەو سەرنجەکانی ئەو لەسەر مێژووی زیاتر لە (٣٠) ساڵی ژیانی سیاسیی ئەو و حزبەکانی ڕۆژهەڵات و بزووتنەوەی چەپ لەئێراندا. عەلیزادە، لەم گفتوگۆیە کۆمەڵێک فاکتی شاراوەی ئەم مێژووە تایبەت بەڕووداوەکانی ناو ئێران و هەروەها هەرێمی کوردستان بە درێژایی ئەو مێژووە ئاشکرا دەکات. بەشێکی کتێبەکە باسکردنە

لەژیانی شەخسی خۆی و هەروەها هۆکارەکانی دروستکردنی کۆمەڵەو دواتر گۆڕانی بە حزبی کۆمۆنیست و سەرەنجام جیابوونەوەی مەنسوری حیکمەت و هەموو ئەو جیابوونەوانەی کە لەمێژووی ئەم پارتەو سەرجەم پارتە نەتەوەییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناو ئێراندا ڕوویانداوە. لەبەشێکیدا لەسەر ئامانجی دروستکردنی کۆمەڵە دەڵێت: دروستکردنی کۆمەڵە هیچ کات بەدیلی حزبی دیموکرات نەبووە لەکوردستانی ئێران، بەڵام بەهۆی ئەو ناکۆکیانەی کە هەر لەسەرەتای دامەزراندنیان هەیانبوو لە شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێرانداو ڕووخانی شا بەیەکجار زەق دەبنەوەو سەرەنجام دەبێتە هۆی بەیەکدادان و کوشت و بڕیشی لێ دەکەوێتەوە. عەلیزادە لەم گفتوگۆیەدا ئاماژە بەوەش دەکات کە کۆمەڵە ئەوکاتە ڕووی لە کوردستانی عێراق کرد کە ناچار بوو بەشە ئازادکراوەی کوردستان چۆڵ بکەن و کۆماری ئیسلامی پایەکانی خۆی بە هێزی سەربازی لەو ناوچانە جێگیر کردەوەو هەر ئەوکات لەڕێگەی (خانەی موعینی)یەوە کە دواتر بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دێت و لەکاتی هاتنیدا لە سنووری ماوەت شان بەشانی هێزەکانی یەکێتی لەشەڕی بەعسدا شەهید دەکرێت. ئیبراهیم عەلیزادە، ئەوەش ئاشکرا دەکات کە لەسەرەتای هاتنیان بۆ سنورەکانی کوردستانی عێراق، پێشمەرگەی ئەو بەشەشیان لەریزەکانی خۆیان جێ دەکردەوە، بەڵام دواتر لەبەر دڵی حکومەتی عێراق دەسبەرداریان دەبن و هەندێکیشیان دەنێرن بۆ دەرەوەی وڵات. ئەو ئاماژە بە هەڵگیرسانی شەڕ دەکات لەنێوان کۆمەڵەو حزبی دیموکراتداو ئەم شەڕەش بۆ قەبوڵنەکردنی کۆمەڵە لەلایەن حزبی دیموکراتەوە دەگەڕێنێتەوەو خەتاکەی دەخاتە ئەستۆی عەبدولڕەحمان قاسملۆو ئەو پارتە کوردیەوە. لەسەر ڕۆڵی قاسملۆش ئاماژە بەوەدەکات کە کاتێ شەش لایەن لە هەوڵی ڕاگرتنی شەڕی نێوانماندا بوو لەو کاتەدا قاسملو پەیامی ناردووە کە هیچ ڕێککەوتنێک ئیمزانەکەن تا خۆی دەگەڕێتەوە، بەڵام دواتر کەدەگەڕێتەوە، هەوڵی شەش لایەنەکە بێ ئاکام دەمێنێتەوە. ئەوەش دەڵێت، بەعس و موخابەراتی عێراق ناوبژیوانی کۆمەڵەو دیموکرات دەکەن و ئامانجیشیان لەوەستانی ئەم شەڕەوە دەڵێت "لایان وابوو ڕژێمی ئێران لەشەڕی ناوخۆی کوردستان زۆرترین کەڵک وەردەگرێت بۆ بەهێزکردنی بەرەکانی شەڕی خۆی"، چونکە ئەوکات ئێران و عێراق لەشەڕێکی سەختدابوون لەگەڵ یەکتری و هەرلایەک لە دژی لاکەی تر هاوکاری جۆراوجۆری پێشکەش بزووتنەوە چەکداریەکانی یەکتری دەکرد. ئەو نموونەیەکی بەشێوەی نوکتە لەسەر ناوبژیوانی بەعس لەنێوان ئەو دوو حزبەدا دەگێڕێتەوە کاتێک فازل بەراکی سەرۆکی ئەوکاتی موخابەراتی عێراقی لەگەڵیان دانیشتووە، بۆ ڕازیکردنی کۆمەڵە چەند کتێبێکی مارکس و لینین دەهێنێت و بە کۆمەڵە دەڵێت "ئێوە حەقتانە حزبی دیموکرات بە بۆرژواز بناسن، بەڵام بەپێی ئەو کۆدانەی من هەمە، لەو قۆناخەی ئێستادا بۆرژوازای شۆڕشگێڕەو ئێوە جارێ ئەوە بسەلمێنن".

### (م.س) حزبی دیموکرات ئاگاداری گفتوگۆی قاسملوو نێران نەبوو

سەبارەت بە تیرۆرکردنی قاسملو ڕێبەری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەوڵاتی نەمسا عەلیزادە لەو گفتوگۆیەدا ئاشکرای دەکات کە قاسملو بۆ ئەم دانیشتنە دەفتەری سیاسی حزبەکەشی ئاگادار نەکردۆتەوە. هەرچەندە چەند مانگ پێش



سەرچاوە
Serchawe

تیرۆرکردنی قاسملو، عەلیزادە لەگەڵ رۆژنامەوانی فەرەنسی (کریس کۆچێرا) لەسەر ئەم جۆرە داوایانەی کۆماری ئیسلامی بۆ گفتوگۆ گوتوویەتی "ئەم دانیشتنانە بۆ لەناوبردنە نەک بۆ سەلماندنی مافەکانی خەڵکی کوردستان".

### بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ بەعس کۆمەڵە پرسی بە یەکێتی کردووە

عەلیزادە لەبەشێکی دیکەی دیدارەکەدا لەسەر پەیوەندی بەستن لەگەڵ بەعس، ئاماژە بەوەدەکات کە زۆر پێویستیان بە هاوکاری بووە ئەوکاتیش ئێران و عێراق لەشەڕێکی سەختدابوون و ئەوان هیچ ناوچەیەکی ئازادکراویان لەکوردستانی ئێران لەبەردەستدا نەبووە دەنا لەوانەبوو ناچاری دروستکردنی وەها پەیوەندییەک نەبووبان، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بەوەدەکات کە ئەوان پرسیان بە(ی.ن.ک) کردووە، هەروەها ئەوەش ئاشکرا دەکات کە ئەو پەیوەندیانە بۆ ئێمە بێ ژانەسەر نەبوون. بۆ ئەمەش نموونەی کوژران و بریندار بوون و بەرکیمیاوی کەوتنی دەیان کەس لە پێشمەرگەکانیان بەدەستی ئەرتەشی عێراقی دەهێنێتەوە، کە بە ئەنقەست بەرامبەریان ئەنجامی داوە.

### بەعس دژی کۆمەڵەی ئێران چەکی کیمیاوی بەکارهێناوە

عەلیزادە ئەوەش ئاشکرا دەکات کە بەعس لە دۆڵی (بۆتێ)ی نزیک رانیەو ٢٣ کەسی ئەوانی بە بۆمباران کوشتووەو ١٥٠ تریشی لێ برینداركردوون، بەڵام کاتێک نارەزایەتی بەرامبەر بەعس دەردەبڕن، ئەوان بۆ نزیکی ئەوان لە مقەڕەکانی ئۆپۆزسیۆنی بەعسی دەگێڕنەوە، ئەوکات لەدانیشتنێکی نێوان بەعس و کۆمەڵەدا، بەعسیەکان بۆ رەواندنەوەی نیگەرانیەکانی کۆمەڵە لەسەر ئەم رووداوە، داوای لێبوردن دەکەن و رێگە دەدەن کۆمەڵە بەیانێک بڵاو بکاتەوەو بنووسن بەعس عوزرخواهی هێناوەتەوە، بەڵام نابێت ئاماژە بە چەکی کیمیاوی بکەن. ئەو دەڵێت "ئەم هێرشانەی بەعس بۆ سەر ئێمە، باجی پەیوەندی ئێمە بوو بە خەڵکی کوردستان و یەکێتی، چونکە دەرگای مقەڕەکانی ئێمە هەرگیز بەرووی پێشمەرگەکانی یەکێتی دانەخرابوو".

### تەنها مەسعود رەجەوی و قاسملو دەیانتوانی سەدام ببینن

عەلیزادە سەبارەت بە پەیوەندی و بینینی سەدام ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان هەوڵیان داوە ئاستی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ خودی سەدام دابێت، بەڵام ئەو دەرفەتە نەخولقاوەو بەعس بۆ ئەمە دەزگایەکی موخابەراتی دامەزراندبوو، دەڵێت "بەڵام ئەوکات تەنها مەسعود رەجەوی و جاروبار دکتۆر قاسملو ئیمکانی ئەوەیان هەبوو سەدام ببینن".



سەرچاوە
Serchawe

### بەعس داوای ئەنجامدانی کاری تیرۆرستی لەکۆمەڵە کردووە

ئیبراهیم عەلیزادە لەو چاوپێکەوتنەدا ئاماژە بەوەدەکات کە بەعس لەدانیشتنەکانیاندا داوای کاری تیرۆرستی و تەقینەوەو لێدوان لە پێگە ئابووریەکانی ئێران، لە شارە کوردیەکانی ئێرانی لەکۆمەڵە کردووە، بەڵام ئەوان رەتیان کردۆتەوەو دەڵێت "ئەو داوکاریەی ئەوانمان رەت کردۆتەوەو هیچ کات حازر نەبووین پلانە نیزامیەکانی ئەوان قبووڵ بکەین".

### رەخنە لە مام جەلال و حکومەتی هەرێم

سەبارەت بەروانینی حکومەتی هەرێم بۆ ئەو کوردە ئاوارانەی کە لە هەرێم دەژین و مافی وەرگرتنی رەگەزنامەیان بۆ فەراهەم ناکرێت، زادە کۆنگرەی سێهەمی حزبەکەیان لەساڵی ١٩٨٣بە نموونە دەهێنێتەوە کە ئەوکات مام جەلال بەشداری کردووەو رەخنە لەبڕگەیەکی ناو رەشنووسی بەرنامەی کۆمەڵە دەگرێت و لەسەر ئەم رەخنەیەش ئەم بڕگەیە لەلایەن کۆمەڵەوە دەستکاری دەکرێت و عەلیزادەش وەک بیرهێنانەوەو رەخنەیەک لەمام جەلال و حکومەتی هەرێم دەڵێت "حەق وایە حکومەتی هەرێم، ئەو رەخنەیەی ساڵی ١٩٨٣ی مام جەلال لە رەشنووسی بەرنامەکەی ئێمەی لەبەرچاوبێت و بەپێی ئەو گۆڕانکاریە هەڵسوکەوت بکات کە ئەوکات لەسەر پێشنیاری مام جەلال هێنامانە ناو بەرنامەکەی خۆمانەوە".

### پەیوەندی کۆمۆنیستی کارگەری و ئیسرائیل

لەبەشێکی تری دیدارەکەدا، رۆژنامەنووسەکە پرسیاری ئەو دەنگۆیە دەکات کە حزبی کۆمۆنیستی کارگەری (مەبەستی باڵی مەنسور حیکمەتە) پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەبێت، عەلیزادە دەڵێت "مەعلوماتی کۆنکرێتیم لەو بارەیەوە لا نییە، بەڵام رەنگە ئەو ئیدیعایە پەیوەندی بەپەسندکراوێکی ناوخۆی ئەوکاتەی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە هەبێت، کە دەکرێت وا تەفسیر بکرێت کە وەها پەیوەندییەک رێگە پێدراوە".

### هاتنی پاسدار بۆکۆیە بۆ شکاندنی سومعەی یەکێتی بوو

عەلیزادە لەسەر هێنانی سوپای پاسداران لەناوەڕاستی نەوەدەکان بۆ کۆیە و سەر بارەگاکانی دیموکرات دەڵێت "یەکێتی بەرامبەر بە زەختی ئێران تاڕادەیەکی سنووردار سازشی سیاسیی کرد، ئەم رووداوەش پەیوەندی بە زەختی زۆری ئێرانەوە هەبوو، بەڵام زەربەیەکی قورسی لەمتمانەی خەڵکی کوردستانی ئێران دا، بەڵام پێشتر دیموکرات لەو هێرشە ئاگادار

کرابۆوە، بۆیە زیانیان پێنەگەیشت". هەروەها دەڵێت "ئێران مەبەستی دیموکرات نەبوو، بەڵکو بۆ شکاندنی سومعەی یەکێتی بوو، دیموکرات بوو بەبیانووی بەڕێوەچوونی ئەو پلانە کە تا ئێستاش لەسەر شانی یەکێتی قورسایی هەیە".

سەرچاوە: ماڵپەڕی وێراس نیوز - ڕێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٠

---------------------------------------------

## مانەوەی کورد لەچوارچێوەی ئێراندا لەبەرژەوەندی گەلی کورددایە.




ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە لەبارەی دوایین کۆنگرەی حیزبەکەیانەوە بۆ هاوڵاتی

ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە دەڵێت، کە لەدوایین کۆنگرەدا گۆڕانکارییان لە ستراتیژو بەرنامەی حیزبەکەیان نەکردووە، جەختیش لەوەدەکاتەوە ئەوان لەداواکردنی مافی چارەنووس بۆ کورد پێدادەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بەوەدەدات، مانەوەی کورد لەچوارچێوەی ئێراندا لەبەرژەوەندی گەلی کورددایە.

**هاوڵاتی**: وەک لەپەیامێکدا راتانگەیاندوە، کە لە چەند رۆژی رابردوودا، کۆنگرەی چواردەمینی کۆمەڵەتان بەست، ئایا کۆنگرە هیچ ئاڵوگۆڕیکی بە سەر سیاسەتو بەرنامەی کۆمەڵەدا هێناوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: کۆنگرە ئاڵوگۆڕێکی لە ستراتیژو بەرنامەی کومەڵەدا پێکنەهێنا، بەڵام کۆمەڵێک باسی سیاسی گرنگی تێدا هاتەگۆڕێ، کە تاڕادەیەک لە راگەیاندنی کۆتاییدا رەنگی داوەتەوەو بەمزووانەش لە چوارچێوەی راپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندیدا بڵاو دەبێتەوە. ئەم باسانەش پەیوەندیان بە هەلو مەرجی سیاسی ئێستای ئێرانو کوردستانو رووداوەکانی یەک ساڵی رابردووی ئێرانەوە بوو. کاری ئەساسی کۆنگرە دارشتنی سیاسەتو تاکتیکی دەورەی داهاتوومان بوو

بەرامبەر بەم هەلو مەرجە نوێیە، کە لە ئێراندا هاتووەتە کایەوە.

**هاوڵاتی**: لەراگەیاندنەکەدا هاتووە، کۆنگرە بەسرودی ئەنتەرناسیۆناڵ دەستی پێکرد، دیارە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵە وەک رێکخراوێکی کۆمۆنیستی دەمێنێتەوەو بەردەوام دەبێت، ئەمە لەکاتێکدایە جیهان لەبەرژەوەندی فکری سوسیالیستی کۆمۆنیستی لەئاڵوگۆردا نییەو بڕوابوون بە کۆمۆنیست بوون، تارادەیەکی زۆر کەمبوونەتەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئایا مانای ئەوەی کە جیهان لە بەرژەوەندی فکری سۆسیالیستی دا لە ئاڵوگۆڕدا نییە مانای ئەوەیە، کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو جیهانە بەم هەلومەرجەی کە تێیدا دەژین رازین؟ ئەگەروانییە بەدیل بۆ ئاڵوگۆڕ لە ژیانی کۆمەڵگای بەشەریدا چییە؟ بۆ دەرباز بوون لەو نەهامەتییانەی کە نیزامی سەرمایەداری بووەتە هۆکاری مانەوەیان، چ بەدیلێک لە لایەن کام لە رەوتە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانی سەردەمی ئێمە هاتۆتە گۆڕێ؟ ئایا بۆ نموونە سۆسیال دێمۆکراتەکان رێگایەکی جیاواز لەوەی کە ئێستا بەرێوە دەچێ لە بەردەم بەشەردا دادەنێن؟ خۆ دەبینین هەمویان بەرنامەکانی لە رووی دەستی باڵی راستی سەرمایەداری جیهانی کۆپی دەکەن . ئایا ئیسلامیەکان بە توندڕەو میانەڕەویشیانەوە کلیلی دەرگای رزگاری بەشەریان بە دەستەوەیە؟ کۆماری ئیسلامی؟ سودان؟ ئەفغانستان؟ ناسیونالیستەکانی ناو بزوتنەوە نەتەوایەتییەکان هەیانە؟ ئایا تەنانەت ئۆپۆزسیونی لیبرال لەوڵاتانی جۆراجۆر پرۆژەیەکی جیاوازییان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ئابوری وڵاتەکانیان، غەیری ئەوەی لیبرالەکان بە کردەیی بەڕێوەی دەبەن؟وەڵامی هەموو ئەو پرسارانە روونە.هەروەها ئایا کاتێک هاوسەنگی هێز لە شوێنێک یا لە هەموو جیهان لە بەرژەوەندی ئێمەدا نەبوو دەبێ بەرانبەر بە ئەمری واقع سەر دانەوێنین یان دەبێ هەوڵبدەین رێگا بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە بدۆزینەوە؟ گۆڕانکارییەکانی ژیانی بەشەر هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا ئەو کەسانە کردویانە کە تەسلیمی وەزعی مەوجود نەبون. فەرموو هەر ئێستا بڕوانە هەلو مەرجی قەیراناوی سیاسیو ئابووری وڵاتانێک وەکو یۆنان، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، فەرەنسا، بزانە لەگەڵ قەیرانەکانیان چۆن هەڵسوکەوت دەکەن. سیاسەتێکی ئابووری کە گرتویانەتە بەر قوڵایی ژیانی چینی کرێکارو خەڵکی هەژارو کەم داهاتی کردۆتە ئامانج. کۆبوونەوەی وڵاتانی گروپی ٨ و گروپی ٢٠ کە ئەمساڵ لە کەنەدا بەڕێوەچوو چ رێگا چارەیەکی لە بەردەم قەیرانو لە بەردەم هەلومەرجێکی دژواری ژیان کە بە بۆنەی ئەم قەیرانەوە خولقاوە داناوە. ئەوە وەزعەکەیە لەوڵاتانی پیشکەوتوو، لەوڵاتانی دواکەوتوو ژیان بۆ زۆربەی هەرەزۆری خەڵک هەموی هەر کارەساتە، بەڵایەک کە سەرمایەداری خەریکە بە سەر ژینگەی ئینسانی دێنێ، نیزامی سەرمایەداری چ رێگا چارەیەکی بۆی هەیە؟ ئاشکرایە کە دەوڵەتانی سەرمایەداری ناتوانن ئەو ئەزمەیە بە بێ کاردانەوەی سیاسی تێپەڕ بکەنو ئەو کاردانەوەیە بێگومان لە ساڵحی دەوڵەتەکان نابێ. هەلو مەرجی عەینی بۆ شۆڕشی سوسیالیستی لە زۆربەی وڵاتانی سەرمایەداری ئامادەیە. بەڵام هەلو مەرجی زیهنی ئامادە نییە. چینی کرێکار لە رووی هۆشیاری سیاسیەوە، لە رووی رێکخستنەوە هێشتا

ئەو ئامادەییەی بۆ شۆڕشی سوسیالیستی تێدا پێک نەهاتووە، کەوایە گەلێک ئاساییە کە ئێمە ستراتیژی سیاسی خۆمان لەسەر ئەساسی هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئەو ئامادەییە دابمەزرێنین.

ئاڵوگۆڕەکانی ئەمڕۆی جیهان، نەک هەر ئێمە بەرەو دوورکەوتنەوە لەو ڕێگەیە نابات بەڵکوو بە پێچەوانە توندوتۆڵتر بەم ڕێبازەوە گرێمان دەدات. ئەوە ڕاستە کە ئێستا هاوسەنگی هێز لە ئاستی جیهانیداو لە ئاستی ناوچەیی ئێرانیدا لە بەرژەوەندی ئەو ڕەوتە دا نییە، بەڵام ئەو هاوسەنگییە دەگۆڕێ، دەتوانێت بگۆردرێت.

**هاوڵاتی**: لەبەشێکی تری ڕاگەیاندنەکەتاندا لەمەڕ وەزعی ئێستا ئێران دەڵێن ریفۆرم خوازەکانی حکومەتیو لیبراڵەکانی سکۆلار،وەکو هێزی زەخیرەی بورژوازی ئێران بۆ کونترۆڵکردنی هەر حەرەکەتێکی ڕادیکاڵ لە کەمیندا دەبن. ئەوان هەوڵدەدەن بە ترساندنی خەڵک لە شۆڕش لە ناو توێژەکانی محافزەکاری کۆمەڵگادا بۆ خۆیان هێز کۆبکەنەوە، ئایا مەبەست لەم بۆ چوونەتان ڕەتکردنەوەی ئەو هەوڵانەیە، کە ئێستا لەناو ئێراندا بەناوی ئیسلاحیەکانەوە دەناسرێنەوە،واتە ئێوە یان شۆڕشی سۆسیالیستیتان ئەوێت، یان بەهیچ گۆڕانکارییەکی تر ڕازی نابن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: پێویستە ئەوە بزانین ئەو حەرەکەتەی کە ئەمڕۆ لە دژی کۆماری ئیسلامی لە ئارادایەو لە مانگی گوڵانی ساڵی ڕابوردووەوە دەستی پێکرد، تەنیا ماوەیەکی کورت لەژێر کۆنترۆڵی ریفورمخوازانی ناوخۆی ڕژێمی ئیسلامی دا مایەوەو زۆر زوو لە چوارچێوەی دروشمو داخوازی ئەوان تێپەڕ بوو. ئامانجی ئەوان چاکسازی لە ڕژێمی ئیسلامی دایە، لەڕێگەی یاسای بنەڕەتی ئێستای ئێراندا، ئەوان دەیانەوێ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە قەیران دەرباز بکەن، بەڵام ئامانجی زۆربەی ئەو خەڵکەی ڕژابونە سەر شەقام ڕزگاربون لە دەست کۆماری ئیسلامیە، ئەو ڕاستیە بە ڕوونی لە دروشمەکانی جەماوەردا ڕەنگی داوەتەوە. دوای کەمتر لە یەک حەوتوو دروشمەکانی جەماوەر ڕووی کردە هەموو دەزگای دەسەڵاتی ڕژێمو لە چوارچێوەی چاوەڕوانیو تەحەمولی ریفورمخوازەکان تێپەڕ بوو. لە ماوەی یەک ساڵی ڕابوردوودا ریفورمخوازەکان کە هەم لە ژێر فشاری باڵی دەسەلاتداردا بونو هەم لە ڕادیکاڵ بونەوەی خەباتی جەماوەری دەترسان بەردەوام لە پاشەکشەدابونو خەڵکیان بۆ هیچ حەرەکەیەک بانگەواز نەکردوە. بەڵام خەباتی جەماوەر لە دژی کۆماری ئیسلامی لە ژێر ڕێبەرایەتیو کونترۆڵی ریفورمخوازەکان هاتۆتە دەرێو هیشتا ڕێبەرایەتییەکی نوێشی پەیدا نەکردووە. ئەوە خۆی مەیدانی ململانێکی نوێی ناو کۆمەڵگای ئێرانە. ئێمە دەمانەوێ هەلومەرجێکی دیموکراتێک لە کۆمەڵگای ئێراندا بێتە کایەوە، کە تێیدا کرێکار ئازاد بێ ڕێکخراوی جەماوەری خۆی پێکبێنێ، یەکسانی ژنو پیاو دابین بێ، ئازادی ڕادەربڕینیو ڕێکخراو بونو چالاکی سیاسی، بەبێ هیچ شەرتو مەرجێک دابین بێ. ئێمە دڵنیاین لەوەی کە دابینبونیوەها هەلومەرجێک هەنگاو بە هەنگاو کۆمەڵگای ئێران بەرەو شۆڕشێکی سۆشیالیستی دەبات.



سەرچاوە
Serchawe

**هاوڵاتی**: هەندێک لە چاودێران لایانوایە ئاماژە سیاسیو ئابورییەکانی ناو ئێرانو جیهانیش ئەوەنیشان دەدەن، کە ئەگەری سەرهەڵدانی شۆڕشی سۆسیالیستی دورە، ئایا ئێوەوەک هێزێکی سیاسی بیرتان لەوە کردۆتەوە یان بەرنامەیەکتان هەیە، بۆچۆنیەتی خەباتکردنی دیموکراتیانە لە ئێستادا؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئێمە کە دەڵێین ستراتیژێکی سوسیالیستیمان هەیە، بە مانای ئەوەیە کە ئەو رێبازەی کە گرتوومانەتە بەر بۆ نزیک کردنەوەی کۆمەڵگا لە شۆڕشێکی سوسیالیستی پێویستە شێلگیرانە دەست بەرێت بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەی کە چارەسەر نەکراونو رێگرن لە سەر حەرەکەی کۆمەڵگا بەرەو سوشیالیسم. دیکتاتورییەتو سەرەڕۆیی دەسەڵات، یەک لەوانەیە. بۆ نموونە، بە بێ دیفاع لە مافی دیاریکردنی چارەنووس لە کوردستان، بەبێ هەوڵدان بۆ دابینبوونی بەکردەوەی ئەو مافە، بە بێ هەوڵدان بۆ پێکهاتنی هەلو مەرجێکی دیموکراتیک لە کۆمەڵگادا، کە تێیدا جەماوەری خەڵک لە کەشو هەوای ئازاددا مافەکانی خۆیان بناسنو خەباتی مەدەنیانەی بۆ بکەن، بەبێ هاندانو رێکخستنی خەباتی ژنان بۆ یەکسانیو دەیان بواری دیکە، ناتوانین قسەیەک لە ستراتیژی سۆسیالیستیو لە شۆڕشی سۆسیالیستی بکەین. بە بێ خەباتکردن بۆ پێکهاتنی هەلو مەرجی دیموکراتیک ناتوانین لە شۆڕشی سۆسیالیستی نزیک ببینەوە. کەوایە ئێمە خۆمان بەتێکۆشەرێکی جیدی لە پێناوی دابینبونی ئازادی لە کۆمەڵگای ئێران دەزانینو لامانوایە لیبراڵەکان ئەگەرچی قسە لە سەر جۆرێک لە دیموکراسی بەرتەسک دەکەن، بەڵام لە کردەوەدا بەوەش وەفادار نامێننەوە چونکە دەزانن هەلومەرجی دیموکراتێک لە کۆمەڵگادا ئێران بەرەو شۆڕشێک دەبات، کە ئەوان ناتوانن نە تەحمولی بکەنو نە کونترۆڵی بکەن.

**هاوڵاتی**: بەڕای ئێوە کورد لە ئێراندا داوای چی بکات، جیابوونەوە یان پێکەوە ژیان لەگەڵ نەتەوەکانی تردا، ئایا کۆمەڵە تاچەندە وەفادارە بەرامبەر دروشمی دێرینەی مافی چارەی خۆنوسین؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئێمە وەکوو هەمیشە لەسەر دابینبوونی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ خەڵکی کوردستان پێ دادەگرینو لامانوایە پێویستە هەم خەباتی ئازادیخوازانەی سەراسەری ئەو دروشمەی هەبێتو بە بێ هیچ شەرتو مەرجێک لە ریزەکانی ئەو خەباتەدا بسەلمێندرێتو هەم لە کوردستان خەباتی لێبڕاوانەی بۆ بکەوێتە رێ. دوای ئەوەی لەم بابەتەوە هیچ ناڕوونییەک نەما، ئێمە لامانوایە مانەوەی خەڵکی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا بەقازانجی خەڵکی کوردستانە. بەڵام تەنیا بەجێکەوتنی خەبات بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسە، بە تەئکید لە سەر مافی جیابونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ ئەوجار دەتوانین قسە لە یەکگرتوویی دڵخوازانەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ باقی شوێنەکانی ئێران بکەین.

**هاوڵاتی**: تاچەندە بڕوات بەوەهەیە کێشەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل و ئەمریکا بگاتە رادەی پەلاماردانی سەربازی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەگەری لێدانی سەربازی لە کۆماری ئیسلامی ناکرێت بە تەواوی رەتبکرێتەوە، بەڵام هەموو نیشانەکانو لێکدانەوەیەکی واقع بینانە ئەوەمان پێ دەڵێن، کەوەها ئەگەرێک نزیک نییە. ئەوە راستە کە دەوڵەتانی رۆژئاوا رێگا نادەن بە ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ببێت بە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، بەڵام بەرەو پێشبردنی ئەم سیاسەتە لە رێگای پەلاماری سەربازییەوە، نەک هەر کێشەکانی رۆژئاوا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی چارەسەر ناکات، بەڵکوو ئاڵۆزتریان دەکات. نەک هەر نابێت بە هۆکاری رووخانی کۆماری ئیسلامی بەڵکوو تەمەنی درێژتر دەکاتەوە. ئێستا دەوڵەتانی گەورەی جیهان سیاسەتی ئابلۆقەی ئابوورییان لە دژی کۆماری ئیسلامی گرتووەتە بەر، ئەگەرچی بەرپرسانی رژێمی ئێران ئیدیعا دەکەن کە سزاکانی ئابووری کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە، بە پێچەوانەوە هەر لە ئێستاوە کاردانەوەی ئەم ئابلۆقەیە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دەردەکەوێت. ژمارەیەکی زۆر لە بانکەکانی نێودەوڵەتی خۆیان لە هەر چەشنە تەعامولێک لەگەڵ ئێران دەپارێزن. زۆربەی بەرهەمەکانی پیشەسازی وڵاتانی رۆژئاواو بە تایبەت ئەو دامەزراوانەی کە سەر بە کۆمپانیا ئەمریکییەکانن، هەناردەکانیان بۆ ئێران قەدەغە کراوە. سەرمایەگوزاری لە بەشەکانی نەوتو گازی ئێران راگیراوە. گەلێک کارخانەو کارگە یەک لە دوای یەک دادەخرێنو کرێکارەکانی بێکار دەکرێن. ئەمانە هەمووی ئەو راستییە دەردەخەن، کە فشاری ئابووری دەوڵەتانی رۆژئاوا کاریگەریی هەبوو، ئەوان تا کاتێک بتوانن لەو رێگەیەوە رژێمی ئێران بخەنە ژێر فشارەوە هەر ئەوە درێژە پێدەدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی - رێکەوتی: ٢٩ی ئاگۆستی ٢٠١٠

------------------------------------------

## کوماری ئیسلامی توشی چەندین قەیرانی چارە هەڵنەگرە.



**دیمانەی ئینتەرنێتی: فەرەیدون بێوار**

**فەرەیدون: ئەو گۆڕانکاری و شەپۆلی خۆپیشاندان و شۆڕشە جەماوەریانەی کە لە سەرەتای ساڵەوە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی گرتۆتەوە، ئایا پێشبینی دەکەیت بەم نزیکانەش لە ئێران خۆپیشاندان و شۆڕشی جەماوەری دژی ڕژێمی ئێران بێتە ئاراوە و ڕژێمەکە بروخێت؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە**: کوماری ئیسلامی توشی چەندین قەیرانی چارە هەڵنەگرە. ئابوری ئێران تووشی ئیفلاس بووە و زۆربەی ناوەندەکانی بەرهەمهێنان، ئەگەر دانەخرابن بە نیوەی زەرفیەتی خۆیان ئیش دەکەن. ئەم دیاردەیە بێکارییەکی بە لێشاوی بەشوێندا هاتووە. هەروەها توشی قەیرانی ناوخۆیی دەسەڵاتە، ریفورمخوازەکانیان لە دەسەڵات دەرکرد، بەڵام موحافیزەکارەکان نەیانتوانی یەکگرتووی ریزەکانی خۆیان بپاریزن. توشی قەیرانی سیاسیە، واتە کەوتووەتە بەردەم نارەزایەتییەکی بەرینی جەماوەری، بۆ نموونە دو ساڵ لەمەوبەر بە ملیۆنان خەڵک رژانە سەر شەقامەکان و تەنیا بە سەرکوت و کوشت و برِ توانی پاشەکشەیان پێبکات. توشی قەیرانی نێودەوڵەتییە و لە ژێر گۆشاری دەوڵەتانی رۆژئاوا و بە تایبەت ئامریکا دایە. رژێمێک بەم هەمووە کێشە و گیروگرفتەوە، لە حاڵێکدا کە هیچ پێگەیەکی کۆمەڵایەتیشی بۆ نەمابێتەوە و توانای هیچ چەشنە ریفورمێکی ئابوریشی لە ژیانی خەڵکدا نەبێت و جەسارەتی هیچ چەشنە رفورمێکی سیاسیشی نەبیت، چۆن لەم هەمووە کێشەیە دەرباز دەبێت. ئەویش لە کاتێکدا کە سەرهەڵدان و خەبات و شۆڕش سەرتاسەری ناوچەکەشی گرتبێتەوە. لەم ناوەدا پێویستە ئاماژە بە کاریگەری چارەنووسی دەوڵەتی سوریا لەسەر کۆماری ئیسلامی بکەم. بە روخانی دەوڵەتی سوریا یەکێک لە کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا دەروخێت. دەستی کۆماری ئیسلامی تا رادەیەکی زۆر لە کێشەکانی ناوچەکە و لە لوبنان و فەلەستین کورت دەبێتەوە. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی گەلێک بە چارەنوسی دەوڵەتی سوریاوە ماندووە.



سەرچاوە
Serchawe

**فەرەیدون:** ڕێگر چیە بۆ وەها سەرهەڵدانێک لە ئێران؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** دوو هۆکاری سەرەکی ئەم سەرهەڵدانەیان دوا خستووە یان ئەتوانم بڵێم دوای دەخەن: یەکەم، دیکتاتۆرییەتێکی بێ سنووری ڕژێمێکی مەزهەبی کە لە هیچ تاوانێک دەست ناپارێزێت. دووهەم، ئەوەی کە جەماوەری خەڵک هێشتا نازانن دوای ڕوخانی ئەو ڕژێمە چ بارودۆخێک دێتە ئاراوە. ئۆپۆزسیۆنی لیبراڵ و ئۆپۆزسیۆنی چەپ وەکو دوو ڕەوتی سەرەکی دژ بە ڕژێم هیچ کامیان نەیانتوانیوە بە قەدەر پێویست وەکو بەدیلێک متمانە و سەرنجی جەماوەر بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن. هەر چەندە ئەم هۆکارانە دەتوانن نەمێنن. لە قوناغی ئێستادا تاکتیکی مانگرتنی گشتی دەتوانێ لە ئامادە کردنی جەماوەری خەڵک بۆ بەرەو ڕوبونەوەی یەکلایی کەرەوە لەگەڵ ڕژێم دەور ببینێ.

**فەرەیدون:** تێبینی ئەوە دەکرێ کە حزبە کوردییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەماهەنگ و یەکهەڵوێست نین و گوتارێکی یەکگرتووتان نییە، بۆچی تاوەکو ئێستا پارتە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات خۆیان ڕێک و یەکنەخستووە بۆ ئامادەکردنی شۆڕش لە ئێران بە تایبەتی لە بەشە کوردستانییەکەی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** کێشەی ناو حیزبە سیاسیەکانی کوردستان لەسەر ئەوە نییە کە هەرکامەیان لە چارەنووسی پرسی کورد چ پرۆژە و بەرنامەیەکیان هەیە، هەرچەند دیارە لەم بابەتەشەوە جیاوازیەکان کەم نین. بەڵکو کێشە ئەوەیە کە هەرکامەیان چ ڕێبازێک بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەگرنەبەر، جا دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، فیدرالی، خودموختاری، یان هەر شتێکی دیکە بێت. جیاوازیەکان بەر لەوەی کە لە ئامانجدا دەرکەوێت لەو ڕێبازەدا بەدی دەکرێت.
هۆکاری ئەو یەکنەگرتنەوە، ئەوندەی بۆ لایەنی ئێمە هەڵدەگەڕێتەوە ئەو جیاوازییەیە. لایەنە کوردیەکان هەر کام بە پێی سیاسەت و بەرژەوەندی خۆیان بە شوێن هاوپەیمانی تایبەتی خۆیان لە ئاستی ئێراندان و ئەوەندەی کە بیر لەو هاپەیمانییە دەکەنەوە ئەوەندە لە خەمی یەکخستنی ڕیزەکانی خەباتی گەلی کورد بەرانبەر بە دەوڵەتی ئێران، نین .

**فەرەیدون:** ڕەخنەی ئەوە لە ئێوە (مەبەستم تەواوی حزبەکانە) دەگیرێت کە تاوەکو ئێستا پرۆژەیەکتان بۆ ئێرانی داهاتوو، واتە ئێرانی دوای ڕژێمی ئیسلامی پێنییە، تەنانەت پرۆژەیەکی یەکگرتووتان بۆ چۆنییەتی چارەسەر کردنی پرسی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات نییە، بۆچی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بۆ ئێرانی داهاتووش ئاسۆی جیاواز لە ناو حیزبە سیاسیەکانی کوردستاندا هەیە. هەر ئەو جیاوازییە کاریگەری داناوە لەسەر پەیوەندیەکانی نێوانیان. لە دوو ساڵی ڕابردوودا کە ڕیفۆرمخوازەکانی ناو حکومەت کەوتنە دژایەتی دەسەڵات لە ئێران، ژمارەیەک لە حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران بە کردەوە چوونە پاڵ ڕیفۆرمخوازەکان کە

لە بەرەیەک بە ناوی رەوتی سەوزدا کۆ بووبوونەوە. لە حاڵێکدا ئێمە لامان وابوو کە ئەم مەسەلەیە لە ناوەرۆکی خۆیدا هەوڵدانە بۆ دەرباز کردنی حکومەتی ئیسلامی لە قەیرانێک کە توشی بووە. ئەم سیاسەتەی کە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان گرتویانەتەبەر نەک بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی ئێران بۆ پێشەوە نابات، بەڵکو هەنگاوێک بەرەو دواوەی دەکشێنێتەوە. ریفۆرمخوازەکان هیچ لایەکیان لە حیزبە کوردییەکان نەکردەوە، لە راستیدا ئەوەی کە حیزبە کوردییەکان بە شوێنیدا رۆییشتن خۆشەویستێکی یەکلایەنە بوو. دیارە ئەم رادەیە لە جیاوازی رێگرە لەوەی کە ئەم حیزبانە لە بەرەیەکدا لە دەوری یەک کۆببنەوە .

**فەرەیدون**: ئێوە، یاخود حزبە کوردستانییەکان لەگەڵ حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران، بەتایبەتی موجاهیدینی خەلق پەیوەندیتان چۆنە و دید و بۆچوونی ئەوان سەبارەت بە ماف و پرسی کورد چۆنە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئێمە هیچ پەیوەندیەکمان لەگەڵ رێکخراوی موجاهیدینی خەڵک نیە. حیزبە سیاسیەکانی کوردستان هەر کامەیان بە پێی هەڵویست و بۆچوون و رێبازێک کە گرتویانەتە بەر، هاوپەیمانەکانی خۆیان لە ئاستی سەرتاسەری ئێراندا هەڵبژاردوە. ئێمە خۆمان لە بەرەی چەپ و سۆسیالیستی ئۆپۆزسیۆنی ئێراندا دەبینینەوە. لە حاڵێکدا حیزبە سیاسیەکانی دیکەی کوردستان هاوپەیمانانی خۆیان لە ناو رێکخراوگەلێک وەکو کۆماریخوازان و مەلەکییەکان و تودە و زۆرینەدا دەبیننەوە.

روانگە و بۆچونی ئۆپۆزسیۆنی لیبراڵی ئێران، لەوەی کە پرۆژەی فیدراڵیان بۆ داهاتووی ئێران لە حیزبەکانی کوردستان سەلماندووە، لە ئەساسدا ریشەی لە ناسیۆنالیزمی ئێرانیدایە. ئەوان دڵیان بۆ ئەوە ناسوتێ کە نەتەوەی کورد لە ئێران ستەمی لێدەکرێت، ئەوان بە شوێن پرۆژیەکەوەن کە یەکگرتوویی خاکی ئێرانی پێبپارێزن. کە هەر لەم سەرەتایەوە و لە حاڵێکدا هیچ دەستێکیشیان لە دەسەڵاتدا نیە، ئەم بۆچونە لە پەسەند کردنی وەها پرۆژەیەک هاندەریان بێت، ئاخۆ کاتێک ئارتەش و زیندان و ئابووری و یاسایان بە دەستەوە بێت، چون لەگەڵ کوردەکان هەڵسوکەوت دەکەن؟

**فەرەیدون**: ئایا ئێوە لەگەڵ گۆڕین و رووخاندنی رژێمی ئاخوندی ئێراندان، یان لەگەڵ چاکسازی و گۆڕانکاری دان؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: دیارە ئیمە لەگەڵ گۆڕین و روخاندنی رژێمی کۆماری ئیسلامی داین و بۆ وەها ئامانجێک تێدەکۆشین. بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری و ریفۆرم لە چوارچێوەی ئەم سیستەمەشدا هەوڵنەدەین. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە ئەم رژێمە مادام زەختی جەماوەری بەسەرەوە نەبێت بەرانبەر بە داخوازیەکانی جەماوەر پاشەکشە

ناکات و هیچ مافێک بە رەسمی ناناسێت. هەوڵدان بۆ پێکهێنانی هاوسەنگیەکی وەها کە رژێم ناچار بکات هەندێک لە داخوازیەکانی خەڵک بسەلمێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا کە بارێک لەسەر شانی خەڵک سوک دەکات، بەکردەوە هەنگاوێکیش لە روخاندنی ئەو رژێمە نزیکمان دەکاتەوە. ئەوە بە واتای ئەوە نیە کە ناوەرۆکی ئەو رژێمە گۆڕاوە، بەڵکو بە واتای پاشەکشەی دیاری کراوە بەرانبەر بە زەختی خەباتی جەماوەری، ئەوە تەنیا دەتوانێ بەرهەمی هاوسەنگی هیز بێت، نەک هیچ چەشنە خۆشباوەڕییەک. ئەو هەڵوێستە هەم بەرژەوندی ئەمرۆی جەماوەری لەبەرچاوە و هەم ئاسۆی رزگاری دوارۆژیان.

**فەرەیدون**: بەرای ئێوە چارەسەری پرسی کورد لە ئێران چۆن دەکرێ، بە سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردی، یان ئۆتۆنۆمی یان سیستەمی فیدراڵی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: چارەسەری پرسی کورد لە ئێران پەیوەندی هەیە بەوەی کە چی رژێمێک لە تاران لەسەر کار بێت. ئێمە لە رژێمێکی هاوچەشنی رژێمی پاشایەتی پێشوو یان رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێستا چاوەڕوانی ئەوە ناکەین کە بە دڵخوازی خۆی مافە سەرەتایەکانی خەڵکی ستەملێکراوی کورد بەرەسمی بناسێ و بەکردەوە پێیانەوە پابەند بێت. هەر بۆیە لامانوایە پێویستە شان بە شانی کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوە و ستەملێکراوی ئێران بۆ روخاندنی ئەو رژێمە و هێنانە سەرکاری رژێمێک کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ خەڵکی کورد، واتە مافی جیا بوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بە رەسمی بناسێت. کاتێک کە بە هۆی وەها هەڵوێستێکی حکومەتی مەرکەزی هیچ رێگرییەکی سەربازی، ئابووری، سیاسی، نێودەوڵەتی، لەسەر رێگای پێکهینانی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ خەڵک کوردستان نەما، ئەو کات ئێمە و هەموو خەڵکی کورد بە شێوەیەکی کۆنکرێت بارودوخەکە هەڵدەسەنگێنین و بڕیاری جیا بوونەوە، یان مانەوەی دڵخوازانە لە چوارچێوەی ئێراندا دەدەین و زەمانەتی پێویست بۆ پاراستنی مافی گەلی کورد وەردەگرین.

**فەرەیدون**: حزبە کوردستانییەکانی رۆژهەلات چالاکی سەربازیتان کەمە یان نییە، ئایا حکومەتی هەرێم رێگاتان پێنادات، یان خۆتان کەم چالاکن یان باوەڕتان بە چالاکی هێز و سەربازی نەماوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: دیارە ماوەی چەندین ساڵە بەهۆی بارودۆخی سیاسی لە ئێران و لە کوردستانی عێراق، ئەو هێزە بەپێی سیاسەتێکی دیاریکراو چالاکییەکی راستەوخۆی پێشمەرگانەی لە دژی هێزەکانی رژێم بەڕێوە نەبردووە، بەڵام بەردوام خۆی لەگەڵ رژێمی ئیسلامیدا لەحاڵی شەڕدا دیوە و هەرگیز بەم هۆیەوە دەور و جێگای خەباتی چەکداری لە ناو ستراتیژی ئێمەدا نەچۆتە ژێر پرسیار، بە پێچەوانەوە پاراستنی نەریتی ئەو شێوەیە لەخەبات هەتا هاتووە حەقانیەت و پێویستی خۆی زیاتر نیشان داوە. ئەگەر ئەمرۆ لەکوردستان کەسانێک هەن کە جێگا و شوێنی خۆیان لە ناو ریزی



سەرچاوە
Serchawe

ریفۆرمخوازانی حکومەتی ئیسلامیدا دەبیننەوە و هەوڵدەدەن لە ناو کەلێن و کەلەبەرەکانی لایەنگرانی بە دەسەڵات و بێدەسەلاتی ئەو حکومەتەدا جێگایەک بۆ خۆیان بدۆزنەوە، ئەوانەی پشت لە رابردووی پڕ لە شانازی هێزی پێشمەرگە دەکەن و تۆوی راڕایی و بێ باوەڕی بە رێبازی خەباتی پێشمەرگانە لە ناو جەماوەردا بڵاو دەکەنەوە، ئەوانەی وا دەنوێنن کە گویا سەردەمی دیالۆگ و گفتوگۆی شارستانیانەیە و وەلانانی توندوتیژییە لە خەباتی سیاسیدا، لەحاڵێکدا کە دوژمنانی ئازادی، خەڵکی کوردستان لە سەر سەرکوت و داپلۆسین و زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدامی تێکۆشەرانی سیاسی بەردەوامن و بە زەبری چەک حوکمی خۆیان بە سەر خەڵکدا دەسەپێنن، ئەوە مافی بێ ئەملاو ئەولای خەڵکی کوردە کە بۆ دیفاع لە مافە سەرەتاییەکانی خۆی، بۆ پاراستنی حورمەت و شەرافەتی خۆی، دەست بۆ چەکیش ببات وەکو ئامرازێکی خەباتی سیاسی.

بەڵام ئەوەیکە ئەم هێزە لە چ سەردەمێک، لە چ ئاستێک و لە کام ناوچەی جوغرافی دیاریکراو لە کوردستان چالاکی چەکدارانەی خۆی رێکدەخات، کارێکی کۆنکرێتە کە پەیوەندی بەلێکدانەوەی ئێمە لە بارودۆخەکەدا هەیە. لە هەلومەرجی ئێستادا ئەولەوییەت بۆ ئێمە خوڵقاندنی کەش و هەوایەکە کە خەڵکی کوردستان بتوانن لە رێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵی مەدەنی جۆراوجۆردا لە دەوری یەکتر کۆببنەوە و لە پێناوی باشتر کردنی بارودۆخی ژیانی خۆیان و بردنەسەری وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتیاندا کەڵک لەو دامەزراوانە وەربگرن. خەباتی چەکدارانەی ئێمەش لە کاتی گونجاوی خۆیدا لە خزمەت خێراتر کردنی ئەم رەوتە و ئاسانکاری بۆ سەرکەوتندا دەبێ.

**فەرەیدون: پەیوەندیتان لەگەڵ ئەمریکادا چۆنە، ئایا بەم نزیکانە دیالۆگتان لەگەڵ ئەمریکا کردووە سەبارەت بەم رەوشە، یاخود تۆ پێتوایە ئەمریکا یارمەتی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران دەدات بۆ ئەوەی شۆڕش لە ئێران بێتە ئاراوە و ئەو رژێمە بروخێت؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئێمە هیچ پەیوەندیەکمان بە ئامریکاوە نیە. وەها پێوەندییەک بە قانجی خەباتی ئەمرۆی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ ئازادی نازانین. لامانوایە کە پەیوەندی ئامریکا لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی کورد لەئێران ئیستاشی لەگەڵبێ تەنیا پەیوەندییەک بووە لە ئاستی هەواڵگری و لە چوارچێوەی رێکخراوەکانی هەواڵگریدا. دەوڵەتی ئامریکا هێشتا نەگەیشتوەتە ئەو قەناعەتەی کە بە کارتی کورد لە کوردستانی ئێران دژ بە کۆماری ئیسلامی کایە بکات. لامولیە کە هیچ چەشنە یارمەتییەکی جیدیش لە لایەن ئامریکاوە بە حیزبە سیاسیەکانی کوردی ئێرانی نەدراوە. ئەوەی کە ئایا لە داهاتوودا ئامریکا ئەم سیاسەتەی خۆی دەگۆڕێ، لە ئیستاوە روون نیە، بەڵام ئەگەر چاو لە هەڵوێستی ئامریکا بەرانبەر بە مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بە گشتی بکەین، ئەم راستیەمان بۆ دەردەکەوێ کە دەوڵەتی ئامریکا سیاسەتێکی بە پارێزەوەی بەرانبەر بە کێشەی کورد گرتۆتەبەر و ئەوەندەی کە راگرتنی دڵی دەوڵەتەکانی ناوەندی و بەرژەوەندییەکانی خۆی لەو وڵاتانەی کە کوردەکان تێیدا دەژێن، مەبەستە، هەرگیز ئەوەندە ئاوڕی

لە مەسەلەی کورد نەداوەتەوە. هەر بۆیە ئامریکا ئەگەریش رۆژێک لە رۆژان خوازیاری روخاندنی رژێمی ئێران بێت، نایەوێ ئەم رووداوە لە ئاکامی شۆڕشێکی بەرینی کۆمەڵایەتی بێتە کایەوە کە خەڵکی کوردیش تێیدا دەور ببینێ.

**فەرەیدون**: سەرکردەیەکی کوردی رۆژهەلات دەڵێت: ئیتلاعاتی ئێران خۆی خزاندۆتەوە ناو حزبە کوردییەکانی رۆژهەڵاتەوە، ئەمەشە وایکردووە کە حزبە کوردییەکان پێکەوە ناکۆک بن، رای تۆ لەمبارەیەوە چییە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ناکۆکی ناو حیزبە کوردییەکان هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە کە ئیتلاعاتی ئێران چەندە کاری سیخوری لە ناویاندا بەرێوە دەبات. دەزگای ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لەم بابەتەوە فروفیشاڵەکانی لەگەڵ واقعیەتەکان نایەنەوە. ئەو دەزگایە ئەگەر ئەوەندە بەهێز بوایە، پێویستی بەوە نەدەبوو کە تەبلیغات بە شانوگەری لەچەشنی، "ئەڵماسی فریو" بکات و یان خۆی بەوە رابنێت کە چەند کارێکی سیخوری لە ناو ئەم یان ئەو حیزبی ئۆپۆزسیۆندا کردوەو. ئەمجۆرە خۆرانانە پێش ئەوەی کە نیشانەی هێز و دەسەڵاتی دەزگاکانی ئیتلاعاتی رژێم بن، نیشانەی لاواز بونێکە کە دەیهەوێ لەم رێگەیەوە بیشارێتەوە .

**فەرەیدون**: لە دوای ٢٠٠٣وە زۆرترین ئینشیقاق لەناو حزبە کوردییەکان روویداوە، بەتایبەتی حزبەکانی کوردستانی رۆژهەڵات، تۆ هۆکارەکەی بۆچی دەگەرێنیتەوە، پێتوایە دەستێکی دیاری دەرەکی هەیە، یان خۆتان لەسەر پۆست و دەسەڵات و سامان ناکۆکن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بە بڕوای من بۆ ناسینی هۆکاری سەرەکی جیابوونەوە و ئینشیقاق لە ناو حیزبە سیاسیەکانی کوردستاندا، پێش ئەوەی کە بچینە سۆراغی دەستی دەرەکی یان خود کێشە لەسەر پۆست و دەسەڵات و سامان، ئەوانە لەوانەیە گۆشەگەلێک لە واقعیەتەکەمان پێ نیشان بدەن، بەڵام هەمووی تەوزیح نادەن، پێویستە بچینە ناوەرۆکی سیاسی کێشەکانیانەوە. ئەگەر تەنانەت کێشەیەکیش لەسەر پۆست و دەسەڵات هەبێت، لە ناوەرۆکی خۆیدا سەرچاوەیەکی سیاسی هەیە. ئەم ئینشیقاقانە یان راستەوخۆ بە هۆی جیاوازی بیروڕا، سیاسەت، ستراتیژ و ئامانج روویانداوە، یان ناراستەوخۆ لەژێر کاریگەری شکست و پاشەکشە و ناکامی سیاسی هاتوونە ئاراوە. بۆ نمونە بە دڵنیاییەوە پێتان دەڵێم کە چی ئینشیقاق لە ناو ریزەکانی ئێمەدا روویداوە، بە روونی و بە شەفافی لە ئاکامی گۆڕانکاری لە بیروڕا و سیاسەت و ستراتیژی ئەو هاوڕییانەدا بووە کە هەستیان بەوە کردووە لە چوارچێوەی رەوتی ئێمەدا ناگونجێن و رێگەیەکی دیکەیان هەڵبژاردووە.

**فەرەیدون**: رەخنەی ئەوەتان لێدەگیرێت کە نەتانتوانیوە لەناو خودی ئێران و بەشە کوردستانییەکەی بەشێوەیەکی رێکخراو خەڵکی وشیار بکەنەوە، تەنانەت پچڕان لە نێوان ئێوە و جەماوەری کوردستان هەیە، ئێوە خەریکی چین؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەم هەڵسەنگاندنە لەگەڵ واقیعی سیاسی ئێستای کۆمەڵگای کوردستان نایەتەوە. پێوەندییەکی حاشاهەڵنەگر لە نێوان خەڵکی کوردستان و چالاکی حیزبی لە ئاستی جەماوەریدا هەیە. بەواتایەکی تر کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی حیزبییە و لە رووداوە سیاسیەکاندا بەوردی چاوی لە هەڵوێستی حیزبە سیاسیەکانییەتی. بۆ نمونە لە دوو ساڵی رابردوودا رەوتێک هەوڵیدا و ئیستاش هەوڵدەدات کە خەڵکی کورد بەرێتە پاڵ لایەنگری لە باڵێکی ناورژێم کە ئێستا لە دەسەڵات دورخراوەتەوە، لە هەمانکاتدا رەوتێکیتر کە لایەنی ئێمە بێت بە پێچەوانەوە هەوڵی داوە کە خەڵکی کورد لە وەها هەڵویست و رێبازێک بپارێزێ و تێیدا سەرکەوتوو بووە. ئەگەر جەرەیانی ئێمە واقیعێکی بەهێزی کۆمەڵایەتی نەبوایە نەیدەتوانی پێش بەم رەوتە بگرێت. با رووداوی مانگرتنی گشتی ٢٣ی گوڵانی ساڵی پارتان بیر بخەمەوە کە چلۆن کوردستان بۆ دەربرینی نارەزایی لە ئێعدامی پێنج رۆڵەی تێکۆشەر لە سەر داوای کۆمەڵە و رێکخراوەکانی تر، یەکپارچە مانی گرت. یان چەند ساڵ پێشتر لە ١٦ی گەلاوێژدا چلۆن مانگرتنێکی گشتی لەسەر داوای تەنیا کۆمەڵە سەرتاسەری کوردستانی داگرت. ئێمە رێکخراوێکین کە بە بەردەوامی لە جەرگەی ژیان و خەباتی خەڵکی کوردستاندا بە شێوازی جۆراوجۆردا حزورمان هەیە. ئەوەی کە لێرە دەیبینی تەنیا ویترینی ئەو رێکخراوەیە.

**فەرەیدون**: حزبە ئیسلامییەکانی هەرێمی کوردستان (کۆمەڵ و یەکگرتوو و بزوتنەوەی ئیسلامی) پەیوەندی بەهێز و مێژوویيان لەگەڵ حکومەتی ئێران هەیە، تۆ پێتوایە پەیوەندی ئەو حزبانە کاریگەری سلبی دەبێ لەسەر پرسی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات، رای تۆ لەمبارەیەوە چییە؟

**عەلیزادە**: هێزی ئیسلامی سیاسی لەکوردستانی ئێران، نە ئێرانی و نە عێراقییەکەی، خاوەنی هیچ پێگەیەکی کۆمەڵایەتی نیە. ئیسلامییەکانی کوردستانی عێراقیش نەک هەر نەیانتوانیوە سەرنجی خەڵکی کوردستانی ئێران بۆ لای خۆیان رابکێشن، بەڵکو گەلێک ناخۆشەویستیشن. ئەگەر رۆژێک لە رۆژان کۆماری ئیسلامی ئێران بیهەوێ ئەوانە لە دژی خەباتی خەڵکی کورد لە دیوی ئێران بە کار بێنێ، وەکو ئەوە دەبێ کە چەند سەد کەسێک بە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی زیاد بوو بێ، ئەوەش هیچ هاوسەنگییەک ناگۆڕێ. لە کوردستانی عێراقیش لە دە پازدە ساڵی رابردوودا نەماندیوە کە کۆماری ئیسلامی ئەو هیزانەی لە دژی ئێمە کە بنکە و بارەگامان لە هەرێمی کوردستاندا بووە، بە کار هێنابێ. بەڵام لە ساڵانی ٩٠ بزوتنەوەی ئیسلامی چەند پێشمەرگەیەکی حیزبی دیموکراتیان تەحویلی کۆماری ئیسلامی داوە، کە ئیعدام کران.



سەرچاوە
Serchawe

**فەرەیدون:** ماوەی دوو مانگ لە بەردەرکی سەرای سلێمانی خۆپیشاندان کرا، هاوشێوەی میسر نوێژی سیاسی کرا و اللەاکبر دەوترایەوە، باس لەوە دەکرێ کە حکومەتی ئێران لە رێگەی حزبە ئیسلامییەکانەوە هەوڵی تێکدانی رەوشی سیاسی هەرێمی کوردستان دەدات، رای ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بە بڕوای من ئەو خۆپیشاندان و حەرەکەتانە لە ئەساسدا هەڵقوڵاوی کێشەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بوون و هیچ پێوەندیەکییان بە دەست تێوەردانی دەرەکیەوە نەبوو. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی لە هیچ هەوڵێک بۆ زەربەلێدان لە خەباتی گەلی کورد، لە هەردوو لایەنی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات، لەهیچکام لەپارچەکانی کوردستان درێغی ناکات، بە دڵنیایەوە لێرەش هەوڵیداوە لە رێگەی دەزگا سیخوری و دەست و پێوەندەکانییەوە کاریگەری سلبی لە سەر رووداوەکان هەبێ. ئەوەی کە لە بەردەرکی سەرا لە جیاتی دروشمی دیاریکراو بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی، دروشمی اللەاکبر کە دروشمێکی ناسراوی سیاسییە و سەرچاوەی ئیلهامەکەی رژێمی ئیسلامی ئێرانە بەرز کرایەوە، لە لایەکەوە رێبەرانی کۆماری ئیسلامی خۆشحال کرد و لە لایەکی دیکەوە زەربەیەکی کوشندەی لە خەبات حوقخوازانەی خەڵکێکدا کە دلسۆزانە لە هەوڵی بەرەو پێشبردنی پرسی چاکسازی لە هەرێمی کوردستاندا بوون.

**فەرەیدون:** مەلا کرێکار دەڵێ: کۆمەڵی ئیسلامی پاشکۆ و سەر بە ئێرانە و لە لایەن ئێرانەوە هاوکاری مادی و مەعنەوی دەکرێ، ئایا ئێوە لەمڕووەوە بەڵگە و تێبینی و سەرنجتان هەیە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئێمە بەڵگەیەکمان لەم بابەتەوە نیە، بەڵام دەمێکە کۆماری ئیسلامی مەعنەویاتێکی نەماوە تا بڵێین لەم رێگەیەوە کاریگەری مەعنەوی لە سەر بزوتنەوەیەکی دیاریکراو دادەنێ، مەلاکان و ئایەتوڵاکان کە سەمبولی پاراستنی ناسنامەی ئیسلامی رژێمی ئێرانن لە ناوخۆی ئێراندا پەراوێز کەوتوون و تووشی پڕش و بڵاوی بوون. بۆ پاراستنی پێگەی خۆیان لە دەسەڵاتدا ناتوانن حیسابێکی ئەوتۆ بۆ نفوزی جەماوەری خۆیان بکەن. لە دەرەوەی ئێرانیش پێوەندییەکە لە ئەساسدا مادییە و لە چوارچێوەی بەرژەوەندی سیاسی ئەم هێز و ئەو هێزدا حیسابی بۆ دەکرێ. کۆماری ئیسلامی ئەو پەیوەندیانە لە کوردستانی عێراق و لە فەلەستین و تەنانەت لە لوبنانیش وەکو کارتی کایە بەکار دێنێ بۆ ئەوەی لە دابەش کردنی کاردا وەکو زلهێزێکی ناوچەیی حیسابی بۆ بکرێ.

ئەم دیمانەیە لە ژمارە (٦٩)ی رۆژنامەی (رووبەر)

لە رێکەوتی:(٢٨ - ٦ - ٢٠١١) بڵاوکراوەتەوە.

## لە پێوەندی لەگەڵ رووداى ٢٨ى گەلاوێژى ساڵى ١٣٥٨ى کوردستان



**دیمانەی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا**

گەلاڵەی هەشت خاڵیی شاری سنە لەژێر کاریگەری کۆمەڵەی کۆمۆنیستدا نووسراوە و لەوێدا هەم ویستە دێمۆکراتیکەکانی خەڵکی کوردستان وهەمیش مافی نەتەوایەتی لە شکڵی چارەی خۆنووسیندا هاتبووە بەرباس.
دیمانەی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا لەگەڵ سەید ئیبراهیم عەلیزادە، سکرتێری کۆمەڵە، شاخەی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ رووداى ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی کوردستان

**کوردپا**: مەبەستی ئێمە شیکردنەوەی لایەنی مێژووی فتوای خومەینی کە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی لێکەوتەوە نیە، بەڵکوو ئەوەیە کەلە دوای شۆڕشی ئێران و هەروەها لە رووداوی ٢٨ی گەلاوێژیشەوە بیر و بۆچوونی جیاوازی وەکوو چەپ، راست، لیبراڵ، نیمچە لیبراڵ و تەنانەت احزابی کومونیستیش حوزوریان هەبوو، هێزە سیاسیە ناسیۆنالیستەکان داواکاریان لە حکوومەت روون و شەفاف بوو، پرسیارەکە لێرە دایە ویست و داخوازی هێزە کۆمنیستەکان لەو کاتەدا چی بوو؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: مادەی هەشت خاڵیی شاری سنە لەژێر کاریگەری کۆمەڵەی کۆمۆنیستدا نووسراوە و لەوێدا هەم ویستە دێمۆکراتیکەکانی خەڵکی کوردستان و هەمیش مافی نەتەوایەتی لە شکڵی چارەی خۆنووسیندا هاتبووە بەرباس و رەوتی چەپ هەر لە سەرەتای شۆڕشدا هەستی بەوە کردبوو کە خەریکە دەستکەوتەکانی شۆڕش لەلایەن هێزە ئیسلامییەکانەوە قۆرخ دەکرێ و دەبێ بەرگری لەم کارە بکرێ، بەڵام لە کوردستان چونکە خەڵکەکە مەزهەبیان سوننە بوو نەکەوتبوونە ئەو داوەوە و هەروەها لە کوردستان هێزی چەپ و رادیکاڵ هەبوو، بەڵام لە شوێنەکانی دیکە نەبوو و لە کوردستان پێشینەی بەرخودان هەبوو کە ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی وەڵامی هێرش بۆ سەر کوردستان بدرێتەوە و ئەوەی لە کوردستان رووی دا

درێژەی شۆڕشی ئێران بوو و خەڵکی چوونە سەنگەری خودموختاریەوە کە ببێتە هۆی پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕش.

**کوردپا**: بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە نموونەی شۆڕشی ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر دەگمەن بوو و هەروەها زۆربەی دانیشتوانی کوردستانیش خەڵکی مەزهەبی بوون، چەپ یان مەسەلەی کۆمۆنیستی بەم شێوازەی ئەمڕۆ تاریف نەکرابوو و خەڵکی لەگەڵی نامۆ بوون، بە بڕوای ئێوە ئەو هۆکارانە نەبوونە هۆی ئەوەی کە بە هێزە چەپەکان کە بەرنامەی کۆمۆنیستیان هەبوو بڵێن کافر؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: تەنیا هێزی چەپ لە کوردستان خەڵکی بۆ بەرەنگاری ئامادە دەکرد و باقی هێزەکانی دیکە نەتەنیا خەڵکیان بۆ بەربەرەکانێ ئامادە نەدەکرد، بەڵکوو وەهمی خۆگونجاندنیان لەگەڵ رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو بڵاو دەکردەوە و هێزی چەپیان بە ئاژاوەگێڕ تاوانبار دەکرد و هێزی چەپ بە ئیعتباری بەربەرەکانێ لەلایەن خەڵکەوە ناسرا، نەک ئەوەی کە ئایا باوەڕی بە مەزهەب هەیە یان نا.
موفتی زادە کە هێزێکی ئیسلامی بوو چووە پاڵ حکوومەتەوە تەنانەت کۆماری ئیسلامی ئەویشی پێ تەحەموول نەکرا و هەروەها چارەنووسی ئەوانەی کە بە کۆنگرە چوارییەکان ناوبانگیان دەرکرد چییان بەسەر هات و تەنانەت حیزبی تودە، من لەسەر ئەو باوەڕەم کە بوونی هێزی چەپ و رادیکال بیانوویەک بوو بۆ هێرش بۆ سەر کوردستان.

**کوردپا**: بۆچی هەتا ئێستا نەتوانراوە ٢٨ی گەلاوێژ بکرێتە رۆژێک یان بۆنەیەکی تایبەت، بە بڕوای ئێوە ناسیۆنالیزم و کومونیزم وەکوو بەرنامە و فکریەتی حیزبەکان هەتا چەندە رێگر بوون لە دەست نیشان کردنی ئەو رۆژە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بە بڕوای من ئەو رۆژە دەبێ بکرێتە رۆژی خۆشی و شادی بۆ خەڵکی کورد چونکە لەو رۆژەوە هەتا ئێستا خەڵکی کورد بە حکوومەتی ئێرانیان سەلماندووە کە بەربەرەکانێ درێژەی هەیە و دەبێ خەڵکی کورد شانازی بەو رۆژەوە بکات. لەبارەی نەبوونی یەکدەنگی بۆ ئەو رۆژە دەتوانم بڵێم کە بوونی ئیستراتیژیکی جیاواز لەنێو حیزبەکان یەکێک لە هۆکارەکانە، بۆ وێنە چوونی هێندێ لە هێزە سیاسییەکان بۆ ناو "شۆرای میللیی موقاوەمەت" کەلە ناو ئەو شوورایەدا ناسیونالیستی زۆر بەرچاو تەنگ هەبوو، یان ئێستا کە باس لە خەباتی مەدەنی دەکرێ، حیزب هەیە کە دەستی داوەتە چەک و دەیهەوێ مەسەلەی کورد چارەسەر بکات مەبەست لە باس کردنی ئەم شتانە ئەوەیە کە هەمووی ئەوانە دەتوانێن لە بەرامبەر پلاتفۆرمێکی هاوبەشدا رێگر بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - رێکەوتی: ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe

## پژاک لە گۆڕەپانی خەباتی مەدەنی و سیاسییدا دەوری بەرچاوی نییە...



**دیمانە: ستیڤان شەمزینی**

* ڕەوتی لیبراڵ و نەتەوەیی و ڕەوتی چەپ لە داهاتووی ئێراندا دوو ڕکەبەری سەرەکی دەسەڵات دەبن
* هێزی چەپ نە لە ئێران و نە لە کوردستان لە پاشەکشەدا نییە
* مەنسووری حیکمەت کەسایەتێکی سیاسیی ژیر و بە توانا بوو

ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری سازمانی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران "کۆمەڵە" لەم دیمانە تایبەتەی "شەپۆل"دا تیشک دەخاتە سەر چەند پرسێکی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاوکات ئاماژە بە ڕۆڵ و کاریگەریی حزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدات.

**شەپۆل: هەست ناکەیت ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات لەوپەڕی لاوازیی خۆیدایە و هیچ کاریگەریی لەسەر ناوەوەی وڵات نییە، لە کاتێکدا ئێستا ئێران لە ژێر گووشارێکی گەورەی نێونەتەوەییدایە؟.**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بە پێچەوانەوە! ئەگەرچی لە کاتی ئیستا دا ئاستی ئاکسیۆن و بەرەو ڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕژێم لە کوردستانی ئێران لاوازە، بەڵام بیروڕای گشتی کۆمەڵگای کوردستان بە دەرەجەی ئەساسی لە ژێر کاریگەریی حزبە سیاسییەکانیدایە. ئەو ڕاستییە لە گەلێک مەجالدا خۆی نیشان دەدات. بۆ وێنە، هەر لەم ڕۆژانەی دواییدا کە هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارلەمانی ئێران بەڕێوەچوو، سەرەڕای هەموو ئامادەکارییەک کە کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بۆ ئەو



سەرچاوە
Serchawe

هەڵبژاردنە کردبووی، سەرەڕای پارە و پوولێکی بە لێشاو کە لەو ڕێگەیەدا سەرفی کردبوو، سەرەڕای تەبلیغاتێکی بەردەوامی چەند مانگە، تەنانەت سەرەڕای ترساندنی فەرمانبەران لە نان بڕینیان و گەلێک هەوڵی دیکە، کاتێک ئۆپۆزیسیۆن داوای لە خەڵکی کوردستان کرد بەشداریی ئەو هەڵبژاردنە نەکەن، نزیک بە لە سەدا هەشتای خەڵکی کوردستان وەڵامی ئەو بانگەوازەیان دایەوە. هەر ئەو ئۆپۆزیسیۆنە کاتێک دوای ئیعدامی فەرزادی کەمانگەر و هاوڕێیانی بانگەوازی مانگرتنی گشتی دا، کوردستان یەکپارچە و یەکدەنگ وەڵامی پێدایەوە.

بەلام لە پەیوەند لەگەڵ گوشاری نیودەوڵەتیدا، ئەوەی تا ئێستا دیتوومانە ئەو ڕاستییەیە کە ئاکامەکانی گوشاری نێودەوڵەتی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی بە کردەوە زیاتر بەسەر خەڵکی کرێکار و هەژار و کەم داهاتی ئەو وڵاتەدا شکاوەتەوە. ڕژێم ئەو گوشارانەی کردۆتە پاساوی ئەو بارودۆخە ئابوورییە نالەبارەی کە خەڵک تێیدایە. ئەگەر تا ڕاددەیەکی بەر تەسک پرۆژەکانی سەربازیی ڕژێم دوا دەخات بە دەیان قات زیاتر باری ئابووری خەڵکی وێران کردووە. با ئەوەتان بیربخەمەوە کە لە ١٩٩٢ تا ٢٠٠٣ ڕژێمی سەدام لە ژێر گووشاری ئابووری نێودەوڵەتیدا بوو و تەنانەت جارو بار بەر بەعزە گورزێکی سەربازیش دەکەوت و دەشزانین کە خەڵک لە هەموو عێراق چەندە لەو ڕژێمە بێزار بوون، بەڵام دیتمان کە ئەو ڕژێمە تا کاتێک کە بەغدا داگیر کرا هەروا لە سەر حوکم مایەوە. تەنانەت ئەم گوشارانە لە ئێستای ئێراندا کاریگەریی سەلبییان لە سەر خەباتی جەماوەر داناوە. ئەم گووشارانە هەم خەڵکیان هەژارتر کردووە و هەم لە چاوەڕوانی ئەوەی کە گۆیا ڕۆژێک لە ڕۆژان دەستێکی دەرەکی دێت و ڕزگاریان دەکات، ڕایاندەگرێت و بڕوا بە خۆ و بڕوا بە هێزی خۆیان لاواز دەکات.

**شەپۆل**: دەبینین هێزە چەپەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەواوی ئێران لە پاشەکشەدان، کۆمەڵە چەندین ئینشقاقی بەخۆیەوە بینی لەم چەند ساڵەدا، کۆمۆنیستە کرێکارییەکان بە هەمان شێوە. پێتوانییە چیتر چەپ ئەڵتەرناتیڤ نییە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا؟.

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەو پێشداوەرییە لە جێگای خۆی نییە. هێزی چەپ نە لە ئێران و نە لە کوردستان لە پاشەکشەدا نییە، بەڵکوو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزیشی هەیە. لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا بە هەزاران کادری باڵە جۆراوجۆرەکانی چەپی ئێران لە لایەن ڕژیمی ئیسلامییەوە لە سێدارە دراون. بە دەیان هەزار کادری ئەم ڕەوتە ناچار بوون وڵات بەجێبێڵن. ئەگەر ئەو هێزە لاواز و لە پاشەکشە دایە بۆ چی ئەو هەموو سەرکوت و بگرە و بەردەیە لە دژی چەپ لە ئارا دایە؟ بەشی زۆری خەباتی مەدەنی ئێستا لە ئێران، ناڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەریی ڕەوتی چەپ دایە. دڵنیاتان دەکەم لە گەڵ هەر گۆڕانکارییەک لە داهاتووی سیاسیی ئێراندا ڕەوتی چەپ ئەگەریش لە هەنگاوی یەکەمدا بە دەسەڵات نەگات،



سەرچاوە
Serchawe

یەکێک لە لایەنە سەرەکییەکانی دەسەڵات دەبێت.

لە ماوەی سەد ساڵی رابردوو لە مێژووی ئێراندا بە بەردەوامی حوزوری سێ رەوتی سەرەکی دەبینین. ئەو سێ رەوتە بە تایبەت لە کاتی قەیرانی سیاسیی و لە دەورەی شۆڕشدا لە ریزی ئۆپۆزسیۆندا شان بە شانی یەک حوزوریان بووە: رەوتی ئیسلامی شیعە، رەوتی لیبراڵ و نەتەوەیی، رەوتی چەپ و سۆسیالیست. لە داهاتووی ئێراندا رەوتی ئیسلامی لە ناو ئۆپۆزسیۆنی رژێمدا هیچ شانسێکی ئەوتۆی نەماوە. حکوومەتی ئیسلامی هەموو زەرفییەتەکانی ئەو رەوتەی سووتاند. رەوتی لیبراڵ و نەتەوەیی و رەوتی چەپ لە داهاتووی سیاسیی ئێراندا دوو رکەبەری سەرەکی دەسەڵات دەبن. لەو ناوەدا رەوتی لیبراڵ و نەتەوەیی بە هۆی ئەوەی کە پشت و پەنای سەرەکی خۆی بە دەوڵەتانی رۆژئاوا دەزانێ، بە شوێن بەرپاکردنی شۆڕش و راپەڕین نییە و هەنگاوەکانی بە پارێزەوە هەڵدەگرێ. لە کاتی کەوتنە رێی جۆش و خرۆشی جەماوەریدا ئەوە هێزی رادیکاڵ و چەپە کە توانای ئەوەی هەیە شەپۆلی خەباتی جەماوەری هیدایەت و رێبەری بکات. ئەوان تەنیا هەوڵ دەدەن ئەگەر بۆیان بکرێت سواری ئەو شەپۆلە بن. ئەوان پلانێکیان بۆ بەرەوپێش بردنی رەوتی شۆڕش لە ئێران نییە.

جگە لەوە هێزی لیبراڵ و نەتەوەیی نە هیچ پرۆژە و بەرنامەیەکی بۆ گەشەپێدانی ئابووری ئێران و هێنانە دەری ئەو وڵاتە لە قەیران پێیە و نە توانای چاکسازیی ئابووری بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتە هەیە. هەر بۆیە ئەگەر کۆمەڵگای ئێران پێ بنێتە دەورەیەکی شۆڕشگێڕانەوە، ئەوە هێزی چەپ و رادیکاڵە کە رێگاچارەی واقیعیتر و کاریگەرتر دەنێتە بەردەم کۆمەڵگا.

ئەوە بەگشتیی سەبارەت بە ئێران، سەبارەت بە کوردستان بە رۆشنێکی زۆرترەوە دەتوانین نیشان بدەین کە رەوتی چەپ روو لە گەشەیە. رەوتی چەپ لەو ساڵانەی دواییدا تا ئێستا دوو جار لە دوو مانگرتنی گشتیدا نیشانیداوە کە خاوەنی نفوز و پێگەی کۆمەڵایەتییە. لە بایکۆتی هەڵبژاردندا کە ئاماژەم پێدا دەوری چالاکانەی کۆمەڵە حاشاهەڵنەگرە. هەر ئەمساڵ رێوڕەسمەکانی رۆژی کۆمەڵە بە ئاڵای سوور و بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵک، لە شارەکانی کوردستان و بە تایبەت لە شاری سنە بەڕێوەچوو. رۆژی جیهانی کرێکار لە شاری سنە خۆپیشاندان بەڕێوەچوو، هەشتی مارس رۆژی جیهانی ژن رێپێوانی بۆ کرا و لە کۆڕ و کۆمەڵی جۆراوجۆردا رێزی لێ گیرا. ئەوانە ئەگەر چی بە هۆی زاڵبوونی کەش و هەوای دیکتاتۆرییەت و سەرکوت بەسەر وڵاتدا هێشتا حەرەکەت گەلێکی بچووکن بەڵام هەوێنی حەرەکەی گەورەترن لە داهاتوودا، هەمووی ئەوانە لە سوونەتی چەپدان.

تەلەویزیۆنی کۆمەڵە لە ریزی یەکەمی ئەو کاناڵە تەلەویزیۆنیانەی ئۆپۆزیسیۆنە کە خەڵکی کوردستان دەیبینن. ئێوە

ئەگەر سەردانی شارەکانی کوردستانی ئێران بکەن، لە ناو بازاڕ و گەڕەک و کۆڵان و قاوەخانە و شوێنە کرێکارییەکاندا بگەڕێن، گوێ هەڵبخەن و پرسیار بکەن ئەوجار بۆتان روون دەبێتەوە هێزی چەپ لە کوردستان چ پێگە و نفوزێکی هەیە. بەڵام دیارە ئەوەی کە لە چ کات و زەمانێک ئەو پێگە و نفوزە دەبێ بە حەرەکەی بەرچاوی جەماوەریی، لە ئێستاوە پێشبینی ناکرێ. ئەگەر رژێمی کۆماری ئیسلامیش هەڵسەنگاندنەکەی وەکوو ئێوە وابووایە ئەوە بە پێویستی نەدەزانی زیندانەکانی پڕ بکات لە کرێکاری پێشڕەو، لە ژنی یەکسانیخواز لە رۆشنبیران و هونەرمەندانی چەپ، لە هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیست. ئەگەر ئەو رەوتە ئاوا لاواز و پەراوێز بووایە رژێم چی بەم هەمووە ژانە سەرەدا بوو و ئەو هەموو ترس و نیگەرانییەی لە چی بوو؟ من بە راشکاویی پێتان دەڵێم کە کۆمەڵەی چەپ و کۆمۆنیست ئەمڕۆکە لە کوردستانی ئێران یەکەم هێزێکە لە بارودۆخی لەباردا توانای جووڵاندنی جەماوەریی هەیە.

**شەپۆل**: پێتوانییە ئێستا گۆڕەپانی خەباتی رۆژهەڵاتی کوردستان بە دەست "پژاک"ەوەیە و هێزەکانی تر لە پەراوێزدا رۆڵ دەبینن؟. وەک کۆمەڵە خوێندنەوەتان بۆ ئەم سستییەی حزبەکانی کوردستانی ئێران چییە؟.

**ئیبراهیم عەلیزادە**: نا پێموانییە. هەموو بوون و چالاکی پژاک بە خەباتێکی بەرتەسکی چەکدارانەوە گرێدرابوو کە لەسەر سنوورەکان بەرێوەی دەبرد، ئەویش دەبینین کە خۆشیان ئێستا زۆر پێداگریی لەسەر ناکەن و لە پێناوی رێککەوتنەکانی نێوان "پ کا کا" و کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئەو چالاکیشیان بە رەسمی راگرتووە. لە گۆڕەپانی خەباتی مەدەنی و سیاسیی ئێستای کوردستاندا لە راستیدا دەورێکی بەرچاویان نییە و ئەوانن کە لە پەراوێزدان. بێ گومان حزبە سیاسییەکانی کوردستان هەر کامە وەڵامی خۆیان بۆ ئەوەی کە ئێوە پێی دەڵێن سستی هەیە. بەڵام من باسی کۆمەڵەی خۆمانت بۆ دەکەم: ئەوە چالاکی ئێمە بوو لە کوردستان کە رێگەی نەدا بۆ ئەوەی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان بکەوێتە داوی ریفۆرمخوازەکانی ناو دەسەڵات و ببێ بە ئامرازێک بۆ پاراستنی کۆماری ئیسلامێکی لە جۆرێکی دیکە کە چاکسازیی تێدا بکرێ. ئەوەندە جموجۆڵە سیاسیی و مەدەنییەش کە لە کوردستان دەبیندرێ بە دەرەجەی یەکەم لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵەدایە.

**شەپۆل**: لەم دواییانە جارێکی تر ئینشقاق کەوتەوە ناو ریزەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی و حزبی حیکمەتیست. خوێندنەوەتان بۆ ئەو ئینشقاقانەی لە دوای مەرگی مەنسووری حیکمەت لە ناو کۆمۆنیزمی کرێکارییدا روویانداوە چییە؟.

**ئیبراهیم عەلیزادە**: مەنسووری حیکمەت کەسایەتێکی سیاسیی ژیر و بە توانا بوو. رێباز و جیهەتێکی سیاسیی کە ئەو دوای جیابوونەوە لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران گرتبوویە بەر، وەها دارێژرابوو هەر خۆی توانای ئەوەی بوو لە کاتی خۆیدا و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی رێکخراوەیی یان سیاسیدا، پێداچوونەوەیان پێدا بکات و لەگەڵ زەمانەی خۆی بیانگونجێنێ. گەلێک



سەرچاوە
Serchawe

جار ئەو کارەشی دەکرد. بۆ نموونە ئەو لە ١٩٩١ لای وابوو زۆر باش دەبێ ئەگەر کۆمەڵە و دیموکرات نەک هەر هاوکاریی بکەن، بەرنامەیەکی هاوبەشیان بۆ پرسی ئۆتۆنۆمی لە کوردستان هەبێ. ئەو بۆی هەبوو و دەیتوانی بە وەها بۆچوونێکی خۆیدا بچێتەوە و هەڵوێستی بە پێچەوانەشی هەبێ بەڵام جێنشینەکانی ئەو توانایییە لە خۆیاندا شک نابەن و گەلێک جار لە سەر تەفسیری جۆراوجۆر بۆ هەڵوێست و لێکدانەوەکانی مەنسوور حیکمەت تووشی ناکۆکی دەبن. کێشەکانیان بە بڕوای من زیاتر ڕێکخراوەیییە و پەیوەندیی بە گۆڕانکارییەکانی سیاسیی ناو کۆمەڵگاوە نییە.

**شەپۆل**: دەوترێ دوای جیابوونەوەی عەبدوڵڵای موهتەدی لە سازمانی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران. ئیدی ڕۆڵی کۆمەڵە بەهەمموو باڵەکانییەوە بەرەو پووکانەوە چووە. ئایا پێتوایە ئیدی دەورانی زێڕینی کۆمەڵە کۆتایی پێهاتووە؟.

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لە ڕووی واقعیەوە ئەوەی ڕوویداوە پێکهاتنی چەند حزب و ڕێکخراوی دیکە لە کوردستانە. لە کۆمەڵە جیابووبنەوە و یان سەربەخۆ پێکهاتبن فەرق ناکات. بوونی ڕێکخراوی جیاواز بە هەڵوێست و بۆچوون و ڕێباز و پێگەی کۆمەڵایەتی جیاواز، لە کۆمەڵگای ئەمڕۆییدا دیاردەیەکی گەلێک ئاساییە. ئەو ڕێکخراوانەی کە لە ئێمە جیابوونەتەوە، جیابوونەوەکەیان لە سەر بنەمای سیاسەت و بۆچوونی جیاواز بووە. بوونی کۆمەڵەیەکی چەپ و کۆمۆنیست هەر وەکوو چۆن لە ساڵی ١٩٧٩ دوای ڕووخانی ڕژێمی شا پێویستییەکی کۆمەڵایەتی بوو و هەر بۆیە گەشەشی کرد، ئێستاش ئەم پێویستییە نەک هەر لە ناو نەچووە، بەڵکوو بە حوکمی ئەو هەمووە پێشکەوتنی ئابوورییە و گۆڕانکارییە سیاسیی و فەرهەنگییەی بە سەر ئەو کۆمەڵگایەدا هاتووە لە ئێستادا ئەو زەرورەتە گەلێک بەهێزتریشە. هێزی چەپ و ڕادیکاڵ و کۆمۆنیست لە ناخی کۆمەڵگای کوردستاندا خولقاوە و پەروەردە بووە. کۆمەڵگای کوردستان کە لە ١٩٧٩ پێویستی بە کۆمەڵەیەکی چەپ هەبوو هەر بۆیە لە باوەشی گرت و گەشەی پێدا. ئیستا و لە ٢٠١٢ ئەو پێویستییە زیاتریشە و بوونی کۆمەڵەیەکی چەپ و کۆمۆنیست وەڵامی ئەو پێویستییە و لام وایە جێگا و شوێنی دەتوانی لە کۆمەڵەی ١٩٧٩ قایمتریش بێت.

تێبینی: ئەم دیمانەیە لە ژمارە "٨" گۆڤاری "شەپۆل" بڵاوکراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان نێت - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئەپریلی ٢٠١٢

---------------------------------------

## کوردستانو پارچەکانی.. بەرەو ئاسۆیەکی روون



**ئا: ئاوێنە:**

"ئیبراهیمی عەلیزادە" ناوێکی ناسراوی دنیای سیاسەتی کوردیو بزوتنەوەی چەپی ئێرانە، ئەو کە سکرتێری "کۆمەڵە"و "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران"ە، لەم گفتوگۆیەی ئاوێنەدا دەڵێت "دیموکراسی لەهەرێمی کوردستاندا نەیتوانی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز پەیدابکات، خەڵک بەشێوەیەکی چالاکانە لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا بەشدار نین".

### کوردستانی رۆژهەڵات.. پۆلووی ژێر خۆڵەمێش

**ئاوێنە:** کوردستان لەهەموو پارچەکانیدا بەهەلومەرجێکی پڕ لەگۆڕانکاریدا تێدەپەڕێتو هەر پارچەیەش بارودۆخو تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەم گفتوگۆیەدا دەمانەوێ شیکاری هەلومەرجی هەر یەکەیان بکەین، با سەرەتا لەکوردستانی رۆژهەڵاتەوە دەستپێبکەین، بارودۆخی ئەوێ بە بەراورد بەپارچەکانی دیکەی کوردستان ئارامەو جموجۆڵێکی ئەوتۆی تێدا بەدیناکرێت، بەبۆچوونی تۆ هۆکارەکەی چییە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** سەرەکیترین هۆکاری ئەوەیە کە لەئێران رژێمێکی دیکتاتۆری ئیسلامی لەسەر کارە، کە بەبێبەزەییانەترین شێوە هەر چەشنە نارەزایەتی دەربڕینێک بەزەبری زیندانو ئەشکەنجەو کوشتوبڕ سەرکوت دەکات. نارەزایەتی لەناوخۆی کوردستان بەرانبەر بەو رژێمە لەوپەڕی خۆیدایە. بەدرێژایی ساڵانی رابردوو هەر دەرفەتێک بۆ ئەو خەڵکە هەڵکەوتبێ، بەشێوەیەک لەشێوەکان بێزاری خۆیان لەم دەسەڵاتە دەربڕیوە. لامwایە؛ بارودۆخی کوردستان وەکو پۆلووی ژێر خۆڵەمێش وایەو هەردەم ئیمکانی گەشانەوەو بڵێسەسەندنی لەئارادایە.

ئاوێنە: پێتوانییە هۆکارێکی دیکەی ئەوەیە کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان توانای خولقاندنی رووداوو داهێنانی شێوەی خەباتو جوڵاندنی نییە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بێگومان خاڵە لاوازەکانی کێشەو ناکۆکییەکانی ناوخۆی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان تا رادەیەک کاریگەری لەسەر ئەم بارودۆخە داناوە، بەڵام بەبڕوای من ئەمە هۆکاری سەرەکی نییە. هۆکاری سەرەکی هەر زاڵ بوونی دەزگای دیکتاتۆریەت بەسەر هەموو ئێرانو لەوانە بەسەر کوردستانیشدایە.

ئاوێنە: واتە ئێوە پێتان وایە کە هۆکاری ئەو بارودۆخە ئارامە، فاکتەری دەرەکییەو ناگەڕێتەوە بۆ هێزەکانی ناوخۆی کومەڵگەی کوردستان؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: من باسی هۆکاری سەرەکیم کرد. ئەم هۆکارە زاڵ بوونی سیستمی دیکتاتۆرییە لەئێران. لەراستیدا خەڵکی کوردستان لەئاستێکی جەماوەریدا، لەبارودۆخی ئێستادا هەست بەوەناکەن کەبەتەنیا دەتوانن بەرەوڕووی دەسەڵاتێک بنەوەکەلەهەموو ئێران حکومەت دەکات. هەر بۆیەچاوەڕێی شکڵ گرتنی هاوخەباتییەک لەگەڵ هەموو خەڵکی چەوساوەو ستەملێکراوی ئێران دەکەن. بەهۆی ئەوەکەئەو هاوسەنگییەلەئاستی هەموو ئێراندا پێکنەهاتووە، خەڵکی کوردیش لەکوردستان مەجالی ئەوەیان پەیدا نەکردووە کە هەموو بێزاری و نەفرەتی خۆیان لەو رژیمە بێننە مەیدان. کێشەو ناکۆکی ناو حیزبەکان یان هەر رەخنەیەک کە لێیان هەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا کە واقعییە، بەڵام هۆکاری سەرەکی نەبوونی جووڵاننەوەیەکی بەهێز لەکوردستان نییە!

ئاوێنە: ئایا دوورکەوتنەوەی ساڵانێکی درێژخایەنی هێزە کوردییەکان لەکوردستانی رۆژهەڵات، وایکردووە کە نەتوانن کاریگەریی لەسەر بارودۆخی کوردستان دابنێن؟ ئەمە جگە لەوەی کە بۆ نمونە دیموکراتەکان یان ئەو هێزانەی بەناوی کۆمەڵەوە کار دەکەن، لەئۆردوگاکانیان لەهەرێمی کوردستاندا رۆژ بەرۆژ پرژو بڵاوتر دەبنەوە. پێتوانییە ئەوە خاڵێکی لاوازە کە کوردستانی رۆژهەڵات پێوەی گیرۆدەیە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: من پێموانییە حیزبە سیاسیەکانی چالاک و مەترەح لەکوردستان، لەوانە رێکخراوی ئێمە، هێزی دوورخراوەو دابڕاو لەکوردستان بن. ئەمانە هێزگەلێکن کە ریشەیان لەکۆمەڵگای کوردستاندا هەیە. جیاوازییەک کە کۆمەڵگای کوردستان لەگەڵ باقی شوێنەکانی ئێران هەیەتی ئەوەیە کە کۆمەڵگایەکی حیزبییە، واتە زۆربەی جەماوەری خەڵک لەچین و توێژی جۆراوجۆر لایەنگری ئەم یان ئەو حیزبی سیاسین و ئەو حیزبانەش لەکاتی خۆیدا کاریگەرییان لەسەر رەوتی رووداوەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایەهەبووە. ئەم راستیەلەبۆنەی جۆراوجۆردا خۆی نیشان داوە. لێرە لەکوردستان

دەتوانن داوا لەخەڵکی کورد بکەن لەهەڵبژاردندا بەشداری نەکات و بەشێکی زۆر لەخەڵک وڵامی ئەرێنی پێ بداتەوە. لێرەدەتوانن تەنانەت ئاکسیۆن بخەنەڕێ و موزاهەرەی دیاریکراو ڕێکبخەن. ڕەوتە سیاسییەکانی کوردستان توانیویانەو دەتوانن لەسەر بیروڕای گشتی ناو ئەو کۆمەڵگایە کاریگەرییان هەبێت. بۆ نمونە دەتوانم سەبارەت بەرەوت و ڕێکخراوی خۆمان ئەوە بڵێم کە ئەوەی کە ئێوە لەدەرەوەی وڵات و لێرە لەکوردستانی عێراق دەیبینن نووکی کێوێکی سەهۆڵەکە هەموو ئەندامەکەی لەناو دەریای کۆمەڵگای کوردستاندایەو ئێوەتەنیا نووکەکەی دەبینن. ئەم هێزەلەگەڵ بووژاننەوەی سیاسی دوارۆژ لەکۆمەڵگای ئێران و کۆمەڵگای کوردستان، توانا و زەرفیەتەکانی خۆی دەردەخات. دیارەئەمەش هەلومەرجی بابەتی خۆی دەوێ.

**ئاوێنە**: **پێشبینی چ داهاتوویەک دەکەن بۆ کوردستانی ئێران، کام ڕەوت و کام ئایدۆلۆژی دەتوانێ دەوری کاریگەری لەسەر ڕووداوەکانی دوارۆژی ئەم کۆمەڵگایە هەبێت؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بەبڕوای من کۆمەڵگای کوردستان لەرووی سیاسیەوەوە لەرووی بەرنامەو داخوازییەکانییەوە، نەک ئیلزامەن لەرووی ئایدەئۆلۆژییەوە بەرەو ڕەوتێکی چەپ دەڕوات. ڕێباز و بەرنامەیەک کەهێزی چەپ لەکۆمەڵگای کوردستاندا پێی لەسەر دادەگرێ لەرووی ناوەرۆکەوە بەشێوەیەکی بەربڵاو نوێنەرایەتی ویست و ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان دەکات. کۆمەڵگای کوردستان بۆ نمونە لەساڵی ١٩٧٩ کە شۆڕشی گەلانی ئێران لەئارادا بوو، زەرفیەتێکی باڵای لەلایەنگری لەهێزەچەپ و رادیکاڵەکان لەخۆی نیشاندا. کۆمەڵەوەکوو ڕێکخراوێکی چەپ و کۆمۆنیست بوو بەهێزێکی گەورە کە شانی لەشانی حیزبێکی سوونەتی وەکوو حیزبی دیمۆکرات دەدا. تەنانەت ڕێکخراوی چریکە فیدائییەکانی خەڵکی ئێران، وەک هێزێکی چەپ بوو بەخاوەنی نفوزێکی بەرچاو لەکوردستان. هەروەها ئەم بارودۆخە ڕێگای نەدا بەوەی کە هێزی کۆنەپەرەست و ئیسلامی لەکوردستان پێگەیەک بەدەستبێنێ. کۆمەڵگای کوردستان بەدرێژایی ئەم ساڵانە لەم بابەتەوە بەرەو دوا نەگەڕاوەتەوەو بواری هەڵسووڕانی هێزی چەپ و رادیکاڵ بەرینتر بۆتەوە. بەدرێژایی ئەو ساڵانەخەڵک لەوانەیەجار و بار تووشی بێ هیوایی بووبێ، بێ دەنگ بووبێت، بەڵام سۆز و خۆشەویستی خۆی بۆ هێزی چەپ و رادیکاڵ لەدەست نەداوە. لەرووی داواکاریەکانیەوە، لەرووی تەوەقوعاتیەوەبۆ ژیانی دوارۆژ بەرەو دوا نەچووە، بەڵکوو بەرەو پێش هاتووە. خەڵکی کوردستان ئەمڕۆکەبەهیچ شتێک کەمتر لەناوچوونی ئەم هەڵاواردن و ستەمەی کەلەسەریەتی رەزایەت نادات. یەکسانی ژن و پیاو ئامانجێکی جێکەوتووی ناو ئەو کۆمەڵگایەیە؛ کرێکار لەکوردستان بڕوا بەخۆی پەیدا کردووەو ویست و داخوازییەکانی و خەباتەکەی ئێعتبارێکی کۆمەڵایەتی بەدەستهێناوە؛ ئەمانەئەگەر مەجال پەیدا بکەن بارودۆخێک دەخولقێ کەبەهیچ شێوەیەک کەمتر نابێ لەوەی کەلەساڵی ١٩٧٩ و ١٩٨٠ لەکوردستان هاتەئاراوە. لەو ساڵەدا بۆ نمونەرەوتی ئیسلامی هەم کەسایەتی پێویستی هەبوو، هەموو پشتیوانی سەراسەری لەگەڵ بوو و بەهەموو شێوەیەک یارمەتی دەدرا، بەم



سەرچاوە
Serchawe

حاڵەشەوەنەیتوانی ریشەدابکوتێ و برەو پەیدا بکات. لەگەڵ کرانەوەی کەش و هەوای سیاسی بەهەر هۆکارێک کۆمەڵگای کوردستان هەموو ئەو زەرفیەتانەی تێدا دەبووژێتەوە. خەڵکی کوردستان ئەوەدەزانن کەبەبێ گۆڕانکاری بنەڕەتی و دیمۆکراتیک لەمەرکەز رزگارییەکی سەقامگیر لەکوردستان بەتەنیا مەیسەر نابێت. هەر بۆیەمن لام وایەخەڵکی کوردستان هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی کەهاوپەیمانی شایستەی خۆی لەئاستی سەراسەریدا بدۆزێتەوە. بەبڕوای من خەڵکی کوردستان ئەو هاوپەیمانییەسەراسەرییەی خۆی نەلەناو لیبراڵەکانی ئێران کەهەستێکی بەهێزی شۆڤێنیستیان تێدایەو نەلەناو لیبراڵ مەزهەبییەکان کەرۆژێک لەرۆژان خۆیان دەستیان لەسەرکوت کردنی خەڵکی کورددا هەبووە، نادۆزنەوە. هێزی چەپ و رادیکاڵی ناو کۆمەڵگای ئێران هاوپەیمانی راستەقینەو بێ راڕایی خەڵکی کوردستان دەبن بۆ رزگاری لەهەموو ستەمێک. لەوڵامی پرسیارەکەتاندا بە کورتی من لام وایەئاراستەی کۆمەڵگای کوردستانی ئێران بەرەو هاوپەیمانیلەگەڵ هێزی چەپ و رادیکاڵ و سەراسەری لە پێناوی رووخاندنی کۆماری ئیسلامی دەبێت.

**ئاوێنە**: ئێوە هەستناکەن ئەوەی پێیدەگوترێ "پێشمەرگەی کۆن"، واتە کادرە قەدیمییەکانی ناو حیزبە سیاسییەکان رێگرن لەوەی کە نەوەی نوێ بێنە پێش‌و لەگۆڕانکارییەکانی داهاتووی کوردستانی رۆژهەڵاتدا رۆڵ ببینن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بێگومان لەکوردستان نەوەیەکی نوێ پێیناوەتە ناو مەیدانی خەباتی کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەوە. هەر حیزبێکی سیاسی بەرانبەر بەم بارودۆخە نوێیە رابووەستێ یان هەوڵنەدات وەڵامی گونجاوی پێبداتەوە، پەراوێز دەخرێت. گۆڕانکاری ناو حیزبە سیاسییە چالاکەکان لەکوردستان بەبێ گۆڕانکاری لەئاستی کۆمەڵایەتیدا روونادات. گۆڕانی بارودۆخی سیاسی لەکوردستان راستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئەو حیزبانە دادەنێت.

**ئاوێنە**: پێتوانییە ئەو بارودۆخە گۆڕاوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بەڵێ؛ زەمینەی ئەو گۆڕانکارییە پێکهاتووە. بەڵام ئەم جیلەنوێیەهێشتا تواناییەکانی خۆی دەرنەخستووە. بۆ نمونەئەگەر گۆڕانکاری لەو چەشنەی کەلەبارودۆخی سیاسی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا روویدا، لەکوردستان و ئێرانیش بێتەئاراوە، هەن راستەوخۆ کار دەکەنەسەر حیزبەسیاسیەکان و هەر حیزبێک خۆی لەگەڵ نەگونجێنێ پەراوێز دەکەوێ. گەلێک ئاکسیۆن و حەرەکەت کەلەم ساڵانەی ئەخیردا لەکوردستان بەڕێوەچوون ئەساسەن بەبەشداری جیلی نوێی کوردستان بووە. ئەوەئەزموونی ئێمەشەلەساڵی ١٩٧٩ کەبارودۆخێکی شۆڕشگێڕانەلەئێران و لەکوردستان هاتەئاراوە.

## کوردستانی باکوور.. تینووی ئاڵوگۆڕ

**ئاوێنە**: کوردستانی باکور بەرەو گۆڕانکارییەکی گەورە دەڕوات، پێتوایە ئەوەی لەم گۆڕانکارییەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ "پ.ک.ک"یە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: کوردستانی باکور تینووی ئاڵوگۆڕە. بێگومان ئەو ئاڵوگۆڕە دێتە ئاراوە. لەڕاستیدا "پ.ک.ک"، هەر ڕەخنەیەکیشمان لێیهەبێت ناکرێ لەڕەوتی گۆڕانکارییەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە حەزف بکرێت. پ.ک.ک چۆتە ناو ناخی کێشەی نەتەوایەتی ئەو کۆمەڵگایەوە. بەڵام دیارە ناتوانێ وەڵامی ئەو بارودۆخە نوێیە بداتەوە ئەگەر نەتوانێ خۆی لەگەڵ پێداویستییەکانی بگونجێنێ. بەبڕوای من کۆمەڵگای تورکیە بەرەو جۆرێک لەوەخەبەرهاتنو بەئاگاهاتنەوە دەڕوات کە تێیدا دەوڵەتی مەرکەزی ناتوانێ بەشێوەی جارانو بەئارەزووی خۆی سیاسەتی هەڵاواردنو ستەم بەرانبەر بەخەڵکی کورد لەکوردستانی تورکیا بەڕێوەبەرێت، بەبێئەوەی چاوەڕوانی ئاکامەکانی لەئاستێکی کۆمەڵایەتیدا بێ. پێموایە ئەوان ناچار دەبن کە دەستووری ئەم وڵاتە بگۆڕن. ئەگەر هێزێکی ڕادیکاڵو چەپو تەنانەت پ.ک.ک، دەرفەتی چالاکیو هەڵسووڕانی ئازادانەی سیاسی، حیزبیو مەدەنی پێبدرێت، دەوڵەتی تورکیە دەکەوێتە ژێر وەها گوشارێکەوە کە ناچار دەبێ کۆمەڵێک ڕیفۆرمی ئەساسی لە کوردستانیش بکات.

**ئاوێنە**: هۆکاری بەهێز بوونی پ.ک.ک لە کۆمەڵگای کوردیدا چییەو بۆچی هیچ هێزێکی جیاوازی دیکە لەکوردستانی باکور دەرناکەوێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: هەڵبەت جگە لە پ.ک.ک لایەنی دیکەش هەن، بەڵام دیارە کە هێزێکی ئەوتۆیان نییە. هۆکاری بەهێزبوونی پ.ک.ک بەسیاسەتو هەڵوێستەکانیەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی سەرکوتگەریو هەڵاواردنێکی ئاشکراو دژی ئینسانی کە لەلایەن دەوڵەتی ئەو وڵاتەوە بەگشتیو بەتایبەت لەلایەن هێزە چەکدارەکانو هێزە ئەمنیەتییەکانی تورکیەوە بەڕێوەدەچێت. پ.ک.ک لەشکڵێکی ڕادیکاڵدا بەرەو ڕووی ئەم هەڵاواردنو سەرکوتگەرییە بۆتەوەو ئەوە هۆکاری بەهێزبوونیەتی. ئەگەر ئەو زەختو زۆرە بۆ سەر خەڵکی کورد تا ڕادەیەک هێوربێتەوەو ئەگەر مەجالی تا ڕادەیەکیش دیمۆکراتیک بخولقێ، بێگومان هێزی دیکەش کە ڕێبازیان جیاواز لەپ.ک.ک بێت سەرهەڵدەدەن.



سەرچاوە Serchawe

**ئاوێنە**: پێتوایە وەختی ئەوە هاتووە پ.ک.ک دەستبەرداری چەک بێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەوەی ئێمە دەیبینین ئەوەیە کە ئەگەر پ.ک.ک مەجالی ئەوەی پێبدرێت کە لەکۆمەڵگای کوردستان چالاکی سیاسی و مەدەنی ئاشکرا بکات و هەڵسووڕاوان و کادرەکانی کەئێستا لەهێزی گریلادان وەیان لەدەرەوەی وڵاتن بگەڕێنەوەناو کۆمەڵگای تورکیە، پ.ک.ک ئامادەیەو بۆ وڵاتی تورکیەسیاسەتێکی گونجاویشە، بگەڕێنەوەناو وڵات و دەستبکەن بەهەڵسووڕانی سیاسی. بەڵام ئەرتەشی تورکیەبەو رەوتەقایل نییە. چوونکەهێزی چکداری پ.ک.ک پاساوێکەبۆ ئەوەی ئەرتەش هەموو ساڵێک میلیاردها دۆلار لەبودجەی ئەو وڵاتەقووت بدا. لەکاتێکدا کەکێشەدەرەکییەکانی دەور و بەری تورکیەوەکوو کێشەی قیبرێس و یونان و ئەرمەنستان نەماون، بوونی پ.ک.ک یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ئەرتەش لەتورکیە.

**ئاوێنە**: پێویستە پ.ک.ک دەستبەرداری چەک بێت یان نا؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لامولیە بەهیچ شێوەیەک نابێ بەبێ کۆمەڵێک مەرجی دیاریکراوی ئەساسی دەستبەرداری چەک بێت. خەڵکی کورد لەکوردستانی تورکیە مافی خۆیەتی کە بەشێوەی چەکدارانە بۆ دابینکردنی ویستو داخوازییەکانیو بەرانبەر بەسیاسەتی سەرکوتو داپڵۆسینی ئەرتەشی تورکیا بەشێوەی چەکدارانە مقاوەمەت بکات. ئەگەر قەرار بێت کە بۆ نمونە پ.ک.ک واز لەهێزی چەکدار بێنێت، پێشتر پێویستە کۆمەڵێک مەرجی بەئاراستەی داخوازییەکانی خەڵکی کورد بەسەر دەوڵەتی تورکیەدا سەپاندبێ. چەکدانان ئەگەر لەدرێژەی وتووێژێکی سەربەرزانەو بەدەستهێنانی کۆمەڵێک ئیمتیازی دیاریکراو بەئاراستەی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بێتو زەمانەتی بەرێوەچوونیان وەرگیرا بێت، دەتوانێ رووبدات. بەڵام ئەگەر چەکدانان لەزێهنیەتی خەڵکی کورد لەتورکیادا وەکو جۆرێک لەئاشبەتاڵ چاولێبکرێتو هەستی رەنج بەخەساریی لەناو کۆمەڵگای کوردستانی تورکیادا پێکبێنێت، کارەساتێکە کە زیانی جیدی بەداهاتووی خەباتی خەڵکی ئەو وڵاتە دەگەیەنێت. دەوڵەتی تورکیا دەیەوێ چەکدانانی هێزی پ.ک.ک چەکدانانێکی سەرفرازانە نەبێت کە جەماوەر هەستبکا دەستکەوتێکی بەدەستهێناوە، بەڵکو هەوڵدەدات لەچاو کۆمەڵانی خەڵکی کورددا وەکو شکستێکو نسکۆیەک بکەوێتە بەرچاو. لامولیە پ.ک.ک بۆ وازهێنان لەخەباتی چەکداری نابێت تەسلیمی فۆرمۆلبەندی لێبوردنی گشتی بێتو نابێ ئەوە بۆ رژێمی تورکیا بسەلمێنێ کە بەشێوەیەکی ستراتیژیکو بۆ هەموو هەلومەرجێک واز لەخەباتی چەکداری دێنێت.

**ئاوێنە**: لەکوردستانی باکوردا گەلێکجار چارەسەر کردنی کێشەی کورد دەبەسرێتەوە بەچارەسەر کردنی کێشەی زیندانی کردنی (عەبدوڵا ئۆجالان)ەوە، پێتوایە ئەمە هەڵوێستێکی دروستە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: دەستگیر کردنی پیلانگێڕانە عەبدوولا ئۆجالان وەکو دەستگیر کردنی هەر تێکۆشەرێکی سیاسی دیکە پێویستە مەحکوم بکرێ و لەمافی رەوای ئەو وەکوو زیندانییەک دیفاع بکرێ و بۆ ئازاد کردنیشی شێلگیرانە هەوڵ بدرێ. بەڵام گرێ دانی ئەو مەسەلەیە بەداخوازییە ستراتێژیکەکانی خەڵکی کوردستان و تەنانەت بەگۆڕینی سیاسەت و هەڵوێستی پ.ک.ک سیاسەتێکی هەڵەیەو گرێدانی چارەنووسی خەباتی میلەتێک بەم هەمووە رەنج و قوربانییەوە بەچارەنووسی کەسایەتییەک لەگەڵ هیچ مەنتقێک ناگونجێ.

**ئاوێنە**: هەڵسووڕانی پ.د.پ لەتورکیە کە هەڵسووڕانێکی مەدەنی و یاساییە چۆن هەڵدەسەنگێنی، ئایا پێتوانییە ئەوە داهێنانێکی نوێیە لەخەباتی گەلی کورددا؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەم رێکخراوەیە لەراستیدا باڵی سیاسی هێزێکی چەکدارە. لەگەڵ ئەوەشدا کەسەربەخۆیە، بەکردەوە لەژێر کاریگەری سیاسەتی پ.ک.ک دایە. وەها بارودۆخێک بۆ رێکخراوێکی سیاسی لەوڵاتانێکدا ئیمکانی هەیەکەتا رادەیەک سونەتەکانی دیمۆکراسییەکی بورژوائی بەرێوەبچێت. هاوشێوەی ئەوەلەبریتانیا هەبوو کەرێکخراوی "شین فین" وەکو باڵی سیاسی ئەرتەشی کۆماریخوازی ئیرلەند کاری دەکردو لەچوارچێوەی یاسای بریتانیا نەدەچووەدەرێ. ئەم شێوەکارە لەهەر کام لەو وڵاتانەی کە خەڵکی کورد تێیاندا دەژی بەرێوەبچێت، وەکوو دەستکەوتێک وایەو پێویستە کەڵکی لێوەربگیرێ.

**ئاوێنە**: بەبڕوای تۆ کوردستانی باکور بەرەو چ داهاتوویەک دەڕوات؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: یەکەم شت کە رێی تێناچێت، جیابوونەوەی کوردستانە لەتورکیا. لاموایە جیابوونەوە داخوازییەکی هەنوکەیی خەڵکی کوردستانی تورکیاش نییە. بەڵام لەهەمانکاتدا درێژەی ئەم بارودۆخە ستەمکارانەیەش کە بەسەر خەڵکی کوردستانی تورکیەدا سەپاوە، بەشێوەی تا ئێستا ئیمکانی نییە. لاموایە لەدە ساڵی داهاتوودا سیمای سیاسی تورکیا بەشێوەیەک لەشێوەکان دەگۆڕێ.

**ئاوێنە**: کەواتە گۆڕانکاری لەتورکیادا بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لانیکەمی ئەم گۆڕانکارییە ئەوەیە کە تورکیا دەبێتە وڵاتێکی نۆرماڵی سەرمایەداری وەکو هەموو ئەندامانی یەکێتی ئورروپا. لانی زۆریشی بەرپابوونی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی لەم وڵاتەدایە. لەحاڵەتی یەکەمدا بارودۆخی کوردستانی تورکیا دەتوانێ وەکوو بۆ نمونە ئەیالەتی کێبێک لەکانادا یان سکاتلەندو ئیرلەندی باکوور لەبەریتانیا بێت.

**کوردستانی رۆژئاوا.. دەرفەتێکی نوێ**

**ئاوێنە: پێتوایە رەوتی رووداوەکان لەسوریا بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەڕوا کە مافەکانی خەڵکی کورد لەکوردستانی رۆژئـاوادا دەستەبەربێت؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە**: پێش هەموو شتێک پێویستە ئەوە بڵێم کە ئەوەی ئەمڕۆ لەوڵاتی سوریا لەئارادایە هەر ئەو رەوتە نییە کە لەسەرەتای دەستپێکردنی خەباتی مەدەنی خەڵکی ئەو وڵاتە دژ بەحکومەتی بەشار ئەسەد کەوتەڕێ. لەسەرەتاوە هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بەکوردو غەیرە کوردەوە لەئاستێکی بەرینی جەماوەریدا دژ بەدیکتاتۆریەت لەو وڵاتە کەوتنە جموجۆڵ. بەڵام لەدرێژەدا کاتێک کە دەوڵەتانی رۆژئـاواو دەوڵەتی تورکیها هەستیان بەوە کرد کە رەوتی رووداوەکان لەوانەیە لەبەرژەوەندی ئەواندا نەبێت، کەوتنە خۆ بۆ لەباربردنو بەلاڕێدا بردنی جموجۆڵی رەسەنی جەماوەریی. رووداوەکانی سوریا بەرەو دووپاتبوونەوەی سیناریۆی وڵاتی لیبی دەچێتو بێگومان شیاوی ئەو خەباتە رەوایە نییە کە خەڵکی سوریە لەپێناویدا قوربانیان داو قوربانی دەدەن. بەڵام ئەوەندەی کە بەکێشەی کورد لەو وڵاتە پەیوەستە، دابەشبوونی خەڵکی کورد بەسەر دوو سیاسەت، واتە سیاسەتی لایەنگرانی پ.ک.ک کە هاوئاهەنگییەکی ناڕاستەوخۆیە لەرژێمی بەشار ئەسەدو ئەو رەوتەی کە دژ بەرژێمی بەعسەو خۆی لەکۆمەڵێک لەرێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا دەبینێتەوە، زیانێکی گەورەی بەخەباتی خەڵکی کورد لەسوریە گەیاندووە.

**ئاوێنە: پێتوایە ئەو رژێمەی دوای بەشار ئەسەد دێتە سەر دەسەڵات دان بەمافەکانی گەلی کورددا دەنێ؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە**: وا چاوەڕوان دەکرێ کەرژێمی بەشار ئەسەد سەرئەنجام نامێنێ. بەم سیناریۆیانەی کە لەگۆڕێدایە، بەتایبەت کەبێگومان دەوڵەتی تورکیەدەوری سەرەکی تێدا دەبینێت، هەر رژێمێکیش کەدوای ئەو بێتەسەر کار بەدڵخوازی خۆی مافەکانی گەلی کورد ناسەلمێنێ، بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو دەسەڵاتەی نابێت کەخەڵکی کورد بەشێوەی جاران سەرکوت بکات و ئەوەبێگومان مەجالی تازەبۆ گەشەکردنی خەباتی ئازادیخوازانەلە کورستانی سوریەدەڕەخسێنێ و مەجالی ئەوەپەیدا دەبێت کەخەڵکی کورد لەسوریەهاوپەیمانانی راستەقینەی خۆی لەناو هێزەسەراسەرییەکانی ئەو وڵاتەدا بدۆزێتەوە.

**ئاوێنە: وەک دەزانن هەم پ.ک.کو هەم پارتیش دەستوەردەدەنە کێشەی کورد لەسوریاو هەر کامێکیشیان بەئاراستەیەکی جیاواز. پێتوایە ئەم تەدەخولە زیان بەمەسەلەی کورد لەو وڵاتە دەگەیەنێت یان لەبەرژەوەندییەتی؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە**: کێشە لەسەر تەدەخول کردن یان نەکردن نییە. پرسیار ئەوەیە کە ئەم تەدەخولە بە چ ئاراستەیەکە؟ ئەگەر مەبەست دابینکردنی بەرژەوەندییە حیزبییەکان بێت، دیارە بەرژەوەندی خەڵکی کورد لەسوریا دەکەوێتە پەراوێزەوە. کاتێک کە لەئاکامی ئەم تەدەخولانە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران یان دەوڵەتی تورکیها بەڕێوەبچێت، ناتوانین چاوەڕوانی ئەوە بین کە خەڵکی کورد لەکوردستانی سوریە قازانجێکی تێدا بکات.

**ئاوێنە**: پێشبینیدەکەیت هەلومەرجی کورد لەسوریادا بەرەو کوێ بڕوات؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: شۆڕشی خەڵکی سوریا کەوتۆتە داوی بەرژەوەندی دەوڵەتانی رۆژئاواو دەوڵەتە ئیقلیمییەکان. هەربۆیە چاوەڕوانی دەستکەوتێکی ئەوتۆ کە شیاوی خەباتو قوربانی خەڵکی ئەو وڵاتە بێ، ناکرێت. بەڵام بەهەمووئەوانەشەوە دەوڵەتێک کە دێتە سەر کار، دەسەڵاتێکی لاواز دەبێتو ئەو لاوازییە خۆی لەخۆیدا دەرفەتی نوێ بۆ خەڵکی کورد لەسوریاش دەکاتەوە.

## کوردستانی باشوور.. ئاسۆیەکی روونتر

**ئاوێنە**: با بێینە سەر کوردستانی باشوور، خاڵی بەهێزی هەرێمی کوردستان بۆ کێشەی کورد بەگشتی لەچیدا دەبینی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: گرنگترین دەستکەوت ئەوەیە کە دەسەڵاتی دەوڵەتێکی سەرکوتگەری مەرکەزی وەکو رژێمی بەعس بەسەر خەڵکی کورد لەهەرێمی کوردستان نەماوەو ئەوە جۆرێک لەهیوا بەئیمکانی رزگاری لەستەمی نەتەوایەتی لەهەموو بەشەکانی کوردستانیش بوژاندۆتەوە. لەناوخۆی کۆمەڵگای کوردستانیشدا هاوسەنگییەکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو رادەیەک لەئازادیوەدیموکراسی بۆ خەڵک بەدیهێناوە کە خۆی لەخۆیدا دەستکەوتێکە لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەراورد ناکرێت.

**ئاوێنە**: بەبڕوای تۆ خاڵە لاوازەکانی هەرێمی کوردستان لەچیدایە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: گرنگترین خاڵی لاوازی هەرێمی کوردستان لەئابوری کوردستاندایە. ئەم بیست ساڵە دەرفەتێکی باش بوو بۆ گەشەپێدانی ئابوریو پەرەپێدانی خزمەتگوزاری گشتیو لەئاکامدا سەرو دڵخۆش کردنو هیوابەخشین بەگۆڕانکاری ئەساسیتر لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا. بۆ نمونە دەکرا لەبواری کشتوکاڵەوە پرۆژەی ستراتیژیکی چڕوپڕ بەڕێوەبچێت، بەجۆرێک کە هەرێمی کوردستان خاوەنی ئیمکاناتی لەباری سروشتیە بەهیچ شێوەیەک پێویستی

بەهاوردەکردنی مەوادی خۆراکی لێرەو لەوێ نەبێتو لەسەر پێی خۆی رابوەستێت. دەکرا بەشێوەیەکی بەرنامەداڕێژراو لەجیاتی سەرفکردنی پارە لەئیشی لابەلاو بێکەڵکدا کانەکان بەرهەمیان لێدەربێتو بکرێتە بنەمایەک بۆ گەشانەوەی بوارەکانی دیکە. ئەگەر ئەوانە بەدیهاتبا ئیمکانی پەرەپێدانی خزمەتگوزاری گشتی زۆرتر دەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە خەڵکی کوردستانی عێراق جیاوازی بارودۆخی ئێستایان لەچاو دەورەی دەسەڵاتی بەعس بەباشی دەزانن چییە، لەهەمانکاتدا حەقیانە ئەگەر هەست بەوە بکەن ئەوەی کە بەدیهاتووە لەئاستی ئەو هەموو رەنجو خوێنو خەباتە نییە کە بۆی کراوە. کەلێنی چینایەتی لەنێوان هەژاریو سەروەتدا گەلێک قووڵبۆتەوە. ئەگەر فورسەتێک لەدەستچووە لەراستیدا لەم بوارانەدایە. دیارە شەڕی ناوخۆ کارەساتێکی گەورە بوو کە لەو هەرێمە روویداو یەکێک لەئاکامەکانی ئەوە بوو کە لەپاڵ کەموکورییەکانی دیکە وردە وردە خەڵکی لەدەسەڵات نامۆ کردووەو جۆرێک لەبێباکی سیاسیو تەنانەت بێزاری لەسیاسەت لەناو خەڵکدا پەرەپێداوە. بەمجۆرە بوو کە دیموکراسی لەو هەرێمە نەیتوانی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز پەیدابکات. خەڵک بەشێوەیەکی چالاکانە لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، لەپرۆسەی دیاریکردنی بریاری سیاسیدا بەشدار نین.

**ئاوێنە**: بەبڕوای تۆ هەرێمی کوردستان دەتوانێت هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی بنێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: سەربەخۆیی کوردستان رووداوێک نییە کە خەڵک شەو بخەونو بەیانی هەستن ببیستن کە سەربەخۆیی راگەیەندراوە. لەرووی نەزەرییەوە دەتوانین فەرزی ئەوە بکەین کە کاتێک دەوڵەتی ئەمەریکا عێراقی داگیرکردو رژێمی سەدامی روخاند، هەرێمی کوردستانیشی سەربەخۆ راگەیاندباو کێشەو گیروگرفتەکانی ئیقلیمیشی بۆ چارەسەر کردبا. بەڵام ئەگەر وەها گریمانەیەک مەحاڵە، سەربەخۆیی تەنیا دەتوانێ لەئاکامی حوزوری چالاکانەی کۆمەڵانی خەڵک لەمەیداندا بێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەو بۆ تەحەمول کردنی هەموو ئاکامەکانیشی. کاری گەورەی لەو چەشنە تەنیا دەتوانێ بەپشتیوانی گەرموگوڕی جەماوەر بێت. بەبێ بوژانەوەیەکی بەرینی سیاسی لەئاستی کۆمەڵایەتیدا، بەبێ متمانەی کۆمەڵانی خەڵک بەهێزی رێبەرو رێکخەری خۆی، بەبێ ئامادەکاریی ئابووری لەناوخۆداو بەبێ رەواندنەوەی مەترسییە دەرەکییەکان، ناکرێ قسە لەسەربەخۆیی کوردستان بکرێو هەر چەشنە لێدوانێک لەم زەمینەیەدا لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە بەجیدی وەرناگیرێ.

**ئاوێنە**: بزوتنەوەی گۆڕان توانیویەتی چ کاریگەرییەکی لەسەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان هەبێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: گەورەترین کاریگەریی گۆڕان ئەوە بوو کە رێگای نەدا لانیکەم لەبەشێکی گەورەی هەرێمی کوردستان هێزی ئیسلامی میانەڕەو نارەزایەتییەکانی جەماوەر لەدەسەڵات بقۆزێتەوە. لەو ناوچانەی کە یەکێتی نیشتمانی تێیدا

بەهێزە، لەیەکێتی کە تێپەڕ دەبیت، تووشی گۆڕان دەبیت کە هەر لە جنسی یەکێتییە، بەڵام لەو ناوچانەی کە پارتی تێیاندا بەهێزە، هێزە ئیسلامییەکان توانیویانە جەماوەری ناڕازی لەدەوری دەسەڵات لەدەوری خۆیان کۆکەنەوە.

**ئاوێنە**: تۆ پێتوایە هێزە ئیسلامیەکان مەترسیین لەسەر کۆمەڵگای کوردی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: هێزی ئیسلامی میانەڕەو لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو باکووری ئافریقا لەژێر کاریگەری سیاسەتی ئەمەریکاو لەژێر کاریگەری سیاسەتو ئۆلگۆی دەوڵەتی تورکیە توانیویانە ببن بە بەدیلی دەسەڵات. ئەو ڕەوتە بێگومان دەتوانێ هەرێمی کوردستانیش بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. بەڵام بەگشتی هێزە ئیسلامییەکان مەترسییەکی درێژخایەن نین، چونکە نەپرۆژەیەکیان بۆ گۆڕانکاری ئابووری هەیە، نەپەیامێکی پێشکەوتنخوازانەو ئازادیخوازانەو دیمۆکراتیکیان بۆ کۆمەڵانی خەڵک پێیەو نەبەخۆشییەوە توانای ئەوەیان هەیە لەم دەورەیەدا دەزگاکانی سەرکوتو داپڵۆسین ڕێکبخەنەوە. هەر بۆیە لاموایە شەپۆلێکی دیکەی خەباتی جەماوەریی کە ئەوجار بەرەو ڕووی هێزە ئیسلامییەکان دەبێتەوە، لەرێدایە. بەو پێیە لاموانییە لەدرێژماوەدا نفوزی هێزە ئیسلامییەکان مەترسییەک بێ بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

**ئاوێنە**: ئەوەی ئێستا بەدیدەکرێت یەکێتی تا ئەندازەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی سیاسەتی ئێراندایەو پارتییش لەژێر کاریگەریی سیاسەتی تورکیەدایە. ئایا ئەو دوو هێزە بەمجۆرە دەتوانن سیاسەتێکی دروست پەیڕەو دەکەن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: کێشەی ئەسڵی ئەوەیە کە ئەم دوو هێزە لەپێوەند لەگەڵ دەوڵەتە ئیقلیمییەکاندا بڕوا بەخۆیان گەلێک کەم بۆتەوە. ئەوەش لەئاکامی ئەو واقێعیەتەدایە کە جەماوەری خەڵک لەپشت سیاسەتەکانی خۆیاندا نابینن. بەڵام بەگشتی دەستێوەردانی دەوڵەتە ئێقلیمییەکان ڕووی نەک هەر لەهەرێمی کوردستان، بەڵکو لەهەموو عێراقە. تەنیا ڕژێمەکانی تورکیەو ئێرانیش نین، بەڵکو عەرەبستانی سعودیش هەیە.

**ئاوێنە**: مەسەلەیەکی گرنگی دیکە مەسەلەی نەوتە. ئایا نەوت لەدرێژماوەدا دەتوانێت خزمەت بەمەسەلەی کورد بکات یان بەپێچەوانەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: مەسەلە ئەوەیە کەپارەی نەوت دەکەوێتە دەست کێ و بەدەست چ هێزێک سەرف دەکرێت؟ ئەگەر پارەی نەوت بکەوێتە خزمەت گەشەپێدانی ئابووری وڵات و پەرەپێدانی عەدالەت و یەکسانی، بێگومان دەستکەوتێکی بەنرخە. بەڵام کە وەها هێزێک نەبوو پارەی زۆر دەتوانێ گەندەڵی پەرەپێبدات، بیرۆکراسی دەست و پێ گیر پەرەپێبدات، وڵات



سەرچاوە
Serchawe

بەرەو ئاقارێک بەرێت کە ئەگەر ڕۆژێک لەرۆژان بەهەر هۆکارێک نەوت نەفرۆشرا، هەژاری و فەلاکەت باڵ بەسەر وڵاتدا بکێشێ. بەڵام ئەگەر لەپاڵ دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت کشت و کاڵی ئەو وڵاتەببووژێتەوەو بەجۆرێک کەهەرێمی کوردستان پێویستی بەوەنەبێت کەتەماتەو سەوزەو شیرەمەنی لەدەرەوەبێنێت و بەقەدەر پێویستی خۆی نانی بۆ خەڵک نەبێت، نەوت لەکاتی ئاساییدا دەبێتە پشتیوانییەکی بەهێزی ئابووری و لەکاتی خولقانی کێشەی ناوچەییشدا کەس ناتوانێ بەبۆنەی ڕێگا گرتن لەفرۆشتنی نەوت خەڵک برسی بکات. لێرەئێمە پرۆژەیەکی ستراتیژیک بۆ کەڵک وەرگرتن لەسەرچاوەژێرزەوییەکان و لەوانەنەوت، پرۆژەیەکی ستراتێژیک بۆ گەشەپێدانی کشت و کاڵ، ڕێگا و شوێنێکی ستراتێژیک بۆ پەرەپێدانی خزمەتگوزاری گشتی نابینین. کێشەکە ئەوانەن! کە ئەوانەت دابین نەکردبێت، چۆن دەتوانی لەگەڵ ئاکامەکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بەرەوڕوو بییەوە؟

**ئاوێنە**: ئایا یەکێتی و پارتی دەتوانن هەر بەم شێوەیەی ئێستا تا ساڵانێکی درێژخایەن لەدەسەڵاتدا بمێننەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: پێشبینی وردی داهاتوو لەمبارەیەوە بۆ من کارێکی ئاسان نییە. ئەوەی کە دەبیندرێ ئەوەیە لەهەرێمی کوردستان زەمینەی بەئاگاهاتنەوەو بووژاننەوەی سیاسی بەهێزە. بێ تەفاوەتی سیاسی ئەمڕۆی خەڵک حاڵەتێکی کاتییەو دەتوانێ تێپەڕ بێو هەر هێزێک کەنەتوانێ وڵامدەرەوەی بارودۆخی نوێ بێت، ناچار دەبێت دەسەڵات بەجێبێڵێت. هەر وەکوو چۆن لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا شاهیدی بووین. لەم نێوەدا گۆڕانکارییەکانی دوارۆژ لەئێران و بەتایبەت بەرپابوونی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی لەو وڵاتەکاریگەری یەکلایی کەرەوەی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێت.

**ئاوێنە**: پێشبینی دەکەیت یەکێتی دوای قۆناغی مام جەلال تووشی ڕاچەنینی گەورە بێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەوەندەی کە بەرەوتی یەکێتی نیشتمانی، بەمێژووو سوونەتو بەرنامەو ڕێبازیەوە پەیوەستە، بزوتنەوەی گۆڕان دەرووپەکە کە بەرەو ڕووی یەکێتی بەرانبەر بەئەگەری هەر ئەزمەیەک کراوەتەوە. گۆڕانو یەکێتی لەرووی بابەتییەوە یەک ڕەوتنو دەتوانن یەکتر لەئەزمەی چاوەڕوانکراو دەربازکەن.

**ئاوێنە**: واتە دەکرێ بڵێین نەوشیروان مستەفا لەئایندەدا ڕۆڵی دەبێ لەچارەسەر کردنی ئەو ئەزمەیەدا؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: من نازانم وەکو کەسایەتی کێ دەتوانێ چ دەورێک ببینێ. من باسی ڕەوتێکی سیاسی دەکەم

کەلەناوەڕۆکدا یەکدەگرنەوە. بەڵام کەس ناتوانێ بەوردی پێشبینی ئەوەبکات کەداهاتووی کوردستانی عێراق لەرووی پێکهاتەی دەسەڵاتەوەچی بەسەر دێت. بۆ ئەوەدەبێ چاوەڕوانی رەوتی رووداوەکانی داهاتوو بین.

**ئاوێنە**: بە بڕوای تۆ چ ئایندەیەک لەبەردەم هەرێمی کوردستاندایە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: داهاتووی هەرێمی کوردستان بەناوچە دابڕاوەکانیشیەوە بەڕادەیەکی زۆر گرێدراوە بەداهاتووی عێراقو تەنانەت رەوتی گۆڕانکارییەکان لەئێران. من بەرانبەر بەو داهاتووە گەشبینم، چونکە هەموو پێداویستییەکانی وەدیهاتنی ئاسۆیەکی روون لەرووی بابەتییەوە لەهەرێمی کوردستاندا دەبینم.

**ئاوێنە**: ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێ سەربەخۆ بێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لەئێستادا سەربەخۆیی بەرەسمی بەمومکین نازانم. بەڵام کوردستان دەتوانێ لەرووی ئابوورییەوەو لەرووی سیاسییەوەو لەرووی کۆمەڵایەتییەوەبەشێوەیەکی دۆفاکتۆ سەربەخۆ بێت، لەهەمان کاتدا کەپێوەندیەکی لاوازیشی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی دەمێنێتەوە.

## کورد.. جوگرافیای سیاسی ناوچەکەی پێناگۆڕێت

**ئاوێنە**: ئایا دەکرێ بڵێین پارچەکانی کوردساتان لەساڵانی دوورمەودادا بەرەو یەکگرتنەوەو راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ یان کۆنفیدراڵی دەڕوات؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لەرووی نەزەرییەوە تەنیا دەستێوەردانێکی زلهێزەکان بۆ گۆڕینی جوگرافیای سیاسی ناوچەکە دەتوانێ دەوڵەتێکی یەکگرتوو کە لەهەموو پارچەکان پێکهاتبێ بەدیبێنێت. ئەوەش رەوتێکی چاوەڕوان نەکراوە. بۆیە لامواپە خەڵکی کورد لەهەموو پارچەکانی رزگاری خۆی لەپێوەند لەگەڵ گۆڕینی دەسەڵات لەمەرکەزو پێکهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتانەدا دەبینێتەوەو لەو چوارچێوەیەدا هەوڵدەدات بۆ ئەوەی مافەکانی خۆی دەستەبەر بکات. لەبەر گەلێک هۆکاریش هەرێمی کوردستان دەتوانێ جیاوازی هەبێت لەچاو پارچەکانی دیکە.

**ئاوێنە**: بەبڕوای تۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بە بەشداری هەموو حیزبو هێزە کوردییەکان، دەتوانێ هێزەکان لەئاستێکی نەتەوەییدا لەیەک نزیک بکاتەوە؟



سەرچاوە
Serchawe

**ئیبراهیم عەلیزادە**: پێکهاتنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی دەتوانێ گەلێک بەکەڵک بێت و لام وایەدەیتوانی زووتریش پێکبێت و لەو بابەتەوەدرەنگیش بوو. ئەو کۆنگرەدەیتوانی مێکانیزمێک بۆ جۆرێک لەهاوئاهەنگی لەنێوان هێزەکانی چالاک لەهەموو پارچەکانی کوردستان پێکبێنێت، تاکوو پیلانی هاوبەشی ئەو دەوڵەتانەی کەخەڵکی کورد لەژێر دەسەڵاتیاندایە، پووچەڵ کاتەوە؛ کێشەو تەناقوزاتی ناو هێزەکانی ئەم یان ئەو پارچەلەگەڵ یەک هێور کاتەوەو بەگشتی رەنج و ئازارەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کورد بۆ رزگاری لەستەمی نەتەوایەتی کەم کاتەوە؛ مەسەلەی کورد لەهەمان کاتدا کەلەهەر وڵاتێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، مەسەلەیەکی مەنتەقەییشە. لەکێشەچارەسەر نەکراوەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. وەها کۆنگرەیەک دەتوانێ هاوسەنگییەکی هێزی لەبارتر بۆ خەڵکی کورد بەرانبەر بەدەوڵەتانی ناوچەکەدابین بکات. بەڵام پرۆسەی دیاریکردنی ئامانجەکانی، پرۆسەی ئامادەکاری و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاریگەری دەبێ لەسەر ئاکامەکانیشی. ئەمەناتوانێ کۆنگرەیەک بێت بۆ رازی کردنی دڵی دەوڵەتانی ناوچەکە، ناتوانێ کۆنگرەیەک بێت بۆ داسەپاندنی بیر و بۆچوون و رێباز و ستراتێژی لایەنێک بەسەر لایەنێکی دیکەدا، ناتوانێ کۆنگرەیەک بێ کەبەدوور لەئاگاداری و کاربۆ کردنی لایەنەکانی چالاک لەهەموو پارچەکان پێکبێت. وەها کۆنگرەیەک ئەگەر هەموو مەرجەکانی کەباس کرا بەشێوەیەکی راستگۆیانەو شەفاف تێدا دابین نەبێت نەک هەر ناتوانێ کۆنگرەی نەتەوەیی بێت، بەڵکوو زیان بەئامانجەکانی وەها کۆنگرەیەکیش دەگەیەنێت. بڕیارەکانی کۆنگرەیەک کەئەو مەرجانەی تێدا بەدی نەکرێت لەلایەن جەماوەری خەڵکی کوردستانەوەپشتیوانی لێ ناکرێت.

**ئاوێنە**: پێتوانییە کە لەئاستی هەموو کوردستانەکاندا، پ.ک.ک بەهێزترین و کاریگەرترین هێزە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: پێم وانییەپ.ک.ک تەنیا لەکوردستانی تورکیەهێزی یەکەمەو تا رادەیەکیش بەبۆنەی حزوری درێژماوەی لەکوردستانی سوریەلەو وڵاتەنفوزی هەیە.

**ئاوێنە**: لەکوردستانی ئێران بەهێزترین هێز بەکام هێز دەزانی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لەبارودۆخێکدا کەئازادی نییەتاوەکوو پێوانەیەک بەدەستەوەبێ بۆ هەڵسەنگاندنی هێزی واقێعی ئەم یان ئەو لایەن، نامهەوێ لەمبارەیەوەقەزاوەتێکی گشتی بکەم. بەڵام لەرووی بابەتییەوەدەتوانم پێتان بڵێم کەهێزی چەپ لەکوردستانی ئێران دەورێکی ئەساسی هەیە. بۆ نمونەرەوتی ئێمەرێگای نەدا بەوەی کەکۆمەڵگای کوردستان بکەوێتەژێر کاریگەری ریفۆرمخوازەکانی حکومەتی ناسراو بەرەوتی سەوز کەرۆژێک لەرۆژان خۆیان لەسەرکوت کردنی خەڵکی کورددا بەشدار بوون. یان پێشەنگ بوون لەموقاتەعەکردنی هەڵبژاردن و بەرادەیەکی بەرچاو وڵامی وەرگرتەوە. هەروەها دوو



سەرچاوە
Serchawe

مانگرتنی گشتی لەژێر کاریگەری ئەساسی رەوتی ئێمەدا بەڕێوەچوو. خۆ ئەگەر بڕوانینەئاکسیۆنەکانی رۆژی جیهانی کرێکار و رۆژی جیهانی ژن و هیتر پێوانەی دیکەشمان دەست دەکەوێ.

**ئاوێنە**: ئایا لەم ساتەوەختەدا دەتوانین بڵێین حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران کاریگەرییان لەسەر رووداوەکانی کوردستانی گەورە هەیە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: زەرفیەتی بەهێز وجوودی هەیە، پێویستە مەجالی گونجاویش بڕەخسێ.

## کوردی تاراوگەو کاریگەرییان

**ئاوێنە**: گرنگی رۆڵی کوردەکانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات بەگشتی لەچی دا دەبینی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: جیاوازییەک هەیە لەنێوان کوردەکانی تورکیە لەگەڵ باقی بەشەکانی دیکەی کوردستان لەدەرەوەی وڵات. کوردەکانی تورکیە بەژمارە بەدەیان قات زیاتر لەکوردەکانی هەموو پارچەکانی ترن. بەباشیش لەلایەن پ.ک.ک و لەپێناو ئامانجەکانی ئەو رێکخراوەیەو چالاکیان لەنێودا دەکرێ. کوردی کوردستانی ئێران بەگشتی لەدەرەوەی وڵات کەمن. بەڵام لەهەر حاڵدا دەتوانن کاریگەرییان هەبێ بۆ ئەوەی کەزەختی سیاسی بخەنە سەر ئەو دەوڵەتانەی کەخەڵکی کورد لەژێر دەسەڵاتیاندا دەژین و هەروها دەتوانن دەور ببینن لە لەقاودانی ئەو جینایەت و دەستدرێژییانەی کە دەکرێتە سەر خەڵکی کورد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - رێکەوتی: ٧ی جوونی ٢٠١٢

-------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

## ساڵیادی گیانبەختکردنی فواد مستەفا سوڵتانی



**وتوویژی رۆژنیوز**

ئەمرۆ ٢٩ی ئاب، ساڵیادی گیانبەختکردنی فواد مستەفا سوڵتانی، یەک لە پێشەنگەکانی دامەزراندنی کۆمەڵە و خەباتی کرێکاری لە

رۆژهەڵاتی کوردستانە، هەر بەم بۆنەیەوە رۆژنیوز سەردانی ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری گشتی رێکخراوی کوردستانی حزبی کومونیستی ئێران (کۆمەڵە) و هاوڕێی دێرین و هاوسەنگەری ئەوکاتی فواد سوڵتانی کرد، عەلیزادە لە بارەی تێکۆشانی سوڵتانی و رۆڵی ئەو لە خەباتی گەلانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەر لە راپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دامەزراندنی کۆمەڵە و رێکخستنی تێکۆشان و خەباتی خەڵک دوای راپەڕینەکەی شیکردەوە.

ئیبراهیم عەلیزادە باس لە رۆڵی فواد موستەفا سوڵتانی لە دامەزراندنی رێکخستنەکانی بەر لە کۆمەڵە کرد و وتی:"

هاوڕێ فواد یەک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە لە پایزی ساڵی ١٩٦٩دا، ئەوکات ئەو رێکخراوەیە ناوی کۆمەڵە نەبوو، دوا جار ناوی کۆمەڵەی لێنرا، کۆمەڵە لە ژێر کاریگەری دوو رەوت پێکهات، یەک دۆخی ئەو کاتی ئێران و دووەم ئەو شتانە کە لە ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی جیهاندا لە ئارادا بوو، کاک فواد ئەو کات لە زانکۆکانی تاران لە ناوەڕاستی ئەم قسە و باسانەدا بوو هاوکات کۆمەڵگاشی دەبینی و لێکۆڵینەوەی خۆی بۆی هەبوو، سەرەتا زۆر دوودڵ بوو، هەوڵیدا ئەم دوودڵیانە لابات و یەکگرتووییەک لە نێوان ڕیزەکانی کۆمەڵەدا دروست بکات، بۆ ماوەی سێ ساڵ تێکۆشانی لە زانکۆکان بەتایبەت زانکۆی تاران و تەورێز بەنهێنی بەردەوام بوو، وردە وردە ئەو تێکۆشانە گوازرایەوە بۆ شوێنە کرێکاریەکان، لە سەردەمی

دیکتاتۆری شا ئەگەرچی دەرفەت زۆر کەم دەدرا بەڵام بچوکترین دەرفەتەکان بەکار دەهێنران بۆ ئەوەی کار و چالاکی ئەنجام بدرێت ".

عەلیزادە باس لە تێکۆشانی کاک فواد لە زیندانەکانی ئیران کرد و رایگەیاند:"

پاش رووخانی دیکتاتۆریەتی شا و دەستپێکردنی شۆرشی گەلانی ئیران و رۆژهەلاتی کوردستان، خەباتی جوتیارانی مەریوان، دیواندەرە، کرێکارانی کشتوکاڵی مهاباد، جوتیاران و کرێکاران ناوچەی کامیاران، لە هەموو ئەم رووداوانە رۆڵی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی کاک فواد بەرچاو بوو، بەر لە شۆرش هەمان رۆڵی لە رێکخستنی زانکۆکانی تاران دا هەبوو، بۆیە بەر لە شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٣دا دەستگیر کرا، بە بەرخۆدانی خۆی نەیهێشت نهێنیەکانی کۆمەڵە لە زینداندا ئاشکرا بکرێت، ئەوەی کە زۆر گرنگە ژیانەوەی کۆمەڵە لەناو زیندانەکاندایە، تێکۆشانی کاک فواد لەناو زینداندا ئومێدی دەدا بە ئەندامانی رێکخستن لەدەرەوەی زیندان، لە زیندانی سنە دا هەوڵدان و تێکۆشانەکەی لە ئاستێکدا بوو کە هەموو زیندانیان تەنانەت ئەوانەی سیاسیش نەبوون بە تێکۆشەر کاک فواد سەرسام بوون لە زیندانەوە ناوبانگی دەرکرد، لە مانگرتنێکی بەکۆمەڵدا کە ١٤ رۆژی خایەند زۆربەی زیندانیەکان بەشداری مانگرتنەکەیان کرد، هەر بۆیە کاتێک کاک فواد لە زیندان ئازاد کرا هەزاران کەس بەرەو پیری چوون ".

لە بارەی خەباتی سوڵتانی پاش راپەرینی گەلانی رۆژهەلاتی کوردستان لە ١٩٧٩دا سکرتێری کۆمەڵە وتی:

"لە کاتی هاتنەدەرێی لە زیندان تا کاتی گیانبەخت کردنی ١١ مانگی خایەند، ١١ مانگ مێژووی کوردستانی وەرچەرخاند، لە لایەکەوە رژێمی شا رووخابوو و خەڵک راپەڕی بوو، لە لایەکی دیکەوە خەڵک پێویستیان بە رێنوێنی بوو، کاک فواد و هاورێیانی هوشداری هاتنە سەر کاری رژێمیکی ئیسلامی زۆر درەندەیان دا، خەڵک ئاگادار کرایەوە کە ئەو رژێمە جێگای هیچ باوەڕێک نیە، جیاوازی کۆمەڵە بە پێشەنگی کاک فواد لەگەڵ هەموو هێزەکانی دیکە ئەوە بوو کە خەڵکیان دژی هاتنە سەرکاری ئەو رژێمە هاندا بۆ راپەڕین، بەڵام هێزەکانی دیکە بەنیازی رێککەوتن بوون و ئەوەشیان کرد".

عەلیزادە لە کۆتایی قسەکانیدا باسی لە کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان بە پێشەنگی فواد سوڵتانی کرد و وتی:

"تێکۆشانی ئێمە رەنگێکی دیکەی بە خۆیەوە گرت، کاک فواد و هاورێیانی دەستیان کرد بە دامەزرانی ئەنجومەنی شار، گوند، گەڕەک و پێکهاتەکان، خەباتی مەدەنی ژنان و کرێکارانیان دامەزراند، ئەم ئامادەکاریانە هەموو هەوڵ بوون بۆ



سەرچاوە
Serchawe

بەرنگاری بەرانبەر بە دەسەڵاتێک کە بڕیار بوو هێرش بکاتە سەر کوردستان، لە کۆچی مێژوویی شاری مەریوان دا، رژێم بەنیاز بوو چەک لە خەڵک بستێنێتەوە و بارەگاکان لە ناو شارە کوردەکان بەهێز بکاتەوە، کاک فواد لەگەڵ شاندێک لە نوێنەرانی ئەنجومەنی شار دانوستانیان لەگەڵ بەرپرسانی رژێم کرد و رایانگەیاند باشترە بارەگاکان لە سەرباز چۆڵ بکرێن ئەوان نەیانکرد، کاک فواد لەو کاتەدا پێشنیارێکی مێژوویی دا بە خەڵک و وتی، ئەگەر ئەوان شار چۆڵ ناکەن ئێمە شارەکە چۆڵ دەکەین، تەواوی خەڵکی مەریوان لەسەر داوای کاک فواد شاریان چۆڵ کرد و لە کانی میران چادریان هەڵدا کەوتبووە ١٣ کیلۆمەتری شاری مەریوانەوە، ئەوکات رێپێوان لە هەموو شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ بەشداربوون لە کۆچی مێژوویی خەڵکی شارەکە دەستپێیکرد، خەڵک لە سنە و سەقز و بانە و بۆکانەوە دەستیان کرد بەرێپێوان بەرەوە مەریوان، دەنگ دانەوەی ئەو کۆچە لە ئاستێکدا بوو کە پلەبەرزترین بەرپرسانی رژێمی ئێران هاتنە سەر مێزی دانوستان، مستەفا چەمران، یەک لە فەرماندە پلەبەرزەکانی سوپای پاسداران لەگەڵ شاندێک لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵە لە دانیشتنێکی چەند رۆژەدا پاشەکشەیان کرد و پاشان کاک فواد بە سەربەرزی پێشنیاری بە خەڵکدا بگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆیان".

کاک فواد کاتی سەردانەکانی بۆ شاری مەریوان، کەوتە بۆسەیەکی سوپای پاسداران و پاش چەند کاتژمێر شەڕ و پێکدادان گیانی بەخت کرد.

فواد مستەفا سوڵتانی لە ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی ئەڵمانە سەر بە شاری مەریوان لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٧٩ (٩ خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨) لە بۆسەیەکی هێزەکانی دەوڵەتیی ئێران لە گوندی بەستام، لە نێوان شاری سەقز و مەریوان گیانبەخت دەکات، تەرمی فواد سوڵتانی لە گۆڕستانی تاڵەسواری گوندەکەی، لە تەنیشتی دو برای حسەین و ئەمین بەخاک دەسپێردرێت.

پاش گیانبەختکردنی سوڵتانی کۆمەڵە پەرتەوازە دەبێت و ئێستا لە سێ حزبی جودا پێکهاتوون.


سەرچاوە: ماڵپەڕی روژ نیوز - رێکەوتی: ٢٩ی ئاگۆستی ٢٠١٢

-----------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

# ڕەوتی چەپ لە کوردستانی عێراق پشتی لە ڕاپەڕین کرد



**کاوە جەم**

لە بەرزاییەکانی (زەرگوێز)ـەوە بە تەواوی شاری سلێمانی بەدی دەکرێت. سرووشتی شوێنەکە بە تەواوی ڕووخساری پێشمەرگانەی بە ڕووی ئەو ژن و پیاوانەدا هێشتووەتەوە کە لە ڕیزەکانی کۆمەڵەدا پێشمەرگایەتی دەکەن.

ڕۆژنامەی "هەولێر" لەو شوێنە، دیمانەیەکی لەگەڵ سکرتێری ئەو حزبە (ئیبراهیم عەلیزادە) ساز دا. ئەو لەسەر مەسەلە هەنووکەییەکانی ئێستای بارودۆخی کوردستانی سووریا و ئێران دوا و پێی وابوو ڕەوتی چەپ لە کوردستانی عێراق هەڵەیەکی مێژوویی کردووە. (عەلیزادە) دەڵێ: "هەڵگرتنی دروشمی دروستکردنی بەرە لەلایەن چەند حزبێکەوە ڕاستگۆیانە نییە."

**کاوە جەم**: سووریا بە پێچەوانەی وڵاتانی میسر و لیبیا، زیاتر بەرانبەر بە داخوازیی خەڵکەکەی بەرگریی کرد و ئێستایش (بەشار ئەسەد) هەر لەسەر کورسیی دەستەڵاتە. گۆڕانکارییەکان لەو وڵاتە بۆ ئەوەندەی خایاند؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ڕووداوەکانی سووریا، لە سەرەتاوە درێژەی ئەو ڕووداوانە بوون کە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا هاتنە کایەوە، بەڵام ئاڵۆزبوونی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی سووریا و هەڵوێستی زلهێزەکانی وەکوو ڕووسیا و چین، بەرژەوەندییە جیاوازەکانی ئێران و تورکیا، هەستیاربوونی سووریا وەکوو وڵاتێکی هاوسنوور لەگەڵ ئیسرائیل کە خاوەنی چەکی کۆمەڵکوژە؛ ئەوانە هەمووی بە گشتی ڕووداوەکانی سووریایان بە ئاقارێکی دیکەدا برد.

بەو جۆرەی پێشبینی دەکرا ڕژێمی (بەشار ئەسەد) نەڕووخا و سووریا بوو بە گرێپووچکەیەک کە هەموو ناکۆکییەکانی سەرجەم ناوچەکەی تێدا کۆ بووەوە. هەڵبەت لە سەرەتاوە بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخوازانە لە ئارادا بوو و بە ڕادەیەکی زۆر هەموو پێکهاتەکانی نەتەوایەتی و فیکری و ئایینی تێیدا بەشدار بوون، بەڵام هەنگاو بە هەنگاو لەو ڕەوتەی خۆی لایدا.

ئاڕاستەی بزووتنەوەی جەماوەری گۆڕا و بوو بە بزووتنەوەی چەکداری و جەماوەری خەڵک کەوتنە پەراوێزەوە. لەو ماوەیەدا (بەشار ئەسەد)یش توانی ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵگەی سووریا بقۆزێتەوە.

ترس و نیگەرانی لەناو عەلەوییەکانی بەرانبەر بە دەستەڵاتی سوننەکان پەرە پێ بدات. توانی بزووتنەوەی کوردی تا ڕادەیەک بێلایەن بکات. جگە لەوانە هێزە سەلەفییەکان توانییان لە ناو ئۆپۆزسیۆنی چەکداردا دەورێکی باڵا ببینن.

بەم جۆرە هەموو ئەو خۆشبینییەی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا و تورکیا کە پێیان وابوو لە سووریایش ئیسلامێکی میانڕۆ دێتە سەر دەستەڵات و لە لایەن تورکیاوە کۆنترۆڵ دەکرێت، نەما. ئەم بارودۆخە نوێیە وای کرد کە هەموو لایەنەکان بە پارێزەوە دەست بۆ ڕووداوەکانی ئەو وڵاتە بەرن، چونکە نەیاندەزانی دوای ڕۆیشتنی (بەشار ئەسەد) وڵاتی سووریا چی لێ بەسەر دێت. هەروەها ئیسرائیل زۆر نیگەران بوو لە داهاتوو.

هەموو لایەک ئێستا نیگەرانی ئەوەن بارودۆخێکی وەکوو عێراق لە سووریایش بێتە ئاراوە و نائەمنی و ناسەقامگیری باڵ بەسەر ئەو وڵاتەدا بکێشێت. ئێستا بەرژەوەندیی هەموو لایەک لەوەدایە کە دۆخی سووریا بە شێوەیەک ئارام ببێتەوە، تەنانەت ئەگەر بە مەرجی پاراستنی پێکهاتەی گشتیی ڕژێمی سووریایش بێت، هەڵبەت بە بێ (بەشار ئەسەد).

**کاوە جەم: کورد لەو نێوەدا چی لێ بەسەر دێت؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** هەر گۆڕانکارییەک کە لە سووریادا بێتە ئاراوە، تورکیا هەوڵ دەدات دەستی باڵا پەیدا بکات و ئەمەیش بێگومان بە زیانی گەلی کورد لەو وڵاتە دەبێت. خەڵکی کورد لە سووریا بۆ ئەوەی مافێک بەدەست بێنێت، تەنیا دەتوانێ بە هێزی خۆی پشتئەستوور بێت.

ئەگەر بتوانن کە گەلێکیش پێویستە، ئەو کەلێنەی وا ئێستا لە نێویاندا هەیە پڕ کەنەوە و پلانێک بۆ دوارۆژ دابڕێژن،



سەرچاوە Serchawe

دەتوانن هەم پێش بە ڕووداوی ناخۆش و شەڕی ناوخۆ بگرن و هەم دەستکەوتی دیاریکراویش بە هەموو لایەنەکان چ ڕژێمی (ئەسەد) بە تەواوی بڕوخێ و تەفر و تونا بێت و چ سازشێک بکرێت، بسەلمێن.

**کاوە جەم**: دەستی دەرەکی لە دروستبوونی ئەو کەلێنەدا هەبووە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بەڵێ، تورکیا دەستی هەبووە. لایەنێک لە ئۆپۆزسیۆنی کورد لە سووریا لە ناو ئەنجوومەنی نەتەوەیی سووریادایە و تورکیا پشتگیری لێ دەکات. لایەنێکی دیکەیش لە ڕێکخراوی (پەیەدە) کە نزیکن لە پارتی کرێکارانی کوردستان، کۆ بووەتەوە و هێزێکی چەکداریی کاریگەریشی هەیە و نفوزیشی لە ناو خەڵکی کورد لە سووریادا بەهێزە.

ئێستا ڕژێمی (ئەسەد) لە بەشێکی ناوچەی کوردنشین کشاوەتەوە و دامودەستگەکانی ڕادەستی (پەیەدە) کردووە. بۆ تورکیا ئاسان نییە قبووڵ بکات پەکەکە لەو ناوچانەدا پێگەیەکی وا بەهێزی هەبێت. هەر بۆیە بۆ ئەوەی خەڵکی کورد ئیمتیاز بە دەست نەهێنێت، درێژە بە پیلانگێڕییەکانی دەدات.

ئەگەر بزووتنەوەی خەڵکی کورد لە سووریا بتوانێ وەها بەهێز بێت کە لە هاوسەنگیی هێزی ناو وڵاتی سووریادا هیچ لایەنێک نەتوانێ چاوپۆشی لێ بکات، ئەوە دەتوانێ سەرەڕای بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی تورکیایش دەستکەوتێکی بەرچاو بەدەست بێنێت.

**کاوە جەم**: بەڵام زۆر لایەن (پەیەدە) بە تاوانبار دەزانن و پێیان وایە دەستەڵاتی ڕژێمی بەعسیان لەو ناوچانە کە گوایە ئازاد کراون، پاراستووە. ڕای تۆ چییە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: گومان لەوەدا نییە کە ڕێککەوتنێک لەسەر ئەو مەسەلەیە کراوە. مەسەلە ئەوەیە بە خۆشی بێ یان بەشەڕ دەستەڵاتی دەوڵەتی سووریا بەسەر ئەم ناوچەیەدا نەماوە. ئەوە خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی گرینگە. بەڵام ئەوەی کە داهاتووی ئەم سیاسەتە چی دەبێت، پێوەندی بە سەرکردایەتییەکەیەوە هەیە.

نابێ لەبیرمان بچێتەوە کە بەردەوام پیلانیش لە لایەن تورکیا و هێندێک لایەنی ئۆپۆزسیۆنی سووریایش دژ بە بزووتنەوەی کورد بە گشتی لە کایەدایە. ئەمە باشە کە کورد ناوچەیەکی ئارامی هەبێت، جا ئەوە بە شەڕ بە دەست هاتبێت یان بە هاوسەنگیی هێز. گرنگ ئەوەیە لەمە بەدواوە چی دەکەن.



سەرچاوە
Serchawe

**کاوە جەم**: ئەوە کارتی گوشاری ئێران نییە بەرانبەر بە تورکیا؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئێران وەکوو تورکیا هەوڵ دەدات مۆری خۆی لەسەر هەموو ڕووداوەکانی ناوچەکە دابنێت. دیپلۆماسیی ئێران لەوبارەوە چالاکە، بەڵام خەڵکی کوردیش دەتوانێ سوود لەو کەلێن و کەلەبەرانە وەربگرێت کە هەیە. مەسەلە ئەوەیە ئایا (پەیەدە) دەتوانێ دیپلۆماسییەکی ئەوەندە ژیرانە پێڕۆ بکات کە بتوانێ هەم لەو ناکۆکیانە سوود وەربگرێت و هەم سەربەخۆیی بڕیارەکانی لە پێناو بەرژەوەندیی کوردانی سووریا بپارێزێت یان نا.

**کاوە جەم**: کاک (سەید ئیبراهیم) پژاک نزیکە لە پەکەکە و ئێستا لە کوردستانی ئێران چالاکیی هەیە، پێتان وا نییە ئێوەیش لە دواڕۆژی گۆڕانکارییەکان لە ئێراندا تووشی هەمان مەسەلە دەبنەوە کە ئێستا لە کوردستانی سووریا لە ئارادایە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: پژاک وەکوو هەموو هێزە کوردییەکانی دیکە دەتوانێ لە کوردستانی ئێراندا بوونی هەبێت. ئێمە هەر وەکوو باقی هێزەکانی دیکەی هەڵسووڕاو لە کوردستان چاویان لێ دەکەین. هەڵبەت نابێ سەبارەت بە نفوزی پژاک لە کوردستانی ئێراندا زێدەڕۆیی بکرێت.

بە بڕوای من سەرەڕای بوونیان، ئەو جێگە و پێگەیەیان نییە کە لە میدیادا تەبلیغیان بۆ دەکرێ. جیا لەمەیش ئەوە تاکتیک و سیاسەتی پژاکە کە لە حزبەکانی دیکەی تەریک خستووەتەوە. ئێمە ڕەخنە لە شێوەی کارکردنیان دەگرین، بەڵام بوونیان بۆ ئێمە هیچ مەسەلەیەک نییە. ئێستا خەڵکی کورد هۆشیارە و بە هۆشیارییەوە ڕێگەی داهاتووی هەڵدەبژێرێت.

**کاوە جەم**: ئێوە باس لە هۆشیاریی خەڵکی خۆتان دەکەن، بەڵام ناتانەوێ وەڵامدەرەوەی ئەو هۆشیارییە بن؟ بۆ تا ئێستا کۆمەڵە و دیموکراتەکان تووشی چەندین لە یەکترازان بوون؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: پێشەکی ئەوە بڵێم کە ئێمە خۆمان بە حزبێکی دوورخراوە لە وڵاتی خۆمان نازانین. ڕاستە ئێمە دامەزراوە ناوەندییەکانمان لە کوردستانی عێراقە، بەڵام بەشی سەرەکیی ڕێکخراوی ئێمە ئێستا لە شارەکانی کوردستانی ئێران چالاکیی نهێنی و مەدەنی دەکەن.

دیارە دەسەڵاتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا ڕێگە نادات ئەو نفوزە کۆمەڵایەتییە بە تەواوی خۆی نیشان بدات. ئەو چالاکییە لە ڕاستیدا لە پێناوی وەڵامدانەوە بەو هۆشیارییەیە و لە ناخی ئەو هۆشیارییەدا پەروەردە بووە. لێکترازانی حزب و ڕێکخراوەکان هەرکامەیان هۆکاری بابەتی و سیاسیی تایبەت بە خۆیان هەیە.

**کاوە جەم**: بەڵام ئێستا لە کوردستانی عێراق وا نییە. لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ دا بە ١٣ حزبی چەپ تەنیا کورسییەکیان بەدەست هێناوە. خۆ ئازادی و دیموکراسی لێرە هەیە.

**ئیبراهیم عەلیزادە**: هێزی سیاسی لەو قۆناغەدا کە مێژووی وڵاتێک گۆڕانکاریی گەورەی تێ دەکەوێت، لە ناوجەرگەی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەدا تاقی دەکرێتەوە. هێزی چەپ لە کوردستانی عێراق کاتی کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ بە هۆی لێکدانەوەیەکی چەوت نەیتوانی ڕۆڵی خۆی ببینێ و ئەو نفوزەی هەیبوو بیپارێزێت.

دوای ڕاپەڕین و نەمانی ڕژێمی بەعس لە کوردستان، ئەوان پشتیان لە ڕاپەڕین کرد. لە کۆڕەوەکەیشدا چوارچێوەی ڕێکخراوەیی خۆیان لە دەست دا و بوونە ئاوارە و پەنابەر.

ئەمە ئەزموونێکی مێژوویی بوو کە لە بیرەوەریی خەڵکدا دەمێنێتەوە. هێزی چەپ لە کوردستانی عێراق دوای ئەو هەڵە گەورە مێژووییەی کردی، هێشتا دەرفەتی بۆ هەڵنەکەوتووە کە جارێکی دیکە خۆی لە مەحەکی قەزاوەتی جەماوەر بداتەوە.

**کاوە جەم**: گوتت سیاسەتی پڕاک تەریک کەوتووە، باشە خۆ پڕاک وای لە دیموکرات و کۆمەڵەکان نەکردووە. مەبەستم حزبێکی دیاریکراو نییە، بەڵام بۆ ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێران وایان لێ بەسەر هاتووە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەوەی پێشتر گوتم تەنیا تایبەت بە پڕاک نییە. بە بڕوای من هێزە کوردییەکان بە نیسبەت بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک، لە ناوەڕۆکی خۆیاندا یەکگرتووخواز نین.

ڕاستە هەڵگری ئەو دروشمەن، بەڵام لە واقیعدا بەرژەوەندیی ڕێکخراوییان لە سەرووی یەکگرتووخوازییاندایە. لێکترازانەکانی ناو ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکاری و هەلومەرجە تایبەتەی لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا بەسەر ئەو وڵاتەدا هاتووە.

حزبە کوردییەکان لەو ماوەیەدا بەرانبەر بە ڕووداوە گرنگە مێژووییەکان هەڵوێستی جیایان هەبووە. لێکترازانیان یان بە هۆی جیاوازیی ڕێباز و بۆچوون لە ناوخۆیاندا بووە یان بە هۆی بێباوەڕیی ئەندامانی حزبەکان بەرانبەر بە سەرکردەکانیان بووە. دیاردەی جیابوونەوە بە هەر کام لەو هۆکارانە ڕووداوێکی ئاساییە لە خەباتی سیاسیدا.

**کاوە جەم**: ماوەیەکی زۆر باس لە بەرەیەکی کوردستانی دەکرا، ئەمە چی لێ بەسەر هات؟



سەرچاوە Serchawe

**ئیبراهیم عەلیزادە**: هیچ کاتێک حزبەکانی کوردستانی ئێران پرۆژەیەکی جیددییان بۆ پێکهێنانی بەرە نەبووە. نەک لەبەر ئەوەی نایانەوێ بەرە پێک بێت، بەڵکوو لەبەر ئەوەی هەلومەرجی بابەتی بۆ پێکهێنانی بەرە هێشتا نەرەخساوە. بەرە تەنیا ئەوە نییە کە چەند حزبێکی سیاسی لەسەر چەند خاڵێک ڕێک بکەون و ڕێککەوتننامەیەک ئیمزا بکەن.

پێویستیی پێکهاتنی بەرە لە ناوجەرگەی خەباتی گەشەکردووی جەماوەردا سەر هەڵدەدات. کە وا بوو گوشاری جەماوەر دەبێتە هۆی ئەوە کە ناکۆکییە لاوەکییەکان نەبنە ڕێگر. ئەو مەسەلەیە نابێ کایەی پێ بکرێت، بەڵکوو دەبێ بە شێوەی واقیعی گیروگرفت و کۆسپەکانی سەر ڕێی بە خەڵک بناسێندرێت و هەنگاو بە هەنگاو ڕێگەی لابردنیان هەموار بکرێت.

دەبێ پێشتر هاوکاریی دوولایەنە و چەندلایەنە و زمانی گفتوگۆ دروست بووبێت، نەک ئەوەی کە حزبێک لە جێگەی خۆی دابنیشێت و دروشمی دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو بدات. ئێمە پێمان وایە بەرزکردنەوەی دروشمی بەرە لەلایەن چەند حزبێکەوە، بۆ پاشقۆڵگرتن لە پاڵدەستەکەیانە و ڕاستگۆیانە نییە.

**کاوە جەم**: کۆنگرەی نەتەوەیی چی لێ بەسەر هات؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: هیچ بەرەو پێشچوونێک لەم بابەتەوە نییە. ئێمە پێمان وایە کە وەها کۆنگرەیەک ئەگەر هەموو لایەنەکان بە مافی یەکسان لە تەدارۆکی پێکهێنانیدا بەشدار بن، ئەگەر نەبێتە دەستکایەی هیچ سیاسەتێکی هیچ لایەنێک بۆ بەرژەوەندیی تایبەت، ئەگەر گوشارێکی واقیعیی سیاسی بخاتە سەر ئەو دەوڵەتانەی کە خەڵکی کورد تێیاندا دەژین، گەلێک بەکەڵک و پێویستە.

**کاوە جەم**: باسمان لە لێکترازانی حزبەکانی کوردستانی ئێران کرد، بەڵام ئەم جارە بە تایبەت باس لە کۆمەڵە دەکەین. بۆ کۆمەڵە ئێستا بووەتە ٤ - ٥ حزب؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: گومان لەوەدا نییە بەشێکی زۆر لە جیابوونەوەکان لەسەر جیاوازی لە ڕێبازی سیاسیدا بووە. ئەمە ڕەنگە لە ڕۆژانی سەرەتایی لەیەکترازانەکاندا دەرنەکەوتبێت، بەڵام دوای ماوەیەک دەرکەوتووە. هەر چەند لێکترازانیش هەیە کە هیچ جیاوازییەکی تێدا بەدی ناکرێت و ئەوەیش هەر وەک باسم کرد دەگەڕێتەوە بۆ بێمتمانەیی بە ڕێبەرایەتی کە لە ناو ڕیزەکانیاندا شکڵ دەگرێت.

**کاوە جەم**: لەگەڵ نەمانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، ڕەوتی چەپ لە کزیی دا، بەڵام تۆ دەڵێی ئەو ڕەوتە لە داهاتووی کوردستانی ئێراندا خۆی زیندوو دەکاتەوە، ئێوە بە نیازن چی بکەن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئێمە ئەمڕۆ لە چاو ئەو کاتەی کە بەشێکی زۆر لە بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانمان لەگەڵ بوو و وەکوو هێزێکی کۆمۆنیست دەستمان دایە مقاوەمەت بەرانبەر بە ڕژێم، نەک هەر لە هیچ ڕوویەکەوە لاوازتر نەبووین، تەنانەت لە بواری فیکری و سیاسییەوە تۆکمەتریشین و متمانەی خەڵکی کوردستانیشمان بە شاهیدیی چەند حەرەکەتی گەورە هەر لەم ساڵانەی دواییدا پاراستووە. بەم پشتیوانییەوە ئێمە بۆ ڕزگاریی خەڵکی کورد، ستەمی نەتەوایەتی و بۆ لە ناوبردنی هەژاری و نادادپەروەری و بۆ یەکسانی هەوڵمان داوە و ئێستا بۆ دابینکردنی شێلگیرانەی وەها ئامانجێک هیچ ڕێبازێک نییە جیا لە ڕەوتی چەپ نابینین. لەو باوەڕەدام لە ناخی خەڵکی کورددا دەرفەتی گەشەکردنی ئێمە هەیە.

**کاوە جەم**: پێت وایە هەرێمی کوردستان کەوتووەتە ناو بەرەی ئەمەریکا - ڕووسیا؟ ئەگەر وایە پێت باشە چی بکرێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: سەرەڕای هەر پێوەندییەک کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیبێت، بە گشتی تا ئێستا حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حزبە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانیشی هەر خۆیان لە بەرەی ئەمەریکادا دەبیننەوە. بەرژەوەندیی باڵای ئەمەریکا لەگەڵ بەرژەوەندیی گەلی کورد بۆ سەقامگیرکردنی مافی نەتەوایەتی خۆی هاوتەریب نییە.

ئەگەر خەڵکی کورد بیهەوێت ئەو مافەی خۆی بە ئەمەریکا و بە زلهێزەکانی دیکە و بە هێزە ناوچەییەکان تەحمیل بکات، ڕێگەیەکی نییە جگە لەوەی کە لە ناوخۆیدا بەهێز بێت. بەهێزبوونیش بریتییە لە مەیداندابوونی جەماوەر، بریتییە لە سەرو دڵخۆشبوونیان بە دابینبوونی ژیانی باشتر و ئازادتر، بریتییە لە متمانەکردن بە هێزی ڕێبەر و سەرکردایەتییان. ئەگەر ئەم مەرجانە دابین نەبن، دەبێ هەر چاولەدەستی ئەمەریکا بن، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان تۆسقاڵە مافێ کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بگونجێ، بۆیان بسەلمێنێ، کە ئەوەیش شایستەی خەڵکێک نییە کە بە هەزاران قوربانی لە پێناوی ڕزگاریی خۆیدا داوە.

**کاوە جەم**: پێت وایە لە گۆڕانکارییە ناوچەییەکاندا کورد بووەتە ئەکتەرێک کە دەتوانێ کاریگەری لەسەر هاوسەنگیی هێز هەبێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بێگومان دەوری خەڵکی کورد بە گشتی لە گۆڕانکارییە ناوچەییەکان و هاوسەنگیی هێز ناکرێ لە

بەرچاو نەگیرێ. باسی کوردستانی ئێرانمان کرد. بارودۆخی ئێستای کوردستانی تورکیا دەبینن و ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەی کە بە پانتایی هەموو کوردستان لە ئارادایە.

کوردستانی سووریا بە کردەوە لە ژێر دەستەڵاتی ڕژیمی بەعس هاتووەتە دەرێ و ئەگەر سیاسەتێکی بەرپرسیارانە و ژیرانە ڕەچاو بکرێت، بێگومان لانی کەم بەشێک لە داخوازییەکانی خەڵکی کورد دەستەبەر دەکات. لە هەرێمی کوردستان ئەگەر گەشەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەر لەو ناوچەیەیش کە لە ژێر دەستەڵاتی حکوومەتی هەرێمدایە ڕوو بدات، ئەو هاوسەنگییە دەگاتە ئاستێک کە سەربەخۆیی کوردستان بە شێوەی دیفاکتۆ بە کردەوە دەدرێت.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی "هەولێر" - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

----------------------------------------

## ئیبراهیم عەلیزادە: ئەمریکا داوای هاوکاری لێکردین



**هەڤپەیڤین: پشتیوان کەریم گەڵاڵی**

ئیبراهیم عەلیزادە، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران- کۆمەڵە لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باس لە هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران و ئایندەی چەپ دەکات لە دوای رووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران . عەلیزادە پێیوایە هەر هێرشێکی سەربازی بۆ سەر ئێران لەلایان وڵاتانی دیکەوە بە زیانی خەڵکی ئێران و قازانجی کۆماری ئیسلامی ئێران تەواودەبێت.

**ئەمریکا ئۆپۆزیسیۆنی ئێران وەک پشیلەی بن عەبا بەکاردێنێ**
**ئەوانەی ستراتیژی خۆیان بە دەستتێوەردانی ئەمریکا گرێدەدەن، جگە لە سەرشۆڕی هیچیان بۆ نامێنێتەوە**
**ئەگەری راپەڕینی جەماوەری و کرێکاری لە ئێران لە ئارادایە**
**رێککەوتنی حدکا و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان گرنگ نییە**

**رووداو: ئێران تووشی قەیرانێکی ئابووری بووە، بەڕای ئێوە خەڵکی ئێران زەرەرمەند دەبن، یان رژێمی ئێران؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوام لە جەرگەی قەیرانی ئابووری و سیاسیدا ژیاوە. لەگەڵ ئەوەشدا دوو خاڵ، قەیرانی ئابووری ئێستا لە رابردوو جیادەکاتەوە. یەکەمیان ئەو بارودۆخە جیاوازە کە ئێستا رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێیدا تێدەپەڕێ و ئەوەی دیکەیان تووندتربوونەوەی ئابلۆقەی ئابووری دەوڵەتانی رۆژئاوایە بۆ سەر ئەو رژێمە. ئێران لە رابردوودا چەندین رێگەی بۆ زاڵبوون بەسەر ئابلۆقەی سەریدا تاقیکردووەتەوە، وەک نموونەی سەرمایەداری دەوڵەتی و



سەرچاوە
Serchawe

ئابووری ئازاد، هەروەها تێکەڵاوییەک لە هەردووکیان، بەڵام نەیتوانیوە بەسەر قەیرانەکەدا زاڵ ببێت. دووکەڵی ئەو ئابڵۆقەیە راستەوخۆ چووەتە ناو چاوی خەڵکی ئێرانەوە. داهاتی دەوڵەت کەمبووەتەوە، ئەوەش راستەوخۆ کاریگەری کردووەتە سەر خەڵک، بەهۆی دابەزینی ئاستی خزمەتگوزاری گشتی، دابەزینی نرخی دراوی ئێران، گرانی، لە ئەنجامی داخستنی ناوەندەکانی کار و بەرهەمهێنان. تەنیا بوارێک کە بودجەکەی کەمنەکراوەتەوە، بواری سەربازی و هێزە ئەمنییەکان بووە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی قەیرانی ئێستا ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی وازی لە پرۆژەی درێژخایەنی ئابووری هێناوە. ئەو رژێمە هەوڵدەدات ئەو برە پارەیەی لە فرۆشی نەوت دەستیدەکەوێت ، ئەمرۆ بۆ سبەی خەرجی بکات. واتە ژیانێکی مەمرەو مەژی بۆ خەڵک دابین بکات.

**رووداو: کاریگەرییەکانی ئەم ئابڵوقە ئابوورییە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی نارەزایی خەڵک یان بۆ خۆی هۆکارێکی نێگەتیڤە لە بەرامبەر خەباتی خەڵکدا؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە بەردەوام خەڵک موحتاجی دەستی ئەوبن. ئەوەش جەماوەری خەڵک تووشی بێ تەفاوەتی سیاسی دەکات. هەژاری بێسنوور نابێتە هۆی راپەرینی خەڵک. لە بارودۆخێکی لەو چەشنەدا هەر کەسەو هەوڵدەدات بە شێوەی تاک ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی دەرباز بکات.

**رووداو: هەرەشەی سەربازی ئەمریکا و ئیسرائیل چ کاریگەرییەکی لەسەر خەڵک دەبێت، لێدانی سەربازی بە قازانجی خەڵکە یان زەرەر؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** خەڵک نەک بە هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران زەرەرمەند دەبێت، هەر ئێستا بە هەرەشەکانی زەرەرمەند بووە. رژێم بە بیانووی هەرەشەی سەربازی کەشوهەوای زاڵ بەسەر کۆمەڵگەی ئێران میلیتاریزە دەکات. هەوڵدەدات بەرپرسارێتی ئەو بارودۆخە فەلاکەتبارەی کە بۆ جەماوەری خەڵکی ئێرانی خولقاندووە، بخاتە ئەستۆی لایەنی دەرەکی. ئەگەر هێرشی سەربازی بێتە کایەوە، چەندین قات بە قازانجی کۆماری ئیسلامییە و بە زەرەری خەڵکە. لە ئاکامی ئەو جۆرە دەستتێوەردانانەدا، وڵات نوقمی ئاگر و خوێن دەبێت. هەربۆیە ئێستا لەنێو خەڵکدا ئەو مەیلە کە چاوەروانی هێرشی سەربازی ئەمریکا و ئیسرائیل بێت زۆر لاوازە. یەک مووشەک بەر بنکەیەکی سەربازی یان ئەتۆمیی ئێران بکەوێت بۆ کۆماری ئیسلامی وەک بەرەکەتێکی ئاسمانییە.

**رووداو: ئەی ئەلتەرناتیڤی ئێوە چییە؟**



سەرچاوە
Serchawe

**ئیبراهیم عەلیزادە**: یەکەم، هەوڵی ئێمە ئەوەیە کە لە ئاکامی ئەو ئابڵوقە ئابوورییەدا، ئاستی چاوەڕوانی خەڵک دانەبەزێت. خەڵک بەو بارودۆخەی ئێستا هەیانە و بەو نانە مەمرە و مەژییەی کە رژێم دەیخاتە سەر سفرەیان عادەت نەکەن. ئاستی داواکاری و چاوەڕوانییەکانی خۆیان نەهێننە خوارێ.

**دووەم**: هەوڵی ئێمە ئەوەیە کە خەڵک و بەتایبەتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە پەرشوبڵاوی بێنە دەرێ و لە رێکخراوە جەماوەرییەکاندا خۆیان رێکبخەن. کرێکاران لە سەندیکا و یەکێتی کرێکاریدا کۆببنەوە. ژنان لە رێکخراوەکانی تایبەت بە خۆیاندا. بزووتنەوەی خوێندکاری لە ژێر چەتری باڵە ئیسلامییەکانی ئیسلاح تەڵەب بێننە دەرێ. ئێمە نامانەوێ خەڵک برژێنە سەر شەقام و بکوژرێن و دواتر بەبێ هیوایی بگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆیان. ئێمە ئێستا تاکتیکی مانگرتن پێشنیاز دەکەین بۆ گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگە.

**رووداو**: زۆر لایەن پێیانوایە پاش رووخانی رژێمی سووریا نۆرەی ئێرانە، رووخانی حکومەتی سووریا چەندە کاریگەری لەسەر ئێران دەبێ؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: کۆمەڵگەی ئێران جیاوازە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی. بەڵام ئەو رووداوانە بێگومان کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی ئێران بووە، هەر بەوشێوەیە لە ئێران دووپات نابنەوە. رووخاندنی رژێمی سووریا دوو کاریگەری دەبێت. یەکەم، کۆماری ئیسلامی لە یەکێک لە هاوپەیمانەکانی خۆی بێبەش دەبێت. دووەم، خەڵکی ئێرانیش تاوەکو رادەیەک ورە وەردەگرن. بەڵام لەوە زیاتر نییە. ئێران خۆی لەخۆیدا بۆ گۆڕانکاری دەکوڵێت. ئەوە فاکتەرە ناوخۆییەکانی ئێرانە کە ئەو وڵاتە بەرەو داهاتوویەکی دیکە دەبات.

**رووداو**: ئایا تائێستا حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بیریان لەوە نەکردووەتەوە لەگەڵ چەپەکانی دیکەی ئێران لەنێو بەرەیەکدا کۆببنەوە، تا ئێستا هەنگاوێکتان ناوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: چەند ساڵێکە پرۆژەیەکمان گەڵاڵە کردووە. ناومان لێناوە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی "جەمسەری چەپ" لە ئێران. بەخۆشییەوە ئەو هەوڵانە لە چوار پێنج مانگی رابردوودا تارادەیەک بەرەوپێش چوون. ئێمە توانیومانە لەگەڵ ٢٦ لایەن و گرووپ و دامەزراوەی چەپی ئێرانی کۆببینەوە. دوو سێ مانگ لەوە پێش لە کۆنفرانسێکدا لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا کۆبووینەوە. دوای تەواوبوونی کۆنفرانسەکە ناوەندێک بەناوی "شورای هاوئاهەنگی" لەنێوان ئەو لایەنانە دامەزرا. ئەو شورایە رێگە خۆشدەکات کە لە کۆتایی ئەمساڵدا دووەمین کۆنفرانسیش ببەستین . ئێمە هیوادارین لە کۆنفرانسی دووەمدا



سەرچاوە
Serchawe

لەسەر مەنشورێکی یەکگرتوو رێکبکەوین، کە بتوانێ لەنێو هێزە چەپەکانی ئێراندا هاوئاهەنگییەکی زۆرتر هەبێ. بەهۆی دابڕین و کێشمەکێشەکانی نێو چەپی ئێران و هەروەها پەرشوبڵاوی چەپ لە ئاستی جیهانیدا، ئەم کارە ئاسان نییە. بەڵام بارودۆخی سیاسی لە ئێران بەردەوام لە گۆڕاندایە و ئەگەری راپەڕینی جەماوەری و کرێکاری لە ئارادایە. ئەوەش هاندەرێکە بۆ ئەوەی کە ئەم کێشمەکێش و ناکۆکیانەی ناو بزووتنەوەی چەپ وردە وردە کەم ببنەوە.

**رووداو: پێتانوایە لە داهاتووی ئێراندا چەپ و کۆمونیست دەتوانن بەدیل بن؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** دوای رووخانی رژێمی پاشایەتی لە ئێران چەپەکان توانییان لە رۆژی جیهانی کرێکاردا ٦٠٠ هەزار کەس بێننە سەر شەقامەکان، زۆر لە ناوەندە ستراتیژییەکانی رژێمی پاشایەتی لەلایەن چەپەکانەوە دەستیان بەسەرداگیرا. چەپەکان بۆ نەیانتوانی ئەو رەوتە درێژە پێبدەن، ئەوە باسێکی دیکەیە. بەڵام چەپەکان، کە توانییان سەتان هەزار کەس بێننە مەیدان، نیشانەی پێگەی مێژوویی چەپە کە ریشەی لە کۆمەڵگەی ئێراندا داکوتاوەو رۆڵی گرنگیان لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەی ئێراندا گێڕاوە. چەپ لە ئێران پێگەیەکی بەهێزی هەیە، بۆ نموونە هەر لە کوردستاندا کە لە ساڵی ١٩٧٩ رژێمی پاشایەتی دەڕووخێ، کۆمەڵە رێکخراوێکی بچووکە. لە کۆنگرەی یەکەمیدا ١١ تاوەکو ١٢ کادیر بەشداری تێدا دەکەن. بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا ئەو کۆمەڵەیە دەبێتە بەدیلێکی رادیکاڵی چەپ لە بەرامبەر هەموو حیزبە سونەتییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە.

بۆ داهاتووی ئێران من ناتوانم بڵێم چەپ تاقە هێزە، بەڵام لە ئەگەری رووخانی رژێمی ئیسلامی، چەپ لایەنێک دەبێ کە کەس ناتوانێ نکۆڵی لێبکات. تەنانەت ئەگەر نەتوانێ هەموو دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت، پێیەکی قایمی دەسەڵات دەبێت.

**رووداو: ئێران بەردەوام چەپەکان بەوە تۆمەتبار دەکات کە گوایە لەلایەن ئەمریکاوە یارمەتی دەدرێن. ئەمریکا لەگەڵ ئێوە و چەپەکانی دیکە چ پەیوەندییەکی هەیە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئێمە و چەپەکانی دیکە هیچ چەشنە خۆشباوەڕییەکمان بە دەستتێوەردانی ئەمریکا نییە. چەپی ئێران پێیوایە هەر چەشنە دەستتێوەردانێکی ئەمریکا و رۆژئاوا لە کاروباری ئێران وەک ژەهرێکی کوشندەیە کە دەرژێتە جەستەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵک لەو وڵاتە و تەمەنی رژێمی ئێران درێژتر دەکاتەوە. بۆیە چەپی ئێران پرۆئەمریکی نییە.

**رووداو: دەگوترێ شاندی ئەمریکی سەردانی ئێوە و حیزبی دیموکراتی کردووە. ئەو سەردانە بە چ مەبەستێک بوو؟**



سەرچاوە
Serchawe

**ئیبراهیم عەلیزادە**: پاش رووخانی رژێمی بەعس لە عێراق، ئەمریکا یەکەم هێزی ناوچەکە بوو. ئێمەش کە وەک هێزێکی چەکدار بووین لێرە، ئەوان هاتن و داوایانکرد چەکەکانمان تەسلیمی ئەوان بکەین. بەڵام ١٥ رۆژ دواتر ئەمریکا خۆی لە عێراق تووشی کێشەی گەورەتربوو. هەربۆیە وازیان لەو پرۆژەیە هێنا. ماوەیەک دواتر هاتنەوەو پێیانگوتین: "ئێوە لە کوردستانی ئێراندا بۆ رووخانی کۆماری ئیسلامی هێزێکی چالاکن. ئەمریکاش ئامانجی ئەوەیە. هەر بۆیە داواتان لێدەکەین هاوکاریمان بکەن". ئێمەش لە وەڵامدا گوتمان هەر چەشنە دەستتێوەردانێکی ئێوە بە زەرەر دەزانین و پێمانوایە ئەگەر قەراربێت کۆماری ئیسلامی بڕووخێت دەبێ ئێوە واز لەوە بێنن کە هەموو رۆژێک بڵێن دەیڕووخێنین. ئەو دروشمانەی ئێوە تەمەنی ئەو رژێمە درێژتر دەکاتەوە. پاش ئەوە ئیتر نەهاتنەوە. حەتمەن سەردانی هێزەکانی دیکەشیان کردووە.

**رووداو**: بەبڕوای ئێوە ئەمریکا لە داهاتووی سیاسی ئێراندا کێشەتان بۆ دروست ناکات؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: داهاتووی سیاسی هاوسەنگی هێز دیاریدەکات. ئەگەر رۆژێک لە رۆژان سیناریۆی عێراق لە ئێران بێتە کایەوە، ئەوا بارودۆخەکە بۆ ئێمە زۆر نالەبارە و دەبێ لەوکاتەدا بڕیار بدەین کە چی بکەین. بەڵام ئەوەی روون و ئاشکرایە ئەوەیە ئێمە بەهیچ شێوەیەک لەوەها شەڕایەتێکدا خەڵکەکە بەجێناهێڵین. بەڵام هەوڵدەدەین بەپێی هەلومەرجێک کە ئەوکاتە دێتە گۆڕێ، سیاسەتی گونجاو رەچاو بکەین. ئەوەی کە گرنگە ئێستایە، ئێستاش دەوڵەتی ئەمریکا نەچووەتە پای پارمەتی گەیاندنێکی جیدی بە هیچ بەشێکی ئۆپۆزیسیۆن. ئەوەندە ئەملاو ئەولایان پێدەکات کە بتوانێ وەک ئامرازێکی گوشار لە گفتوگۆکاندا بەکاریان بێنێت. وەک پشیلەیەکی بن عەبا جار جار نیشانی کۆماری ئیسلامییان دەدەن. هەڵسوکەوتی دەوڵەتی ئەمریکا لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن تائێستا ئەوە بووە. حورمەتی ئێمە لەوەدایە، کە ئەوەشمان قبووڵ نەکردووە. بەڵام ئەوانەی کە بەخاتری خۆشحاڵی ئەمریکا یەکگرتنێکی بێ سەر و بەر پێکدێنن و دەچن پێشکەش بەوانی دەکەن، ئەوانەی کە ئارەزووی دەخاڵەتی ئەمریکا دەکەن، ئەوانەی کە ستراتیژی خۆیان بە دەستتێوەردانی ئەمریکاوە لە کاروباری ئێران گرێدەدەن، جگە لە سەرشۆڕی نەبێت، هیچیان بۆ نامێنێتەوە.

**رووداو**: تائێستا یەکێتی و پارتی هیچ پێشنیازێکیان بۆ ئێوە کردووە کە لە بەرەیەکدا کۆببنەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لەلایەن حیزبەکانی وەک یەکێتییەوە وەک بۆچوون نەک وەک گوشار، یان وەک پرۆژەیەک بەردەوام پێشنیاز و ئامۆژگاری ئاوا دەکرێ. ئێمە چاوەڕێی ئەوەش نەبووین و بۆ خۆشمان هەوڵمانداوە. ئێمە خۆمان ئەو لایەنەین کە پێمانوایە جەماوەری خەڵکی کوردستان لە خەباتەکەیاندا ئەگەر بەشێوەیەکی یەکپارچە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی دیاربن، زەرەر و زیانی خەباتەکەیان کەمتر دەبێتەوە. ئێمە پێمانوایە دەکرێ و دەتوانین وەها بەرەیەکی یەکگرتوو

پێکبێنین، کە کۆماری ئیسلامی نەتوانێ لە کەلێن و کەلەبەرەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردستان بۆ گوشار خستنە سەر خەڵکی کورد کەڵک وەربگرێت. هەوڵدەدەین، ئەگەر نەتوانین بەرەیەکیش پێکبێنین، تاوەکو ئەو جێگەیەی کە مومکینە ناکۆکییەکان کەمتر بکەینەوە.

**رووداو**: رێککەوتنەکەی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان هەنگاوێک نییە بەرەو دامەزراندنی بەرەیەکی کوردی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: هێشتا پێکهێنانی بەرەیەکی وەها لە دەستووردا نییە، ئەوە تەنیا دروشمە. رێککەوتنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و سازمانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، رێککەوتنی دوو سازمان بوو. نەیتوانی سەرنجی هێزە چالاکەکانی کوردستان بۆ لای خۆی رابکێشێ. تەنانەت تاقە هێزێکیش بەهەنگاوێکی یەکگرتنخوازانەی نەزانی. هەموویان گوتیان کە ئەمە پاوانخوازانەیە، نەک هەر یارمەتی پێکهێنانی بەرە نادات، بەڵکو دووبەرەکی لەناو لایەنە چالاکەکان لە کوردستان دەنێتەوە. هەموویان گوتیان کە ئەوە هەنگاوێکی بە پەلەیە و بۆنی جیاوازیخوازی لێدێت. هەر بۆیە شۆڤێنیستەکانی ئێرانیش رەتیانکردەوە. بە بڕوای من کوردستانی ئێران ئێستا بۆ سیاسەتی رۆژئاوا و ئیسرائیلیش لە بۆرسدا نییە. وانییە کە ئەوان فوکوسیان کردبێتە سەر کوردستانی ئێران و پەلە بکەن لە هێزە سیاسییەکانی کورد بۆ ئەوەی کۆیانبکەنەوە لە دەوری یەکتر. هەر بۆیە من پێموایە رێککەوتنی ئەم دوو سازمانە رێککەوتنێکی سیاسی گرنگ نییە لە گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئەم ناوچەیەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو

---------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## دانوستانی نیوان حکومەتی تازە پیکهاتوی کوماری ئیسلامی



**مالپەری ئاشتی**

**لە چەند سالی رابردوودا بابەتیکی تاریخی لە دانوستانی نیوان حکومەتی تازە پیکهاتوی کوماری ئیسلامی و نیونەرایەتی هیزە کوردیکانی روژهەلات لە لایەن کومەلیک کەسایەتی سیاسی لیکدانەوەی بو کراوە و خەلکی تیدا تاوانبار کراوە و کومەلیک بوچونی جوراوجور رو لە رای گشتی خەلکی کوردوستان بلاو بوتەوە، لە ئەو جیگەی را کە ئەو بابەتە کومەلیک پرسیاری ساز کردووە، مالپەری ئاشتی بو رونکردنەوە زیاتر و تیشک خستنە سەر خالە هەستیارەکانی ئەو بەسەرهاتە کومەلیک وت و ویژی لە گەل کەسایەتیە سیاسی و ئاگادار لە ئەو میژوویە شروڤە کردووە کە بو دەستپیکی ئەو زنجیرە وت و ویژە میوانداری ریزدار ئیبراهیمی عەلیزادە سکرتیری کومەلە و کەسایەتی دیاری روژهەلاتی کوردوستانمان کردووە.**

**مالپەری ئاشتی: ئەو کوبونەوەی کە لە مالی میرزا رەحیمی خەرازی لە مەهاباد بەریوەچووە لە نیوان کێوکێدابووە و ئەو هیزانەی کوردی کە لە ئەو کوبونەوە بەشدار بوون بە چ ئیتیکیتیک بەشداری ئەو کوبونەوە بوون؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەو کۆبونەوەیە پەیوەندی هەبوو بە سەفەرێکی بەپەلەی هەیئەتێک لەلایەن دەوڵەتی کاتی بازرگانەوە بۆ مەهەباد. هەیئەتەکە رۆژی ٢٩ی مانگی رێبەندانی ١٣٥٧ گەیشتبووە شاری مەهەباد. بەڵام ئەو هەیئەتە بۆچی بەرەو مەهەباد رێکەوتبوو؟ ئەوە پەیوەندی هەبوو بە بارودوخێکی تایبەت کەدوای رووخانی رژیمی شا و راپەرینی ٢٢ی رێبەندان پیکهاتبوو.

رۆژی ٢٢ی رێبەندان فەرماندەکانی ئەرتەشی شا لەتاران دوای کۆبونەوەیێک بەیانێکیان دەرکرد. لەو بەیانەدا، ئەرتەش بێلایەنی خۆی راگەیاندبوو. لەوەڵام دا خومەینیش لەپەیامێکدا فەرمانیدا کە پادگانەکانی ئەرتەش دەبێ پارێزراو بن و

داوای لەخەڵک کرد لەهێرش بۆ سەر ئەو دامەزراوانە خۆ بپارێزن. ئەو فەرمانەی خومەینی لەتاران و لەزۆربەی شۆینەکانی ئێران پەیرەوی لێنەکراو خەڵکی راپەریو کە لەئەرتەشی شا داغدار بوون، پەلاماریان بردە سەر پادگانەکان و ئەو پەلامارە لە ۲۲ی ڕێبەندانەوە بۆ ماوەی زیاتر لە ۱۰ رۆژ درێژەی هەبوو. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە دەوڵەتی کاتی موهەندیس بازرگانیش بە فەرمانی خومەینی دامەزرا بوو.

فەرماندەی پادگانەکانی کوردستان لەلایەن دەوڵەتی کاتی بازرگانەوە فەرمانیان پێ گەیشتبوو کە موقاومەت بکەن و ڕێگا نەدەن سیلاح و موهیمات بکەوێتە دەست خەڵک. یەکێک لەوانە پادگانی مەهاباد بوو. دوای ۲۲ی ڕێبەندان، لەپادگانەوە تەقەیان لە خەڵک کردوو ۲۰ کەس لەخەڵکی راپەریوی شار لەم جەریانەدا گیانیان بەخت کرد. موقاومەتی پادگانەکان بەرانبەر بە خەڵکی راپەریو لە شۆینی دیکەی وەکوو شاری سنەیش هەربەم شیوەیە بوو. ئەوکات لەشاری سنە کۆمیتەی سەربە "سەفدەری" (نوینەری خومەینی لەکوردستان) لەناوشاری سنە بنکەو بارەکای چەکداری پیکەوەنابوو. و لەناوشاریشەوە بە پشتیوانی لەپادگان تەحریکاتی دەکرد.

بەکورتی هەموو نیشانەکان وایان دەردەخست کە کەش و هەوای کوردستان بە ئاقارێکی دیکەی جێاواز لە کەش و هەوای تاران و شۆینەکانی تردا دەڕوات. رۆژی ۲۹ی ڕێبەندانی ساڵی ۱۳۵۷ هەیئەتێک لەلایەن دەوڵەتی کاتی بازرگانەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو "ئالوزیانە"رووی کردبووە شاری مەهاباد. ئەو هەیئەتە میوانی مالی ماموستا شیخ عیزەدین دەبن. بە ئیبتکاری ماموستا بەپەلە خەبەر دەنێردرێت بۆ ئەوەی نوینەرانێک لەلایەن شورای شارەکانی کوردستانەوە بێنە مەهەباد. بەهۆی ئەوە کە هەیئەتەکە بەپەلە دەبوایەبگەرێنەوە بۆ تاران، ئەو نوینەرانەی کە تا کاتی دانیشتنەکەی رۆژی ۳۰ی ڕێبەندان دەگەنە مەهەباد، هەر ئەوان بەشداری کۆبونەوەکە دەبن. لەو کۆبونەوەیەدا بوو کە داخۆازییەکانی فەوری خەڵکی کورد لەدەوڵەتی کاتی لە ۸ خاڵدا فورمولە کراو درا بە هەیئەتەکە. نوینەرانی بەشدار بوو، نەک وەکوو نوینەری ئەم حیزب و ئەوحیزب، بەڵکوو بەسیفەتی نوینەرایەتی جەماوەری خەڵکی شارەکانی کوردستان لە کۆبونەوەکەدا بەشدار بوون. بۆ نموونە ئەو کات سەرکردایەتی کۆمەڵە، کە من یەکێک لە ئەندامانی بووم مەجالی ئەوەمان نەبوو کە هیچ کۆبونەوەیک بکەین و پلاتفورم یان خاڵەکانی جیگای سرنجی خۆمان وەکوو داخوازی خەڵکی کوردستان دەست نیشان بکەین. کاک فوئاد وەکوو نوینەری شورای شاری مەریوان لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوو. بەڵام تا کاتی کۆبونەوەکە لەجنوبی کوردستانەوە هەر ئەو توانیبوو بگاتە مەهەباد. ئەوەندەی لەبیرمەو دواجار لە کاک فوئادم بیستووە، بەشدار بووان بریتی بوون لە:

ماموستا شیخ عیزەدین حوسینی،

فوئاد موستەفا سولتانی،

سەننار مامەدی،

سەلاح موهتدی،

غەنی بلوریان و

عبدالرحمن قاسملو. هەر ئەو کات خەڵکێکی زۆریش لە راهرەوەکانی مالی میرزا رەحیم و لە دەرەوە کۆببونەوە و بەهۆی جەنجالی و زۆربوونی جەماوەرەکە تەنیا ئەو چەند کەسە مەجالی بەشداربونیان بۆ رەخسا.

**مالپەری ناشتی**: مادەی هەشتی بەیانییە و داخوازی نوینەرانی کوردوستان لە لایەن کیوە و چلون هاتوتە ناو ئەو داخوازیانە و چ تەئسیریکی لە سەر کولیەت موزوعەکە دانا؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لەم پەیوەندییەدا پێویستە ئاماژە بەچەند خاڵێکی گرنگ بکرێت:

**یەکەم**. زۆربەی ئەو کەسانەی کە لەم بارەوە قسەیان کردووە، پێش ئەوەی کە مەبەستییان روونکردنەوەی رووداوێکی مێژوویی بووبێت، مەبەستیان رەچاوکردنی مەسلەحتی ئەمرۆیّ خۆیانە و پەیوەندی بە مێژووەو نییە. لەوانەیە بەرژەوەندی ئەورویان واهەلبگرێت کە رووداوەکەی ئەوکات بە دڵخوازی خۆیان بگەرێننەوە.

**دووهەم**: موخالفەت و ناکۆکی لە کوردستان ئێران لەگەڵ "قیادەی موقەت" پێشینەیێکی مێژووی هەبوو. هەرلە رووداوەکانی بزوتنەوەی چەکداری ساڵی ١٣٤٧ی کوردستانی ئێرانەو بگرە هەتا شکستی ١٩٧٥ی کوردستانی عێراق و رووداوەکانی ١٩٧٨ لە کوردستانی عێراق. لەرۆژانی پێش ڕاپەرینیشدا "قیادەی موقەت" لەسنورەکانی کوردستانی ئێران بەچاوپووشی ئەرتەشی شا جموجۆلیان هەبوو. هەربۆیە نەفسی هاتنەگوڕی ئەو خاڵە لەبڕیارنامەکەی ٣٠ی رێبەندانی شاری مەهەباددا خۆی لە خۆیدا بێ زەمینە نەبوو.

**سێهەم**: لەراستیدا ناوەرۆکی ئەو مادەیە واتە مادەی ٨ لەئاستی باقی مادەکانی بریارنامەکەدا نەبوو. ئەوەندەی خاڵەکانی دیکەی بریارنامەکە گرێنگی نەبوو کەبەرەو رووی دەوڵەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو بکرێتەوە. کیشەیەک کەلەو بابەتەوە هەبوو دەبوایە وەکوو کێشەیەکی ناوخۆی کوردستان چاوی لێکرا باو رێگاچارەی بۆ دۆزرابایەوە. ئێستا کە چاو لە رابردوو دەکەین دەتوانین ئەو قەزاوەتە بکەین کە هێنانی ئەو مادەیە سەربەخۆ لە ناوەرۆکەی، لەم بریارنامەیەدا پێویست نەبووە.

**چوارهەم**: ئەوەیکە ئەو مادەیە لەلایەن کیەوە هاتووتە گۆڕێ من وەکوو کەسێک کە ئەوکات ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە

بووم، لە کاک فوئاد و لە کەسی تریشم نەبیستووە کە کاک فوئاد ئەو خاڵەی پێشنیار کردبێ. نەک هەر ئەوخاڵە، بۆ باقی خاڵەکانی دیکەش کومیتەی ناوەندی ئەو کاتی کۆمەڵە مەجالی کۆبونەوەو فورمولە کردنی وەها بریارنامەیەکی نەبوو. سەرەرای ئەمە، کاک فوئاد لاوێکی سیاسی بوو لەناو کۆمەڵێک کونەکاری سیاسی و ئەوکات و ماموستا شیخ عیزەدین لەکوبونەوەکەدا. کاک فوئاد هێشتا لەناوەندەکانی سیاسی کوردستانیشدا ئەوجورەی کە لە مانگەکانی دواتر ناسراو و توانایەکانی ئاشکرا بوو، نەناسرابوو. جگە لەوانە کۆمەڵە خۆی ٤ رۆژ بوو هەلسۆرانی ئاشکرای خۆی راگەیاندبوو. لەوەها کاتێکدا لەناو کوبونەوەیەکدا، وەها لاوێکی سیاسی گویا پێشنیارێک دەکات کە بەخیرایی لەلایەن سیاسیە کونەکارەکانی ناو کوبونەوەکە، وەکوو ئەوەی کە کورد کوتەنی" دوو هەنگیان لە کونێک دا دۆزیبێتەوە" وەردەگیرێ. یەکیان بە خەتی خۆی دەینوسێ و یەکی دیکەیان بە خەتی خۆی پاکنویسی دەکات و یەکی دیکەیان بە پێشنیارێکی تەکمیلی ئاوبەندی دەکات. بەراستی ئەوە لەگەڵ چ مەنتقێک دێتەوە؟ مەنتقی سیاسی و عەقلی پێمان دەڵێت ناتوانێت وا بۆبێت. ئێمە پیویستیمان بە هیچ "پاکانەیەک" بۆ خۆمان لەم بابەتەوە نییە بەلام پیویستە مێژوو راستگۆیانە بنوسریتەوە. من ناڵێم کاک فوئاد ئەو مادەیەی پێشنیار کردووە یان نەیکردووە بەلام دەتوانم بلێم کە بە پێی مەنتیق و بەپێی شەواهید، دەبێ کەسانێکی دیکە بەرژەوەندییان لە هینانە گۆرێ ئەو مادەیەدا بوبێت.

**پینجەم**، هەر لە مانگی رەشەمەی ئەم ساڵە دا و چەندرۆژ دواتری، دوابەدوای رووداوەکانی شاری سنە دا هەیئەتێکی دەوڵەت دێتەشاری سنەوە لەوێ جارێکی دیکە داخوازیەکانی خەڵکی کورد لە هەشت مادە دا فورمولە دەکرێ و دەدرێ بە هەیئەتی دەوڵەت. سەرکردایەتی ئەوکاتی کۆمەڵە لە ئامادەکردنی ئەو داخوازیانەدا دەوری سەرەکی هەبوو. بە پێی مەنتیق ئەگەر لە مە هاباد پیشنیاری ئەم خاڵە لە لایەن کاک فوئادە وە بوە، دەبوایە لە هەشت مادەی شاری سنەش داهاتبا کە نەهاتبوو.

**ماڵپەری ئاشتی**: ئەو میژویە کە بەشیکی زوور لە ئەو کەسانەی کە دروستیان کردووە، هەر ئیستی لە ژیاندان لە بوچی ئاوەها لیکدانەوە جیاوازی بو دەکری؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بەداخەوە بەشی زۆری ئەندامانی ئەم کوبونەوەیە ئێستا لەژیاندا نەماون هەربۆیە هەلسەنگاندن و گەراندنەوەی بەپێی بەرژەوەندی ئەمرۆ کارێکی ئاسانترە. کەسانێکیش کە لە سەر زاری ئەم و ئەو رووداوەکە دەگەرێنەوە هەر مەبەستییان بەرژەوەندی ئەمرویانەو قوتبنمای حەرەکەتی خۆیان بەرەو دەسەلات نیشانە دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاشتی - ڕێکەوتی: ١٠ی فێبریوێری ٢٠١٥

## پێویستە هەوڵ بدەین ئەو تەفرەقەیە شۆڕ نەبێتەوە بۆ نێو جەماوەری خەباتکار



**وتووێژی گۆڤاری "لڤین**

**ئیبراهیم عەلیزادە: پێویستە هەوڵ بدەین ئەو تەفرەقەیە شۆڕ نەبێتەوە بۆ نێو جەماوەری خەباتکار**
**رووداوەکانی مهاباد لە وتووێژی گۆڤاری "لڤین" لە گەڵ ئیبراهیم عەلیزادە دەبیر ئەوەلی کۆمەڵە**

**لڤین: لە رۆژانی رابرۆدا لەشاری مەهاباد رووداوێک روویدا کە تێیدا کچێک بەناوی فەریناز خوسرەوانی گیانی لەدەستدا. لەئاکامدا خەڵک رژانە سەر شەقامەکان و ئەو کردەوە جەنایەتکارانەیە نارەزایەتیەکی بەرینی لێ کەوتەوە. ئەم رووداوە سیاسی نەبوو، بۆچی رەنگدانەوەی سیاسی پەیدا کردو حەرەکەیەکی سیاسی لێ کەوتەوە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە**: سیاسی بوونەوەی رووداوەکەی مەهاباد دوو هۆکاری سەرەکی هەیە. یەکیان ئەوەی کە حکوومەتی کوماری ئیسلامی هەموو کاناڵێکی ئاسایی بو شوێن گرتنی داخوازیەکان و بۆ دەربرینی نارەزایەتی، بەستووە. بۆ نموونە ئەگەر کیشەیەکی شەخسیت لەگەڵ کاربەدەستێکی حکوومەتی هەبێت یان تەنانەت لەگەڵ سەرمایەدارێکی خاوەن دەسەڵات تێ بکەوی، ناتۆانیت دڵنیا بیت کە لەو کێشە دیاریکراوەدا مافت ناخۆرێت.

رێگات دەکەوێتە زیندان، یان لانیکەمەکەی سەرئێشەیەکی ئیداری زۆرت بۆ دەنێنەوە. خۆ ئەگەر یەک هەنگاو لەو کیشە شەخسییە ئەولاتر بچێت و بێ بە نارەزایەتی دەربرینێکی تا رادەیێک دەستەجەمعی، ئیتر ئەوجار راستەوخۆ لەگەڵ رژیم بەرەوروو دەبێەوە. کرێکاران لە شۆینێک کۆدەبنەوە، داوای حەقدەستی دواخراویان دەکەن، هێزی ئینتزامی دەچێت و بڵاوەیان پێ دەکات، کەسانێکیش دەگرن و دەیانخەنە زیندان و پێیان دەڵێن هاندراون. ژنێک کەتۆسقاڵێک قژی سەری دەرکەوێت،

دەکەوێتە بەر ئیهانەت و سووکایەتی پێ کردن و لەگەڵ دەوڵەت بەرەو روو دەبێتەوەو پێیان دەڵێن حکوومەتی ئیسلامیتان بردووتە ژێر پرسیار، لەلایەن رادیوکانی بیگانە و دژە شۆرشەوە هان دراون. ئەوە تەبیعەتی دیکتاتوریەتی ئەو رژیمەیە کە هەرچەشنە مافخوازیەکی تەنانەت بچۆک و سەرەتاییش، سیاسی دەکاتەوە.

هۆکاری دووهەم ئەوەیە، جەماوەری خەڵک لەو وڵاتە و لەوانە لە کوردستانیش، لەو رژیمە بیزارن. خەڵکی کرێکار و هەژار و کەمداهات، ژیانێکی کۆڵەمەرگییان هەیە، ژنان لەو هەمووە سووکایەتی پێ کردن و بێمافکردنەی کە بە پێی یاسای رەسمی وڵات بەسەریان دا سەپاوە وەزاڵە هاتوون، لاوان ئاسۆی ژیانی دوارۆژیان لێڵ و تاریکە، بە سەدان هەزار لاوی خوێندەوار کە زانکو یان دواناوندیان تەواو کردووەو هەزار هیواو ئاوات لە دڵیان دایە، بێکارن. لە وەها بارودۆخێکدا هەر ساتەوەختێک ئیمکانی هەیە پزیسکەیەک ئاورێکی گەورەی لێ بکەوێتەوە. چونکە رێگای چالاکی بە حیزبی سیاسی نەیاری رژێمیش نادرێت، سەرهەڵدانی عەفەوی و بێ پلان و بەرنامە، رێگای بۆ خۆش دەبێت.

**لڤین**: ئەو فاکتەرانەی کە ئێوە باسی دەکەن لە رووداوەکەی مەهابادا چۆن خۆی نیشاندا؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: رووداوێک کە بوو بە هۆی جینایەتی کۆژرانی فەریناز خوسرەوانی رۆژی دووشەممە ١٤ی مانگی گوڵان روویدا. هەواڵی ئەو رووداوە زۆر زوو لە ناو خەڵکدا بڵاو بووەوە. لەهەموو شۆینێک باس لەوە دەکرا کە یەکێک لە دەستوپێوەندەکانی ئیتلاعاتی رژیم تێوەی گلاوە. خۆپیشاندانی خەڵک بۆ نارەزایەتی دەربرین لە رۆژی ١٧ی گوڵان، واتە سێ رۆژ دواتر دەستییێکرد. لەماوەی ئەم سێ رۆژەدا خەڵکی مەهاباد، مۆڵەتیان بە رژێمدا کە بە شیوەیەکی شەفاف و بەبێ پیلانگێری چۆنیەتی رووداوەکە روون بکاتەوەو تاوانبارەکە بناسێنێ و رێگای بە سزاگەیاندنی بگرێتەبەر. بەڵام بەرپرسانی رژێم لە مەهاباد لە جیاتی وەڵام دانەوە بەم داخۆازییەی خەڵکی شاری مەهاباد، گوێیی خۆیان لێ خەواندو لایان وابوو ئەمەش وەکوو رووداوی دیکەی لەم چەشنە بە تێپەربوونی کات لە بیر بیروڕای گشتی دەچێتەوە. دوای ئەوەیکە خەڵک دڵنیا بوون کە رژێم بە دڵخوازی خۆی بەرانبەر بەم جینایەتە کاردانەوەیەکی نابێت، ئەوجار بوو کە رژانە سەر شەقام و خۆپیشاندانەکەیشان هێمنانە بوو. هێزەکانی رژێم لە چەند لاوە پەلاماریان بردە سەر خۆپیشاندەران. شتێکی جێگەی سەرنج ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەشدا کە دەنگۆی ئەوە هەبوو ژمارەیەک لە لاوان بچن و هوتێلەکە بسووتێنین، بەڵام رژێم ئەو لایەی بۆ چۆل کردبوون و تەنانەت بەجۆرێک لە جۆرەکان جەماوەری خۆپیشاندەرەی بەرەو ئەو شۆینە پاڵ پێوەدەنا. تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی رژێم بەدەستی بەتاڵ، بەڵام بەئێرادە و بە ورەی بەرزەوە بوو. بە دەیان کەسیان بریندار کرد. ئەو جار هەر وەکوو باسم کرد، رووداوەکە بوو بە رووداوێکی سیاسی، بوو بە بەرەوڕووبوونەوەی خەڵک و رژێم.



سەرچاوە
Serchawe

**لڤین**: بۆچی ڕژێم هوتیل تارای نەپاراست، لەحالیکدا کە ئێوە باستان کرد، بەهۆی تورەیی جەماوەرەوە ئەم مەترسییەی بەسەرەوە بوو؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بەبڕوای من لە بەر دوو هۆکار پێشی بە سوتاندنی هوتێل تارا نەگرت. یەکەم، وای پێشبینی دەکرد کە بە ئاورتێپەردانی هوتێل تارا بەدوو ئامانجی خۆی بگات. یەکەم: پێی وابوو لەلایەکەوە تووڕەیی خەڵک دادەمرکێتەوە و خەڵک نفرەتی خۆیان بەسەر هوتێل و خاوەن هوتێلەکەدا دەڕژێنن و نارەزایەتییەکەیان بەتال دەکەن و کێشەکە لە گوڕ تین دەکەوێت. لەلایەکی دیکەوە بەمجۆرە بەشی موحافیزەکاری خەڵکی شار و بە تایبەت چینی مامناوەندی شاری مەهاباد، دەکەونە موخالەفەت لەگەڵ خۆپیشاندەران و یەکگرتوویەکی جەماوەری شکل ناگرێت. دووهەم، ئەگەریش ڕووداوەکە کونترول نەکراو نارەزایەتی دەربڕین درێژەی پەیدا کرد، ئەوا ڕژێم پاساوی بەهێزتر بۆ سەرکوتکردن و توونودتیژی نەواندن بەدەست دینێت.

**لڤین**: هەڵویستی ئێوە بەرانبەر بەم ڕووداوە لەسەرەتاوە تا ئێستا چۆن بوو؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: با پێشتر ئەوە بڵێم کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامدا، ئەوە یەکەم جار نییە کە ژنێک بەهەر هۆکارێک، دەکەوێتە بارودۆخێکەوە کە ناچار بێت بەمجۆرە کایە بە گیانی خۆی بکات، جا مەبەستی خۆکوشتن بۆبێت یان دەرباز بوون، کە من لام وایە دەرباز بوون بووە. لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ئیسلامیدا ژن ئوتوماتێک تاوانبارە، مەگەر پێچەوانەکەی بسەلمێنرێت. ژن سەرچاوەی گوناهە، هۆکاری گوناه و خەتایە، هەر بۆیە هەر ڕووداوێکی لەو چەشنە ڕووبدات، لە کلتۆری ئەو ڕژێمەدا قامکی ئیتهام بەرەو لای ژن رادەکێشرێت. هەر بۆیە هەر ڕووداوێکی لەو چەشنە روو بدات بۆ ئێمە کە دەسەڵاتی ئەو ڕژێمەمان تەجرۆبە کردوە، فەرز ئەوەیە کە ئەو ژنە خراوەتە بارودۆخێکی ناڵەبارەوە و زۆڵمی لێ کراوە. داخوازی خەڵکی مەهابادیش هەر لە ڕۆژی ١٤ی گوڵانەوە تا ڕۆژی ١٧ی گوڵان کە خۆپیشاندان دەستی پێی کرد زۆر عادڵانە و شەفاف بوو. خەڵکی مەهاباد داوای ناساندن و دادگایی کردن و سزادانی بەڕێوەبەرانی جینایەتەکەیان هێنایە گۆڕێ. بەرپرسانی ڕژێم لە مەهاباد بەرانبەر بەو داوا ڕەوایە خەمسارد بوون و پشتگوێیان خست. تەنانەت وەکوو پیشەیانە کەوتبوونە پڕوپاگەندەکردن بۆ نێوزڕاندنی کیژی قوربانی "فەریناری خوسرەوانی". ئەو هەڵوێستەی ڕژێم خەڵکی زۆرتر توورەتر کرد.

ئێمە حەرەکەتی عەفەوی کە لە ڕووی توورەیی و بێزاری خەڵک بەو هۆکارانەی کە باس کران دەرک دەکەین، زۆربەی کاتیش کە عادلانە و ڕەوایە پشتیوانی لێ دەکەین، بەڵام خۆمان هاندەری نابین. ئەوەی کە خۆمان بە دانستە و بەپێی

ستراتێژی خۆمان هەوڵی بۆ دەدەین، کاری وشیارانە، بەپێی پلانی ئوسولییە. ئەم ستراتێژییە بەکەمترین خەسارەت ئامانجەکەمان بەدی دێنێت. حەرەکەتیک کە لەهەمان کاتدا کە وره‌ی جەماوەر بەرز دەکاتەوە، هەنگاو بەهەنگاو لە دەستکەوت و سەرکەوتنی چکۆلەوە بەرەو دەستکەوت و سەرکەوتنی گەورەتریان دەبات. یارمەتی دەدات کۆمەڵانی خەڵک لەو حەرەکەتدا ڕێکخراوتر بێنە دەر و ئاستی وشیارییان بچێتە سەرەوەو هەنگاو بەهەنگاو بۆ گەیشتن بەئامانجەکەیان خەبات بکەن و بەردەوام بن. گل و گوفی ئانی کە دوای ماوەیەکی کورت بنیشێتەوەو بەردەوام نەبێت، دڵخوازی ئێمە نییە.

**لڤین**: ئێوە بە شیوەیەکی دیاریکراو لە جەریانی ڕووداوەکانی مەهابادا چیتان کرد؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئێمە لە هەوڵی ئەوەدا بووین کە بارودۆخەکە بە ئاراستەیەک بڕوات کە سەرکوت کردن بۆ ڕژیم دژوارتر بکاتەوەو بەکەمترین زیانەوە ئەو قۆناغە تێپەڕ بکەین . مانگرتنی گشتی و بەردەوام دەتوانێ و دەتوانێ ڕژیم ناچار بە پاشەکشە بکات.

**لڤین**: پاشەکشە لە چی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئێمە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانمان لە سێ خالدا کۆکردەوە:

**یەکەم**: ئاسایی کردنەوەی کەش و هەوای کوردستان و کۆتایی هێنان بە میلیتاریزەکردنی شارەکان کە ڕژیم بەبیانووی ڕووداوەکەی مهاباد پەرەی پێدا.

**دووهەم**: ئازادکردنی بێ شەرت و مەرجی هەموو گیراوەکانی ئەو ڕووداوانە.

**سێهەم**: شۆین گرتنی شەفاف و ئاشکرای ڕووداوەکەی هوتێل تارا و ناساندنی تاوانبارانی و سزادانیان لە هەر پلەوپایەیەکدا بن.

**لڤین**: بۆچی حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەیانتوانی بارودوخەکە بقوزنەوە و بە ئاراستەیەکیدا بەرن کە ئێوە باسی دەکەن. بۆچی نەیانتوانی بە پلانەوە دەوری تێدا بنوێنن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ناکۆکی و جیاوازی نێوان حیزبە سیاسیەکانی لای ئێمە پێشینەیەکی دوورودرێژی هەیە. بۆچوونێک هەیە کە بە تایبەتی ڕەوتی ناسیۆنالیزمی کورد پەرەی پێی دەدات، ئەویش ئەوەیە کە ئەو واقیعەتە بە ڕەسمی ناناسێ کە کۆمەڵگای کوردستانیش وەکوو هەموو کۆمەڵگایەکی دیکە، کۆمەڵگایەکی چینایەتییە، مەیل و بۆچوونی سیاسی و بەرژەوەندی

جیاوازی تێدایە، ئەو جیاوازییە بە شێوەیەکی سروشتی حیزب و لایەنی سیاسی بە ئامانج و بەرژەوەندی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە. بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەو واقیعەتە، بەردەوام داوای یەکبوون و یەکریزی دەکات کە واقیع بینانە نییەو تەوەهومە. حیزبە سیاسیەکان لە جیاتی ئەوەی وشیاری بە خەڵک بدەن کە لەو تەوەهومە رزگاریان بێت، هەستی وەحدەت تەڵەبی لە ناو خەڵک لەدژی یەکتر بە کار دێنن و کایەی پێ دەکەن بۆ ئەوەی خۆیان بەرانبەر بە هەستی جەماوەری خەڵک بە دڵسوز نیشان بدەن.

ئێمە بۆچونمان ئەوەیە، بۆ ئەوەی جەماوەری خەڵک لە کەم ژانەسەرترین رێگاوە، بە خەسارەتی کەمترەوە داخوازییە گشتیەکانی خۆیان بەرانبەر بە دەولەتی مەرکەزی بەدەست بینن، باشتر وایە لە هەموو ئەو کێشانەدا کە بەرەورووی رژێم دەبێتەوە، یەکپارچە دەرکەون، رێگا نەدەن کە رژێم لە کەلێنی نێوان حیزبە سیاسییەکا بۆ مەبەستی خۆی کەڵک وەربگرێت. کە وایە کاتیک کە مەسەلەکە پەیوەندی بە بەرژەوەندی باڵای خەڵک بەرانبەر بە دەوڵەتی مەرکەزیەوە هەیە، پێویستە هەوڵ بدرێت کە هەڵوێستی هاوبەشمان هەبێت. ئەگەر پێکهێنانی بەرە یان هەر پێکهاتەیەکی رێکخراوەیی بۆ ئەو مەبەستە مومکین نەبێت، لانیکەم لە وەها کاتێکدا هاوکاری نزیک بکرێت.

**لڤین**: بۆ ئەو حاڵەتە دیاریکراوەی مەهاباد چیتان کرد؟ چی دەکرا؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئێمە پەیوەندیمان بە چەند لایەنەوە گرت و پێمان وتن ئامادەین لەگەل هەموو حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران، لە پێناوی راگەیاندنی مانگرتنی گشتی هاوکاری و هاوهەڵوێست بین. هەڵبەت تا رادەیەک وەڵامی ئیجابیشمان وەرگرتەوە. هیوادارین هەلی لەبار بۆ پێکهێنانی هاوئاهەنگی لەمبارەوە زیاتر بڕەخسێت. بەڵام دەمهەوێت لێرەدا ئەوەش بڵێم کە بە راستی جاری وایش هەیە کە هەڵوێست و بۆچونگەلێک دەبینی کە هەست ئەکەی لە هەموو هاوکاری دوورت دەخاتەوە. بۆنموونە هەر لە پەیوەند لەگەڵ رووداوەکەی مەهابادا، لایەن هەیە کە شایی لوغان بۆ ئاورتێبەربوونی هوتێلەکە دەکات، لایەن هەیە لە روانگەی ناموسپەرەستیەوە دەچیتە سوراغی کیشەکەوە، گۆیا ئەو هەموو جۆش و خرۆشە بۆ ئەوەیە کە ناموسی کورد لەکەدار بووە، هەڵبەت لە بیریشی دەباتەوە لەوانەیە سەبەبکاری ئەو رووداوە هەر خۆی کورد بوو بێت، گۆیا بە هەزاران کچ و ژنی شەنگالی کە کەوتوونەتە دەستی داعش ئەو هەستەی نەجۆڵاندبێت، کە لام وایە جەماوەری راپەڕیو لە شاری مەهاباد بە هیچ جۆرێ لە جۆرەکان ئەو بۆچون و هەڵویستەی نەبووە، تەنیا کەسانێکی دابراو و نامەربوت نەبێت کە ئەو جۆرە پروپاگەندەیە دەکەن. لایەن هەیە کە پێی وایە هەل بۆ وەشاندنی زەربەی چەکداری رخساوە، کاتی ئەوە هاتووە هەڵبوکتێتە سەر پاسگایەک و سەربازێکی داماو بکوژن، ئەوجۆرەی کە لە پاسگاکەی نزیک بانەدا روویدا. یەکخستنی ئەو هەموو بۆچوونە جیاوازە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام نابێ بێ ئومید بین.



سەرچاوە
Serchawe

پێویستە هەوڵ بدەین ئەو تەفرەقەیە شۆڕ نەبێتەوە بۆ نێو جەماوەری خەباتکار.

**لڤین**: ئایا پێتان وایە ئەگەر ئەو حەرەکەیە، یان حەرەکەیەکی لەو چەشنە درێژەی هەبێ، کوردستانی ڕۆژهەڵات دەتوانێ بە ئاراستەیەکی جیاواز لە شۆێنەکانی دیکەی ئێران بڕوات؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لەم پەیوەندیەدا چەند واقعیەت هەیە کە پێویستە بیانسەلمێنین.

**یەکەم**. ئەوەیکە کوردستان کۆمەڵگایەکی حیزبیە و خەڵک لە ئاستی جەماوەریدا سۆزی خۆیان بۆ ئەم حیزب یان ئەو حیزب هەیەو بەهەر شێوەیەک بۆیان بکرێت دەریدەبڕن. تەنها جیاوازی کوردستان لەشوێنەکانی دیکەی ئێران ئەوەیە. لەوێیشدا نارەزایەتی هەیە، خەباتیش هەیە، هێشتا پێک نەهاتووە. ئەو حاڵەتە ئەو ئیمکانە بە خەڵکی کوردستان دەدات کە بە ئاراستەیەکی وشیارانەتردا بڕوات و تووشی داهاتوویەکی نادیار نەبێت.

**دووهەم**. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە هیچ شێوەیەک ئیستعدادی ئەوەی نییە کە مافە نەتەوایەتیەکانی خەڵکی کورد بسەلمێنێت و دانیان پیا بنێت. ئەو ڕژیمە هەر چەندیش ئیسلامی بێت، لەم بابەتەوە ئەوە هەستی ناسیۆنالیزمی ئێرانیە کە جیهت و سیاسەتی دیاری دەکات و بۆ ناسیۆنالیزمی ئێرانیش کێشەی نەتەوەکان هێڵی سوورە.

**سێهەم**. بەبێ گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە تاران، بەبێ خەباتی سەراسەری لە ئێران، بەبێ ئەزمەیەکی چارەهەڵنەگر کە بەربین بە ڕژیم بگرێ، چاوەڕوان ناکرێت مافەکانی خەڵکی کورد دابین بێت. کەوابێت باشترین ڕێگا ئەوەیە خەڵک لە کوردستانی ئێران، خەباتی خۆی لە چوارچێوەی خەباتی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا ببینیتەوە. ستراتیژێک کە خەڵکی کوردی ئێران بەو ئاراستەیەدا بەرێت دڵسوزانەو واقیعبینانەیە.

بەهەمووی ئەوانەوە، ئێمە تایبەتمەندیەکانی کوردستان و خەباتەکەی دەناسین و بە هەموو توانامانەوە هەوڵ دەدەین ئەو خەباتە بەرەوپێش بچێت و لە هەر قۆناغێکیشدا دەستکەوتی دیاریکراوی خۆی هەبێت.

**لڤین**: نزیکایەتی و کاری هاوبەشتان لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا لە ستراتێژی ئێوەدا جێگا و شۆێنێک بۆ ئەو پەیوەندییانە دیاریکراوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بێ گومان بە گەلێک هۆکاری بابەتی پێویستە کۆمەڵە پەیوەندیەکانی خۆی لەم بابەتەشەوە بەردەوام

پتەوتر بکات. بە درێژایی ساڵانی رابردوویش هەر ئەو ئاراستەیەمان هەبووە. لە هەرێمی کوردستان ئەوە دەبینین کە بنکەی ناوەندیمان لیرەیەو پەیوەندیشمان لەگەڵ حیزبە سیاسیەکانی دەسەڵاتدار ئاساییە. لە رابردووداو بە تایبەت لە کاتە هەستیارەکاندا یارمەتیمان داون و یارمەتی دراوین کە مێژووی تایبەت بەخۆی هەیە. لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەشێک لەهێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانیش پەیوەندی و هاوکاریمان هەیە. لە کوردستانی رۆژئاوا سۆزی زۆرمان بۆ ئەزمونی کانتۆنەکان هەیە، پشتیوانی لێ دەکەین و هاندەری پشتیوانی خەڵکی کوردستانی ئێرانیشین بۆ خەبات و ئەزموونەکەیان و لەگەڵیشیان پەیوەندیمان هەیە. لەگەڵ پ کا کا پەیوەندی دۆستانەمان هەیە. بەردەوام و بە تایبەت لەسەر پرسە هەستیارەکان ئاڵوگۆڕی بیرورا دەکەین و رەخنەگرتن و رەخنەوەرگرتنی مەسئولانە لە هەر دوولاوە هەیە.

لەجەرەیانی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی، ئەو پەیوەندییانە لەگەڵ هەموو لایەنەکا چڕوپڕتر بوو و هەوڵماندا کە ئەو ئەزموونە بە ئاکام بگات، کە بە داخەوە تا ئێستا بە ئاکام نەگەیشتووە.

ئەم پەیوەندییانە هەمووی لە حاڵێکدایە کە ئێمە دەزانین هێزی جیاواز و رەوتێکی جیاوازین. بەڵام ئەو جیاوازیەمان، خۆی لە خۆیدا رێگر نەبوون لەوەی لە پێناوی بەرژەوەندی خەباتی خەڵکی کورد لە هەر چوار بەشەکەی کوردستان خەمسارد بین و خۆمان بە بەرپرسیار نەزانین.

سەرچاوە: گۆڤاری لڤین - رێکەوتی: ٢٣ی ئایاری ٢٠١٥

---------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## ئێمە هێزە سۆسیال دیموکراتەکان لە چوارچێوەی چەپدا نابینین



**ئا: ئاوێنە**

"ئیبراهیمی عەلیزادە" سکرتێری ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران - کۆمەڵە، لە وتووێژێکدا لەگەڵ ئاوێنەدا دەڵێت: "ڕەگێکی چەپ بوون لە پەکەکەو یەکێتیو گۆڕانیشدا بەدیناکرێت".

### پێگەی لاوازو بەهێزی چەپەکان

**ئاوێنە**: لەم ساتەوەختەدا پاشەکشەی بزاڤی چەپ بەروونی لەم ناوچەیەدا بەدیدەکرێت، هەست بەگەڕانەوەیەک دەکرێت بۆ ئایینو مەزهەب، ئێوە وەک کەسایەتییەک کە هەموو ژیانتان لەبزاڤی چەپدا بەسەربردووە، چۆن لەم پاشەکشەیەی چەپەکان دەڕوانن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەمە دیتنی رووکەشی بارودۆخەکەیە، بەچوونە ناو قووڵایی کۆمەڵگاو قووڵایی ڕووداوەکان دەبینین کە ئەوەی بەرواڵەت دەبینرێ پێناسەی واقیعی کۆمەڵگای ئەمڕۆی، نەک هەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو هیچ شوێنێکی جیهان نییە، بەهەڵکەوت نییە ئەگەر دەبینین لەوڵاتێکی وەکو میسر ڕەوتی ئیسلامی تەنیا یەک ساڵ لەدەسەڵاتدا دەوام دێنێو لەتونس یاسای بنەڕەتی لەئیسلام دوور دەکەوێتەوەو حکومەتی ئیسلامیش لەئێران پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ نامێنێتەوە.

**ئاوێنە**: بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەی لەمیسر ڕوویدا، لەعێراق، لەسوریا، لەلوبنان، ئەوانەی کە ڕووداوەکان دروستدەکەن هێزە مەزهەبییەکانن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەوانەی ڕووداوەکان دروستدەکەن ڕێکخراوە مەزهەبییەکانن کە لەسەر ئەساسی ئیسلامی سیاسی بیناکراون، پێگەی کۆمەڵایەتی ئەم ڕێکخراوانە بەرەو لاواز بوون چووە، نەک بەهێز بوون.

**ئاوێنە**: بەڵام پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان هەیە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بەڵێ، بێگومان تا رادەیەک پێگەیان هەر ماوە، بەڵام ئەوەی کە دەبینین لەریزی پێشەوەی رووداوەکاندان، بەهۆی ئەوەیە کە پارەو چەکو چوڵو ئیمکاناتی زۆروزەبەندی ئەم دەوڵەتو ئەو دەوڵەتیان لەپشتە. لایەنی بەرانبەرشیان، ڕێکخراو نینو پرژوبڵاون. لەکۆمەڵگایەکدا کە ڕێکخراوی حیزبیو مەدەنی چەپو رادیکاڵ مەجالی سەرهەڵدانی نەبووبێ، کاتێک بۆشایی دەسەڵات پێکدێ، هەر دارو دەستەیەکی چەکدارو باش ڕێکخراو، دەتوانێ سواری سەری جەماوەر بێت.

**ئاوێنە**: ئایا مەبەستتان ئەوەیە کە بزووتنەوەی چەپ زیاتر لەرووی ڕێکخراوەییەوە پاشەکشەی کردووە، ئەگینا ئەو هێزەی جارانی هەر ماوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: نفوزی چەپ وەکو رەوتێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی کە هەوڵدەدات کۆمەڵگا لەقەیرانی ئێستای دەرباز بکات، لەرووی مەعنەویەوە زیادی کردووە. ئەگەرچی ئەو نفوزە هێشتا خۆی لەتەنزیمو ڕێکخراودا نەبینیوەتەوە. نفوزی چەپ بۆیە زیادی کردووە چونکە هیچکام لەرەوتە سیاسیەکانی مەوجود لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەیانتوانیوە ڕێگایەکی واقیعبینانەو بەکردەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا لەکێشەی کرێکار، کێشەی ژن، کێشەی نەتەوە، کێشەی دیموکراسی پێشکەش بکەن. تەنانەت لیبراڵەکانیش کە مەزهەبیش نین ناتوانن بۆ نمونە بڵێن کە ئەگەر ئێمە هاتینە سەرکار ئابووری ئەم وڵاتە بەشێوەیەک بەڕێوەدەبەین کە جیاوازە لەرابردوو. ئەوان لەباشترین حاڵەتدا بەڵێنی ئەوە بەخەڵک دەدەن کە گەندەڵ نابن. ئەگینا ئەوانیش وەکو دیکتاتۆرەکانی پێشووی خۆیان هەرچاویان لەبانکی جیهانیو سندوقی نێونەتەوەیی دراوە کە ڕێگەیان پێنیشانبدا. ئەو ڕێگەیەش کە ئەو ناوەندانە نیشانی دەدەن هەر ئەوەیە کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەو ژانو ئازارەی ئەورۆ گرفتار کردووەو تاقیکراوەتەوە. کێشەی بەڕێچوونی ئابووری، کێشەیەکی ئەساسیە لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو هێزە غەیرە چەپەکان بەهۆی ئەوەی کە دەست بۆ بنەماکانی نیزامی سەرمایەداری نابەن، پرۆژەیەکیان نییە بۆ ئەوەی تەنانەت نانێک بخەنە سفرەی خەڵکەوە. بۆ دیموکراسیش شتێکیان پێ نییە. ئیسلامگەراکان کە تەکلیفیان روونە، بیرو بۆچوونی ئەوان لەگەڵ بنەمای دیموکراسی ناتەبایە. ئەوان جگە لەوەی کە نانێک ناخەنە سفرەی خەڵکەوە، دیموکراسیەکەشی لێزەوت دەکەن. لیبراڵەکانیش لەترسی ئەوەی کە دیموکراسی، جەماوەری

خەڵکیان لێبهاروژێنیو سیستەمەکەیان بخاتە مەترسیەوە، وردە وردە پاشەکشەی لێدەکەنو لێی پەشیمان دەبنەوە. لیبراڵەکان لەم سەردەمەدا، بڕوا بەخۆیان نەماوەو کاتێک کە بەهەر هۆکارێک دێنە سەر دەسەڵات زۆر بەپارێزەوە دەست بۆ گۆڕانکاری دەبەن. کاتێک نانێک نادەی بەخەڵک، کاتێک بەنیسبەت دیموکراسیش ئەوە هەڵسوکەوتت بێ، جەماوەری خەڵک حیسابی چییان بۆ بکات؟ واتە یان دەبێ بڵێین جەماوەر وازی لەهەر چەشنە هەوڵێک بۆ باشترکردنی ژیانی هێناوەو سەری بەرداوەتەوەو چۆتەوە ماڵی خۆیو دانیشتووە، یان ئەگەر وانەبێ، ڕێگایەک جگە لەپشتبەستن بەرەوتی چەپی کۆمەڵگای بۆ نامێنێتەوە. بۆیە ئێمە دەڵێین کە فورسەتی مێژوویی هێزی چەپ بەڕێوەیە. بەڵام دیارە هێزی چەپ دەبێ ڕێکخراوی هەبێ، دەبێ کادیرو ڕێبەری هەبێ، دەبێ ستراتێژی ڕوونی هەبێ. دەبێ کرێکارو زەحمەتکێشی وڵاتی لەپشت بێت. پرسیار ئەوەیە کە ئایا دەتوانێ ئەو مەلزوماتەی کە بوژاننەوەو گەشەکردنی پێویستە، پێکبێنێ؟

**ئاوێنە**: من ئەو پرسیارە لەتۆ دەکەم. ئایا دەتوانێ پێکیبهێنێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لاموایە زەمینەی کۆمەڵایەتیو بارودۆخی سیاسی لەبار هەیە بۆ وەها بووژانەوەیەک، هەربۆیە هەوڵەکانی ئێمەمانان لەپێناوی ئەو بوژانەوەیە بێ ئاکام نابێت.

**ئاوێنە**: ئەگەر وایەو چەپ پێگەی بەهێزی کۆمەڵایەتی ماوە، بۆچی کاریگەری لەڕووداوەکاندا بەدیناکرێ؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بێگومان، کاریگەری چەپ لەرووداوەکاندا بەدیدەکرێ.

**ئاوێنە**: بەچ شێوەیەک؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بەشێوەی ناڕاستەوخۆ. حزوری مەیلی چەپ حزورێکی کۆمەڵایەتیە، قورسایی کۆمەلگا بەرەو چەپ کشاوە. ئەگەر ئەو کاریگەریە نەبوایە ئێمە هیچ چەشنە پاشەکشەیەکمان لەهێزە بۆرژواو دەسەڵاتدارەکان نەدەدیت. بەردەوام دەبینین کە لەژێر زەختی کرێکاردا، لەژێر زەختی ژندا، لەژێر زەختی خەڵکی خوازیاری ئازادیدا، پاشەکشە دەکەن. ئەوانە هیچیان بابەتگەلێک نین کە ئەوان بەدڵخوازی خۆیان بیسەلمێنن. ئەوان تەنیا بیر لەقازانجو بیر لەدەسەڵات دەکەنەوەو بەخەڵک دەڵێن کە گوایە نیزامی سەرمایەو بازار، بەمیکانیزمێکی ئۆتۆماتیک ژیانی ئێوە باشتر دەکات. چاوەڕوان بنو پەلە مەکەن. بەڵام دەبینین کە خەڵک ئەوەیان لێقبوڵ ناکەن، مافی بێکارییان دەوێ، مافی خانەنشینیان دەوێ، پێڕاگەیشتن بەپیرو بەساڵاچووانیان دەوێ، مافی خوێندنی بەخۆڕاییان دەوێ؛ ئازادیان دەوێ. ملدان بۆ هەرکام لەم بابەتانە



سەرچاوە
Serchawe

بەپێچەوانەی بەرژەوەندی چینی بۆرژوایە. کاتێک ئەوان بەشێک لەو مافانە دەسەلمێنن لەراستیدا ناچار بوونو بەپێچەوانەی بەرژەوەندی خۆیان بجولێنەوە. کێشمەکێشێک بەواقیعی لەگۆڕێدایە، ئەو کێشمەکێشە بەستێنی سەرهەڵدانەوەو بووژانەوەی هێزی چەپە.

**ئاوێنە**: ئایا ئەو جموجۆڵەی تۆ ئاماژەی پێدەکەیت خلیسکانی زیاتری کۆمەڵگە نییە بەرەو لیبیرالیزم؟ ئایا ئەوە بەمانای ئەوە نییە کە لیبرالیزم توانیویەتی لەو قەیرانانەی کە تێیکەوتووە بە بەردەوامی دەرباز ببێ؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: کوا دەرباز بووە؟ لەقەیرانێکەوە بۆ قەیرانێکی دیکە رۆیشتووە. وەڵامی بۆ کێشە کۆمەڵایەتیەکان پێ نییە، ترس لەشۆڕشی جەماوەر وایکردووە کە لەشوێن گرتنی ئامانجەکانی مێژوویی خۆیشیدا محافزەکار بێ. هەربۆیە ئیتر نەک وەکو لیبرالیزم، بەڵکو وەکو نیئۆلیبیرالیزم پێناسەی دەکەن. واتە پێداچوونەوەی سەرلەنوێ بەبنەماکانی لیبراڵیزمدا. ئێستا نەک هەر لەوڵاتی ئێمە یان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لەوڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریشدا، ئیستقرار نابینی. لەهەموو شوێنێک خەباتو کێشمەکێش لەجەریاندایە. نارەزایەتی لەدەسەڵات تەنانەت کاتێک کە دەنگیشیان پێداوە، روو لەپەرەسەندنە. رێژەی بەشداری خەڵک لەهەڵبژاردنەکاندا کەم بۆتەوە، لەبەرانبەردا رێژەی بەشداری لەخۆپیشاندانەکان زیادی کردووە. هەروەک وتم موشکیل ئەوەیە کە بەرانبەر بەم بارودۆخە بەدیلی رێکخراوەیی چەپ پێکنەهاتووە. ئامانجو ئاسۆی چەپ لەقەیراندا نییە، پێشینەو مێژووی ناڕەوا قورسایی بەسەر ئەمرۆیدا دەکات.

**ئاوێنە**: ئێوە هەست ناکەن دەوڵەتانی خاوەن سیستەمی لیبرالیزم بەرانبەر بەم بارودۆخە بەردەوام خۆیان نوێ دەکەنەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەوان خۆیان نوێ نەکردۆتەوە، بەردەوام لەقەیراندا ژیاون. قەیرانی ئابووریو بەشوێنیدا قەیرانی سیاسی. ئەوان ئەمرۆ بەسبەی دەژین. ستراتیژی درێژماوەیان نییە. جەماوەری خەڵک لێیان ناڕازین. ئێستا تەنانەت لەوڵاتانی رۆژئاواییش لەناو زۆربەی دانیشتوانی وڵاتدا کەمن ئەوانەی بەژیانی خۆیان رازی بن، بەبێ ئەوەی کە لەبەرنامەو سیاسەتو ستراتیژی هێزە دەسەڵاتدارەکانیشدا هیوایەک بۆ گۆڕان شک بەرن. ئەمە قەیرانێکی کۆمەڵایەتیە کە تەنیا چەپ پرۆژەو رێگاچارەی بۆی هەیە. ئەو دەسکەوتانەش کە لەبواری مافی کرێکار، مافی ژن، مافە کۆمەڵایەتیەکانی تر دەیبینین. هەمووی بەرهەمی پاشەکشەی هەنگاو بەهەنگاوی دەسەڵاتە بەرانبەر بەباڵی چەپی کۆمەڵگا کە بەشێوەی جۆراوجۆر حزوری هەیە. بۆرژوازی دەسەڵاتدار ئەگەر بەدەستی خۆی بێ، پاشماوەی دیموکراسی سەردەمی گەشەی لیبرالیزمیش پێشێلدەکات. بۆ نمونە ئەو هەواڵە لەپاڵماندا تێپەڕ دەبێ کە ساڵەهایە دەزگاکانی سیخوڕی ئەمریکا نەک هەر گفتوگۆی هاوڵاتیان، بەڵکوو هی رێبەرانی دەوڵەتانی دیکەشیان کۆنترۆڵ کردووە. ئایا ئەوە بەواتای ئەوە نییە کە

ئەوان ئیتر بەسەرەتاکانی دیموکراسی لیبراڵیش پێبەند نەماون؟ بەراستی بۆ چی وادەکەنو لەچی دەترسن؟ ئەمانە هەمووی فورسەتن بۆ چەپ. جیهانی ئەمڕۆ لەژێر زەختی ئەو کێشمەکێشەدا بەرەو گۆڕان دەڕوات. کەس پێشبینی نەدەکرد لەمساڵانەی دواییدا، ئەزمەی شۆڕشگێڕانە لەوڵاتانی باکووری ئەفریقاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخولقێو وەها بەخێرایی دیکتاتۆرەکان لەدەسەڵات لابدات.

**ناوێنە**: ئێوە وەکو کەسێک کە باوەڕتان بەبزاڤی چەپو کۆمۆنیزم هەیە، هەست دەکەن هێزێکی دیاریکراوی چەپ بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونی هەبێ؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لەوانەیە ئێستا نەتوانین بەدیاریکراوی ڕێکخراوو هێزێک ناوبەرین، کە ئەو دەورە ببینێت. بەڵام زەمینەی سەرهەڵدانیان بەهێزە. کۆمەڵگا پێویستی بەئاڵوگۆڕەو هیچکام لەو هێزانەی کە لەکایەدان نەیانتوانیوە وڵامی ئەو پێویستیە بدەنەوە. کاتێک زەمینەکەی هەیە، کاتێک ڕێبازەکەی هەیەو پێویستیەکەشی هەیە، درەنگ یان زوو سەرهەڵدەدەنو لەهەر حاڵ، تەنیا بەدیلی واقیعی لەپێناوی وەڵامدانەوە بەپێویستیەکانی بەشەری ئەمڕۆ دەبن.

**ناوێنە**: حیزبە شیوعیەکان یان ڕێکخراوگەلێکی دیکەی لەم چەشنە کەجاران هێزی گەورە بوون، ئەوانە ناتوانن ئەو دەورەیان هەبێ؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: حیزبە شیوعیەکان ئەو دەورەیان نەماوە. ڕەوتی چەپی داهاتوو لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەسەر ڕێچکەی ئەوان نابێ. بۆچی؟ ئەوە جێگای باسێکی دیکەیە. هێزێکی سیاسی چەپی دیاریکراو کە ئێستا ئەو کاریگەریەی هەبێ نییە. هەڵبەت ئێران تۆزێک جیاوازە، رابردووی چەپو داهاتووی چەپ لەئێران هەڵسەنگاندنێکی دیکە هەڵدەگرێ.

### پەککە و پاشەکشێ

**ناوێنە**: ئێستا لەکوردستانی گەورەدا چەندین حیزبو ڕێکخراوی جیا جیا هەن، بەبڕوای تۆ لەنێو ئەم هەموو حیزبو ڕێکخراوانەدا، هێزێکی وا هەیە بخرێتە خانەی چەپەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لەکوردستانی ئێران کۆمەڵە ئەو دەورەی هەیە، لەشوێنەکانی دیکەی کوردستان ڕێکخراوی چەپ هەن، بەڵام ئەگەر مەبەست هێزێکی چەپی ڕادیکاڵی کاریگەر بێ، بوونی نییە.

**ئاوێنە**: "پ ک ک" ساڵانێک لەمەوبەر خۆی بەبزوتنەوەیەکی چەپ دەناساند. ئایا ئێستا دەکرێ ئەو پێناسەیەی بۆ بکەین؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: "پ ک ک" لەرابوردوی دووردا هەرچی بوبێت، ئیستا لەرووی پرۆگرامی سیاسیو لەرووی ئامانجێکەوە کە بۆ خۆی دیاریکردووە، وەکو رێکخراوێکی ناسیۆنالیست پێناسە دەکرێت. هەڵبەت لامواپە وەکو رێکخراوێکی نەتەوەییش لەسەر ئامانجەکانی دیاریکراوی پێشوی خۆی پێداگری ناکاتو لەم روەشەوە پاشەکشەی کردووە.

**ئاوێنە**: ئەم پاشەکشەیە بۆچی؟ بۆچی "پ ک ک" لەچەپەوە دەستپێیکردو ئەمڕۆکە ئاراستەیەکی دیکە دەگرێتەبەر؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: چەپ بوون و چەپ مانەوە بەر لەهەر شتێک پێویستی بەپێگەی کۆمەڵایەتی لەناو چینی کرێکاردا هەیە. "پ ک ک" ئەگەرچی ناوی کریکارانی کوردستانی بەسەرەوە بوو هەرگیز ئاوڕێکی لەخەباتی سەربەخۆی کرێکاران نەدایەوە. جگە لەوە "پ ک ک' ئەگەرچی بەهۆی بارودۆخی تورکیاو ستەمکاری بێسنوری دەوڵەتی تورکیا بووە بەرێکخراوێکی بەهێزی جەماوەری، لەهیچکام لەقۆناغەکانی ژیانی سیاسی خۆیدا وەڵامدەرەوەی پێویستیەکانی زەمانەی خۆی نەبووە. هەربۆیە ئەگەریش خۆی بەچەپ ناساندبێ، وەکو رێکخراوی چەپ عەمەلی نەکردووە. "پ ک ک" لەساڵەکانی سەرەتای پێکهاتنیدا، پێوەندیەکی توندوتۆڵی لەگەڵ هێزە چەپەکانی تورکیاو تەنانەت ناوچەکەش بوو. بەڵام ئەو هێزە کە لەو شوێنەوە دەستپێدەکات، دەگات بەوە کە دەبینین ساڵی رابردوو لەکاتێکدا کە حەرەکەیەکی جەماوەری بەهێز لەستانبولو شارە گەورەکانی تورکیا دەکەوێتەڕێ، "پ ک ک" بەشداری تێدا ناکات. ئەمە لەحالێکدایە کە ئێوە دەزانن "پ ک ک" ساڵانی رابردوو دەیتوانی بەتەنها حەرەکەی جەماوەری گەورە لەستانبولو شارە تورکنشینەکان بخاتەڕێو هاوئاهەنگی بکات لەگەڵ هێزە چەپەکانی تورکیا. بەمجۆرە "پ ک ک" خۆی لەهاوپشتیو هاوکاری رەوتی چەپ لەتورکیا بێبەش کرد. ئەم بۆچوونەی بەرانبەر بەهێزەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەر بەم شێوەیە بوو. هەڵبەت ئەو هەڵوێستە ئینفعالیە بەرانبەر بەحەرەکەی جەماوەری ساڵی پار، کوردستانیشی گرتەوە. لەدەورەیەکدا کە پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا لەئارادا بوو، "پ ک ک" لەجیاتی ئەوەی کە زەختی جەماوەر لەشارە گەورەکانی کوردستان بەکاربێنێ بۆ ئەوەی دەوڵەتی تورکیا ناچار بکات بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات، لەو ساڵەدا کوردستانی تورکیا لەهەمیشە بێدەنگتر بوو.

**ئاوێنە**: هەست ناکەی ئەم گەڕانەوەیەی "پ ک ک" گەڕانەوەیە بۆ ریالیزم، کە بەهۆی ناسینی کلتورو ئەو ژیانە کۆمەڵایەتیەی خەڵکی تێیدا دەژین، سیاسەتێکی واقیعبینانە پەیڕەو دەکات؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: کردەوە پێوانەی حەقیقەتە. ئایا "پ ک ک" لەئاکامی رەچاوکردنی ئەو جۆرە سیاسەتانە بەهێزتر بووە



سەرچاوە
Serchawe

یان لاوازتر؟ بەبڕوای من ئەم جۆرە هەڵوێستو سیاسەتە "پ ک ک" ی لاواز کردە.

ئاوێنە: بەبڕوای تۆ "پ ک ک" نەگەڕاوەتەوە بۆ واقیعیەت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: نەگەراوەتەوە بۆ واقیعیەت، بەڵکوو تەسلیمی دواکەوتوویەکانی روو لە لەناوچوونی کۆمەڵگا بووە. تەسلیمی ئەو دواکەوتوییانەی کە هێزێکی پێشڕەو نەک هەر نابێ سەریان بۆ دانەوێنێ، بەڵکوو پێویستە بیانگۆڕێت. "پ ک ک" دەوری پێشڕەوایەتی لەو بارەیەوە نابینێت.

## یەکێتی و قاسملو

ئاوێنە: یەکێتی نیشتمانی کوردستان یەکێک لەو هێزانە بوو کە پێشتر بەشێک لەپێکهاتەکەی چەپ بوو. ئایا تۆ رەوتی چەپ لەیەکێتی نیشتمانی ئەمڕۆدا بەدیدەکەیت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەر رابردوویەکیشی بووبێت، ئەمڕۆکە لەباشترین حاڵەتدا وەکوو هێزێکی سۆسیال دیموکرات پێناسە دەکرێت. ئێمە هێزە سۆسیال دیموکراتەکانی جیهانی بەگشتی بەیەکێتی نیشتمانیشەوە لەچوارچێوەی چەپدا نابینین. بەرنامەی کۆمەلایەتی هێزە سۆسیال دیموکراتەکانی جیهان، ئەمڕۆ جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ هێزەکانی نەیاری دوێکەیان نییەو جاری واش هەیە لەوانیش راست ترن. بۆ نمونە ئێستا جیاوازیەکی بەرچاو لەنێوان بەرنامەی پارتی و یەکێتیدا نابینی. جیاوازیەک لەنێوان بەرنامەی کۆمەڵایەتی یەکێتی و گۆڕاندا نابینی. ئەوەندە نەبێ کە گۆڕان دەڵێت کە ئەگەر کەهاتینە دەسەڵات گەندەڵ نابین. ئەوەش جیاوازی سیاسی و کۆمەڵایەتی نییە.

ئاوێنە: یەکێتی لەسەرەتاوە گرنگیەکی زۆری بەئەدەبیاتی چەپ نەداوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەوە پێوەندی بە دەورەی خەباتی پێشمەرگانەیان بووە. ئێستا ئەو ئەدەبیاتە بەکار ناهێنن و پێکهاتەی رێکخراوەییەکەشیان گۆڕاوەو کۆمەڵەی رەنجدەران نەماوەو یەکێتی لەبۆچوونەکانی چەپی رابردوو پاشەکشەی کردووە.

ئاوێنە: ئەم پاشەکشەیە بۆچی رووی داو بەبڕوای تۆ لە چ ساتەوەختێکەوە یەکێتی ئەو پاشەکشەیە دەکات؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەم پاشەکشەیە ئەگەر لەرابردوودا، وردە وردە دەکرا، لەو کاتەوە کە یەکێتی دەبێ بە بەشێک

لەدەسەڵاتی هەرێمی کوردستان رەوتێکی خێراتر و قەتعی تر بەخۆیەوە دەگرێت. چەپ مانەوە لەدەورەیەکدا کە لەدەسەڵاتدابوو، بەواتای ئەوەیە کە پشت بەهێزی رادیکاڵی کۆمەڵگاو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی پێشڕەو ببەستێ. ئەمەش لەگەڵ مەنتیقی پاراستنی دەسەڵات بەهەر قیمەتێک نایەتەوە.

**ئاوێنە**: قسەیەک هەیە کە دەڵێت قاسملو دەوری هەبووە لەوەدا کە مام جەلال بەرەو سۆسیال دیموکرات هەنگاو بنێت، ئایا ئەمە وابوو؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بەبڕوای من دوکتور قاسملو کاریگەریەکی فیکری لەسەر مام جەلال نەبوو.

**ئاوێنە**: لەسەر یەکێتیش نەیبوو؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: نە لەسەر یەکێتی و نە لەسەر مام جەلال کاریگەری فیکری نەبووە. بەجۆرێک کەبڵێین ئەوانی بەرەو سۆسیال دیموکراسی راکێشابێت. دوکتور قاسملو چونکە خۆی لەناو سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپادا، بەتایبەتی دوای ئەوەیکە دژایەتی لەگەڵ هێرشی سۆڤیەت بۆ سەر چێکوسلواکی کرد و ئەو وڵاتەی بەجێهێشت، کەسایەتیەکی ناسراو بوو، لەم بابەتەوە کارئاسانی دیپلۆماتیکی بۆ مام جەلال دەکرد. بەهۆی ئەو پێوەندیانەوە کە هەیبوو بەئەم و ئەوی دەناساندن. راستە کە حیزبی دیموکرات بە هۆی بەشداری لە بزوتنەوی خەلکی کورد دا، پێوەندی نزیکی لە گەل ئەنترناسیونالی سوسیالیست هەبوو، بەلام قاسملو نەک هەر دەوری کاریگەری فیکری لە سەر مام جەلال بۆ نزیک بونەوە لە بیری سوسیال دیموکراتیک نەبوو، بەڵکوو خۆیشی وەکوو بیرو بۆچون لێی دوور کەوتبۆوە. مام جلال لە رووی نەریتی سیاسی و تەنانەت ئەخلاقیشەوە، وەکوو شەخسی خۆی تا رادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری ماویسم دابوو و ئەو کاریگەریەی دەگەل خۆی تا ئیستاش هێناوە.

**ئاوێنە**: واتە لەهیچ قۆناغێکدا، لات وانییە کە دیموکرات کاریگەری لەسەر یەکێتی بووبێت لەرووی فیکریەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: نا پێم وایە لەهیچ مەرحەلەیەکدا ئەو کاریگەریەی نەبووە.

## یەکێتی و ململانێکانی ئێستای

**ئاوێنە**: ئێستاو لەرابردوودا، "ی ن ک" حیزبێکی پڕ لە ململانێ بووە. بەتایبەت گەر لەم ساتەوەختەدا سەیری بکەین،

**پێتوایە ئەم ململانێیەیان هۆکارێکی فیکری لەپشتەوەیە یان کێشەکان شەخسین؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە**: یەکێک لەگرفتەکان ئەوەیە کە هیچکام لەو کوتلانەی ناو :ی ن ک" کە لەمیدیاکاندا باسیان لێدەکرێ، خاوەنی پلاتفۆرمی سیاسی شەفاف و روون نین تا بتوانین لەسەر ئەو ئەساسە بیانناسین. بەرنامەیەکی جیاواز، ستراتێژێکی جیاواز، یان تەنانەت شێوەکارێکی جیاواز کە ئەمیان لە ئەویان جیاکاتەوە، باسی لێ ناکرێ. ژمارەیەک لەئەندامانی ریزەکانی یەکێتی کە بەسەر کوتلەکاندا دابەش بوون، لەرووی خۆشەویستی شەخسی، بیرەوەری و پێشینەی مێژوویی ئەم یا ئەو بەرپرس، یان ئەوەی کە لەپشت سەری ئەم و ئەو دەگوترێ، ئینتخابی خۆیان دەکەن و ژمارەیەکی زۆرتریش بێ هەڵوێست دەمێننەوە. ئەمە رواڵەتێکی ناسیاسی بەکێشەکان داوەو رێگەی داوە بەوەیکە چاووراو بەسەر واقیعیەتەکاندا حاکم بێت. یەکێتی نیشتمانی رێکخراوێکی ئیعتیادی نییە، بەشێک لەدەسەڵات و لەمێژووی ئەو وڵاتەیە. هەر بۆیە لەوەها رێکخراوێکدا، چونکە کێشەکان بەواقیعی هەن ئەگەر خۆیان بەشەفافی دەری نەخەن و جیاوازیەکانی خۆیان باسی نەکەن، کۆمەڵگا لەکۆتاییدا بیرکردنەوەی خۆی لەجێگەی واقیعیەت دادەنێت.

**ناوێنە**: کەواتە ئەو ململانێیانە لەکوێوە سەرچاوە دەگرن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: تەبعەن هەر بەهۆی کەمبوونی مەعلومات لەمبارەوە هەڵسەنگاندن ئاسان نییە. ئاماژە بەدوو فاکتۆر لەوانەیە لەم بابەتەوە یارمەتیدەر بێت. یەکەم ئەوەیکە یەکێتی نیشتمانی هەر لەسەرەتای پێکهاتنیەوە خەسڵەتێکی نیوچە بەرەیی هەبووەو بوونی مینبەری جیاواز تێیدا بەرەسمی ناسراوە. کەوایە ئاساییە ئەگەر لەسەر ئەو رێچکە جیاوازی سیاسیش لەناویدا بەدی بکرێ، و سەرئەنجام ئەو جیاوازیانە خۆیان لەپلاتفۆرمی سیاسی جیاوازیشدا ببیننەوە. مەبەست ئەوەیە جیاوازی ئەم و ئەو دەتوانێ پاساوی رێکخراوەیی هەبێ. فاکتۆری دووهەم، شکستهێنانی یەکێتیە لەهەڵبژاردنی ئەخیردا. لێکۆڵینەوە لەسەر هۆکارەکانی ئەو شکستەو ئەوەیکە هەر لایەنەی چەندە لێی بەرپرسیارە کێشەکانی تەقاندەوە. یەکێتی نیشتمانی لەم هەڵبژاردنەدا، ستراتێژێکی روونی نەبوو. بۆ نمونە کاتێک یەکێتی بڕیار دەدات کە لە هەڵبژاردندا بە لیستی جیاواز بەشداری بکات، مانای ئەوەیە کە دەبێ لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا، جیاوازیەکانی لەگەڵ ئەم لایەن و ئەو لایەن باس بکات. ئێمە لەکەمپەینی هەڵبژاردنی یەکێتیدا، نەمانزانی جیاوازیەکانی لەبەرنامەو ستراتێژ و تاکتیکی سیاسی و لە حوکمرانی دا، لەگەڵ پارتی و تەنانەت لەگەڵ گۆڕانیش چییە؟ کۆمەڵگای کوردستان لە بەرانبەر گەلێک کێشەی و پرسیاری واقیعیدایە، کە وڵامی ئەم پرسیارانە دەتوانێ جیاوازیەکان دەرخات: بۆ نمونە وڵامدانەوە بەکێشەی نارەزایەتی خەڵک و کەمبوونی خزمەتگوزاری گشتی، گەندەڵی دارایی و ئیداری و هۆکاری قووڵبونەوەی سەرسووڕهێنەری کەلێنی چینایەتی، یاسای کار و کێشەی کرێکارانی کۆچبەر، مەسەلەی دیموکراسی لەکوردستان، ئابووری ئەو وڵاتە بەگشتی و ئابووری پیشەسازی نەوت بەتایبەتی، پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی و گیرو گرفتەکانی، تەناقوزاتی وەزعی واقیعی

لەگەڵ یاساکانی فیدراڵیزم، پرسی ناوچە دابڕاوەکان، سیاسەت بەرانبەر بەدەوڵەتانی ئیقلیمی، سیاسەت بەرانبەر بە بزووتنەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی کە کار دەکەنە سەر هەرێمی کوردستان و پریشکی ئاوریان لەم ناوچەیەش نزیک بۆتەوە؛ ئەمانە هەموویان مەسەلەی واقیعین کەجیاوازی بوچون لەسەریان لەنێوان هێزە سیاسیەکاندا، بەتایبەتی لەنێوان یەکێتی و ئەوانی تر دا باسیان لێوە ناکرێت. هیچکام لەوانە نابن بەناوەرۆکی کەمپەینی هەڵبژاردن. کاتێک ئەمانە مەعلوم نین و شکستیش بەسەردا دێت، ئەو جار کێشە شەخسیەکان زەق دەبنەوە. دیارە ئیختلاف لەسەر مەسەلەی تەکنیکی و ڕێکخراوەیی و شێوەکار لەناو حیزبگەلێکی وەکوو یەکێتی نیشتمانیدا، بەردەوام هەیە، بەڵام بۆچی وای لێ دێ کە حیزبێک دەباتە بەردەم ئەزمەی لەوچەشنەوە؟ بەبڕوای من ئەساسەن بەهۆی ناکامی سیاسیەوەیە. یەکێتی نیشتمانی لەگەڵ کۆمەڵگایەکی سیاسی زیندوو بەرەوڕووە، پێویستە بەرنامەو پرۆژەی سیاسی جیاوازی خۆی بەشەفافی بخاتە بەردەست و بە بەردەوامیش ئەو کارە بکات.

**ئاوێنە**: یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەم بارودۆخەی ئێستایدا چۆن پێناسە دەکەی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لەبارودۆخی ئێستادا، بەهۆی ئەو هاوسەنگی سیاسیەی کە لەکوردستاندا پێکهاتووە لاوازبوونی یەکیتی نیشتمانی لەو هاوسەنگیەدا زیانبەخشە.

**ئاوێنە**: بەپێی هەموو ئەوانەی کە باست کرد پێتوانیە یەکێتی لەقەیراندا دەژی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بێگومان یەکێتی نیشتمانی لەئەزمەدایە، بەڵام بەهۆی ئەوەیکە مێژوویەکی دوور و درێژی لەموقاوەمەت بەدیکتاتۆری بەعسدا هەیە، بەهۆی ئەوەیکە مێژووی ئەو حیزبە لەگەڵ مێژووی خوێناوی و پڕ لەهەڵسوکەوتی میلەتێک تێکەڵ بووە، ئەو زەرفیەتەی هەیە کە لەم ئەزمەیە دەرباز بێت.

**ئاوێنە**: بەڵام ئەم مێژوویە فریایان دەکەوێ؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: تا ماوەیەک بەڵێ، بەڵام نەک بۆ هەمیشە.

**ئاوێنە**: واتە یەکێتی دەتوانێ لەو قەیرانانە دەرباز بێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ڕێگای دەرباز بوون هەیە.



سەرچاوە
Serchawe

**ئاوێنە: کامەیە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە**: کێشەکان بەشێوەی سیاسی و لەسەر ئەساسی وڵامدانەوە بەگرینگترین پرسیار گەلێک کە لەبەردەم کۆمەڵگادان بەشەفافی خۆیان دەرخەن. چونکە هەر وەکوو ووتم یەکێتی هەر لەسەرەتاوە ئەوەی بەرەسمی ناسیوە کە ڕێکخراوێکی فرە مینبەرە، کەوایە دەتوانێ لەگەڵ ئەو کێشانە هەڵبکات و تەنانەت ململانێ لەسەریان لەخاڵی لاوازەوە بکات بەخاڵی بەهێز بۆ خۆی. یەکێتی نیشتمانی لەهەمان کاتدا، کە حیزبێکی دیاریکراوە، ڕێکخراوێکی جەماوەریشە، بۆ شکڵدان بەهاوسەنگی واقیعی لەکێشەکانیشدا، پێویستە جەماوەر بێنە کایەوە. هەڵبەت مەرج ئەوەیە کە هەموو لایەک پابەندی پێڕەوی ناوخۆی ململانێکان بن. پێڕەوی ناوخۆ بەڵگەنامەیەک نییە بۆ ڕازاندنەوەی رواڵەتی حیزب، بەڵکوو ئامرازی ڕێکخستنی ئەو ململانێیەشە. بۆچی دەبێ هاتنەخوارەوەی بەرپرسێک لەدەسەڵات، کە هەڵەی ئاشکرای کردبێ، ئەوەندە پرۆسەیەکی پرژان و ئازار بێت. بۆچی دەبێ کەسانێک بەرپرسیارێتی خۆیان لەم یان لەو هەڵەی سیاسی و ڕێکخراوەیی نەسەلمێنن. پێویستە پابەند بەدەنگی جەماوەری حیزبەکەیان بن، بۆ ئەوەی ئەگەر پێویست بوو بەبێ سڵ کردنەوە کورسی دەسەڵات بەجێ بێڵن.

**ئاوێنە: ئایا لەناو ئەو کەسانەی وا ئێستا لەسەرکردایەتی یەکێتیدان لەکەسێک رادەبینی کە پیاوی قۆناغی داهاتووی یەکێتی بێت؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە**: دیارە هەر حیزبێکی سیاسی لەرەوتی تێکۆشانی خۆیداو بەپێی هەلومەرجی سیاسی، کەسایەتی پێویستی خۆی پەروەردە دەکات. ئەو ئەزمەیەش مادام ڕێگاچارەی هەیە، کادیرگەلی پێویستی خۆی دەخاتەڕوو.

**ئاوێنە: کەسی دیاریکراو هەیە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەوە پرسیارێک نییە کەمن وڵامەکەیم هەبێت. وەڵامی ئەو پرسیارە لای یەکێتی نیشتمانی خۆیەتی. هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم کەدیارە غیابی مام جەلال بۆشاییەکی گەورەی دروست کردووە. سەردەمەکە سەردەمێکی نوێیەو یەکێتی نیشتمانی لەبەرانبەر کۆمەڵێک کێشەی تازە بابەتدایە. مەترسیەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردستان زۆرن. هەرێمی کوردستان ناتوانێ دوورگەیەکی ئارام لەجەرگەی ناوچەیەکی پرکێشە کە پریشکی ئاورەکەی هەتا نزیک ئێمەش هاتووە، بێت. وڵامدانەوە بەپێویستیەکانی وەها سەردەمێک کەسایەتی خۆی و ڕێبەری خۆی دەوێ کە لام وایە یەکێتی نیشتمانی پێویستە خۆی لەگەڵدا بگونجێنێ. وەڵامدانەوەی گونجاو بەم بارودۆخە دەتوانێ کەسایەتی خۆی بێنێتە ڕوو.



سەرچاوە Serchawe

## گۆڕان لەنێوان دوو بەرشدایە

**ئاوێنە**: ئێستا لەهەرێمی کوردستان دەبینین کە بزووتنەوەی گۆڕان یەکێکە لەهێزە کاریگەرەکانو بەپێی ئەنجامەکانی دوا هەڵبژاردنیش براوەی دووهەم بووە، تۆ کە سەیری گۆڕان دەکەی، ئەم بزوتنەوەیە لەچ خانەیەکدا پێناسە دەکەیت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بزوتنەوەی گۆڕان تا ئێستا دەوری ئیجابی هەبووە لەوەیکە ڕێگانەدات جەماوەری خەڵک بەرەو بێ تەفاوەتی خەمساردی لە سیاسەتدا بڕوات. دەوری بووە لەوەیکە خەڵک لەدەسەڵاتی سیاسی بێ خەم نەبێت. ئایا ئەو بزوتنەوەیە دەتوانێ لەنواندنی ئەم دەورەی خۆیدا، هەروا بەردەوام بێت؟ بزوتنەوەی گۆڕان بەدوای هەڵبژاردندا لەبەردەم ئینتخابێکی چارەنوس سازدایە. ئەگەر بچێتە ناو دەسەڵات و لەناو دەسەڵاتدا، وڵامی ئەو تەوەقوعاتە بداتەوە کە خۆی لەناو خەڵکدا پێکی هێناوەو بەو هۆیەشەوە دەنگی لەخەڵک وەرگرتووە، ئەوە دەسەڵات زۆر زوو بە بن بەست دەگات. خۆ ئەگەر بەپێی ئەو تەوەقوعەش کە لێیان دەکرێت، هەڵسوکەوت نەکەن پێگەی جەماوەرییان لەدەست دەدەن. خەڵک چاوڕێی دەسکەوتی مەلموسیان لێ دەکەن. خۆ ئەگەر نەچنە ناو دەسەڵات، دەبێ دەسەڵات بخەنە ژێر فشاری شەقامەوە. لەوەشدا، هەروەک خۆپیشاندانەکانی بەر دەرکی سەرا دیتمان زۆر بەپارێزن و نایانهەوێ داهاتووی سیاسی خۆیان لەسەر ئەساسی خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕینی سەرشەقام بینا بکەن. ئەگەر وەکوو ئۆپۆزیسیۆن بمێننەوەو خەڵک لەئاکامی هەوڵەکانی ئەوان وەکوو ئۆپۆزیسیۆن گۆڕانکاریەک نەبینن، پێگەی جەماوەرییان لاواز دەبێت. بزوتنەوەی گۆڕان لەژێر بەرداشی ئەم دوو حاڵەتەدایە.

**ئاوێنە**: تۆ لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندا، ڕەگێکی چەپبوون بەدی دەکەی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بزووتنەوەی گۆڕان لەباشترین حاڵەتی خۆدا، هەوڵ دەدات لەرووی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و پێڕەو و پرۆگرام و لەرووی بەرنامەی سیاسیەوە، حیزبێکی سۆسیال دیموکراتی لەجۆری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیەکەی نوێنەرایەتی بکات. دیارە بەلێکدانەوەیەک کە ئێمە بۆ چەپ هەمانە، بزووتنەوەی گۆڕان لەم خانەدا ناگونجێت.

## پارتی و کۆمەڵگەی محافزەکار

**ئاوێنە**: هێزێکی دیکە، پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئایا ئەو دەنگە زۆرەی کە هێنای، دەلالەت لەوە ناکات هێشتا کۆمەڵگەی کوردی، کۆمەڵگایەکی موحافزەکارە، بەحوکمی ئەوەیکە پارتی دەکرێ وەکو یەکێک لەهێزە محافزەکارەکان پێناسە بکرێ؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لەکۆمەڵگایەکدا کە جەماوەری خەڵک تا رادەیەک هاتبێتە مەیدان بۆ ئەوەی لەرێگەی هەڵبژاردنێکی پارلەمانیەوە لەچارەنووسی سیاسی خۆیدا دەخالەت بکات، جەماوەر لەنێوان ئەو هێزانەی کە لەساحەکەدا هەن بەناچار ئینتخابی خۆی دەکات و بەو پێیە دەنگ دەخاتە نێو سندوقەوە.

**ئاوێنە**: ئەوە ئاماژە نییە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا کۆمەڵگایەکی محافزەکارە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: پێموانییە ئەمە نمونەیەک بێ بۆ سەلماندنی محافزەکاری کۆمەڵگای ئێمە. جەماوەری خەڵک دەزانن کە دەبێ ژیان بەرێوەبچێت. کاتێک کەهێزێکی جیاوازی دیکە نەبینن، یان هەبێ و متمانەی خەڵکی بەرەو لای خۆی رانەکێشابێ و خەڵک نەتوانن متمانەی پێ بکەن، بەدرێژەی وەزعی مەوجود رەزایەت دەدەن.

**ئاوێنە**: بەبڕوای تۆ ئەوە باشترین مۆدێل بوو بۆ هەرێمی کوردستان کە خەڵک بەو رێژەیە دەنگی بداتێ؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بێگومان لەروانگەی ئێمەوە وەکوو هێزێکی چەپ و سۆسیالیست، ئەو ئینتخابە هەرگیز مۆدێلێکی باش نەبووە. ئێمە بەرنامەیەکی دیکەمان هەیە، ئاوات و ئامانجێکی دیکەمان هەیە، هێزی چەپ و سۆسیالیست لەهەرێمی کوردستانیش قاعیدەتەن هەروایە. قسەی من لەسەر باشەو خراپە نەبوو، هەوڵم دا ئەوە روون بکەمەوە کە بۆچی لەوەها بارودۆخێکدا خەڵک دەنگ بەم یان ئەو حیزب دەدەن.

## کۆمەڵەکان و گرفتی تایبەتیان

**ئاوێنە**: بێینە سەر باسی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئێستا نزیکبوونەوەیەک لەنێوان دوو کۆمەڵەدا هەیە کە یەکیان عومەری ئیلخانیزادە سەرکردایەتی دەکاو یەکیان عەبدوڵای موهتەدی، بەبڕوای تۆ وەکو سکرتێری کۆمەڵەی حیزبی کومۆنیستی ئێران، چۆن لەیەکگرتنەوەی ئەم دوو لایەنە دەڕوانیو هۆکارەکانی چین؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: پێشتر ئەوە بڵێم راستە ئەوانە هەر دوو لایەنیان ناوی کۆمەڵەیان لەسەرە، بەڵام حەقیقەت ئەوەیە کە ئەوان هەردووکیان رێبازی کۆمەڵەیان بەجێهێشت و وەکوو فکر و بەرنامەو ستراتێژ، رێکخراوێکی دیکەیان پێکهێنا. یەکگرتنەوەی ئەوان گۆڕانکاریەک لەو واقیعیەتدا پێک ناهێنێ کە ئێستاو دوای چەندین ساڵ لەجیابوونەوەیان کۆمەڵگای کوردستان ئەوان وەکوو کۆمەڵەی دایک پێناسە ناکات. کۆمەڵەیەک کە رێکخراوی ئێمە درێژەدەری رێبازەکەیەتی جێگاو شوێنێکی پتەوی بۆ خۆی لەو کۆمەڵگایەدا دەستەبەر کردووە. کۆمەڵە رەوتێکی سیاسی چەپ و کومۆنیست لەکۆمەڵگای



سەرچاوە
Serchawe

کوردستاندا بووەو بەو ئیعتبارەش نفوزی کۆمەڵایەتی پەیدا کردووە. ئەوان دوو بن یان یەک، حیزبێکی جیاواز بەرێبازێکی سیاسی جیاوازن. هەڵبەت زۆریش ئاساییە کە کۆمەڵگای کوردستان مەیلی سیاسی و حیزبی سیاسی جیاوازی تێدابێت. ئێمە کێشەیەکمان لە گەڵ ئەو بابەتە نییە. لەهەر حاڵدا سەبارەت بە پرسیاری یەکگرتنەوەی ئەوان ئێمە بەو پێیەی کە هیچ جیاوازیەکیان نییەو ناوی کۆمەڵەشیان لەسەر خۆیان داناوە، پێمان وایە یەکبن باشترە تا دوو.

**ئاوێنە**: ئایا ئەوان بەشێک نین لەحەرەکەی چەپ؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەوان خۆیان نەیانویستوە حەرەکەی چەپ بن و وەکوو هێزێکی ناسیۆنالیستی کوردستان پێناسە دەکرێن.

**ئاوێنە**: بەلام ئەوان خۆیان وەک هێزێکی چەپی ناسیۆنالیستی پێناسە دەکەن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەوەی کە ئەوان خۆیان چۆن پێناسە دەکەن، گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە کە ئەوان بەواقیعی لەکوێ قەراریان گرتووە؟ ئەوان هێزی ناسیۆنالیستی کوردن. لەناو ناسیۆنالیستەکانیشدا، هەڵبەت باڵی چەپ و راستیان بەدی دەکرێت، بەڵام باڵی چەپ و راستی یەک رێباز. ئەوەیکە سەرەڕای ئەو واقیعیەتە ئەم یان ئەو حیزب بەجۆرێک لەجۆرەکان خۆی بەسۆسیالیست دەزانێ، ئەوە تەنیا ئەوەمان پێ دەڵێ کە سۆسیالیزم وەها مەیلێکی بەهێز و موعتەبەری کۆمەڵایەتیە کە زۆر کەس بەپێویستی دەزانێ خۆی پێ هەڵواسێ.

**ئاوێنە**: تۆ وەکوو سکرتێری کۆمەڵەی کۆمۆنیست، چۆن لە یەکگرتنەوەی ئەم دوو لایەنە دەڕوانی، بەبڕوای تۆ هۆکارەکانی چییە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەوان جیابوونەوەیەکیان هیچ مەبنایەکی سیاسی نەبووە، یەکگرتنەوەشیان حەرەکەیەکی ئاساییە. ئەگەر هات و یەکیان گرتەوە، ئەوە راستگۆیی لەخەباتی سیاسیدا واحوکم دەکات کە بۆ خەڵکی روون بکەنەوە ئەو کاتە بەچ هۆکارێک لێک جیابوونەوە؟ ئەو هۆکارانە چۆن لەبەین چوون کە ئێستا مەجالی یەکگرتنەوە رەخساوە؟ هەروەها رەخنە لەو توندوتیژیانە بگرن کە لەکاتی جیابوونەوەیاندا لە دژی یەک بەکاریان هێنا. دەنگدانەوەی ئەو هەڵسوکەوتەی ئەو کاتیان بەرانبەر بەکێشەکانیان، کاریگەری لەسەر بیرو رای گشتی خەڵک بووەو رەخنەگرتن لێیان بۆ دووپات نەبوونەوەیان پێویستە.

**ئاوێنە**: کەواتە بۆچی بەو شێوەیە کەرت بوونو بەم شێوەیە یەک دەگرنەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: وتم کە کەرت بوونەوەکەیان هیچ ئەساسێکی ئایدئۆلۆژیک، سیاسی یان بەرنامەیی نەبوو، کێشەی ڕێکخراوەیی یان شەخسییان هەبوو.

**ئاوێنە**: ئەی یەکگرتنەوەکەیان؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: واپێدەچێ کە ئەو جۆرە کێشانەی ئەو کات هەیانبوو کەم بووبنەوە. هەڵبەت بەڕێوەبردنی دوو تەشکیلاتی لەو چەشنە وەکوو یەک، لەو بارودۆخەداو لەکوردستانی عێراق، ئەوەش لەوانەیە گیروگرفتی تایبەتی خۆی هەبێ کە هانیان بدات بەم جۆرە چارەسەر بکەن.

## پەیەدە و کانتۆنەکانی

**ئاوێنە**: بابچینە ڕۆژئاوای کوردستانەوە. خۆت ئەزانی کە "پ ی د" کاریگەرترین ڕێکخراو لەرۆژئاوای کوردستانە. ئایا ئێوە لە "پ ی د" دا هەست بەچەپ بوونێک دەکەن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بوچونی ئیمە لە سەر پ ی د هەر وەکوو هەلسەنگاندنمان بۆ "پ ک ک" وایە. دیارە هێندێک جیاوازی بەرتەسک لەنێوان "پ ک ک" و "پ ی د" دا، بەپێی ئەو بارودۆخەی کە هەر کامیان تێیدان هەیە. بەحوکمی ئەوەیکە "پ ک ک" ساڵانێکی دوور و درێژ بنکەو بارەگا مەرکەزیەکانی لەسوریاو لوبنان بووەو بەشێک لەسەرکردەو کادرەکانی "پ ک ک" کوردی سوریان، ئەو نزیک بەیەکبوونە ئاساییە. ئەوەیکە گرینگە لەدیتنی مەوقێعیەتی جیاوازی "پ ک ک" و "پ ی د"ایە. "پ ی د" لەرێکخراوێکەوە کە بەرێنوێنی "پ ک ک" پێکهاتبوو، ئێستا بۆتە پێکهاتەیەکی جەماوەری کە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ناوچەیەکی بەرینی بەدەست هێناوە. ئەو پێکهاتەیە نوێیەش لەرووی پێویستیەکی دیاریکراوەوە هاتۆتە ئاراوە. ئەو پێویستیە ئەوەبوو کە لەجەریانی ئەزمەی سوریادا، بەتایبەتی دوای ئەوەی کەش و هەوای سیاسی ئەو وڵاتە بەتەواوی میلیتاریزە کرا، دەرفەتێک رەخسا کە دەکرا کوردستانی رۆژئاوا لەشەڕ و وێرانکاری و کوشتار بپارێزرێ و دەسەڵاتێکی خۆبەڕێوەبەر دابمەزرێت. "پ ی د" ئەو فورسەتەی قۆستەوەو وڵامی ئەو پێویستیەی دایەوە. لەو مەفتەعەدا، ئەوە سیاسەتێکی رەواو گونجاو بوو. بارودۆخی ئێستای ئەو بەشە لەسوریا بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی ئەو وڵاتە، نیشان دەدات کە ئەمە حەرەکەتێکی لەکاتی خۆیدا بووە.

**ئاوێنە**: واتە ئێوە پشتیوانی لەو کانتۆنانە دەکەن کە پێکهاتوون؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بەڵێ، ئێمە بەگشتی پشتیوانی لێ دەکەین. بەڵام ئەو پشتیوانیە بێ مەرج نییە. ئەو پشتیوانیە بەو



سەرچاوە
Serchawe

مەرجەیە کە ئەوان ڕێگا بدەن کە دەسەڵاتی "پ ی د" یان هەر حیزبێکی دیکە لەڕێگەی دەنگی جەماوەرەوە دابمەزرێ، نەک بە پێچەوانەوە "پ ی د" دەسەڵاتی خۆی بەسەر دەنگی خەڵکدا فەرز بکات. دەسەڵاتی جەماوەر لەخوارەوە بۆ سەرەوە، لەڕێگەی ئەنجومەنەکان و شوراکانی خەڵکەوە دابمەزرێ. کوردستانی سوریا ناوچەیەکی لەروی سەرچاوە ژێرزەویەکانیەوەو لەرووی ئاو و کشتوکاڵەوە ناوچەیەکی دەوڵەمەندە. ئەو دەسەڵاتە دەتوانێ نەک هەر ئەمنیەت بۆ خەڵک دابین بکات، بەڵکوو ژیانێکی باشتریشیان بۆ دەستەبەر بکات. دەتوانن نمونەیەکی باش بن بۆ باقی شوێنەکانی سوریاش.

### پەکەکە و پارتی

**ئاوێنە**: ئێستا لەئاستی کوردستانی گەورەدا، دوو هێز هەن لەململانێدان: "پ ک ک" و پارتی دیموکراتی کوردستان، تۆ هەستدەکەی جیاوازیەکی فیکری لەنێوان ئەو دوانەدا هەیە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بێگومان جیاوازیەکی فیکری قووڵ لەنێوانیاندا وجودی نییە. ئەگەر هەشبێ زۆر کەمە. بەڵام جیاوازی هەیە لە ستراتێژی سیاسیاندا، جیاوازی هەیە لە بەرژەوەندیەکانی رێکخراوەییاندا، ململانێ هەیە لەسەر نفوزیان لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا، جیاوازی هەیە لەبارودۆخێکی کۆمەڵایەتی کە هەر کام لەو دوو لایەنە کاری تێدا دەکەن. ئەو جیاوازیانە کاری کردۆتە سەر پێوەندیەکانی هەر دوو لا. کێشەیەک کە ئێستا گرینگە پێوەندی بە دەوڵەتی تورکیەوە هەیە.لایەنێکیان لەگەڵ دەوڵەت لەحاڵی شەڕ یان بڵێین ئامادەباشی بۆ شەڕدایەو لایەنێکیان پێوەندی دۆستانەو ئابووری درێژماوەی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا دامەزراندووە.

**ئاوێنە**: تۆ پێت وایە ئەمە هۆکاری سەرەکی ململانێی ئەم دوو لایەنەیە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بەرژەوەندی ئابووری بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ پارتی لەسەروی پێوەندیەکانی لەگەڵ "پ ک ک" دایەو ئەوەش لەڕێگای تورکیاوە دابین دەبێت.

**ئاوێنە**: ئەی ململانێیان لەنێوانیاندا نییە لەسەر نفوزیان لە پارچەکانی تری کوردستان؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بێ گومان ئەوەش یەکێک لەململانێکانە، بەڵام لام وانییە کە پارتی ستراتێژیەکی کوردستانی بەواتای کوردستانی گەورەی هەبێت. پەرەپێدانی ئەو نفوزە بۆ پارتی لەپێناوی بەهێزکردنی پێگەی خۆی لەکوردستانی عێراقدایە. پارتی هەوڵ دەدات قووڵایی سیاسی نفوزی خۆی زیاتر بکات. دەزانین کە "پ ک ک" سەردەمانێک دروشمی کوردستانی

گەورەی بەرز دەکردەوە، ئێستاش لەناو ریزەکانی "پ ک ک" دا کەم نین ئەو کەسانەی کە لەرووی ئەو تەوەهومەوە لەریزەکانی "پ ک ک" دا چالاکی دەکەن. بەمپێیە، تا رادەیەک جیاوازی هەیە لەنێوان ئامانجی "پ ک ک" کە هێزی پارتنێری خۆی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان دروست کردووە لە گەل ئامانجی پارتی. بە هۆی ئەوە کە سیاسەتێکی جیاوازی بەرانبەر بە ئەزمەی سوریا هەیە، تەئیدی حکومەتی خۆبەریەوەبەری رۆژئاوا ناکات و هەوڵ دەدات بۆ ئەوەیکە لایەنەکانی نەیاری "پ ی د" بەهێز بکات و جێگایان بۆ بکاتەوە. لەکوردستانی تورکیا ئەو هەولانەی کە هەیە بێ سەمەرەو دروستکردنی بەدیل بۆ "پ ک ک" کارێکی ئاسان نییە.

**ئاوێنە**: ئەی لەکوردستانی رۆژهەلات؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لەکوردستانی رۆژهەلات حیزبی سیاسی هاوچەشنی ئەوان لەمێژینەیەو لەژێر کاریگەری ئەوانیشدا پێک نەهاتووە. پارتی لەکوردستانی رۆژهەلات هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی لەناو کەسایەتیە ناسراوەکان، لەناو رووناکبیران و هونەرمەنداندا لایەنگرانی خۆی بدۆزێتەوەو تەقویەتیان بکات.

**ئاوێنە**: ئەی دەگوترێ ئەو هەولانەی دەدرێت بۆ یەکگرتنەوەی دوو باڵەکەی دیموکرات، پارتی لە پشتیەوەیە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: دیارە هەر دوو باڵەکەی دیموکرات لەزۆر رووەوە لەپارتی نزیکترن. بەلام ئەوە زۆرتر دەچێتە ئەو خانەیەوە کە ئەو حیزبانە لەوانەیە زیاتر لەرووی مادیەوە لەیارمەتی پارتی بەهرەمەند بن.

**ئاوێنە**: زۆر جار باسی ئەوە دەکرێ کە هۆکاری نەبەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی، ململانێی نێوان پارتی و "پ ک ک"یە. ئێوە کە یەکێک لەئەندامانی کومیتەی ئامادەکار بوون، ئایا ئەو ململانێیە بەهۆکاری نەبەستنی کۆنگرە دەزانن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بەڵێ، بەبڕوای ئێمە هۆکاری سەرەکیەکەی ئەمە بوو. دەوڵەتی تورکیا بەو هیوایە بوو بەو پرۆسەیە کە ناوی نابوو "ئاشتی"، "پ ک ک" و بزووتنەوەی کوردستانی تورکیا لاواز بکات. هەر بۆیە هەولی دەدا کە ئەوەندەی بکرێت پرۆسەکە درێژ بکاتەوە. بۆ "پ ک ک"ش ئەوە باش بوو کە لەرێگەی کۆنگرەی نەتەوەییەوە تەئیدی هێزەکانی هەموو پارچەکانی کوردستانیشی بۆ سیاسەتەکەی خۆی دابین بکات. "پ ک ک" تا قۆناغێکی دیاریکراو لەگەڵ ئەم پرۆسەیە چووە پێش. بەلام سەرئەنجام لەکاتێکدا کە دەوڵەتی تورکیا ئامادە نەبوو، هیچکام لە بەڵێنیەکانی جێبەجێ بکات، "پ ک ک"ش لەلای خۆیەوە پرۆسەکەی وەستاندو تەنانەت سەرکردایەتیەکەشی گۆڕانکاری تێدا پێکهات. ئیتر کۆنگرەی نەتەوەیی نەیدەتوانی نە ئامانجی دەولەتی تەرکیە و نە ئامانجی "پ ک ک" دابین بکات. هەر لە رۆژی یەکەمی دامەزرانی کومیتەی



سەرچاوە
Serchawe

ئامادەکار و لەرەوتی کارکردنی ئەو کومیتەیەدا، بەرانبەر بە بەرژەوەندی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، لەوانە دەوڵەتی تورکیاش بەرهەڵەست پەیدا بوو. لەگەرمەی کاری کومیتەی ئامادەکاردا، بارودۆخی کوردستانی سوریاش گۆڕانکاری بەسەردا هات و ناکۆکی کەوتە نێوان سیاسەتی پارتی و "پ ک ک" بەرانبەر بە پرسی ئەو ناوچەیە. گۆڕانکاریەکانی کوردستانی سوریا لەدژی بەرژەوەندی دەوڵەتی تورکیا بوو. ئەمانە هەمووی لە لایەک و لەلایەکی دیکەشەوە، هەر وەک ووتم بۆ پارتی پاراستن و بەهێز کردنی پێوەندی ئابووری لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا بەتایبەت لەکاتێکدا کە پیشەسازی نەوت لەکوردستان گەشەی کردبوو، گەلێک حەیاتی بوو. پارتی بەرژەوەندی خۆی بۆ پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا بەلاوە گرینگتر لەشوێن گرتنی کۆنگرە بوو. "پ ک ک" هەستی بەوە دەکرد کە ئەگەر بەشوێن بەرێوەچوونی کۆنگرەدا بڕوات، ناچار دەبێت ئیمتیازی زۆرتر بەپارتی بدات. درێژەدان بەم پرۆسەیەی لە بەرژەوەندی خۆیدا نەدەدیت. ئەمانە ململانێی سەرەکی بوون. هەلبەت لەناو کومیتەی ئامادەکاردا، کێشەی دیکەش هەبوو کە بە نیسبەت کێشە سەرەکیەکەوە لاوەکی بوون. وەکوو کێشە لەسەر رێژەی ئەندامانی هەر کام لەپارچەکانی کوردستان لەکۆنگرەدا، کێشەی سەرکردایەتی و بەرێوەبردنی کۆنگرە، کێشە لەسەر دەقی بڕیارنامەکانی کە ئامادەکرابوون.

**ناوێنە**: ئایا هێزەکانی دیکە دابەش نەبوون بەسەر ئەم دوو لایەنەدا؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: تا رادەیەک ئەو لایەنگریە بەرچاو دەکەوت، بەڵام کاری کومیتەی ئامادەکار ئەوەندە درێژ نەبووە کە ئەم لایەنگریە بەروونی شکڵ بگرێت.

**ناوێنە**: تۆ ئاماژەت بە دوو شت کرد، ئایا رۆیشتنی قەرەیلان و هاتنی جەمیل بایک پێوەندی بەکۆنگرەی نەتەوەیی و سیاسەتی "پ ک ک"ەوە بوو بەرانبەر بەپارتی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: من مەعلوماتێکم نییە لەم بارەوە. بەڵام ئەم گۆڕانکاریە لەسەرکردایەتی "پ ک ک" دا، هاوکاتە لەگەڵ بەنبەست گەیشتنی پرۆسەی ئاشتی و پەرەسەندنی کێشەکانی پارتی و "پ ک ک" لەسەر بارودۆخی سوریاو کۆنگرەی نەتەوەیی. هەر بۆیە بەشێوەی مەنتیقی دەتوانین تەسەوری ئەوە بکەین کە ئەم دوو حاڵەتە بە یەکتر مەربوت بوون.

**ناوێنە**: ئاماژەت بەرۆڵی تورکیا کرد. ئایا پێت وایە کە دەوڵەتی تورکیا دەوری هەیە لەسەر حیزبە کوردیەکان لەدیاریکردنی بڕیاری سیاسیدا؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بێگومان دەوڵەتی تورکیا تارادەیەک کاریگەری لەسەر حیزبە سیاسیەکانی کوردستان هەیە. بەڵام ئەو



سەرچاوە Serchawe

کاریگەریە مەرج نییە کە دیاریکردنی بڕیاری سیاسی بێت. دەتوانین ناوی بنێین ڕێکخستنی بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا. حکومەتی هەرێم و بەتایبەتی پارتی کۆمەڵێک بەرژەوەندیان لەگەڵ تورکیا هەیە کە هەوڵ دەدەن بیپارێزن و هەلبەت پاراستنی ئەو بەرژەوەندیانەش بۆ ئەوان باجی خۆی هەیە.

**پارتی و تورکیا و.. ئێران**

**ئاوێنە**: یانی دەوڵەتی تورکیا ڕۆڵی هەیە لەسەر دیاریکردنی ئاراستەی سیاسی پارتیدا؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: دەوڵەتی تورکیە کاریگەری خۆی هەیە. بەلام تەنیا ئەوە نییە. پارتی و حکومەتی هەرێم چەندین فاکتەری دیکەش بۆ دیاریکردنی ئاراستەی سیاسی خۆیان لەبەرچاو دەگرن کە ئەوانە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتی تورکیا یەک نین. بۆ نمونە پێوەندی حکومەتی هەرێم و دەوڵەتی ناوەندی عێراق، لەبەرچاوگرتنی هاوسەنگی هێز لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، لەبەرچاو گرتنی سیاسەتی گشتی دەوڵەتی ئامریکا بەرانبەر بەعێراق و ناوچەکە، هەر بۆیە ناکرێ بڵێین کە دەوڵەتی تورکیا بە تەواوی موسەیتەرە بەسەر دیاریکردنی بڕیاری سیاسی بۆ پارتی و بۆ حکومەتی هەرێم.

**ئاوێنە**: لەو هاوکێشانەدا، ڕۆڵی ئێران چۆن دەبینی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: کۆماری ئیسلامی ئێران کاریگەری لەسەر دەوڵەتی ناوەندی عێراق هەیەو زۆر ئاساییە کە هەوڵ دەدات کە ئەو نفوزەی لەکوردستانیش پەرە پێبدات. ڕژیمی ئێران هەوڵ دەدات کە ڕێگا نەدات بۆشاییەکی وەها پێکبێت کە هەمووی دەوڵەتی تورکیا پڕی بکاتەوە. بەڵام بەو حاڵەشەوە لام وایە کۆماری ئیسلامی ئێران لەم بابەتەوە دواکەوتووەو تورکیا دەستی بالاتری هەیە. کۆماری ئیسلامی ئێران نە لەرووی ئابووریەوەو نە لەرووی سیاسیەوە نەیتوانیوە لەگەڵ نفوزی دەوڵەتی تورکیا لەهەرێمی کوردستان بەرانبەرکێ بکات.

**ئاوێنە**: بەڵام ئێستا دەبینین کە ئێران لەپێکهێنانی حکومەتدا، لەلێک نزیک کردنەوەی جەمسەرەکانی ناو یەکێتیدا، ڕۆڵی سەرەکی هەیە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: دەیهەوێ ڕۆڵی سەرەکی ببینێت، بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبووە. هەوڵەکانی بێ سەمەر بووە. بۆ نمونە دەبینین کە نەیتوانی ئەو جۆرەی کە ئێوە دەڵێن جەمسەرەکانی یەکێتی لێک نزیک کاتەوە، یان سەرەرای هەولەکانیشی تا

ئیستا حکومەت پێک نەهاتوە.

**ئاوێنە**: ئەگەر کۆماری ئیسلامی نەبووایە ئەو کێشمەکێشانەی ناو یەکێتی ئاراستەیەکی توندتری بەخۆیەوە نەدەگرت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بەبڕوای من ئێران دەخالەتی نەبووایە باشتر دەبوو. کۆماری ئیسلامی عاشقی چاو و بڕۆی یەکێتی و هەرێمی کوردستان نییە. کۆماری ئیسلامی ئێران خێری هەرێمی کوردستان بەگشتی، خێری یەکێتی نیشتمانی بەتایبەتی ناوێت، ئەگەر دەستێوەردان دەکا لەکاروبارەکان بەشوێن بەرژەوەندی خۆیدایە. کاتێک کە دەیهەوێ کاریگەری لەسەر کێشەیەک دابنێت ئەوە بزانە کە خەریکی پلاندانانە بۆ پرۆژەیەکی داهاتووی خۆی. ئەگەر جەمسەرەکانی یەکێتی لەجیاتی ئەوەی کێشەکەیان بەرنە تاران لە ئیمکانات و زەرفیەتێک کە لەناوخۆی کوردستان و لەناو هێزە سیاسیەکانیدا هەیە، کەڵکی وەرگرتبایە، بەئاکامی باشتر دەگەیشت.

**ئاوێنە**: وەک بینیمان ئەو ئۆپۆزیسیۆنانەی کوردی ئێران کە لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی یەکێتیدان لێرەوە هیچ چالاکیەکی دژ بەکۆماری ئیسلامی ئێران ناکەن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەگەر مەبەست چالاکی پێشمەرگانەیە، نەبوونی ئەو پالاکییە پێوەندی بە بارودۆخێکی گشتی ترەوە هەیە. دیارە کە مەنتیقی نییە لەهەرێمی کوردستانەوە ئۆپۆزیسیۆن هێرشی چەکداری بکاتە سەر ڕژێمی ئێران.هەرێمی کوردستان و ڕژێمی ئێران لەحاڵی شەڕ دانیین ئەوە لێکتێگەیشتنێکی جێنتەلمەنانە بوو، بەبێ هیچ پەیمان مۆرکردنو ڕێککەوتنێکی فەرمی.

**ئاوێنە**: واتە تۆ پێت وایە کە یەکێتی لەمبارەوە خزمەتی بەدەوڵەتی ئێران نەکردووە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: دەوڵەتی ئێران لەبارودۆخێک کە هەرێمی کوردستان تێیدا بووە، بۆ مەبەستی سیاسی خۆیشیو هەروەها لەدژی ئۆپۆزیسیۆنیش کەڵکی وەرگرتووە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە یەکێتی لەدژی ئۆپۆزیسیۆن خزمەتی بەدەوڵەتی ئێران کردبێت. هەڵەی سیاسی مەحدود لەمبارەیەوە بووە، بەڵام ناچێتە خانەی خزمەتکردن بەرژێمی ئێرانەوە.

**ئاوێنە**: ئەوەندەی تۆ چاودێری دۆخەکە بکەی پێوەندی ئێران لەگەڵ یەکێتی، بزووتنەوەی گۆڕانو پارتیدا چۆن دەبینی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بەبڕوای من، کۆماری ئیسلامی ئێران ئامرازێک کە بۆ کاریگەری دانان لەسەر هەرێمی کوردستان و لەسەر

هێزەکانی هەیەتی، تەنیا هەڕەشەیە. هەڕەشەی ئەوە کە ئەگەر بەرژەوەندیەکانی نەپارێزن، ئاسایشیان لێهەڵدەگرێ. ئەگەر دەوڵەتی تورکیا دەڵێ بوریە نەوتیەکان دەبەستم، برایم خەلیل دادەخەم، کۆماری ئیسلامی ئێران دەڵێ ئاسایشتان لێ تێکدەدەم. بەستنی سنوورەکانی بازرگانی ئێران و هەرێمی کوردستان، ئەزمەیەکی ئەوتۆ بۆ هەرێمی کوردستان ناخولقێنێت، بەڵام بەپێچەوانەکەی سەبارەت بە تورکیا چارەنووس سازە.هەرەشەی تورکیا دەتوانی ئابوری بێت، هەرەشەی رژیمی ئێران ئاسایشە.

### ئایندەی چەپ لە کوردستان

**ئاوێنە**: دوایین پرسیارم لەکۆی هەموو ئەو قسانەدا کە کردمان تۆ پێت وایە حەرەکەی چەپ لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا، ئایندەی هەیە یاخود نا؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: پێوەندی بەوەوە هەیە کە هێزە چەپەکان بەرانبەر بەو کێشانەی کە لە هەموو پارچەکانی کوردستان هەیە چۆن هەلسەکەوت دەکەن. حەرەکەی چەپ لەم ناوچەیەو لەهەر شوێنێکی دیکە دەبێت بەفکری ژیانی ئەمڕۆ بێتو هەم ئاسۆی دوارۆژی لەبەرچاو بێت. خۆ دزینەوە لەکێشە واقعیەکان، لەچکۆلەوە بۆ گەورە، حەرەکەی چەپ دەخاتە پەراوێزەوە. هێزی چەپ زەمینەی گەشە کردنی هەیە و ولامی پێویستیەکانی ئەو سەردەمەشی لایە. ئێمە بە بەشی خۆمان لە کوردستانی ئێران گەش بینین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ٧ی ئابی ٢٠١٥

-----------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## مێژووی چەپ و کۆمۆنیزم، لینگەوقوچ دەکاتەوە!!



**عەبدوڵا مەحمود**

**ئیبراهیمی عەلی زادە، سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران، لەم چەند ڕۆژەی دوایدا کۆڕێکی سیاسی بۆ بەشێک لە خوێندکارانی بەشی زانستە سیاسیەکانی زانکۆی سلێمانی، لە ژێر ناوی مێژووی چەپ و حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، سازدا. لەم کۆڕەدا سەید برایم زۆر باس و پرسی وروژاند، کە هەریەکەیان جێگای هەڵوێستە لەسەرکردن و تێرامانن، چونکە گێرانەوەکانی شێواندنێکی هوشیارانەیە بۆ سازاندنی لەگەڵ دۆخی تازەی کۆمەڵەو ئەو وەرچەرخانەی کۆمەڵە گرتوویەتە بەر. دیارە ئێمە وەکو چەپ و کۆمۆنیستەکانی عێراق و کوردستان کەم تا زۆرێک ئاشنایین بەو مێژووە، بەڵام بەو هۆیەوە کە کەسانێکی تر گەواهی دەری زیندون و هاوکات خۆیان دەرگیر بوون لەو مێژووەدا و وەڵامیان داوەتەوە، یان ئەرکیانە وەڵام بدەنەوە، من تەنها دەمەوێ لێرەدا فۆکوس بکەمە سەر بەشێک لە قسەکانی لە پەیوەند بەچەپ و کۆمۆنیزمی کرێکاریی لە کوردستاندا، کە هەوڵیداوە بە شێوەیەکی ناواقعی و نا مونصیفانە باسی بکات...**

**سەید برایم لە پەیوەند بە ڕووداوی ئاوارەیی خەڵکی کوردستانەوە، ئاماژە بۆ ڕۆڵی چەپ دەکات، کە نەیانتوانیوە لە کاتی ئاوارەیی خەڵکی کوردستاندا فرسەتەکە بقۆزنەوە و لەجێگایدا بوونە پەنابەر و پاشانیش کەنار کەوتوون...**

**سەرەتا پێویست دەکات، ڕاستییەکی تاڵ بەبیربهێنینەوە. ئەویش ئەوەیە کە ئاوارەیی خەڵکی کوردستان، ئاکامێکی چاوەڕوانکراوی ئەو دۆخە دواکەوتوانەو کۆنەپەرستانەیە بوو، کەجەنگی کەنداو بەدوایدا خۆیدا هێنا. ئەو دۆخەی کە خودی سەید برایم و کۆمەڵە بە شۆرش و دەسکەوت و پێشرەوی لەقەڵەمیاندا. خودی ئەو ڕوانینەش یەکێک لە جیاوازی و ناکۆکیەکانی نێوان ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی و ناسیونالیزمی چەپ بوو. کە لەو بارەیەوە زۆریک نووسراو لەبەردەستدان.**

راستی ئەوەیە کە خرۆشانی خەڵکی کوردستان، بەرهەمی خەباتی لەپێشتری خەڵک و، بەرهەمی پێشڕەوی سەنگەر بەسەنگەری خەڵکی کوردستان، بەرهەمی گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە نێوان ململانی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان و بەعسدا نەبوو، بەڵکە راستەوخۆ ئاکامی جەنگی کۆنەپەرستانەی کەنداو و خۆبەستنەوەی ناسیونالیزمی کورد بوو، بە سیاسەتی جەنگخوازانەی ئەمریکاو و نەزمی نوێ وە. هەر ئەمەش بوو وای کرد، کە خەڵکی کوردستان بە هەواڵی هاتنەوەی بەعس، وە لەبەرامبەر بەگەڕانەوەی هێزی شکستخواردو قەسابی کراوی جەنگەوە، نەک نەیتوانی ئیرادەیەک نیشان بدات و رووبەڕوی هێزەکانی بەعس بێتەوە، بەڵکو بە ناچار ئاوارەیی هەڵبژارد. حزبەکانی ناسیونالیزمی کورد، لەپێش خەڵکیدا رایان کرد و سەرانیان دەستەو دامێنی پاسدارانی سنور بوون بۆ پەرینەوەیان بۆ ئێران. لەناو ئەوهەلومەرج و ژینگە دواکەوتوانەیەدا، ئەوەی کە بریاری بەرگریدا، وە ئەو هێزەی زیاد لەتوانای خۆی بەرگری کرد، چ لە سلێمانی و چ لە هەولێر هێزی چەکدار و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی شورایی بوون. خۆ لادان لەم حەقیقەتە و پەردەپۆشکردنی جێگای هەڵوێستەیە و پاساو هەڵناگرێت. دەبێ بپرسین خێرە باسی خۆبەستنەوەی حزبە ناسیوناليستە کوردەکان" پارتی و یەکێتی" بە سیاسەتی ئەمریکاو بۆشی باوک، راکردنیان و تەسلیمکردنی خەڵکی کوردستان بەدەست هێزی بریندارو کەڵپەبەخوێنی بەعسەوە، لە گێرانەوەی سەید برایمدا جێگای خۆی دەدات بە تانە دان لەچەپ؟ خۆراگری هێزی چەکداری شوراکان و قوربانیانی ئەم روبەرووبونەوەیە، لە گێرانەوەی ئەو مێژوودا، لای سەید برایم جێگای باس نییە، ئەوەی ئەو بە پێویستی دەزانێت، ئاماژەدانە بە بێدەربەستی چەپ و پاشان کەنار کەوتنیان.

وە بە پێچەوانەی وتەکانی سەید برایمەوە کە دەڵێ دوای ئاوارەی چەپ نەخش ڕۆڵێکی نەمایەوە. لە راستیدا لە یەک دوو ساڵی دوای ئاوارەیی خەڵکی کوردستاندا، چەپ و بە دیاریکراوی کۆمۆنیزمی کریکاری بوو بە هێزێکی سیاسی خاوەن قورسایی و یاریزانێکی گرنگ لە مەیدانی سیاسی کوردستاندا. وە توانی حزبی سیاسی و چەندین ڕێکخراوی جەماوەری و کانونی جۆراوجۆر پێکبهێنێت و بچێتە رووبەروبوونەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەورە لەگەڵ هێزە ناسیۆنالیستی و ئیسلامیەکانەوە. بەلام سید برایم هەروەکو چۆن مێژوی حزبی کۆمۆنیستی ئێران ئاوەژوو نیشاندەدات، بەهەمان شێوەش مێژوی چەپی عیراق لینگەوقوچ دەکاتەوە. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە سەید برایم و ڕێکخراوەکەی لە نێوان کۆمۆنیزم و ناسیۆنالیزمی کوردستانی عیراقدا، نزیکایەتی و دۆستایەتی ناسیۆنالیزم و ئەحزابی کوردی تازە بەدەسەلات گەیشتویان هەڵبژارد. بۆیە دەبێ مێژوەکە وا بگێڕێتەوە کە لەو کاتەدا چەپ و کۆمۆنیزمێکی ئەوتۆ لە مەیدانەکەدا نەبوو کە ئەوان لە جیاتی دۆستایەتی ناسیۆنالیزمی دەسەلاتداری کوردی، دۆستایەتی و نزیکایەتی لەگەڵ بکەن. ئەوە لە کاتێکدایە کە حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ببوو بە دیاردەیەکی خۆشناوی کۆمەڵگە و توانی سەنگەرێکی سازشهەڵنەگر لێبدات لە دژی ناسیونالیزمی کوردو دەسەڵاتەکەی. چووە جەنگی وەستانەوە بەرووی کۆنەپەرستی دینی و رەوتگەلە رێکخراوەیی و سیاسیەکانی. ململانێ و بەربەرکێی کۆمەڵایەتی حزب لە گەڵ ناسیونالیزمی کورد و دەسەڵاتەکەی، لەگەڵ ئیسلامیەکان...

تاد، بە هیچ پاساوێک قابیلی چاوپۆشین نییە. بەرژەوەندیەکانی تازەی کۆمەڵە و سەید برایمیش هەرچەندە بخوازن راستیەکانی ئەو مێژوە ئاوەژوو نیشان بدەن، ناتوانن واقعیەتەکانی ئەوکاتە لە چاوی کۆمەڵگای کوردستاندا، کەم رەنگ بکەنەوەو نادیدە بگرن. نەخش و دەورەی حزب و رێکخراوە جەماوەرییە کرێکاری و رادیکاڵەکانی نزیک لە حزب، بە رادەیەک لە کۆمەڵگای کوردستاندا مەترەح ببوو، کە باسی ئازادی و بەرابەری و مافی کرێکارو یەکسانی ژن و پیاو، تادەگات بە رێگا چارەی حزب بۆ ئایندەی سیاسی کوردستان و باسی ریفرانۆم و سەربەخۆیی ... لە کۆمەڵگای کوردستاندا بەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دەناسرایەوە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەلایەن دەسەڵاتەوە لەسەر چەندین کەیسی حەقخوازانە، لەوانە جیابوونەوەی کوردستان و ریفراندۆم، یەکسانی ژن و پیاو، بەرگری لە ئاوارەکان ...تاد، درا بەدادگا. لەم رووبەرووبەرووبوونەوەیەشدا، حزب سەرکەوتوانە هاتە دەرەوەو یەکێتی نیشتمانی ناچار بە دەستهەڵگرتن لە شکایەتەکانی کرا. بەدوای ئەوەشدا گەشەو پێشرەوی حزب بووە مایەی هەراسی جدی بۆ دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد، بووە شێتگیری ئیسلامیە کۆنەپەرستەکان، بووە هۆکاری نیگەرانی وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەتیش ئێران... هەر ئەو هۆکارەش بوو، بوو بە مایەی ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی و بە تایبەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە بەرامبەر بە پێگە و پێشرەوی حزبدا، بە نەخشەیەکی لە پێشدا دارێژراو بە هاوکاری و داوای ئێران و تەنانەت بەعسدا، هێرشی چەکداری بکەنە سەر حزب و رادیۆ وبنکەو بارەگاکانی و رێکخراوە جەماوەرییەکانی نزیک حزب و گرتن و راوەدونانی کادر و ئەندام و لایەنگر و هەڵسوراوانی کۆمۆنیستی. وە بە یاساغ راگەیاندنی هەڵسورانی حزب. بۆیە ئەوەی کە پاشەکشەی بە چەپ کرد، ئاوارەیی نەبوو، هیرش و پەلاماری چەکدارانە و ملهوارنەی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان بوو، کە بە رۆژی روناک و بەرچاوی کۆمەڵەو سەید برایمەوە، ئەنجامدراو کۆمەڵەو سەید برایمیش، چۆن لەبەرامبەر بیمافی کرێکاران و تیرۆری سیاسی و کوشتاری ژنان، فتواو زۆرویژی و رەفتارە دژە ئینسانیەکانی ئیسلامیەکان و دەیان دۆسیەی گەرمی کۆمەڵگای کوردستاندا، بێدەنگەیان هەڵبژارد. ئاواش لەبەرامبەر بەو روداوەدا کە ژمارەیەک هاوڕێی کۆمۆنیست تیایدا گیانیان بەخت کرد، بیدەنگەیان هەڵبژارد و بەو کارەشیان نیشانیاندا لەکام بەرەدا وەستاون.

خاڵێکی تر کە سەید برایم ئاماژەی پێدەکات، ئەو جیابوونەوانەیە کە لە حزبی کۆمۆنیست و رەوتی کۆمۆنیزمی کرێکارییدا، رویانداوە. سەید برایم هۆکاری ئەم جیابوونەوانە بە ئایدۆلۆژی گەری و مامەڵەی میکرۆسکۆپی و رووداوی بێ پەیوەند بە کۆمەڵگاو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، دەزانێت... چ دنیایەکی سەیرە!!

ئەگەر بوونی بیروباوەر و بۆچونی جیاواز لە ناو حزبێکدا و لە چوارچێوەی یەک بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی دیاریکراودا، ئاساییەو نەبوونی مایەی پرسیارو سکت بوونی ئەم حزب و بزوتنەوەیەیە. ئەوا بوونی چەندین مەیلی ئاشکرای بزوتنەوەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی جیاواز، لەناو یەک تەلاری رێکخراوەیی و حزبیدا، نائاساییەو تەنها دەتوانێ

بەلێکترازان و ئینشعاب کۆتایی بێت و سەرئەنجام حزبی تایبەت بەخۆیان پێک بهێنن.

لەناو تەلاری ڕێکخراوەیی حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا هیچ لەوە ڕۆشنتر نەبوو، کە چەندین هێڵی سیاسی و فکری، کە بەرهەمی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی جیاوازی ناو کۆمەڵگا بوون. ئیلهامیان لە دنیای دەرەوەی چوارچێوەی حزبی و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە دەرگیرەکانی ئەو کاتەدا وەردەگرت لەسەرەتایی پێکهاتنی ئەم حزبەوە، ئامادەییان هەبوو، کە نەدەکرا ئەمانە تا سەر لەیەک چوارچێوەی ڕێکخراوەییدا، بەیەکەوە هەڵ بکەن. ڕووداوە دنیا هەژێنەکانی ئەوکاتە، لەوانە شکستی بلۆکی شەرق و سۆسیالیزمی دەوڵەتی، جەنگی گەرمی کەنداو و جەنگی نەزمی نوێی دنیا، بەدەسەڵات گەیشتنی ناسیونالیزمی کورد لەڕێگای خۆبەستنەوە بە سیاسەتی ئەمریکاوە، بەشێک لەو ڕوداوە گەورە و سیاسی و کۆمەڵایەتیانە بوون لە ئاستی جیهان و ناوچەکەدا، کە زەمینەکانی جیابوونەوەی مەیلەکانی ناو ئەو حزبەیان بەوپەڕی خۆی گەیاند. سەید برایم ئەمانە نادیدە دەگرێت یان خۆی لەڕاستی لادەدات و مەیل بەندی و جیابونەوەکە بە ئایدۆلۆژیگەری لە قەڵەم دەدات. ئینکاری کردن لەم ڕاستیانە، لە بیرچونەوەو بیدیقەتی نییە، بەڵکو ئاوەژوکردنەوەو شێواندنی بە ئەنقەستی مێژووە. ئەو ڕۆژگارە فاکتی واقعی و کاریگەری ڕووداو و ئاڵوگۆڕە جیهان داگرەکان، بوونی ناوچەکە بە جغرافیای یەکلاکردنەوەی ململانێ و بلوکبەندییە جیهانی و ناوچەییەکان... بوونە هۆکارێک بۆ خێراترکردنی ڕەوتی لێکترازانی هێڵە سیاسی و فکری و نەریتە جیاوازو دژ بەیەکەکانی ناو حزب، و تەنانەت ناچارکردنی ڕاگەیاندنی خاوەنداری بۆ نەریتی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی ناتەبا و دژ بە هێڵی کۆمۆنیزمی کرێکاریی. دیارە زۆر پێشتر ڕەوتی کۆمۆنیزمی کریکاریی دنیابینی و تەنانەت پراکتیکی ڕەوتی ناسیونالیزمی کورد و دنیابینی ریفۆمیستانەی سۆسیال دیموکراسی، لە دەیان نوسراوەی زیندوی لەبەردەستا، نیشانی دابوو. ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری ناو حزب لەهەموو زەمینەو مەیدانەکانی خەباتی چینایەتی و کۆمۆنیستیدا، لە مەسەلەی ڕابەری کۆمۆنیستیەوە، بۆ ئەندامەتی کرێکاریی. لەسیاسەتی ڕێکخستن لەنێوکرێکاراندا، تا باسی شوراو سەندیکا. لەباسی شکستی شۆرشی ئۆکتۆبەرەوە بۆ دورنمای هەڵسورانی حزب لە کوردستان. لە باسی ئاژیتاسیۆنەوە تا سونەت و نەریتی کۆمۆنیستی لە خەباتی چەکداریدا... تا دەگاتە بەرخورد بە مەسەلەی جەنگ و خەباتی فکری و تیۆری...تاد خستبووە ڕوو، کە هەموو ئەمانە پاکێجێکی هەمەلایەنەی بەیەکەوە گرێدراو بوون، بۆ خۆجیاکردنەوە لە هێڵ و ڕەوتەکانی تر ناو حزب. وە مەنسوری حکمەت بەئاشکرا ناوی ئەو ڕەوتانەی بردو ڕاگەیاند کە لەناو تەلاری ڕێکخراوەیی حزبدا، ئامادەییان هەبوو. سەید برایم بە درێژایی ئەم پرۆسەیە بۆ یەکجاریش حاشای لەوانە نەکردووەو ڕای نەگەیاندووە کە ئەمانە بوونیان نییە، یان ئاماژەی بە ئایدۆلۆژی بوون دیدی مایکۆسۆفتی ئەم ڕەخنانە، نەکردووە. ئەوەی کە دوای ئەم مێژووە و دوای زیاتر لە ١٠ ساڵ پاش مەرگی منصور حکمت سەید برایم جەسارەت دەکات بەو باسانەی کە کاتی خۆی وشەیەکی لە ئاستیاندا نەبووە، بڵێ ئایدۆلۆژیگەری و زۆر تازە و هاوکات چاوەروان کراوە. دیارە هێشتا کاتێکی زۆر بەسەر ئەو مێژوەدا تینەپەریوە، ئەو ناکۆکی و جیاوازیانەو خودی جیابونەوەکەش ئەوەندە

سیاسی و کۆمەڵایەتی و واقعی بوو، کە نەک هەر بەشی هەرە زۆری رابەری و کادرو ریزەکانی حکا، کۆمۆنیزمی کرێکاریان هەڵبژارد، بەڵکو تەنانەت لە دەرەوەی کۆمەڵگای ئیرانیش، نزیک بە هەموو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی عیراقیش، ئەو جیاوازی و جیابونەوەیەیان بۆ رۆشن بوو، هەر بەم پێیەش کۆمۆنیزمی کریکاریان هەڵبژارد. روداوەکانی ئەم ١٤ ساڵەی رابردوو سەدجار گەواهی لەسەر دروستی لێکدانەوەکانی منصور حکمت دەربارەی مەیلە کۆمەلایەتیە جیاوازەکانی ناو حکا دەدەن. جۆرەها رەوت لە ناسیۆنال فالانژەوە تا ناسیۆنال چەپ لە ناو حزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە، سەریان دەرهینا. بەڵام بەراستی راگەیاندنی ئەمانە و شێواندنی ئەم مێژووە خاوەن سەرچاوە واقعییە لەلایەن سەید برایمەوە... لە کاتێکدا کە ریزێکی بەرین لە کادرو هەڵسوراوی ناو ئەم مێژووە زیندوون و نەخشی بەرجەستەیان لە مێژووەدا بووە، سەرسام ئاوەرە. هەر ئەو هێڵ و دنیا بینییە جیاوازانەی ناو حزب، کە بەکردەوە بە پێکهێنانی حزبی خۆیان گەیشتن، بەرۆشنی نادروستی و شیواندنەکانی سەید برایم، دەخاتە روو.

لە کۆتایدا بێ جێگا نییە لەسەید برایم بپرسین... ئەگەر جیابوونەوەکانی ناو حزبی کۆمۆنیست و پاشان جیابوونەوە و لێکترازان لە ناو رەوتی کۆمۆنیزمی کرێکارییدا، هۆکارەکەی ئایدۆلۆژیگەری ومامەڵەی سێکتی و دنیابینی مایکرۆسکۆبی بووە، ئەی ئەو هەموو جیابونەوەیەی لە خودی کۆمەڵەدا پێکهاتووە، سەرچاوەکەیان چییە؟ وە چۆنە کۆمەڵە بۆتە منداڵدان و سەرچاوەی پێکهاتنی چەندین رەوتی راسترەوی قەومی و دواکەتوانە؟ وە بۆچی رەوتێکی مارکسیستی و چەپ، لە کۆمەڵەوە خۆی دەرناخات و حزبی خۆی راناگەیەنێ. مەگەر زنجیرە جیابوونەوەکانی ناو کۆمەڵە بەس نییە بۆ سەلماندنی راستی بۆچونەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی فەرمی عەبدوڵا مەحمود! - رێکەوتی: ٧ی ئایاری ٢٠١٦

----------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## سیاسەتەکانی ئاکەپە شکست دەهێنن



**ئاوات هاوار**

**سکرتێری گشتی کۆمەڵە، رایدەگەیەنێت، کە تورکیا بەهاوکاری داعش جەرابلوسی داگیرکردووە و وەک یەکەم هەنگاویش دەیەوێت کاردانەوەکانی ئەوروپا و ئەمریکا هەڵسەنگێنێت، دەشڵێت:" هەموو سیاسەتەکانی ئاکەپە وەک رابردوو شکستدەهێنێت".**

**ئیبراهیم عەلیزادە، سکرتێری گشتی رێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) لەبارەی مەبەستەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ هێرش بۆ سەر جەرابلوس و بەرداوامی گۆشەگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجالان، رێبەری پەکەکە، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ رۆژنیوز دوا.**

**ئیبراهیم عەلیزادە، لە دەستپێکی قسەکانیدا، ئامانجەکانی تورکیای بۆ هێرش بۆ سەر خاکی سوریای شیکردەوە و وتی:"ئامانجی دەوڵەتی تورکیا، ئامانجێکی کاتییە بۆ دژایەتیکردنی شۆڕشی رۆژئاوا، رێککەوتنی لەگەڵ روسیا و تەنانەت هاوپەیمانیشی لەگەڵ ئێران، هەموو هەوڵدانەکانی دیکەشی، بۆ دژایەتیکردنی رۆژئاوایە، بۆ ئەو ئامانجە کاتیەی باسمانکرد باجێکی زۆری داوە بە رووسیا و ئێران".**

### "دەیەوێت کاردانەوەکانی ئەمریکا و ئەوروپا هەڵبسەنگێنێت"

**عەلیزادە، وتیشی: " تورکیا خۆیشی دەزانێت، ئەمە داواکارییەکی ئاسایی نییە، هەنگاوێکی زۆر گەورەیە، لەبەر ئەوەش**

بەنیازە هەنگاو بە هەنگاو پێشڕەوی بکات، وەکو یەکەم هەنگاو لە جەرابلوسەوە دەستیپێکردووە، بەپێی ڕێککەوتنێک لەگەڵ داعش جەرابلوسی داگیرکردووە، بەڕای من، ئەمە یەکەم هەنگاوە بۆ هەڵسەنگاندنی کاردانەوەکانی ئەمریکا و ئەوروپا، تورکیا دەیەوێت بزانێت تا چ ئاستێک ڕێگای پێشڕەوی پێ دەدرێت، هەروەها دەشیەوێت ئاستی کاردانەوەی هێزەکانی سوریای دیموکراتی و ڕۆژئاوا هەڵسەنگێنێت".

هەروەها وتی: "تورکیا بەر لەوانە هەنگاوێکی دیکەی دانابوو، ئەویش نزیکبوونەوە لە شەنگال بوو، ئەو کات کاردانەوەی دەوڵەتی عێراقی لێ کەوتەوە".

### "تورکیا ناتوانێت ڕۆژئاوا لەناوببات"

**ڕوونیشیکردەوە:**" تورکیا باش دەزانێت کە ناتوانێت ڕۆژئاوا لەناو ببات، بەڵام هەوڵدانەکەی بۆ هەندێک دانوستانە لەگەڵ ڕۆژئاوا و باکوری سوریا، سوریا سەقامگیر نابێت مەگەر ئەوەی هێزەکانی ڕۆژئاوا و باکوری سوریا ڕەزامەندبن، ئەگەر ئەو هێزانە بوروژێندرێن شەڕەکە سەرلەنوێ دادەگیرسێتەوە".

### " تورکیا لە بەهێزی ڕۆژئاوا دەترسێت"

**ئیبراهیم عەلیزادە،** ئاماژەی بە ترسی تورکیا لە یەکگرتوویی و بەهێزیی خەڵکی ڕۆژئاوا کرد و وتی:" ئێستا لە ڕۆژئاوا بە هۆی ڕێکخستنێک کە هێزە شۆڕشگێڕەکان بەردەوام کردوویانە، ژیانیان گۆڕاوە، خەڵک زۆر بەهێزن و تورکیاش لەوە دەترسێت".

**وتیشی:** "هێرشی دەوڵەتی تورکیا بۆ خاکی سوریا بۆ لاوازکردنی هێزی خەڵکی ڕۆژئاوایە، دەیانەوێت لە هەنگاوی یەکەمدا ئەو یەکگرتوویییە لاواز بکەن، کە لە ڕۆژئاوادا هەیە، تا لە قۆناغێکی دیکەدا هێرش بکەنە سەر شۆڕشی خەڵکی ڕۆژئاوا، لە لایەکی دیکەوە دەوڵەتی تورکیا بەنیازە شەڕەکەی لەگەڵ پەکەکە بباتە ناو خاکی سوریاوە".

### "هەموو سیاسەتەکانی ئاکەپە شکستی هێناوە"

**ئیبراهیم عەلیزادە** لە درێژەی قسەکانیدا باسی لە شکستەکانی دەوڵەتی تورکیا لە هەموو سیاسەتەکانی ساڵانی ڕابردوویدا کرد و وتی:"لە دوو سێ ساڵی ڕابردوودا، هەموو سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئاکەپە شکستی هێناوە، سەرەتا دەیانویست ببنە

رێبەری میانەڕەوی ئایینی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا شکستی هێنا، دەیانویست بچنە ناو یەکێتی ئەوروپاوە، دووبارە شکستیان هێنا، ویستیان مژاری کۆچبەران و پەنابەران بۆ فشار خستنەسەر ئەوروپا بەکار بێنن نەیانتوانی، بەنیاز بوون داعش بەکاربێنن بۆ ئەوەی دۆخی سوریا ئاڵۆزتر بکەن، بەڵام شکستیان هێنا و ئابڕوویان چوو.

"تورکیا بە باجێکی زۆرەوە گەڕایەوە بۆلای رووسیا"

ناوبراو، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە تورکیا ئێستاناچارە وا نیشانبدات، کە دژایەتیان لەگەڵ داعش هەیە، پرۆژەی ئاشتی لە باکوری کوردستانیان پێشێلکرد و شەڕیان دەستپێکرد، هەڵبژاردنەکانیان دۆڕاند، بە شێوەیەکی گێلانە نێوانیان لەگەڵ رووسیا تێکدا، پاشان سەرشۆڕانە و بە باجێکی زۆرەوە گەڕانەوە لای، لەگەڵ ئەمریکا کە هاوپەیمانی باشیان بوو بە هەمان شێوە تووشی کێشە بوون، کودەتایان کردۆتە بەهانەیەک بۆ سەرکوتکردنی خەڵک، بەڵام ئەمە لەگەڵ خەڵکی تورکیا ناگونجێت، بۆیە پێشبینی من بۆ سیاسەتەکانی تورکیا شکستێکی گەورەیە.

"خەڵک ژێرپێی تورکیا دەکەنە ئاگر"

سکرتێری گشتی کۆمەڵە راشیگەیاند: "ئەگەر دەوڵەتی تورکیا بیەوێت بەم فشارانە هەدەپە هەڵوەشێنێتەوە، کاردانەوەی خەڵک زۆر سەختتر دەبێت، خەڵک ژێرپێی دەوڵەتی تورکیا دەکەنە ئاگر، دەستێوەردانی بۆ خاکی سوریا و رۆژئاوا بە واتای گواستنەوەی شەڕی باکورە بۆ رۆژئاوا، کە ئەویش هەر سەختترکردنەوەی دۆخی خۆیەتی".

"هەر هێزێک بیەوێت پشت بە ئەسەد ببەستێت دەدۆڕێت"

ئیبراهیم عەلیزادە، باسی پشت بەستنی تورکیای بە ئەسەد و ئێران کرد و وتی:" ئێستا هەندێک رێککەوتنی لەگەڵ رژێمی ئەسەد و ئێران کردوە، بەڵام یەک لەو سیاسەتانە کە شکست دەهێنێت هەمان نزیکی لە رژێمی ئەسەدە، ئەسەد ئیدی راناگیرێت، ئێستا هەر هێزێک بیەوێت پشت بە ئەسەد ببەستێت دەدۆڕێت، بۆیە من هەست دەکەم تورکیا لە ئاڵۆزییەکی زۆر سەخت دایە و ستراتژیەکی روونی درێژماوەی بۆ هیچ کام لە سیاسەتەکانی نییە".

"تورکیا چارەی پارتی ناوێت"

سکرتێری گشتی کۆمەڵە لە درێژەی قسەکانیدا باسی لە زیانەکانی هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کرد لەگەڵ سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیا، وتی: "حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە لە لایەنی

دبلۆماسییەوە لەگەڵ دراوسێکانی پێوەندی هەبێت، بەڵام ئەو دبلۆماسییە تا ئاستێک ڕەوایە کە دژی خەباتی هیچ بەشێک لە خەڵکی کوردستان نەبێت، بەڵام بۆ ئێمە ئەوە ئاشکرایە کە دەوڵەتی تورکیا نەک تەنیا چارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵکو چارەی پارتی دیموکراتی کوردستانیشی ناوێت، دەوڵەتی تورکیا لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆی، پەیوەندیەکی کاتی لەگەڵ پارتی دەبەستێت، هێزە کوردییەکان نابێت لەبیریان بچێتەوە کە ئەو دەوڵەتانە هیچ کات چارەی گەلی کوردیان ناوێت".

### "گۆشەگیرکردنی ئۆجالان هەم سیاسە هەم ترس"

ئیبراهیم عەلیزادە لە کۆتایی قسەکانیدا باسی لە بەردەوامی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵا ئۆجالان، ڕێبەری پەکەکەی کرد و ڕایگەیاند: "ڕێگانەدانی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەردانی ئیمراڵی و توندتر کردنەوەی گۆشەگیری سەر ئۆجالان، هەم سیاسەتە و هەم ترس، بەڵام دەوڵەتی تورکیا بەر لە هەموو شتێک دەیەوێت بەم کارە دەستکەوتێکی بچوک لەبەرچاومان گەورەبکات، پاشان لەسەر مێزی دانوستان ئەم خاڵە بە قازانجی خۆی بەکار بهێنێت، ئەگینا بە پێی هەموو یاسایەک مافی سەرەکی هەموو زیندانیەکە بینینی خێزان و پارێزەرەکانییەتی، دەوڵەتی تورکیا بەنیازە ئەم فشارانە دژی گەلی کورد بەکاربهێنێت".

ش.ف

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - ڕێکەوتی: ٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

---------------------------------------

## بارودۆخی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گفتوگۆی گۆڤاری جیهانی ئێمروز



### سەبارەت بە چەند پرسێکی گرینگی سیاسی

**جیهانی ئیمروز:** سەبارەت بە هاتنە سەرکاری ترامپ لەئەمریکا یەکدانەوەی جۆراوجۆر هەیە. دەووترێت کە پەرەسەندنی ڕەوتی ڕاستگرای تۆندڕەوو نیشانەی ئەوەیکە ئەولگووی نیولیبرالی کە لەحەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بۆ سەردەمێک ڕێگای بۆ گەشەی سەرمایە خۆش کرد و وەکوو ڕێگاچارەیەک بۆ هێنانەدەرێ سەرمایەداری لەقەیران چاوی لێ دەکرا، بەرانبەر بە قەیرانی ئەم دەورەیە نەیتوانی وڵامدەرەوە بێت. پرسیاری ئەوەیە کە ئێوە لەسەر بناغەی کام فاکتورگەلێک دەڵێین کە نیولیبرالیزم ئێتر وڵامدەرەوە نییە، بەوجۆرەی کە ڕاپورتی پلینومی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا باستان کردووە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** **یەکەم،** سەرچاوەی قەیرانی ئابوریی جێهانی لەسیاسەتی نیولیبرالیستیەوە نییە، بەڵکوو ئەم قەیرانە لەزاتی نیزامی سەرمایەداری و لە ناتەبایەکانی دەرونی ئەو نیزامە سەرچاوەی گرتووە. ناتەبایەگەلێکی وەکوو، ناکۆکی نێوان خەسڵەتی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان و خەسڵەتی تایبەتی خاوەنداریەتی، ناکۆکی نێوان بەرهەمهێنان و مەسرەفکردن، ناکۆکی نێوان بەرنامە و تێکەولێکە، مەیلی دابەزینی ڕێژەی قازانج و چەند ناتەبای دیکە. هەڵسەنگاندنی قەیرانەکانی جێهانی سەرمایەداری نابێت تائاستی هەڵسەنگاندنی نیولیبرالیزم وەکوو یەک سیاسەتی ئابۆری دیاریکراو دابەزینێن. **دووەهەم،** لەهەمان کاتدا کە دەتوانین ئەو ڕاستیە ببێنێن کە پەرەسەندنی ڕەوتی ڕاستگەرای تۆندڕەوو لە ئەوروپا و ئەمریکا کەم زۆر هاوکاتە لەگەڵ شکستی بەرنامەی ئابۆری نیولیبرالی، بەڵام بەوەشەوە نابێت هاوکات بوونی ڕەوتە ئابۆرییەکان و گۆڕانکارییە سیاسیەکان یەک بە یەک تەسەوەر بکەین گۆاستنەوەی دەسەڵات لەسۆسیال دیموکراتەکان بەرەوو هێزەکانی ڕاستی مام ناوەند و تەنانەت ڕاستی تۆندڕەویش وەکوو ترامپ، دەتوانی ڕووداوێکی سیاسی سەربردە بێت.

هاوتەری دیتنی گۆڕانکارییە سیاسیەکان لەگەڵ گۆڕانکاریە ئابۆری لەلێکدانەوەدا دەبێت تا ڕادەیەک بەپارێز بێن. بەمجۆرە یەکاویەک فەرزکردنی ئابۆری و سیاسەت نێگەرانی هاوبەشی مارکس و ئێنگلسیش بوو. پێویستە چاوەڕوان بێن کە بنبەستی ئابۆری سەرمایەداری توفانگەلێکی سیاسی بەهێزتریشی بەدواوە بێت.

بەڵام بۆ ئەوەی بزانین کە نیۆلیبرالیزم لەم سەردەمەدا ئیتر ولامدەرەوەی نیزامی سەرمایەداری بۆ هاتنەدەر لەقەیران نییە، پێویستە پێش هەموو شتێک تایبەتمەندیەکانی ئەو سیاسەتە ئابۆرییە دیاریکراوە بناسین. بڕیار بوو نیۆلیبرالیزم دەستی دامەزراوە ئابۆرییەکان لەبەڕێوەبردنی کاری خۆیان بەجۆرێک ئاوەڵا بکات کە ئەوان بتوانن خۆیان و بەبێ دەستتێوەردانی دەوڵەت بەرپرسایەتی بەڕەوپێش بردنی ستراتیژی ئابۆری خۆیان و ئەستۆ بگرن، بڕیار بوو دەوڵەت تەنیا ڕێوشوێنی ڕەکەبەرایەتی ئازادانەی ئەوان تەنزیم بکات وەکوو یاسا بەڕێوەی بەرێت. بڕیار بوو نیۆلیبرالیزم هەلی کار بڕەخسێنێ و دەوڵەتەکان لەدەست وپەنجە نەرمکردن لەگەڵ کێشەی بێکاری و ئاسەوارەکانی دەربەهاوێژێت. بڕیار بوو دەوڵەت خزمەتگۆزاری گشتی، زەوی، ئاو و ژینگەش بێنێتە ناو بازارەوە. بەمجۆرە بوارەکانی کەرتی گشتی لە فێرکردن و بارهێنانەوە تا بێهداشت تا ئاو و بەرق و گۆاستنەوەی شاری تا زەوی و سەرجەم ژینگە و تەنانەت پولیسی مرور و بەڕێوەبردنی زیندانەکانیش هەمووی تەسلیمی دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت بکرێت. بڕیار بوو دەوڵەتەکان سۆکبار و کەمخەرج بن و بوروکراسی دەوڵەتی بەلانی کەمی خۆی بگات. بۆ ئەم سیاسەتە ئابۆرییە دیموکراسی بڕیتیی بوو لە پێکهێنانی ئیمکانی بەرۆاڵەت یەکسان بۆ بەدەستهێنانی قازانج و داهات و کار بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا. هەموو وردەکارییەکانی ئەم سیاسەتە بەرانبەر بە ئابۆری سۆسیالیستی فرمولە کرا بوو. بەڵام نیۆلیبرالیزم لەهیچ ولاتێک، ئەو جۆرەی کە بیرمەندەکانی گەرەکیان بوو بە کاملی بەڕێوە نەچوو. ئەم سیاسەتە لەژێر زەختی خەباتی کۆمەڵایەتی بەردەوام ناچار لە پاشەکشە و داشکاندنی سیاسەتەکانی بوو. بەهەمووی ئەمانەشەوە نیۆلیبرالیزم بۆ دەورەیەک، هەر وەکوو ئێوەش ئاماژەتان پێیدا سەرمایەداری بۆ هاتنە دەر لە قەیران ڕێنۆێنی کرد.

ناتەباێکی چارەهەڵنەگر نیۆلیبرالیزم لەناخی ئەو سیاسەتە دایە، لەلایکەوە لەڕووی نەزەرییەوە بازاری ئازاد و کێبەرکێی ئازادی دەویست و دەوڵەتەکانی هان دەدا بۆ ئەوەێکە پاریزگاری لەکێبەرکێی ئازاد بکەن، لەلایکەی دیکەوە لەبۆاری چالاکی بەکردەوەدا دەیدێت کە ئابۆری سەرمایەداری سەربەخۆ لە بیروبۆچۆنی ونەزەرییەی ئەوان کارتیل و کۆمپانیای گەورەی چەند نەتەوەیی پێک دێنێت. دەیدێت کە ئەم دامەزراوە ئابۆرییە زەبەلاحانە بەشیوەیەکی سرۆشتی و جاروباریش بەشیوەی پیلانگێرانە ئیمکانی کێبەرکێی ئازاد لەکۆمپانیە چکۆلەترەکان زەوت دەکەن. لەم سەردەمە لە ژیانی نیزامی سەرمایەداری زیاتر لە هەر سەردەمێکی دیکە مافیاگەلێکی ئابۆری پێکهاتن کە بۆ بەدەستهێنانی قازانجی زۆرتر بەئاسانی هەموو بایخە ئەخلاقی و تەنانەت یاساکانیش دەنێنیە ژێر پێ و سەردەکێشنە هەموو گۆشەوکناری ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا.

پسپورانی ئابوری نیۆلیبرال کە بە لەخۆبایی بوونێکی تەواو، ئابۆریزانانی سۆسیالیستیان ڕەت دەکردەوە و قسەیان کۆتایی مێژوو دەکرد، ئیدیعایان دەکرد کە سەرمایەداری پێ ناوەتە سەردەمی سەقامگیری و میکانیزمەکانی چاکسازی و بەرەوپێش چوونی خۆی بەردەوام لەناو خۆیدا بەرهەم دێنێتەوە، لەگەڵ هاتنی قەیرانی ئابۆری ساڵەکانی ۲۰۰۷ و ۲۰۰۸ بەتەواوی غافڵگیر بوون. ئەوان نەیانتوانی هاتنی ئەو قەیرانە پێشبینی بکەن، نەیانتوانی هۆکاری ئەو قەیرانە ڕوون بکەنەوە، نەیانتوانی ڕێگای هاتنەدەر لەم قەیرانە نیشان بدەن. دەوڵەتەکانی سەرمایەداری و لەسەرووی هەمووانە دەوڵەتی ئامریکا بەخێرایی بۆچۆنەکانی ئابۆری نیۆلیبرالەکانی وەلا نا و بۆ پێشکردن لە دارمانی ئابۆری ڕووی کردەوە سیاسەتی ئابۆری دەوڵەتی و شیوەدەوڵەتی. ئەم قەیرانە ئینسجامی نەزەری ئابۆری نیولیبرالی شیواند. دەوڵەتەکان بەپەلە کەوتنە یارمەتیدا بەبانکەکان و سەرۆەتی گشتی کۆمەڵگایان بە قۆرگیاندا کرد داکوو پیش بە ئیفلاسی یەک لەدوای یەکی ئەوان بگرن. ئەوانەی کە تا دویکە ئیدیعایان دەکرد هەڵی کار دەرەخسێنێن ڕوویان کردە بێکارکردنی بەربڵاو. سیاسەتی نیۆلیبرالی ئاو و زەوی ژینگەی بێ پەرۆا هێنا بۆ خزمەت کۆکردنەوەی قازانج. ئەم سیاسەتە دنیای لەبەردەم کارەساتێکی گەورە دانا بوو. دەوڵەتەکان لەژێر زەختی بیرورای گشتی، لە کۆبوونەوەی پاریس ناچار بوون پێداچوونەوەیەکی جێددی لەم بوارەدا بکەن. دەوڵەتەکان تووشی قەرز و کەسری بۆدجەیکی خەیاڵی بوون. کەمکردنەوەی باج لەسەر کۆمپانیەکان بوو بە هۆی دابەزینی بەرچاوی خزمەتگۆزاری گشتی و دەوڵەتەکان لەژێر زەختی خەباتی جەماوەرییدا ناچار بوون ڕەوتی کەمکردنەوەی باج بۆ سەردا هات کە یەکێک لە تەوەرە سەرەکیەکانی سیاسەتی ئابۆری و نیولیبرالی بوو، ڕابگرن. ئابۆریزانانی نیولیبرال ئەوانەی کە لەژیاندا بوون ملیان بە خانەنشینی پێش وەختدا و ئەوانەی کە لە ژیاندا نەمابوون کتیبەکانیان وردەوردە لەلیستی کتیبە دەرسیەکانی زۆربەی زانکوکان لابران. گەڵێک کەس چوونەوە سوراغی مارکس تا بەڵکوو تەوزیحێکی عەقلانی و زانستی بۆ ئەو تووفانەی کە کەوتبووە ڕێ بدوزنەوە. چەندین بزوتنەوەی بەهێزی کۆمەڵایەتی وەکوو: "فرۆمە کۆمەڵایەتییەکان"، "بزوتنەوەی داگیرکردنی وال ئەستریت" ، "بزوتنەوەی ۹۹%کان"، "بزوتنەوەی شەوزیندەداران"، سەریان هەڵدا .هێندیک دەوڵەت لەڕووی ئابۆریەوە ئیفلاسیان هێنا و هێندێکیش کەوتنە بەردەم ئیفلاس هێنان. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شیواو و شەری مەنتەقەیی و نیابەتی کەوتە ڕێ. هەمووی ئەوانە نیشانەگەلێکن بۆ ئیسباتی شکستهێنانی ئەم سیاسەتە.

بەڵام ڕەوتی ڕاستی تۆندرەو کە لەهێندێک شوێن بەدرۆشمی "گۆڕان" سەری لە سندووقەکانی دەنگدان دەرهێناوە، لەڕووی ئابۆرییەوە هیچ پلانێکی بۆ دەربازکردنی نیزامی قەیران لێ دراوی سەرمایەداری لەم بارودۆخەی کە تێیدایە، نییە. هەر بۆیە ئەم ڕەوتە زۆر زووتر لەوەیکە تەسەوەر دەکرێت، ناچار دەبێت مەیدان چۆڵ بکات. بەناو بانگترین ڕۆاڵەتی ڕاستی مام ناوەند لە فەرانسە کە ئومێدی یەکەمی سەروکۆماری لەهەڵبژاردنی مانگی ئاوریلدا بوو، تەنیا لەئاکامی لەقاودانی گەندەڵی دارایی هاوسەرەکەی چۆتە خوارەوەی لیستی ڕاپرسیەکانەوە لەخۆدی ئامریکا قسەکانی جەنجالی دونالد ترامپ

لەگەڵ شەپۆلێک لە نارەزایەتی بەرینی کۆمەڵایەتی بەرەوو روو بووەوە. رەوتی جیهانی بوونی سەرمایە ریشەیی تر و چارەهەڵنەگرتر لەوەیە کە سیاسەتەکانی ترامپ سەبارەت بە پشتگیری لە پیشەسازی ناوخۆ، بتوانی پیشی بکرێت. پروپاگەندی ترامپ سەبارەت بە ئەولویەتدان بە ئابۆری ناوخۆ لەلایەن مودیرانی سەرەوەی دامەزراوە چەند نەتەوەییەکان گاڵتەی پێ دەکرێت. هەڵبەت ئەم لێکدانەوەیە بەواتای ئەوەی نییە کە ئێمە مەترسی سیاسی رەوتی راست لەم دەورەیەدا بە کەم بگرین. چۆنکە ئەم رەوتە بەم ئامرازانەی دەسەڵات کە لە دەستی دایە هەر لەو ماوە کورتەشدا دەتوانی گەلێک کارەساتی پێشبینی نەکراو بخوڵقێنێت.

**جیهانی ئیمروز**: بەرانبەر دیاردەی ترامپیزم و پەرەسەندنی راستگەرایی لەنێو حیزب و دەسەڵات لەوڵاتانی رۆژئاوادا ئێمە شاهێدی هاتنە رووی جەرەیانگەلێکی چەپ وەکوو سیریزا و پۆدەموس و... بووین. پرسیار ئەوەیە ئەم رەوتانە تا چ رادەیەک دەتوانن بەدیلی چەپ و رادیکال و سۆسیالیستی بن و ئەرکی ئێمە لەم بابەتەوە چییە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بێگومان جەرەیانگەلێکی وەکوو سیریزا و پۆدەموس لەئوروپا و سندرز لەئەمریکا باڵی چەپی کۆمەڵگاکەی خۆیانن، بەڵام ئەوان هەرگیز خاوەنی رێگاچارەیەکی ئابۆری بۆ هێنانە دەری وڵاتەکانیان لەقەیران نەبوون. ئەوان لەباشترین حالەتدا، نوێنەرایەتی ریفورمگەلێک دەکەن کە ئەگەر جێبەجێ بن دەتوانی بەشێوەیەکی کاتی تا رادەیەک ژیانی جەماوەر باشتر کات. ئەزموونی راستەوخۆی ئەوان نیشانی داوە کە لەم بوارەشدا سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێناوە. لەپۆشاییێکدا کە بەهۆی بێ کەڵک بوونی حیزبە سۆسیال دیموکراتەکان و لەنەبوونی ئەحزابگەلێکی رادیکالی کۆمۆنیستی، پێک هاتووە، ئەم رەوتانە توانیویانە بە بەڵێنی ئیسلاحات و بەبەڵێنی زاڵبوون بەسەر قەیراندا، نفوزی جەماوەری بەدەست بێنێن.

هەڵبەت ئەوان لەهەمان کاتدا کە بەهۆی ناکۆکیەکانی زاتی خۆیان و ئەوەیکە ناتوانن و ئیرادەی ئەوەیان نییە دەست بۆ بناغەکانی ماڵکیت بەرین، ناتوانن بەڵێنیەکانی خۆیان بەکردەوە دەر بهێنێن، بەڵام بارودۆخی لەبارتر بۆ هەڵسوران و گەشەکردنی رەوتی رادیکال و سۆسیالیستی دەرەخسێنێن. بەپێی قاعیدە کۆمۆنیستەکان دەبێ بتوانن بچنە ناو هاوکاری و تەنانەت ئەگەر پێویست بوو ئیئتلافگەلێکی سیاسی دیاریکراو لەگەڵ ئەم رەوتانە و لەپرۆژەی رێفورمی ئەوان بەئاراستەی ئیسلاحاتی دیموکراتێک و ریفایی پشتیوانی بکەن. بەڵام وەها هەمکاریگەلێک و یان ئیئتلاف لەکاتێکدا کاریگەر دەبێ کە کۆمۆنیستەکان خۆیشیان لەرووی رێکخراویی و لەرووی نفوز لەکۆمەڵگادا لەبارودۆخێکی تا رادەیەک لەباردا بن. و نەبن بە شوێن کەوتی ئەم رەوتانە. بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەگەر چی لەم بابەتەوە سەبارەت بە کۆمەڵگای ئێران دەدوێت، بەڵام رۆحی ئەم بەرنامەیە ئاراستەی ئوسوولی ئێمە لەهەموو شوێنێکی جیهان دیاری دەکات.



سەرچاوە
Serchawe

**جیهانی نیمروز**: سەبارەت بە گورانکارییەکانی ئەو دواییانەی ناوچەکە و لەوانە سەبارەت بە سوریە و عیراق هیچ چەشنە ئاسۆیەکی روون بەدی ناکرێت تەنیا نموونەی دڵخۆشکەر لەو مەنتەقەیە ئەزمونی خۆبەڕێوەبەرایەتی لەکوردستانی سوریەیە، کە لەبەر چاوگرتنی خاڵە لاواز و بەهێزەکانیشیەوە. ڕێگای هاتنەدەر لەم بارودۆخە سامناکەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێی کەوتووە کامەیە؟ جێگاوشوێنی کێشەی کورد بەگشتی لەجەرگەی ڕووداوەکاندا چوون دەبینێ؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: نیشاندانی ڕێگای هاتنەدەر لەبارودۆخێکی ئالوزدا کە بەرهەمی بەرژەوەندی جیاوازی دەوڵەتەکانی بورژوایی مەنتەقە و زلهێزەکانە، گەلێک خوێنی لەپایدا ڕژاوە، بەملیونا خەڵکی ئاوارە کردووە، گەلێک دووبەرەکی ناڕەوای پەرەپێداوە، کارێکی دژوارە. لەم بارودۆخەدا کێشە ئەوە نییە کە ڕێگا چارەێک بەیان بکرێت و یان بنوسریتەوە، کێشە بەڕێوەبردنیەتی. بۆ بەرەوو ڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەم بارودۆخە دوو هێزی کۆمەلایەتی هەن کە هێشتا نەکەوتونەتە کار. یەکیان هێزی زۆربەی هەرە زۆری ئەو خەڵکەی کە هیچ قازانجێکیان لەدرێژەی ئەم کێشانەی کە لە هەموو بارێکەوە کۆنەپەرەستانەیە و هیچ پەیوەندیێکی بە بەرژەوەندی ئەوانەوە نییە. ئەو هێزەی کە لەڕاستیدا لەمابینی ئاوەڕی لایەنکاندا گیریان خواردووە. دووەهەم، هێزی ویژدانگەلێکی وشیار و بەخەبەر لەهەموو جیهانە. هێزی یەکەم نە لە عێراق و نە لە سوریا و نە لە یەمەن و نە لە لیبی، فرسەتی خۆدەرخستنی بەدەست نەهێناوە. لەژێر ئاوەری توپخانە و نەعرەی بۆمب هاویژەکان و تەقینەوەی خۆکوژی و تێک هەڵچوونی سەرشەقامەکان، ئەم هێزە چارەیەکی غەیری بێ دەنگی دوزینەوەی هەر ڕێگایێک بۆ ئەمنیەت و ڕزگارکردنی گیان نییە. پێویستە ئەم ئاگرانە خاموش بن تا ئەم خەڵکە بتوانن لە شتێکی دیکەش غەیری پاراستنی گیان بیر بکەنەوە. کەوایە ئاگربەست و کۆتایی هاتن بەم شەڕە کۆنەپەرەستانەیە سەرەتای هەر حەرەکەتێکی دیکەیە. دەووترێت کە بە هەبوونی هێزگەلێکی وەکوو داعش کە بۆ گفتوگۆ و سازان ناشی دەبێ چ بکرێت؟ وڵام ئەوەیە کە، یەکەم ڕیشەی ئەوانە دەبێت لەناو کۆمەڵگاوە وشک بکرێت. مادام کە لە عیراق دەوڵەتێکی مەزهەبی شیعە و یان سبەی ڕۆژ دەوڵەتێکی مەزهەبی سوننی لە عیراق لەسەر کار بێت، هێزگەلێکی توندڕەو لە هەر دوو لاوە پەرە دەستێنن. مادام بەشار ئەسەد درێژەی حکۆمەتەکەی لەسەر بنەمای ترس و نیگەرانی عەلوویەکان و مەسیحیەکان لەسوننیەکان دامەزراند بێت، داعش لەسوریەش جێگە پێ بەدەست دێنێت. ئەم ترسانە لەهەموو لایکەوە برەوێننەوە تاکوو داعش نەتوانێت لەمەحلدا هێز کۆ بکاتەوە. دووەهەم، دەوڵەتەکانی عەربەستان و قەتەر و تورکیە پێویستە بخرێنە ژێر زەختەوە کە دەست لەیارمەتی مادی و تەسلیحاتی خۆیان بەداعش و هێزەکانی وەکوو داعش هەڵبگرن و کۆتایی بەشەرێک بێنێن کە بە نوێنەرایەتی ئەوان بەڕێوە دەچێت خەڵکی بێ دیفاع دەگاتە قوربانی. لێرەدایە کە بابەتی هێزی دووەهەم کە ئاماژەی پێ کرا تێدە گۆڕێ. هێزی وشیاری و وێژدانی بەشەری لەهەموو دونیا بێتە هانەی خەڵکی ئەم ناوچەیەوە. ئێمە دەبینێن کاتێک بۆمەلەرزە، سۆنامی، یان تووفانێک لەشوێنێک ڕوو دەدات، چ ڕادەیەک هاوپشتی مادی و ئینسانی لەهەموو شوێنێکەوە دەکەوێتە کار. ئەوەێکە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەسەر خەڵکی بێ دیفاعی ئەو مەنتەقەیە دێت لەسۆنامی

سامناکترە. نابێت بەهێزی پشتیوانی نێو نەتەوەیی هێوابراو بێن نموونەگەلێکی مێژووی هەر لەم سەردەمەدا هەیە کە دەتوانی دەرسیان لێ وەر بگیرێت. حەرەکەتی جەماوەری جیهانی لەپاڵ خۆڕاگری خەڵکی ویتنام بوو کە سپای ئەمریکای ناچار کرد ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵێت وکۆتایی بە شەر و کارەساتەکانی بێت. هێزی کرێکاران لە وڵاتانی ئورووپایی کە لەپاڵ خۆڕاگری کرێکاری روسیە، چواردە دەوڵەتی ناچار کرد کە سەربازەکانیان لە بەرەکانی شەر لەگەڵ دەوڵەتی کرێکاری روسیە بگەڕێنەوە.

**جیهانی ئیمروز**: درگای هاوکاریکی نوێ لەنێوان روسیە و تورکیەدا کراوەتەوە. هاوکات تا ڕادەیەک ساردی لەپەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتی ئەمریکا و دەوڵەتی تورکیەدا بەتایبەت دوای کودتای ئەم دواییانە، پێش هاتووە. دەوڵەتانی ئورووپایی کەم وزۆر دەوڵەتی تورکیەیان لە چوونەناو یەکیەتی ئورووپا بێ ئومید کردووە، ئایا دەتوانین بڵێین کە دەوڵەتی تورکیە وردە وردە خەریکە لەڕێزی هاوپەیمانانی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دێتە دەرێ؟

وڵام: یارگیری و ریزبەندی سیاسی دەوڵەتەکان لەجیهان هێشتا وا تێک نەچووە کە بتوانین تەسەووری ئەوە بکەین کە دەوڵەتێکی وەکوو دەوڵەتی تورکیە بەئاسانی لەریزی جەمسەرێکی جیهانی دەگۆازێتەوە بۆ جەمسەرێکی دیکە. هەر دەوڵەتێک لەتورکیە لەسەر کار بێت بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بە هاوپەیمانیەکی ستراتیژێک لەگەڵ ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوایە. لەڕۆانگەیەکی دیکەوە پێویستە مانورە سیاسیەکانی ئەم دواییەی دەوڵەتی تورکیە لە سیاسەتی نزیکبوونەوە لە روسیە ببینێن. دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەهەمانکاتدا هەرکامەیان جێگاوشوێنێکی دیاریکراویان لەریزبەندی زلّ هێزەکاندا بۆ خۆیان رێزەرڤ کردووە، مانەوەی خۆیان تەنیا لە شوێنکەوتنی زلهێزەکاندا نابیننەوە. بەرژەوەندی مەنتەقەیی ئەوان هەمیشە لەگەڵ بەرژەوەندی زلهێزی هاوپەیمانیان یەک نییە. دەوڵەتی تورکیە لەهەمانکاتدا کە جێگاوشوێنی خۆی لەریزی هاوپەیمانانی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا مەحکەم و جێکەوتوو دەبینێت، هەوڵیش دەدات کە بەدانی ئیمتیازگەلێک مەترسیەکانی دوارۆژی روسیە لەسەر خۆی دوور خاتەوە بۆ نموونە دەوڵەتی تورکیە هەوڵ دەدات پێش بە پشتیوانی دەوڵەتی روسیە لەبزوتنەوەی کوردستان و حیزبە سیاسیەکانی لەتورکیە و لە سوریە بگرێت. سازان لەگەڵ دەوڵەتی بەشار ئەسەد و سەردانەواندن بەرانبەر بە دەوڵەتی روسیە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەتوانی بەشێک لەو سازانە بێت بەرەچاوگرتنی وەها سیاسەتێک لەلایەن تورکیەوە دەوڵەتی ئەمریکاش بۆ پێشگرتن لەئەگەری پشتیوانی لەحیزبە سیاسیەکانی کوردستان دەخاتە ژێر گۆشارەوە. لەم مانورە سیاسیەدا کارتەکان هەموو لە روون، هەمووان دەستی یەکتر دەخوێننەوە. بەڵام بەم حالشەوە دەوڵەتی تورکیە بەبێ بەرژەوەندی درێژخایەنی خۆی ئەوەندە ناچێتە پێش کە لەپەیمانی ناتۆ و لەبەرەی هاوپەیمانانی ئەمریکا بچێتە دەرێ.

**جیهانی ئیمروز:** کۆمەڵێک هەڕەشە لەلایەن ترامپەوە رووی لە کۆماری ئیسلامی کردووە قسە لە پێداچوونەوە بە رێککەوتننامەی بەرجام دەکرێت. سەفەری ئێرانییەکان بۆ ئەمریکا هەڵوەشاوەتەوە. لەڕوانگەی ئێوەوە کۆماری ئیسلامی چ دەورێکی لە ستراتیژی ئەمریکا دوای بە دەسەڵات گەیشتنی ترامپ هەیە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** سیاسەتی کۆماریخوازەکان و دیموکراتەکان لە ئەمریکا لەپەیوەند لەگەڵ ئێراندا بەردەوام تا ڕادەیەک جیاواز بووە هەر دوو لا سیاسەتی "گۆپاڵ و شیرینی"یان هەبووە بەلام لەدەورەی ئوباما‌دا بۆ رامکردنی سەرکێشیەکانی رژیمی ئیسلامی ڕادەی شیرینیەکەیان زیاد کرد و لەڕادەی فشار و هەڕەشەیان کەم کردەوە. ئەم جارەیان لەگەڵ بەدەست گەیشتنی کۆماریخوازەکان و ئەوەی کە هاوکات زۆرینەی سەنا و مەجلیسی نوێنەرانیان لە دەست دایە، ئەم رەوتە بەپێچەوانەوە هەڵدەگەڕێتەوە. بەلام بە هەر ڕادەیەکیش ترامپ ڕۆژانە لێدوانی نامۆ بکات، مانورەکانی لەچوارچێوەی سیاسەتی کۆماریخوازەکان ناچێتە دەری. دووپات بوونەوەی سناریوەکانی سوریە و عێراق و لیبی لەئێران دڵخوازی باڵی دەسەڵاتدار لەئەمریکاش نییە. بەرژەوەندی درێژماوەی ئەمریکا لەمەنتەقە وا هەڵدەگرێت کە ئەگەر قەراریش بێت گۆڕانکارێکیش لەپەیوەندی ئێران و ئەمریکادا پێک بێت، لەڕێگای گۆاستنەوەی ئارامی دەسەلات لەباڵی تۆندڕەوو بۆ باڵی میانەڕەوو جێبەجێ بێت. ئامانجی بەرجام لەڕوانگەی بەرژەوەندی ئەمریکاوە ئەوە بوو کە هاوسەنگی هێز لەناو خۆی ئێران بەقازانجی میانەڕەووەکان بگۆڕێت. کۆماریخوازان قەت سیاسەتی گۆڕینی رژیمی ئێرانیان نەبووە، لە ئاڵوزترین سەردەمی پەیوەندییەکانیان، تەنیا خوازیاری گۆڕینی هەڵسوکەوتی رژیم بوون. گەورەکردنەوەی مەترسی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ناوچەکە، ئامرازێکە بۆ تۆندکردنەوەی کێبەرکێ تەسلیحاتی لەمەنتەقە و زەخت خستنە سەر رژیم بۆ ئەوەی ڕەفتاری خۆی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بگۆنجێنێت.

-----

٢

**جیهانی ئیمروز:** سیاسەتی تۆندڕەوانەی کۆماری ئیسلامی لەئاستی ناوچەکەدا و هەزینەیێکی زۆر کە سەرفی دەست تێوەردانی لەکاروباری وڵاتانی سوریە، عێراق، یەمەن، بەحرەین و ئەفغانستان و... دەیکات، لەگەڵ بارودۆخی ناوخۆی ئەم رژیمە هاوسەنگ نییە. پرسیار ئەوەیە کە ئایا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو زەختەی کە لەلایەن دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانەوە و بە تایبەت ئەمریکا، دوای رێککەوتنی ناسراو بە "بەرجام" خراوەتە سەر کۆماری ئیسلامی، کاردانەوەی ئەو رژیمە چی دەبێت و ئایا گۆرانکارێک لەم سیاسەتانەی پێک دێت؟



سەرچاوە Serchawe

**ئیبراهیم عەلیزادە**: هێشتا زووە کە هەڵسەنگاندنێکی ورد بۆ ڕادەی کاریگەری ڕێککەوتنی بەرجام لەسەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بکەین. بەڵام ئاشکرایە کە لایەنێکی ڕانەگەیندراو و نەنوسراوی "بەرجام" بریتی بوو لە بەرتەسک کردنەوەی گۆڕەپانی مانۆڕی کۆماری ئیسلامی لەناوەندە قەیرانییەکانی ناوچەکە. "بەرجام" بەشێوەیەکی تەواو و کەمال بەڕێوە ناچێت تا کاتێک کە ئەم لایەنەی ڕێککەوتنەکە بەچاو نەبیندرێت. باس لە بەرتەسککردنەوەی دەکەین و نەک بڕینی دەستی کۆماری ئیسلامی، چونکە کۆماری ئیسلامی هێشتا زەرفیەتگەلێکی هەیە کە دەوڵەتی ئەمریکا بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی خۆی لە ناوچەکەدا بێ مەیل نییە کە بەکاریان بێنێت. ئەوەیکە دەوڵەتی ئامریکا و هاوپەیمانانی لەناوچەکەدا قەبوولی ناکەن لەڕاستیدا زیادەخوازەکانی کۆماری ئیسلامییە نەک نەفسی حزووری ئەو. کۆماری ئیسلامی بەپێچەوانەی ئەمریکا لەبۆشاییدا نەچۆتە سۆراغی ململانییەکانی ناوچەکە، بەڵکوو سواری شەپۆلی جیاوازییەکان، دووبەرەکایەتییەکان و ناکۆکییەکان، کە هەموویان واقعیین و ڕیشەی کۆمەڵایەتی و مادییان لەناوی ئەو وڵاتانە هەیە، بووە. حزب اللە، حەماس، حوسی، عەلەوی، موقاوەمەتی کەمایەتی شیعە بەرانبەر بە هەڵاواردنی مەزهەبی لە شوێنە جۆراوجۆرەکان، ئەمانە هیچ کامیان دەستکردی کۆماری ئیسلامی نین، هەر کام لەمانە ڕیشەی خۆجێی و کۆمەڵایەتی و سیاسی تایبەت بە خۆیان هەیە.

لە کێبرکێی خۆ تەیارکردنی چەکداری، کە داهاتەکەی ڕاستەوخۆ دەچێتە گیرفانی کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنەری چەک و تەقەمەنی لەئەمریکا، تا کردنەوەی گرێ کوێرە سیاسییەکان لەشوێنگەلێکی وەکوو عێراق، کە کۆماری ئیسلامی ڕێگای کوشکی سپی بە حیزبە شیعەکان نیشاندا، یا لەئەفغانستان کە دوای ١١ی سپتامبر "هاوپەیمانی باکور"ی کرد بە هێزی پیادەی دەستتێوەردانی ئەمریکا لەو وڵاتە، ئەمانە هەمووی نموونەگەلێکن لە هاوئاڕاستەبوونی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا.

ئەمڕۆکە لە عێراق سیاسەتەکانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی، ئەگەریش بە تەواوی وەکوو یەک وا نەبن، گەلێک لەیەکتر نزیکن. سپای ئەمریکا وڵاتی عێراقی داگیر کرد، ڕژیمی سەدامی ڕوخاند، بۆ ماوەی زیاتر لە یەک ساڵ ئەمریکا ئەو وڵاتەی لەڕێگای فەرماندارانی ڕاستەوخۆی خۆی بەڕێوە برد و دواتر بەدڵخوازی خۆی دەسەڵاتی لەو وڵاتە دایە دەست ئەو حیزبە شیعانەی کە هەموویان پێگەیان لەئێران بوو و ڕێبەرانیان لایەنگری ڕژیمی ئێران بوون. ساڵانی دواتر لەبەرەووڕوو بوونەوە لەگەڵ پاشماوەکانی ڕژیمی سەدام و گروپە چەکدارە ئیسلامییەکان، کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا بەکردەوە هاوکار بوون و لەیەک بەرەدا دەجەنگین. هەر دووی ئەم دەوڵەتانە بەرانبەر بە دابەش بوونی عێراق و پێکهاتنی کوردستانێکی سەربەخۆ ڕاوەستاون. دەوڵەتی ئێران لەکاتێک کە خۆی لەژێر گەمارۆی ئابوریدا بوو، هیچ کوسپێکی نەهێنایە سەر ڕێگای چالاکی کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە عێراق و هیچ گیروگرفتێکی بۆ هەناردەکردنی نەوت لەعێراقەوە بەرەوو ڕۆژئاوا پێک نەهێنا.

لەبەر چاوی دەوڵەتی ئەمریکا هەزاران کامیون نەوتی خاو لەچاڵە نەوتییەکانی کوردستانی عێراقەوە بار دەکرێن و لەڕێگای ئێرانەوە بەرەوو ئەفغانستان و بازارەکانی نەوتی جیهانی دەنێدرێن. کۆماری ئێسلامی هەرگیز دەوڵەتی بەغدای بۆ سەرکێشی بەرانبەر بە سیاسەتەکانی ئەمریکا هان نەدا. ئەوەیکە ئەمڕۆ وڵاتی عێراق تووشی شێواوی و هەرج و مەرج بووە، هۆکارەکەی ململانێی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئێسلامی نییە، بەڵکوو سەرچاوەکەی لەسیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکاوەیە کە بەشێک لەو سیاسەتانە هەر بە یارمەتی کۆماری ئیسلامی لەعێراق بەڕێوە چوون.

سەبارەت بە سوریاش پێویستە بۆترێت کە، ئەوەی لەگۆڕینی هاوسەنگی هێز بەقازانجی ڕژیمی بەشار ئەسەد چارەنووس ساز بوو، یارمەتیەکانی کۆماری ئێسلامی نەبوو، بەڵکوو گەڕانەوەی چالاکانەتری روسیە بۆ ناو کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. ئەگەر ئەم فاکتۆرە نەکەوتبایە کار و پشتیوانی ئاسمانی و زەبری چەک و تەقەمەنی روسی بۆ دەوڵەتی بەشار ئەسەد نەبوایە، ئەگەر هەرەشەکانی روسیە دەوری دەوڵەتی تورکیەی بەرتەسک نەکردبایە، بە بێ گومان ڕژیمی بەشار تەنیا بەیارمەتی کۆماری ئێسلامی خۆی پێ ڕانەدەگیرا. حیزب اللەی لوبنانیش سەربەخۆ لە نزیکایەتی لەکۆماری ئێسلامی، بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیە لە پارێزگاری کردن لە ڕژیمی بەشار ئەسەد دا. بۆیە تەئکید لەسەر ئەو خاڵانە دەکەم چونکە سەبارەت بە دەوری کۆماری ئیسلامی لەناوەندە قەیرانیەکانی ناوچەکەدا جۆرێک بۆچۆنی یەک لایەنە و تەنانەت موبالەغە هەیە. دەزگاکانی پڕوپاگەندی کۆماری ئیسلامی ئاگاهانە دەوریان هەیە لەوەیکە سیمای دەوڵەتێکی بەهێز لە کۆماری ئیسلامی لەئاستی ناوچەکەدا نیشان بدەن. سەرنجدان بە ئاڵوزی پرسەکە یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەیکە ڕاستبینانەتر دەوری کۆماری ئێسلامی لەناوچەکە ببینین.

**جیهانی ئیمروز**: خامنەیی دوای ئەوەێکە دونالد ترامپ لەئەمریکا بەدەسەڵات گەیشت، ووتی کە نە خۆشحاڵە و نە ناڕەحەت. ئەوە لەلایکەوە دەتوانێت بەواتای ئەوە بێت کە ڕژیمی ئێران چاوەڕوانی گۆرانکارییەکانی دواجار دەبێت. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە باڵی خامنەیی لە دیپلوماسی نێوان روسیە و ئەمریکادا چ سیاسەتێک زیاتر لەبەرژەوەندی خۆی دا دەبێنێت؟ ئایا نزیک بوونەوەی ئەم باڵە لە روسیە دەتوانێت بە واتای بەئاگاکردنەوەی ئەمریکا بێت بۆ ئەوەی پێداچوونەوەیەک بکات بە سیاسەتەکانی خۆی بەرانبەر بە ڕژیمی ئێران؟

**ئێبراهیم عەلیزادە**: پێوندی نێوان زلهێزگەلێکی وەکوو ئەمریکا و روسیە لەئاستی جیهانیدا دیاری دەکرێت. فاکتورگەلێکی دیپلوماتێک و سەربازی و ئابوری جوراوجۆر کاریگەرییان لە سەر دیاریکردنی چۆنیەتی ئەم پەیوەندییە هەیە. بۆ نموونە سەبارەت بە ئێران دەزانین کە ڕژیمی شا لە دە ساڵی کۆتایی تەمەنیدا، لەهەمان کاتدا کە هاوپەیمانی ئەمریکا بوو، پەیوەندی ئابوری و سیاسی نزیکی لەگەڵ یەکیەتی سوڤیەت هەبوو. کارخانەی ئاسن تواندنەوەی ئێسفهان بەیارمەتی ئەوان

دروست بوو و پروژەی ویزگەی ئەتۆمی کارەبای بوشهر هەر لەم دەورەیەدا دەستی پێ کرد. تەنانەت کۆمەڵێکی زۆر کەل وپەلی نیزامی لەلایەن سوڤیەتەوە بەرژیمی شا فرۆشرا. دەوڵەتی ئەمریکا ئەو کات هیچ چەشنە دژایەتییێکی لەگەڵ ئەم سیاسەتەی رژیمی شا نەبوو، چونکە دانوستانی نێوان دوو زلهێز لەئاستی جیهانیدا بەراورد دەکرا. ئەمڕۆکەش سیاسەت دارێژەرانی ئێران حیسابی کاریان لەدەست دایە و نیشانەکان وامان پێ دەڵێین کە رژیمی ئێران هەوڵ دەدات لە پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەوڵەتەکانی رۆژئاواییدا و زلهێزگەڵێکی وەک چین و روسیە، هاوسەنگی پێک بێنێت. ئەوان نفوزی خۆیان لەناوچەکەدا بۆ معاملەکردن لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا بەکار دینن و لەنیهایەتدا زەمانەتی مانەوەی خۆیان لە ئەمریکا و رۆژئاوا وەردەگرن.

**جیهانی نیمروز**: ئێوە بارودۆخی سوریە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بلوک بەندیانەی کە هەیە چۆن دەبینن؟ لەناو گێژاوێک کە لەو وڵاتەدا کەوتووەتە رێ دەوری بزووتنەوەی ناسراو بە رۆژئاوا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ چ مەترسیگەڵێک هەڕەشە لەم بزوتنەوەیە دەکەن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بارودۆخی ئێستای سوریا لەژێر کاریگەری چەندین فاکتۆر دایە کە بەم شێوەیە هەلومەرجەکەی توشی ئاڵۆزی کردووە. بەبێ پوچەڵکردنەوەی ئەم فاکتورانە ناتوانین چاوەڕوانی ئەوە بین کە ئەو وڵاتە رووی ئارامی بەخۆیەوە ببێنێت. ئەم فاکتورانە بریتین لە: پەراوێز کەوتنی دەوری کۆمەڵانی خەڵک لەئاکامی میلیتاریزە بوونی ئەو وڵاتە، پێکهاتنی دووبەرەکی لەڕیزی ئەو جەماوەرەی کە پێناسەی نەتەوەیی و یان ئایینی جیاوازیان هەبوو، بەجۆرێک کە رژیمی بەشار ئەسەد توانی بە پەرەپێدان بە نیگەرانی خەڵکی عەلەوی مەزهەب و مەسیحی لەمەترسی بەدەسەڵات گەیشتنی رەوتە سوننییەکان لەو وڵاتەدا بەشێک لەخەڵکی سوریە بێنێتە پشت سەری خۆی. توند بوونەوەی رکەبرکێی نێوان ئەمریکا و روسیە، گەڕانەوەی روسیە بۆ جەرگەی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەوڵەکانی ئەم دەوڵەتە بۆ پاراستنی پێگە سەربازییەکانی خۆی لەسوریە و بوونی وڵاتی سوریە بەمەیدانی ململانی و حیساب لێک دەرکردنی دەوڵەتانی ناوچەکە. هەروەها کۆماری ئیسلامی و حیزب الله لوبنان لە لایەکەوە کەوتنە دیفاع لە دەوڵەتی بەشار ئەسەد و لەلایکی دیکەوە عەرەبستانی سعودی و قەتەر و تورکیە پشتیوانیان لەنەیارانی بەشار ئەسەد دەکرد. لە گەڵ ئەمانەش دەوری تایبەتی دەوڵەتی تورکیە لەدژایەتی لەگەڵ بزوتنەوەی رۆژئاوا فاکتەرێکی تری ئاڵۆزکردنی سورییەیە.

کورت بوونەوەی دەستی هێزەکانی دەرگیر لەم قەیرانە، مەرجی پێویست بۆ پێکهاتنی بارودۆخێکن کە تێیدا جەماوەری خەڵکی ئەو وڵاتە هێز بگرن و چارەنووسی سیاسی خۆیان دیاری بکەن. بەڵام لەبارودۆخی ئێستادا کە فاکتوری جەماوەری خەڵک لەشانۆی گۆرانکارییە سیاسیەکانی ئەو وڵاتە لادراوە، کورتکردنەوەی دەستی ئەم هێزانە کارێکی ئاسان نییە. کێشە

و ناکۆکی نێوان بەرژەوەندی جیهانی خۆجێی ئەو هێزانە تەنیا لەسەر سوریەش نییە، بەڵکوو کێشەکە لەسەرجەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەئارا دایە. ئەم هێزانە یان خۆیان ڕاستەوخۆ دەستیان لە تێک هەڵچوونەکانداهەیە یان هێزە خۆجێییەکان بە نیابەتی ئەوان کەوتونەتە گیانی یەکتر. ئەگەر ئەم هێزانە، چ دەوڵەتەکان و چ هیزگەلێکی وەکوو داعش، ستراتیژی خۆیان لەئاستێکی ناوچەییدا دیاری دەکەن، لەم حاڵەتەدا ڕزگاری خەڵکی ئەم ناوچەیەش لەچنگ شەر و ویرانکاری ڕێگاچارەیەکی ناوچەیی و تەنانەت جیهانی دەخوازێت. لەم ڕووەوە ڕێگای هاتنە دەر لەم بارودۆخە، شکل گرتن و بەهێز بوونی دەوری هێزگەلێکی پێشکەوتنخواز و پێشرەوە لەهەموو ناوچەکە و پشتیوانی ئەنترناسیونالیستی لێیان بۆ زەخت هێنان بۆ سەر ئەو هێزانەی کە سەببکاری ئەم بارودۆخن.

هەر وەکوو ئاماژەی پێ کرا لەناو جەرگەی ئەم ئەزمە و تێکەولێکەیەدا، ئەزموونی کوردستانی سوریە جێگا و شوێن و گرینگیێکی تایبەتی هەیە. ئەوان تا ئێرە توانیویانە دەستی ڕژیمی بەشار ئەسەد لەشوێنە کوردنشینەکان کورت بکەنەوە و لەجێگای دەسەڵاتی ئەو ڕژیمە دەسەڵاتی جەماوەری دابمەزرێنن. توانیویانە لەسەر دووبەرەکی نەتەوەیی و مەزهەبیدا زاڵ بن و هەموو جەماوەری خەڵکی دانیشتووی ئەم مەنتەقەیە، سەربەخۆ لە نەتەوە و مەزهەبیان لەدەوری یەک کۆ کەنەوە. "یەکینەکانی پاراستنی گەل" و "یەکینەکانی پاراستنی ژنان" یان هەر لەم خەڵکە ڕێکخستووە و شەرێکی قارەمانانە و سەرکەوتووانەیان لەدژی هێزێکی کۆنەپەرەستی وەکوو داعش بەرێوە بردووە کە لوتکەی ئەم نەبەردەمان لە پاراستنی مێژووی و قارەمانانەیان کۆبانێ دا دێت. لەبواری دابینکردنی مافی یەکسان بۆ ژنان و پیاوان و پێکهێنانی بەستێنی پێویست بۆ بەشداری ژنان لەهەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەست هێناوە. ئەمانە دەسکەوتگەلێکی بەنرخن کە قورسایی و ئێعتباری بزوتنەوەی ڕۆژئاوای لەلای کۆمەڵانی خەڵکی دنیا و خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکە گەلێک بردۆتە سەر. بەهۆی هەر ئەو دەسکەوتانەیە کە بزوتنەوەی ڕۆژئاوا دەتوانێ ببێت بە نموونەیەک بۆ ناوچەکە، دوژمنانێکی زۆریش بەرانبەریان ریزیان بەستووە. دەوڵەتی تورکیە ڕاستەوخۆ خەریکی پەلاماری سەربازی بۆ سەریانە و هەروەها بۆ پێکهێنانی دووبەرەکی لەریزەکانیاندا هەوڵ دەدات. لەهەموو لایکەوە لەگەمارۆی ئابوریدان. وەکوو درکێک لەچاوی بەشار ئەسەد و کۆماری ئیسلامی هاوپەیمانی ئەو ڕژیمەدان و مەترسی پیلانی هاوبەشی ئەوان هەڕەشەیان لێ دەکات. دەوڵەتی ئەمریکا کە ئەمڕۆکە لەڕووی کەڵ و پەڵی شەر یارمەتیدەریانە تا کاتێک کە داعش لەو ناوچەیەدا سەرزەمینی بەدەستەوەیە، پێویستی بەهێزی چەکداری ئەوان هەیە، دوای ئەوە ئاشکرایە کە بەرژەوەندی دەوڵەتی تورکیە کە هاوپەیمانێکی ستراتیژێکی ئەمریکایە نانێتە پێناوی پشتیوانی لەبزووتنەوەی ڕۆژئاوا. لەئاستێکی ئەخلاقیشدا دیموکراسی و مافی مرۆڤ لەهیچ شوێنێکی دنیا بۆ دەوڵەتی ئەمریکا پێوانێک نەبوون بۆ هەڵبژاردنی دۆستان و هاوپەیمانانی خۆی. چاو لە ریزی دیکتاتورەکانی ئەم پەنجا، شەست ساڵەی دوایی بکەن کە هەموویان لەلایەن ئەمریکاوە پشتیوانیان لێ کراوە، تا ڕۆشن بێتەوە ئەم جۆرە پێوانەیەش جێگایەکی لەدیاریکردنی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە

ڕۆژئاوادا نییە.

ئایا ئەو بزوتنەوەیە دەتوانێت ئەم مەترسیانە برەوێنێتەوە؟ بەبڕوای من وڵامەکە دەتوانێت ئێجابی بێت، بەو مەرجەی کە دەسکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو بزوتنەوەیە بپارێزرێت و جەماوەری خەڵک لە ڕێبەری کردنی بزوتنەوەیەک کە خۆیان تا ئێرە هێناویانە و ڕاستەوخۆ بەشدار بن. لەو حاڵەتەدایە کە دەتوانن پشتیوانی خەڵکی حەقخۆاز تورکیە و سەرجەمی ناوچەکە و بیروڕای گشتی بپارزن و بەهێزتری بکەن. ئەمانە هەمووی خاڵە بەهێزەکانی ئەوان لەخەباتێک دایە کە دەستیان داوەتی. هەر چەندیش زلهێزەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە بیانهەوێت ئەوان لەگفتوگۆکانی ئاشتیدا پەڕاویز بخەن، دواڕۆژی سیاسی سوریە بەبێ لەبەرچاو گرتنی بەشی بزوتنەوەی ڕۆژئاوا دیاری ناکرێت.

**جیهانی ئیمروز: بارودۆخی ئێستای عێراق چۆن دەبێنن؟ پەیوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بەرەو کوێ دەچێت؟ دەوری کۆماری ئێسلامی لەکێشەکانی ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستاندا چییە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بەپێچەوانەی ئێدیعای ئەوانەی کە لە بازاری شێواوی ئێستای عێراقدا بەرژەوەندی دیاریکراویان هەیە، زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتە بەسەر حیزب و گروپە مافیایی و مەزهەبییەکاندا دابەش نەبوون، بەڵکوو زۆربەی خەڵکی ئەم وڵاتە کەوتونەتە داوی ئەمریکا و دەوڵەتەکانی ناوچەکە. شارەستانیەت و ئینسانیەت لەم وڵاتەدا لەناو نەچووە. ئەوەیکە ئەمڕۆ لەعێراق لەئارا دایە، میراتی ڕژیمی گەندەڵ و جینایەتکاری بەعس، دەستتێوەردانی ئەمریکا و ڕەقابەتی دوو دەوڵەتی کۆنەپەرەستی کۆماری ئێسلامی و عەرەبستانی سەعوودی و داوای سەهەم کردنی دەوڵەتی تورکیە لەداهاتی نەوتی ئەو وڵاتەیە. لەم نێوەدا ئەوە جەماوەری خەڵکی عێراقن دەبنە قوربانی و ئەمنیەتی گیانی دەبێتە گەورەترین ئاواتی ژیانیان.

زنجیرە خۆپێشاندانەکانی یەک ساڵی ڕابردوو لە بەغدا و لەشارەکانی دیکەی عێراق نیشانی دا کە زۆربەی خەڵکی ئەو بەشە لە عێراق کە لەژێر دەسەڵاتی حیزبە شیعەکان دایە لەم بارودۆخە بێزارن و گەندەڵی دەوڵەتی مەزهەبی بە سەبیکاری ڕەنج و ئازارێک دەزانن کە لەو وڵاتەدا بەسەریان هاتووە.

ئەوەیکە ئایا عێراق وەکوو یەک وڵات دەمێنێتەوە یان بە چەند یەککەی جۆغرافی و دەسەڵاتی جیا لەیەک دابەش دەبێت، هێشتا ڕوون نییە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە تا کاتێک کە دەوڵەتانی ناوچەکە و ڕەوتە کۆنەپەرستەکانی خۆجێ ئاوری کێشەکان خۆش دەکەن، بەڕێوەبردنی هەر چەشنە پرۆژەیەکی لەم چەشنە بۆ داهاتووی عێراق لە مەسیرێکی گەڵێک خوێناوی

تر لەوەی کە تا ئێستا ڕوویداوە تێپەر دەبێت.

ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەهەمان کاتدا لە دوو دەهەی ڕابردوودا چارەنووسێکی جیا لەچارەنووسی بەشەکانی دیکەی عێراقیان هەبووە و لەهەموو ڕویەکەوە لەچاو شوێنەکانی دیکەی عێراق و ناوچەکە دوورگەیەکی ئارام بووە، ئەمڕۆ لەگەڵ گرفتاری و گیروگرفتێک دەستەویەخەیە کە داهاتووەکەی خستۆتە مەترسییەوە.

کەلێنی نێوان دەوڵەت و حیزبە سیاسییەکانی دەسەڵاتدار، بەهۆی ناکارامەیی و فەسادی دارایی و ئیداری، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ قوڵتر دەبێتەوە و بەپێچەوانەی رابردوو خەڵک ئیتر لەپشت سەری ڕێبەری سیاسی دوێکەی خۆیانەوە نین. کاردانەوەی ئەزمەی ئابوری و بێ توانایی حکومەتی هەرێمی لەدانی موچەی فەرمانبەران، قوڵتربوونەوەی کەلێنی چینایەتی، ئاستی لەخوارەوەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، گەندەڵی دارایی و بوروکراسی بەربڵاو و دەست و پێگیر، ناکۆکی نێوان حیزبە سیاسییەکانی دەسەڵاتدار و بێ ئاکام مانەوەی گفتوگۆ بۆ سازان، هاتنی زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارە لەسوریە و لەبەشەکانی دیکە عێراق بۆ کوردستان، خەمسارد بوونی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەئاست ئەو ئەرکەی کە دەکەوێتە سەر شانی، مەترسی دەست تێوەردانی دەوڵەتانی ئێران و تورکیە و دەوڵەتی ناوەندی عێراق لەو ناوچانەی کە نەتەوەکانی غەیرە کورد تێیدا دەژین، وەکوو کەرکوک و شوێنەکانی دیکە و مەترسی هەڵگیرسانی ئاوری دوژمنایەتی و مەترسی تێکەلچوون لەگەڵ هێزەکانی "حەشتی شەعبی" دوای کۆتایی شەری موسل، هەمووی ئەوانە دەستیان داوەتە دەستی یەک و داهاتوی ئەو ناوچەیان لەبەردەم مەترسی گەورەدا داناوە. بەرانبەر بەم بارودۆخە ئوپوزیسیونێکی کاراو و ڕێ نیشاندەر نییە. ڕێکخراوە مەدەنییەکان لەژێر نفوزی حیزبە دەسەڵاتدارەکان و هێزە ڕاست ڕەوەکانی ئوپوزیسیون دان. ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری پێک نەهاتووە. هێزە چەپ و رادیکاڵەکان لەکوردستانی عێراق هەر وا پرژوبڵاون و بەکردەوە کاریگەرێکیان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان نییە. هەمووی ئەو فاکتورانەی کە ئاماژەیان بو کرا، بوشایی نەبوونی هێزێکی رادیکال و سۆسیالیستی و بەرپرس کە لەئێعتبارێکی کۆمەڵایەتی بەهەرەمەند بێت لە هەمیشە زیاتر دەر خستووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیام

ڕێکەوتی: ٩ی مارچ و ٤ی ئەپریلی ٢٠١٧

----------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## زەمینەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریی لە ئێراندا نییە



**ئاژانس - هێمن حەسەن**

**ئیبراهیم عەلیزادە، سکرتێری کۆمەڵە: زەمینەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریی لە ئێراندا نییە**
**حکوومەتی هەرێم سێ ساڵە هاوکارییەکانی ئێمەی بڕیوە**

ئیبراهیم عەلیزادە، سکرتێری کۆمەڵە (باڵی حزبی کۆمۆنیستی کوردستان)، باس لەوە دەکات هێشتا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زەمینەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریی نییە و دەڵێت: «نە حزبەکان نە خەڵک و نە هەلومەرجەکەش لەبار نین بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری.»

ئیبراهیم عەلیزادە، لە چاوپێکەوتنێکی «ئاژانس»دا ڕوونی دەکاتەوە، حکوومەتی هەرێم ماوەی سێ ساڵە هەموو هاوکارییەکی بڕیون کە پێشتر پێی داون و ڕایدەگەیەنێت، «حکوومەتی هەرێم لە ڕووی ئەخلاقی و ئەمنییەوە زەرەری لە خۆی داوە کە هاوکارییەکانی ئێمەی بڕیوە.» وەک ئاشکراشی دەکات، ئەوان بە هاوکاریی ئابوونەی ئەندامەکانیان ئیشوکارەکانیان دەکەن.

**ئاژانس**: پێم باشە سەرەتا لە هەڵبژاردنەکانی ئێرانەوە دەست پێ بکەین، ئاستی بەشداریی کورد لە هەڵبژاردنەکانی ئێراندا چۆن بوو؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەوان بەتایبەت لەم دەورەیەدا کە حزبە سیاسییەکانی کوردستان بە تێکڕا ئەو هەڵبژادنەیان بایکۆت

کردبوو، بڵاوکردنەوەی زانیاریی چەواشە و پیشاندانی وێنەی بەشداریی کورد لە بەردەم چەند سندووقێکی دەنگدان لەم شار یان لەو شار زۆر بە گرنگ دەزانن، بەڵام لە حەقیقەتدا بە پێی ئەو زانیارییانەی ئێمە هەمانە لە بەشە کوردستانییەکاندا هەڵبژاردنێکی ساردوسڕ بەڕێوە چووە.

**ئاژانس**: ئێران دەڵێت کورد ٦٠% بەشداریی هەڵبژاردنی کردووە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بە هیچ شێوەیەک ئەو ئامارانە جێگای متمانە نین و نابێت بڕوایان پێ بکەین، جا ئەوە نەک هەر بۆ ڕۆژهەڵات، بەڵکو بۆ هەموو ئێران جێگای بڕوا نییە، بۆیە ڕێژەکە بەو ئاستە نییە کە ڕژێمی جمهووری ئیسلامیی دەیڵێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕێژەکە زۆر لە خوارترە، لە سەروو لە سەدا شەست خەڵکی ڕۆژهەڵات بایکۆتی هەڵبژاردنیان کرد، بە پێی ئەوەی کە خۆمان چاودێریمان کردووە لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتدا هەر شار چۆڵ بووە و خەڵکی چوونەتە دەرێ، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بە باشی بە دەم بانگەوازەکەوە هاتن، قبووڵی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بۆ ئەو شکستە زۆر قورسە.

**ئاژانس**: لەسەر دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریی، پێتان وایە کاتی هاتووە یان زووە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لام وایە هێشتا کاتی نەهاتووە و ئەو ئامادەییەش لەناو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە، خەڵکی پێی خۆشە ئەو خەباتە مەدەنییەی کە سەرەتاکانی سەری هەڵداوە و دەستی پێ کردووە بەرەو پێش بچێت، ئێمەش دەمانەوێت ئەو خەباتە بە کەمترین ئازار و زیان بە شوێنی خۆی بگەیەنین، ئینجا ڕابردووی خەباتی مەدەنی و چەکداریی ڕۆژهەڵات پێمان دەڵێت کە خەباتی چەکداریی نابووژێتەوە هەتا پێشتر بە ڕادەیەکی پێویست خەباتی مەدەنی نەبووژابێتەوە و دەستکەوتگەلێکی بە دەست هێنابێت و خەباتی چەکدارییش پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی بکات و خێراییەکی زیاتری پێ ببەخشێت.

**ئاژانس**: کەواتە مەسەلەکە خەڵکی ڕۆژهەڵاتە ئامادە نییە یان ئێوە ئامادە نین یاخود ئێران بە هێزی ئێوە ناجووڵێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەو هۆکارانە هەموویان هەن و کاریگەریی خۆیان هەیە، دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری مەرجی خۆی هەیە، یەکێک لەوانە دەبێت خەڵک ئامادەیی ئەوەی هەبێت پەیوەندیی بە پێشمەرگەوە بکات و ڕیزەکانی خەباتەکە قەرەباڵغتر و بەهێزتر بکات، ئێمە بەردەوام بانگەوازی هاتنەڕیزی پێشمەرگە دەکەین، پارتەکانی دیکەش هەروا، ئەی بۆ

بە هەزاران کەس نایەت بۆچی بە دەیان دێت، ئەمە ئەوە نیشان دەدات کە خەڵک ئەو ئامادەییەی نییە.

**ئاژانس**: ئەی خەڵک بۆ ئامادە نییە و بە دەم بانگەوازەکانتانەوە نایەت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەمە بۆ خەڵکیش خەریکە دەبێتە بۆچوونێکی جێگیر کە شۆڕش هەر خەباتی چەکداریی نییە، بەڵکو گەلێک بواری جوراوجۆری هەیە، ئێستا لە لایەکەوە کۆمەڵگەی ئێمە نەکەوتووەتە قۆناغی شۆڕشگێڕانەوە، نە ئەو خەباتە مەدەنییە هێندە گەشەی کردووە نە خەڵکیش ئامادەیە لە ئاستێکی بەریندا دەست بۆ چەک بەرێت، لە لایەکی دیکەشەوە دووژمنیش لە ڕووی سەربازییەوە زۆر زاڵە. لە نموونەی باشووری کوردستاندا دیتمان کاتێک بارودۆخی ڕاپەرین ڕەخسا، هێزی پێشمەرگە کارەکەی تەواو کرد، من ناڵێم ئێمەش چاوەڕێ بکەین تا وەکو باشوور وەها هەلێکمان بۆ دێتە پێش، بەڵام ئەوەش خۆی ئەزموونێکە.

**ئاژانس**: ناوە ناوە لە سنوورەکانی هەرێم حزبی دیموکرات چالاکییەک لە دژی ئێران دەکات ئەمە چۆن دەبینیت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: من پێم وایە ئەوەی دیموکراتی کورستانی ئێران دەستی داوەتێ مەرج و پێداویستییەکانی دابین نەکراوە، تۆ ناتوانی لەسەر حیسابی ئەوەی کەی سنوورت بۆ دەکرێتەوە و ڕێگەت پێ دەدرێت چالاکیی چەکداری بکەی، کەی لەسەرت دادەخرێت تەواوی کەی. چونکە ئەوە دەبێت لەسەر حیسابی ئامادەیی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بێت، ناکرێت کەی مۆڵەتیان پێ دای بچیت چالاکی بکەی کەی مۆڵەتیان پێ نەدای ڕابوەستی.

**ئاژانس**: یەکگرتوویی حزبەکانی ڕۆژهەڵات لەسەر هەڵبژاردن چەند کاریگەریی هەبووە هەم بۆ کارکردنی پێکەوەیی هەمیش لەناو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەم بایکۆتکردنە هاوبەشەی حزبەکانی ڕۆژهەڵات کاریگەرییەکانی زۆرتر بوون وەک لە هەڵبژاردنەکە، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو حزبەکانی ڕۆژهەڵات کاری هاوبەش و هەماهەنگیی بەکردەوەیان بە یەکەوە نەبوو، چەند هەماهەنگی و جموجۆڵێکی دیکەش وای کرد جۆرێک لە دڵخۆشی لەناو خەڵکی کوردستان درووست بکات.

**ئاژانس**: ئێوە چۆن خوێندنەوە بۆ لاچوونی خالیدی عەزیزی سکرتێری حدک دەکەن، هەندێ بۆچوون هەیە کە دەڵێت ئەو ڕێگر بووە لە کاری هاوبەشی پارتەکان؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: من نازانم هۆکاری لاچوونی ئەو لە پۆستەکەی چییە، بەڵام دەزانین کە حزبی دیموکراتی کوردستان تا ڕادەیەک خەریکە پێداچوونەوە دەکات بەو سیاسەتانەی کە کاک خالیدی عەزیزی دایڕشتبوون.

**ئاژانس**: زۆر جار تێبینی دەکرێت کە بەرپرسانی پارتەکانی ڕۆژهەڵات دەڵێن شەش حزبی ڕۆژهەڵات، بەڵام پەژاکیش هەیە، ئێوە پەژاک بە حزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نازانن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بێگومان ئێمە بە حزبێکی ڕۆژهەڵاتی دەزانین و چالاکە لە ڕۆژهەڵات، ڕاستە ئەوان پابەندی ئایدۆلۆژیای ئۆجەلان و هاوپەیمانی پەکەکەن و ئێمە لەگەڵ بەرنامە و کارەکانیان نین، ئێمە ئیستاش بە ڕوونیی نازانین پەژاک بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان چی دەوێت و لە چ ڕێگەیەکەوە جێبەجێی دەکات، بەڵام ناتوانین ئینکاری لەوە بکەین کە ئەوان ڕۆژهەڵاتی نین، ئەوانیش لە خەڵکی دی کەمتر نین بێنە ناو کۆڕ و کۆبوونەوەکانەوە، ئێمە ناکۆک نین لەگەڵ بوونی ئەوان، بەڵام لایەنەکانی تری ڕۆژهەڵات ئەو هەڵوێستەی ئێمەیان نییە. لە مەسەلەی هەڵبژاردندا کاتێک ئێمە کۆبوونەوەکانمان بە ئاکامیش گەیشتبوو ئەوان هێشتا لە سەر بایکۆتکردن ساغ نەبووبوونەوە.

**ئاژانس**: ئەوانیش بە ئێوە دەڵێن زوو ڕاتانگەیاند، جگە لەوەش ئەوان سیستمی فیدراڵییان بۆ ئێران دەوێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەوان دەیانگوت با بزانین کاندیدەکان بۆ کورد چییان پێیە، ئێمە زۆر باش دڵنیا بووین لەوەی کە هیچ کامیان هیچیان نە بۆ کورد و نە بۆ غەیری کورد پێ نییە، کەواتە بۆچی هەڵوێست دوا بخرێت، ئێمە پێمان وا نییە فیدراڵی کێشەی کورد لە ئێران چارەسەر دەکات، بەڵکو دەبێت مافی چارەنووس بە خەڵکی کوردستان بدرێت، واتە سەرەتا ئازادییەک هەبێت و هیچ فشارێک لەسەر جەماوەر نەبێت، دواتر ڕیفراندۆم بکرێت و پرس بە خەڵکی ڕۆژهەڵات بکرێت کە دەیەوێت لە ئێراندا بمێنێتەوە یان دەوڵەتی سەربەخۆ.

**ئاژانس**: پرۆژەی یەکگرتنەوەی کۆمەڵەکان بە کوێ گەیشت، چی هۆکارێک هەیە ناهێڵێت یەک بگرنەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: تا ئەو جێگەیەی بە ئێمەوە پەیوەستە، جیاوازییەکان ئەوەندە زۆر بوون لە نێوانماندا کە بە شێوەیەکی شارستانییانە لە یەک جیا بووینەوە و بووین بە دوو حزبی جیاواز، ئیستا بە هیچ جۆرێک پرسی یەکگرتنەوە لە گۆڕێدا نییە، بەڵام ئەوە بە واتای ئەوە نییە کە ئێمە لەگەڵ ئەوان لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی باڵای خەڵکی کوردستان نەتوانین هاوکاریی دیاریکراومان هەبێت.

**ئاژانس**: چەند ڕۆژێک پێش ئێستا کۆمەڵەی شۆڕشگێڕان پلاتفۆڕمێکی بڵاو کردەوە بۆ کاری هاوبەشی حزبەکانی ڕۆژهەڵات، ئێوە وەڵامتان بۆ ئەو پلاتفۆڕمە چی دەبێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: من پرۆژەکەم نەبینیوە، بەڵام ئێمە لە پێنج ساڵ لەوە پێشەوە بۆ ئەو مەبەستە پلان و نەخشەڕێگامان هەبووە و لە کۆنگرەماندا پەسەندمان کردووە و بڵاومان کردووەتەوە.

**ئاژانس**: دواپرسیارم ئەوەیە باری داراییتان چۆنە لەم قەیرانەی هەرێمدا؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: حکوومەتی هەرێمی کوردستان سێ ساڵ و نیوە هەموو هاوکارییەکی لە ئێمە بڕیوە، پێشتریش هاوکارییەکان بەو ڕادەیە نەبوون کە هەموو کاروبارەکانی ئێمە بە تەواوی هەڵسووڕێنێت، ئێستاش هەوڵمان داوە خۆمان لەگەڵ بارودۆخەکە بگونجێنین بۆ ئەو مەبەستەش یەکەم شت لە خەرجییەکانمان کەم کردەوە، ئینجا ئابوونەی ئەندامەکانمان لە ئەورووپا زیاد کرد و هەروەها داوامان لێ کردن هەرچەند دەتوانن لە بانکەکان قەرز وەربگرن تا کاتێکی تر بیدەینەوە، بە هەر جۆرێ بێت تا ئێرە هێناومانە و لەسەر پای خۆمان ڕاوەستاوین و هیوادارین بەردەوامی پێ بدەین. بەڵام حکوومەتی هەرێم دوو زەرەری کردووە، یەکەم لە ڕووی ئەخلاقییەوە زەربەی لە متمانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە، پەیوەندیی خەڵکی ئەمدیو و ئەودیو وا ئاسان بە دەست نەهاتبوو کە ئاوا ئاسان زیانی پێ بگەیەنن، ئەو خەڵکانەی لێرەن لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمن و لە ژیانیان بەرپرسە، بەڵام تاکو ئێستا نەهاتوون لێمان بپرسن چۆن دەژین، دووەم ئێمە دەتوانین دەورێکی گرینگمان هەبێ لە پێکهێنانی هاوسەنگییەکی باشتر لە نێوان کۆماری ئیسلامی و حکوومەتی هەریم. زەعیفبوونی ئێمە لەم ڕووەشەوە ڕاستەوخۆ بە زەرەری حکوومەتی هەرێمە و زیان بە قووڵایی ئەمنیی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت. ئەوان لەو ماوەیەدا نەک زیانیان بە ئێمە بەڵکوو زیانیان بە خۆشیان گەیاندووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانس

ڕێکەوتی: ١ی حوزەیرانی (جوون) ٢٠١٧

---------------------------------------------

## قسەوباسێک لەسەر بارودۆخی ناوچەکە و گشت پرسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق



**وتووێژی گۆڤاری جیهانی ئیمروز**

**وەرگێر: سەعید ئەمانی**

**جیهانی ئیمروز: ئەو ئاڵوگۆڕە نوێیانەی کە لە بارودۆخی سیاسی رۆژهەلاتی ناوەراست بەدی هاتون کامانەن؟ ئەگەر ئیمکانی هەیە جیا لە وێنایەکی گشتی بە شێوەیەکی دیاریکراو ئاماژەیەک بە خاڵە دیارەکان سەبارەت بەو وڵاتانەی کە بوونەتە ناوەندی قەیرانەکان بکەیت.**

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ناوەندەکانی قەیرانی ناوچە یەک و دوو نین. چاو لەهەر گۆشەیەکی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکەی یان کارەساتێک لە ئارادیە و یان خەریکی ئامادەکاری بۆ کارەساتێکن. لە سەرتاسەری رۆژهەڵاتی نێواڕاستدا کۆمەڵێک دەوڵەتی تا سەر ئێسقان، گەندەڵ، فریوکار، کۆنەپەرست، لەگەڵ باندە زێدە خوازە خاوەن سەرووەت و سەرمایەکان رێکەوتون و شیرەی گیانی خەڵکی بێ ئەنوا دەکێشن و بەم حاڵەشەوە، ئەمنیەت و مافی ژیانیان لێ کردوونەتە ئاواتێکی دوورە دەست. چاو لە لیبی، فەلەستین، لوبنان، یەمەن، سوریە، عێراق، تورکیە و ئەفغانستان، بکەن، ئەگەر قسە لەسەر هیوا و ئاوات بێت ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەم تەویلەیە تەنیا دەبێ بە شۆڕشێکی بناغە هەڵتەکێن خاوێن بکرێتەوە. بەڵام بەهەر حاڵ بنیادەم لەم ناوچەیەدا ئەگەر نەچێت بەگژ ئەو کۆسپانەدا کەوتونەتە سەر رێگای ژیانی، تەنانەت گەلێک زیاتر لە ئێستا توشی خەسارەت ئەبێت. وەک نمونە ئینسانێکی تێکۆشەر دەبێ بیر لە ڕەنج و ئازارەکانی گشت خەڵکێکی بێبەش جا سەربە هەر نەتەوە و قەوم و ئاینێک بێت بکاتەوە. جیا لە لایەنە ئینسانیەکەی ئەم بابەتە، قەیرانەکانی ئەم ناوچەیە تێک تەندراون و لە ئاستێکی رئاڵ پۆلەتیکیش لەم ناوچە پڕ لە گێژاوەدا، سیاسەتی شەنگی خۆ لە قوڕاو دەرکێشان، ولام

دەرەوە نییە. لەم رووەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە بە تایبەت پەیوەست دەبێتەوە بەوەی لە کوردستاندا لە ئارادایە. ناکرێت دنیا ئاو بیبات و ئێمەش خەو.

با تەنیا وەک نمونە کە وەڵامێکیش بێت بە پرسیارەکەی تۆ، سەرجێک بخەینەسەر چەند ناوەندێکی شەڕ و قەیران لەو ناوچەیەدا کە باسی لە بارەوە دەکەین. ئەوەی کە مەسەلەن لە وڵاتی یەمن لە ئارادایە، سەرەڕای کارەسات بوونی لە سەردێڕی هەواڵەکانی رۆژ وەلا نراوە، بەڵام ئەم فەراموشکارییە مێدیاییە هیچ لە قەیرانی یەمەن وەک یەکێک لە قەیرانە ئاڵۆزەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست کەم ناکاتەوە. رەنج و ئازارەکانی ئەم خەڵکە لە شکست خواردنی بزوتنەوەی دیموکراسی خوازی ناسراو بە بەهاری عەرەبییەوە دەستی پێکرد. دوای ئەوەی کە دیکتاتۆڕی حاکم لەم وڵاتە وەدەر نرا و هەلات، خەڵکێک کە خوازیاری ئازادی و ژیانێکی باشتر بوون، خەباتی خۆیان دەرێژە پێدا، و ئەمەش بە دڵی عەرەبستانی سعودی و دەوڵەتی ئیمارات نەبوو. وەک گەلێک لە شوێنەکانی تر میلیتاریزە کردنی گۆڕەپانی سیاسی وەک رێگا چارەیەک بۆ بەرگرتن لە درێژەی خەباتی ماف خوازانەی خەڵک و بە تایبەت لاوان گیرایەبەر. لەگەڵ بەر رێژنەی گوڵە دانی خۆپیشاندانی ئاشتی خوازانەی خەڵک کە تێیدا خەڵکانێک بە پێکهاتەی قەموی و مەزهەبی جۆراو جۆرەوە لەگەڵ یەک خەڵتانی خوێن بوون، کلیدی جەنگی کردنی فەزای سیاسی یەمەن لێدرا. قەبیلەکانی باشور کە زیاتر شیعە مەزهەبن و خوازیاری سەهمی زیاتر بوون لە دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیدا، کەوتنە تۆڵە ئەستاندنەوە و کۆنترۆڵی شاری سەنعایان بەدەستەوە گرت. بەم جۆرە رێگا بۆ دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی عەرەبستان و ئیمارات و ناڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی خۆش بوو. ئەمجار ئیتر فاکتورە دەرەکیەکان دەوری یەکلا کەرەوەیان پەیدا کرد. دەوڵەتی ئەمریکا و رۆژئاوایەکانیش بە گشتی خاوەنی کۆمەڵێک بەرژەوەندی بوون. کێشە لەسەر کۆنترۆڵ کردنی باب المندەب یەکێک لە رێگا ئاویە گرنگە نێونەتەوەییەکان کە بەشێکی زۆری نەوتێک کە لە رۆژهەڵاتی نێوەراستەوە بەرەو رۆژئاوا دەچێت بەوێدا دەڕوات، کێشە لەسەر کۆنترۆڵ کردنی ئەو سەرچاوە نەوتیانەی کە هێشتا دەر نەهێندراون، دەستی پێکرد. شەڕ سەرەتا نیابەتیە. ئیماراتیەکان و بە تایبەت قەتەر پشتیوانی لە ئەلقاعیدە دەکەن، کۆماری ئیسلامی پشتگیری شیعە حوسیەکان و عەرەبستانی سعودی پشتی دەوڵەتی ئێستای گرتوە. بەڵام کاتێک شەڕی نیابەتی وەڵامدەرەوە نییە، عەرەبستانی سعودی بە هەموو توانای هێزی ئاسمانی خۆیەوە دێتە نێو گۆڕەپانەکەوە و ئەم وڵاتە دەکاتە وێرانە. لەگەڵ گشت ئەمانەدا ناتوانێ هاوسەنگیەکە ئەو جۆرەی خۆی ئەیەوێ بگۆڕێت. کوشتار، برسیەتی، پەرەدان بە نەخۆشیە ئیپیدیمیکیەکان، سەرتاپای ژیانی خەڵکی گرتۆتەوە. لە بارودۆخی ئێستادا دوورە دیمەنێک بۆ کۆتایی هاتنی ئەم شەڕ و دەرگیریە خوێناویانە بە زەیندا نایەت، تەنیا لە ئاکامی دابەش بوونی یەمەن بەسەر دوو وڵاتی جیاوازدا لە ئاکامی پێکهاتنێکی محەللی و ناوچەیی و نێونەتەوەییدا ئیمکانی هەیە، کە رەنگە ئەویش زۆر هاسان نەبێت.



سەرچاوە
Serchawe

لە بارەی فەلەستینەوە، ڕووداوەکانی سوریە کە زۆری لەبارەوە قسە کراوە، ئیمکانی ئەوەی بە دەوڵەتی ئیسرایل دا کە بۆ ماوەی نزیک بە ٧ ساڵ، مەسەلەی ستەم لەسەر خەڵکی فەلەستین پەڕاوێز بخات و لە پاڵ ئەم بارودۆخەدا، پەرەی بە دروست کردنی شارۆچکە یەهودی نشینەکان و بەرتەسک کردنەوەی زیاتری مەیدانەکە لە خەڵکی فەلەستین و تەواو کردنی دیواری جیاکەرەوە و کردنی لێوارەی غەززە بە کۆڕستان و درێژەدان بە هەوڵەکانی بدات بۆ بە چۆکدا هێنانی نەتەوەیەک. ئێستا کە بەرهەر شێوەیەک قەیرانی سوریە بەرەو هێور بوونەوە دەچێت و بە ناچار ڕێگا چارەیەکی بۆ ئەدۆزرێتەوە، خەریکی خۆش کردنی ئاگری قەیرانێکی دیکەیە تا لە پەنایدا ئەم سیاسەتەی دیسان لە ڕێگای ماجەرا جووی و توند کردنەوەی قەیران لە عێراقدا درێژە پێبدات.

سەبارەت بە تورکیە، ئاڕاستەی سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئۆردوغان روونە. پەڕاویز خستنی نەیارانی سیاسی خۆی لە ئاستی سەرتاسەریدا، لاواز کردنی بزوتنەوەی خەڵکی کوردستان و شکست پێهێنانی، دەخاڵەت کردن لە قەیرانی ناوچەیی لە سوریە و سۆمالیەوە گرتویەتی تا قەتەر و عێراق و شوێنەکانی تر، بۆ پتەو کردنی مەوقعیەتی ناوچەیی و نیوخۆیی. بەڵام لەم نێوانەدا سەبارەت بە مەسەلەی کورد کە بەردەوام خەونەکانی ئۆردوغانی زڕاندوە، گەلێک ڕێگای ئاڵۆز تر و پیلان گێڕانەتر دەگیرێتە پێش. لە لایەکەوە هەوڵ ئەدات بە میلیتاریزە کردنی فەزای سیاسی شارەکانی کوردستان، بەر بگرێت لەوەی خەڵک لە بەشداری کردنی چالاکانە لە پرۆسەی سیاسیدا ئامادە بن. ئەندێشەی بێ سەمەر بوونی هەوڵە مەدەنیەکان بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانیان لە لای ئەم خەڵکە بکاتە بێ هیوایی و بەم جۆرە خۆی لە سەر ئێشەی بزوتنەوە بەرینە مەدەنیەکان ڕزگار بکات. شەڕ لەگەڵ پ. ک. ک ش تا ئەو جێگایەی بۆی دەکرێت بەرێتە دەرەوەی سنورەکانی و بیکێشێتە نێو عێراق و سوریەوە. سەبارەت بە سوریە، وادیارە کە زل هێزەکانی ئەمریکا و روسیە لە بواری قەیرانی سوریە لە ئاستی کەلاندا پێکهاتون و مەسەلەکە تەنیا لەسەر ئەوەیە کە ئەم پێکهاتنە لە سەرئەرزی واقع چۆن بەکردەوە دەردێنن. ئایا لەژێر سێبەری پێکهاتنی ئەواندا شاهیدی دەورێکی تر لە شەڕ و دەرگیری دەبین، یان سەرئەنجام دەرەجەیەک لە ئارامی ڕێژەیی لەم وڵاتەدا دێتە ئاراوە؟ سەبارەت بە ئیمکانی ئاڵوگۆڕ لە سنورەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و بەناو یەک سایکس - پیکۆ ی نوێ کە بە تایبەت لە لایەن هێندێک لە رووناک بیرانی کوردەوە دەوترێت، بەبێ ئەوەی کە بێجگە لە خەیاڵات و ئارەزوی خۆیان، هیچ نیشانەیەک لە وەها ئاڵوگۆڕێک نابیندرێت.

بەڵام لەگەڵ ئەگەری پێکهاتنی روسیە و ئەمریکادا سەبارەت بە داهاتوی سوریە چەند فاکتۆرێکی گرنگ بوونیان هەیە کە دەتوانن لە بەرەو پێش بردنی بارودۆخی داهاتودا لە سوریە یارمەتی دەرمان بێت.

**یەکەم**، ئەوەیکە گوروپی خەلافەتی ئیسلامی ( داعش)، دوای موسڵ دووهەمین پێگەی سەرەکی خۆی لە ڕەقە لە دەستداوە و



سەرچاوە
Serchawe

ئیتر نە لە عێراق و نە لە سوریە هێزێکی یەکلاکەرەوە نابێت و حوزوری لە ئاستی کۆمەڵێک کردایکی تیرۆریستیدا تا ماوەیەکی تر درێژەی دەبێت. گوروپە ئیسلامیەکانی دیکەش لە ئاکامی شکستی نیزامی و بەرتەسک بوونەوەی سەرچاوە ماڵی و تەسلیحاتیەکانیان گیرۆدەی چارەنووسێکی وەک داعش دەبن. ڕیشە کێش کردنی داعش و یان هەر ڕەوتێکی هاو شێوەی، دەبەستریتەوە بەوەی کە تا چ ڕادەیەک ڕیشەی ماددی و کۆمەڵایەتی نفوزی ئەم ڕەوتانە، کە هیچ شتێک نین بێجگە لە نەفرەت و بێزاری خەڵکی سوننی مەزهەب لە عێراق و سوریە لە دەوڵەتی بەشار ئەسەد و لە دەوڵەتی شیعە لە بەغدا، وشک بکرێت.

**دووهەم،** هێزەکانی سوریەی دیموکراتیک، لە ژێر ڕێبەری پ. ی. د دا بە سەرکەوتنە نیزامیەکانیان بەسەر داعشدا لە پێگەیەکدان کە داهاتوی سوریە بەبێ لەبەرچاو گیرانی خواست و داواکاریەکانی ئەم هێزە و جەماوەری خەڵکێک کە پشتیوانیانن، دیاری ناکرێت. لایەنە پێشڕەو و پێشکەوتوەکانی بزوتنەوەکەیان لە بواری بەشداری دانی چالاکانەی خەڵک لە بەڕێوەبردنی ناوچە ئازاد کراوەکان، بە یاسایی کردنی بابەتی یەکسانی ژن و پیاو، دروست کردنی پێوەندی ئاشتی خوازانە و ئینسانی لە نێوان خەڵکدا لە پێکهاتەی قەومی و مەزهەبی جیاواز، پێکهێنانی ئەرتەشێکی جەماوەری و چەکدار کردنی گشتی بۆ دیفاع لە دەستکەوتەکان، پشتیوانیەکی سیاسی و مەعنەوی جیهانیشی بویان بەدی هێناوە.

**سێهەم،** دەوڵەتی تورکیە کە هەوڵئەدات شەڕ لەگەڵ پ. ک. ک بەرێتە دەرەوەی سنورەکانی تورکیە بیکێشێتە نێو سوریە و عێراقەوە، دەخاڵەت و پیلانەکانی پشتی پەردەی لەدژی پ. ی. د درێژەی دەبێت. ڕادەی سەرکەوتنی دەوڵەتی تورکیە لە بەدواداچوونی سیاسەتەکانیدا دەبەستریتەوە بە سازشی نێوان ئەمریکا و تورکیەوە. چوارەم، دەوڵەتی بەشار ئەسەد بە پشتیوانی روسیە و کۆماری ئیسلامی و حیزب اللەی لوبنان دەسەڵاتەکەی دەپارێزێ، بەڵام ئەم دەوڵەتە و شەخسی بەشار ئەسەد لەم قۆناغەدا وەک سیمبولی هاوسەنگی هێزێکی نوێ دەمێنێتەوە و لە کۆتاییدا لە سوریە داهاتویەکی نییە و کاتێک هەستیاریەکانی پێوەندیدار بە هاوسەنگی هێزە تازەکە کەم بۆوە، جێگای خۆی ئەدات بە پێکهاتەیەکی دیکە.

بێ گومان پێکهاتنی نێوان زل هێزەکان لە قەیرانی سوریەدا ناتوانێ سەرچاوەی ئاسایش و ئارامی بێت لەم وڵاتە شەڕ لێدراوەدا. بەڵام لە بارودۆخی ئێستادا نەفسی کۆتایی هاتنی شەڕ و تێکهەڵچونەکان، ناتوانێ خاڵی دەست پێکێک بێت بۆ ڕزگار بوونی خەڵکی سوریە لە کابوسێک کە تێیدا گیریان خواردەوە. کورت کردنەوەی دەستی هێزە دەرگیرەکان لەم قەیرانەدا، مەرجی پێویستی دروست کردنی فەزایەکە کە تێیدا خەڵک بتوانن بیر لە دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی خۆیان بکەنەوە. لە ئاوا بارودۆخێکدایە کە دەکرێت هیواداربین خەبات بۆ دابین بوونی ئاشتیەکی سەقامگیر، بۆ دەستەبەر بوونی ئازادی و باشتر بوونی بارودۆخی ژیان لە دۆخێکی لەبار تردا دەست پێبکریتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

سەبارەت بە عێراق، ئەوەی کە ئایا عێراق وەک وڵاتێک دەمێنێتەوە یان بەسەر چەند یەکەی جوغرافی و حاکمیەتی جیاوازدا دابەش دەبێت، هێشتا روون نییە. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە تا کاتێک کە هێزە بۆرژواییەکان و جەریاناتی کۆنەپەرستی محەلی ئاگر خۆشکەری گۆڕەپانی سیاسی بن لە عێراقدا، بە هۆی ڕقابەتی ڕژیمەکانی ئێران و عەرەبستانی سعودی و تورکیەوە، بەهۆی ئەو تەفرەقە و دوو بەرەکیانە لەم کۆمەڵگایەدا پەرەیان پێدراوە و دوژمنایەتیەکی خوێناوی کە دروستیان کردوە، ئیجرای هەر جۆرە گەڵاڵەیەکی دابەش بوونی جوغرافیایی عێراق بە ئەگەری زۆرەوە کێشمەکێشێکی خوێناوی دیکەی بەشوێنەوە دەبێت.

دەوڵەتی ئەمریکا لە عێراق بە پێچەوانەی سوریە لەگەڵ ڕقابەتی جیدی روسیە بەرەو روو نییە. بەڵام لە هەمان کاتدا خاوەنی هێز و نفوزی ڕابردوش نییە بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەکان. دیاردەکان نیشانی ئەدەن کە دەوڵەتی ئەمریکا هێشتا ئیستراتیژیەکی کۆتایی و روونی سەبارەت بە داهاتوی عێراق نییە. بەڵام بە دانی زیاتر لە چوار هەزار کەس کوژراو ونزیک بە ٥٠ هەزار بریندار و کەم ئەندام و سەرفی هەزاران ملیۆن دۆلار پارە، بە هاسانی دەست لە کوڵ عێراق، وڵاتێک کە خاوەنی پێگەیەکی ژئۆپۆلۆتیکی گرنگ و هاوسنوری کۆماری ئیسلامی ئێرانە، ناکاتەوە. نفوزی لابی دەوڵەی ئیسرایل لە ناوەندەکانی بڕیار لە ئەمریکا دەورێکی گرنگیان لە دیاری کردنی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عێراقدا هەیە. بەرژەوەندی دەوڵەتی ئیسرایل لەوە دایە کە دوای یەکلا کرانەوەی کێشەکان لە سوریە کانونی قەیران دەگوازرێتەوە بۆ عێراق و بۆ ماوەیەکی تر و تا کامڵ بوونی پرۆژەکانی ئیسرایل لەدژی خەڵکی فەلەستین، ڕوانینەکان لە فەلەستینەوە دێنە سەر ئەم ناوچەیە.

کورت کردنەوەی دەستی کۆماری ئیسلامی لە عێراق لە ئەولەویەتەکانی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقە. لەم ڕووەوە دەوڵەتی عێراق هان ئەدات کە بۆ قەرەبوی وێرانەیکان لە عێراق خۆی لە دەوڵەتانی دەوڵەمەندی عەرەب، لەوانە عەرەبساتنی سعودی نزیک بکاتەوە.

بەڵام دەوڵەتی ناوەندی عێراقیش دەوڵەتێکی تا سەر ئێسقان کۆنەپەرست و گەندەڵە. دارودەستەکانی شیعەی حاکم لە بەغدا پاوان خوازن و نە تەنیا لەگەڵ خەڵکی کوردستان، بەڵکو لەگەڵ هاو ئاینە موسڵمانە سونەیەکانیشیدا ناسازێ لە سەر دابەش کردنی دەسەڵات. بەشێک لە خەڵکی ناوچەکانی ناوەند و باشوری عێراق کە پێگەی سوننەتیی حیزب و گوروپە سیاسیە شیعەکان بوون، بەرە بەرە لێیان دوور دەکەونەوە. لە ڕاستیدا ئەمە تەنیا ڕەوتێکی هیوا بەخشە کە بۆ داهاتوی عێراق دەتوانێ پێش بینی بکرێت. ناڕەزایەتی دوو ساڵی ڕابردوو لە سەرەتاوە هێندێک هیوای بەدی هێنا، بەڵام بەداخەوە هەڵپەرستان لە قاڵبی ئوپوزسیۆندا کۆنترۆڵیان کرد، سەرەتا ئەویان لە مەسیری خۆی بەلاڕێدا برد و دواتر کپ و

خامۆشیان کردووە. سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەگەر بمانەوێ وردتر قسە بکەین دەبێ کتێبێک بنووسین و ئەم وتووێژە ناکرێ لەوە زیاتر درێژ بکەینەوە.

**جیهانی ئیمروز:** لەڕۆژی ٢٥ی سیپتامبر گشت پرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستانی عێراق سەرەڕای گوشارەکانی ئەمریکا و وڵاتانی دراوسێ لەگەڵ عێراق بەڕێوەچوو. ئەم گشت پرسیە لە ڕوانگەی ئێوەوە چ جێگا و شوێنێکی هەیە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** گشت پرسیەک کە لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەڕێوەچوو، هیچ شتێک نییە بێجگە لە دەربڕینی مەیلی زۆربەی هەرە زۆری خەڵک بۆ هاتنەدی ئاوات و ئارەزویەک کە ساڵانێکە ئەم خەڵکە لە پێناویدا خەبات دەکەن. هەڵبەت بە گشت پرسی و بەبێ گشت پرسیش کەسێک سەبارەت بە بوونی ئەم مەیلە گومانێکی نەبوو. وەک حیزبێکی سیاسی کە ئەولەویەتی کاری خۆمان ناوچەیەکی دیکە دیاریکردوە و ئەو ئیمکاناتە سازمانی و کرداریەمان لە کوردستانی عێراقدا نییە کە بەرپرسیاریەتی ئاسەوارەکانی سەرچاوە گرتوو لە دیاری کردنی تاکتیک و سیاسەتێکی دیاریکراو وەئەستۆ بگرین، دیاری کردنی ڕۆژ و مانگ و ساڵی بەڕێوەچوونی ئەم ڕیفڕاندۆمە و داوەری کردن سەبارەت بە وادەی دیاریکراو، کاری ئێمە نییە.

لەم ڕووەوە ئێمە تەنیا لە پێویستی سەربەخۆیی کوردستان و لە سەرەتای گشت پرسی وەک مافێکی دیموکراتیک بۆ دەربڕینی بۆچوونی خەڵک داکۆکیمان کردوە. من شەخسەن لەگەڵ ئەوەدا کە لەسەر ئەو بڕوایەم کە سەربەخۆبوونی کوردستان لە دەوڵەتی ناوەندی عێراق پێویستیەکە، بەڵام بارودۆخەکەم بۆ ئەنجامدانی گشت پرسی بە لەبار نەدەزانی. وتووێژ لەگەڵ خراپترین دوژمنەکانیش دەتوانێ بەشێک بێت لە خەبات لەدژی ئەو. دەکرێ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا وتووێژ بکرێت و ئیمتیاز وەربگریت. بەڵام ناکرێت لەسەر دەنگی خەڵکێک کە بە ئامانجی دەستەبەر کردنی سەربەخۆیی چوونە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان، سازش بکرێت. لەم ڕووەوە گشت پرسی ناتوانێ وەک ئامرازێکی گوشار بۆ سازش لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی بەکار بهێندرێت.

دیفاعی ئێمە لە سەربەخۆیی کوردستانی عێراق نە تەنیا لە گۆشەنیگای مافی دیاریکردنی چارەنووسەوە، بەڵکو لە هەمانحاڵدا بە لەبەرچاو گرتنی هەڵسەنگاندنێکی عەینی کە لە بارودۆخی سیاسی واقعی عێراق و ماهیەتی دەوڵەتی ناوەندیە. لە ڕوانگەی ئێمەوە دیفاع لە مافی جیا بوونەوە بەو واتایە نییە کە لە هەموو بارودۆخێکدا جیا بوونەوەمان لا بە قازانجە. بەڵام سەبارەت بە حاڵەتی دیاریکراوی عێراق، یەکێتی لەگەڵ دەوڵەتێکی مەزهەبی، دیکتاتۆڕ و پاوان خواز کە تەنانەت توانایی هەڵکردن لەگەڵ خەڵکی عەرەبی سوننی مەزهەبی هاو ئاینی خۆیشی نییە، دەوڵەتێک کە فەتواکانی مەرجەعیەتی تەقلیدی شیعە سیاسەت و ڕێبازی دیاری دەکات، دەوڵەتێک کە نوقمی گەندەڵی دارایی و ئیدارییە،

دەوڵەتێک کە لە ئاسۆی سیاسی ئەودا تروسکاییەکی هیوا بۆ ئاڵوگۆڕ نابیندرێت، ناتوانێ بە هیچ شێوەیەک دڵخوازی خەڵکی کوردستان بێت. لەگەڵ ئەوەشدا سەرئەنجام دەبێ مەسەلەی نەتەوەیی لەم کۆمەڵگایەدا چارەسەر بکرێت تا ڕێگا بۆ بەرەوپێش چوونەکانی دواتر، بەرەو گەشەی سیاسی و سازمانی چینی کرێکار، بەرەو ژیانێکی ئازاد، یەکسان، ئینسانی وخۆشگوزەران، واتە کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی خۆش بکرێت. ئەم بابەتە ڕوونە کە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی عێراق خۆی لە خۆیەوە بە واتای دیموکراتیزە بوونی ئەم کۆمەڵگایە و بارودۆخی ئابووری باشتری ژیانی خەڵکەکەی نابێت. ئەمە ئاسۆیەکە کە لەبەردەم خەباتی داهاتوی خەڵکدایە.

سەبارەت بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، کار گەیشتۆتە جێگایەک کە جیابوونەوە تەنیا ڕێگا چارەی ئەم بابەتەیە. مەسلە تەنیا لەسەر بارودۆخێکە کە تێیدا ئەم مافە سەلمێندراوە و ئەم پێویستیە بەکام ئیستراتیژی و لە کەم ئازار ترین و کەم زیان ترین ڕێگاوە بەکردەوە دەربێت. قسە و باس لەم بارەیەوە لە ڕاستیدا لەسەر ئامادەکاری پێویست لە ئاستێکی مەتلوبدا، بۆ دابین کردنی ئەم دۆخەیە. بەڵام لەگەڵ گشت ئەمانەدا گشت پرسی بەڕێوەچووە و لەمڕۆدا دەبێ لە حەقانیەت و ڕەوابوونی دەنگی زۆرینەی خەڵک دیفاع بکرێت. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە لە بارودۆخی ئێستای عێراقدا و بە لەبەرچاو گرتنی ئاڕایشی هێزە لۆکاڵی و جیهانیەکان و قازانج و بەرژەوەندیە ناکۆکەکانی ئەم هێزانە، لە گشت پرسیەوە تا دەستەبەر کردنی سەربەخۆیی هێشتا ڕێگایەکی تا ڕادەیەک دوور و درێژ لە پێشدایە کە دەبێ بپێورێت. لەبەر ئەوەی یەکەم، ئەو ڕەوتانەی کە لە ڕێبەریی ئەم بزوتنەوانەدان خۆیان لەگەڵ گەلێک کێشە و گرفتی نێوخۆیی و دەرەکی بەرەو ڕوون و بەرژەوەندی گوروپە حاکم و خاوەن هێز و سەرەوەتەکان بەسەر قازانج و بەرژەوەندی جەماوەری ستەم دیتو و بێبەشدا دەشکێتەوە. دووهەم، ئەگەر لە ئێستادا هۆکارە دەرەکیەکانیش لەبەرچاو نەگرین، لانیکەم دەزانین کە دەوڵەتێکی وا لە بەغدا لەسەر کارە دەسەڵات خوازتر و پاوان خوازتر لەوەیە کە بە هاسانی ڕازیبێت بە دابەش بوونی عێراق. هەر ئێستا بە سەربەخۆییەوە و بەبێ سەربەخۆیی، مەترسی شەڕ و دەرگیری لە چوارچێوەی عێراقی ئێستاشدا لەسەر کۆنترۆڵ کردنی ناوچە خاوەن نەوتەکانی کەرکوک و هیتر بەسەر سەری خەڵکی ئەم ناوچەیەوە دەسوڕێتەوە. مەسەلەی حاکمیەت لە ناوچە تێکەڵەکاندا، تەنانەت لە چوارچێوەی ئەم حکومەتە فیدراڵەشدا یەکلایی نەکراوەتەوە. دەوڵەتی عێراق قانونی ئەساسی سەبارەت بەم ناوچانەی پێشێل کردوە و هەموانیش دەزانن، هێزە نیزامیەکانی دەوڵەتی عێراق خۆیان بۆ داگیر کردنەوەی ئەم ناوچانە دوای کۆتایی هاتنی شەڕ لەگەڵ داعش ئامادە دەکرد و ئەمەش هیچ پێوەندیەکی بە مەسەلەی گشت پرسیەوە نەبوو. پێکهاتەی ئەم ناوچانە کە لە نەتەوەکانی کورد و تورک و عەرەبە بارودۆخەکەی ئاڵۆز تر کردوە و ڕێگای بۆ شکڵ گرتنی پیلانە جەنایەت کارانەکان خۆش کردوە. لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین کە نە دیفاعی زارەکی دەوڵەتی ئیسرایل لە سەربەخۆیی کوردستان و نە دژایەتیەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی تر هیچکامیان ناتوانن ڕەوا بوونی بڕیارێک کە خەڵکی کوردستان لە گشت پرسی ڕۆژی ٢٥ ی سیپتامبر دایان، بەرنە ژێر



سەرچاوە
Serchawe

پرسیار.

**جیهانی نیمروز**: بەشوێن ڕاگەیاندنی رۆژی ٢٥ی سیپتامبری ٢٠١٧، بۆ بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان گەلێک دژایەتی لەگەڵ ئەم حەرەکەتە بەرەو رووی خەڵکی کوردستان و حکومەتی هەرێم بۆوە. دەوڵەتی تورکیە، ڕژیمی ئیسلامی ئێران لەپاڵ دەوڵەتی ناوەدنی عێراقدا، یەکێتی ئورووپا، دەوڵەتی ئەمریکا و هاو پەیمانەکانی لە شەڕی داعشدا، بە گشتی زاریان بە دژایەتی و لۆمە کردن و هەڕەشە کردۆتەوە. ئێوە پێگەی ئەم شەپۆلە دژایەتیانە لە لایەن ئەم ناوەندانەی دەسەڵاتەوە چۆن دەبینن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: تا ئەو جێگایەی بۆ خەڵکی کوردستانی عێراق دەگەڕێتەوە، بەرینایی ئەم دژایەتیانە بە واتای دژواریی ڕێگایەکە کە لە مەسیری دەستەبەر بوونی سەربەخۆییدا لەبەر دەمیان دایە.

ئەوەی کە ئەم هەڕەشانە تا چەند بە کردەوە دەردێن یان ڕێکخەران و ڕێبەرانی ئەم حەرەکەتە تاکوێ لەسەر ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانیان و بابەتی سەربەخۆیی پێداگری دەکەن، بابەتێکە پێوەندی بە داهاتووەوە هەیە. بەڵام ئەگەر ٩٢ لەسەدی خەڵکێک کە دەنگ بە سەربەخۆیی ئەدەن کاری خۆیان بە کۆتایی هاتوو بزانن و بڕۆنەوە بۆ ماڵەکانیان، ئەگەر پێداویستی سەرکەوتنی خۆیان بە خەبات و تێکۆشان لە گشت بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا دەستەبەر نەکەن، ئەگەر خەڵکی بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ دیفاع لە خەڵکی هاوچارەنوسیان لە کوردستانی عێڕاق هەنگاو نەنێن، ئەگەر هاوپشتیەکی جیهانی وەک ئەوەی بۆ بزوتنەوەی رۆژئاوا، لەسوریە، بە تایبەت لە جەریانی خۆڕاگری کۆبانیدا لە ئاستی دنیادا دروست نەبێت، گوشار و پیلانەکان پوچەڵ نابنەوە.

تا ئێرەی مەسەلەکە، ڕیفراندۆم ڕواڵەتی دوژمنانی ئاشکرا و شاراوەی خەڵکی کوردستانی باشتر دەرخستوە. ئەو کاردانەوانەی کە لەم رۆژانەی ئاخردا لە پێوەند لەگەڵ ئەم مەسەلەیە پیشاندرا، دەتوانێ گەلێک ئاموزەندە بێت. ئەو هێزانەی تا دوێنێ لە لایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە وەک دۆست و پشت و پەنای خەڵکی کورد دەناسێندران، ڕواڵەتی واقعی خۆیان وەک دوژمنێکی سوێند خواردوی سەرسەخت نیشاندا. لەم نێوانەدا دەوڵەتانی کۆماری ئیسلامی و تورکیە و ئەمریکا دیار ترینیانن..

هەڕشەکانی کۆماری ئیسلامی ڕاشکاوانە تر و بێ پەردەتر لەوانی دیکەیە. لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵێک مەحفەل لە هەرێمی کوردستانی عێڕاق هەوڵیاندا تا ڕواڵەتێکی نا واقعی و رازاوە لە کۆماری ئیسلامی لە پێوەند لەگەڵ خەڵکی

کوردستانی عێراق پێشکەش بکەن. ڕیفراندۆم پەردەی ئەم دوو ڕووییەی لادا. لە ڕاستیدا ئەگەر تا ئێستاش کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە گشت زەرفیەتەکانی لە دوژمنایەتی لەگەڵ خەڵکی کوردستانی عێراق و لەگەڵ حکومەتە هەرێمیەکەی بخاتە کار، تەنیا هاوسەنگی هێزی واقعی و ئاڕایشی سیاسی ناوچەکە نەیهێشتوە.

دەوڵەتی تورکیەش لە دەربڕینی دژایەتی و هەڕەشەدا دەستی کەمی لە کۆماری ئیسلامی نییە. گشت ئەو تەبلیغاتانەی کە لە کوردستانی عێراق هەوڵی داوبوو وێنای دراوسێیەکی دۆست و هاو پەیمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خەڵک پیشان بدات، لە شەوێکدا بوو بە بڵقی سەر ئاو.

سیاسەتی ڕیاکارانەی دەوڵەتی ئامریکاش بۆ خەڵکی کوردستان دەرسێکی ئاموزەندەیە. ساڵانێکە ئەحزابی سیاسی لەم ناوچەیەدا وەعدە ئەدەنە خەڵکی کوردستانی عێراق کە گۆیا دەوڵەتی ئەمریکا پشت و پەنای ئەوانە. لەم ڕۆژانەی دواییدا دەوڵەتی ئەمریکا هەڕەشەکانی لەدژی سەربەخۆیی کوردستان لە چوارچێوەی دڵسۆزیدا دەردەبڕێت، بەڵام لە ڕاستیدا بە پشتیوانی کردن لە دەوڵەتی ناوەدنی عێراق، بە کردەوە دەستی ئەم دەوڵەتەی لە گوشار خستەنە سەر خەڵکی کوردستان کراوەتر دەکات. گشت پرسی هەر ئاکامێکی لێ بکەوێتەوە، تا ئێرەی بابەتەکە، گەلێک دەرس و ئەزمونی بە نرخی بۆ خەڵکی کوردستان هەبووە. ئەم دەرسانە نابێ لەبیر بکرێن.

**جیهانی ئیمروز**: ئەو هەڕەشانەی کە حکومەتی ناوەندی عێراق لە دژایەتی لەگەڵ ئەم گشت پرسیە لەخۆی پیشان ئەدات چۆن دەبینن و بە لەبەرچاو گرتنی ناوچە جێ ناکۆکەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی بە بۆچوونی ئێوە ئەم هەڕەشانە تا چ ڕادەیەک دەتوانێ لەسەر بارودۆخی عێراق و کوردستان کاریگەری هەبێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: هەڵبەت ئەم هەڕەشانە جیدین. لەبەر ئەوەی دەوڵەتی عێراق هەموو ئەو ئامڕازانەی بە دەستیەوەن بێ گومان هەوڵ ئەدات یەکە بە یەکە و بەرە بەرە بەکاریان بێنێت. لەم بارەیەوە نابێ گومانێک هەبێت. دەوڵەتی عێراق بەبێ یارمەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و دەوڵەتی تورکیەش توانابییەکی دیاریکراوی لە گوشار خستنەسەر حوکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە. بەکار هێنانی زۆر و لەشکر کێشی بۆسەر کوردستان یەکێک لەو ئامرازانەیە. بەڵام سەدام حسێن بە هەموو هێز و توانابییەکەوە کە بووی ئەم ڕێگایەی پێوا و وەک تاقی کردنەوەیەک بۆ حکومەتی ئێستای جیهێشتوە. هەرچەند بەبێ گومان وەها شەڕێک بۆ خەڵکی کوردستانیش پڕ تەلەفات ئەبی، بەڵام شکستی نیهایی دەوڵەتی عێراقی تێیدا حەتمییە. لەم ڕووەوە گومان ناکرێت کە دەوڵەتی عێراق لەم ئاستەدا دەست بداتە وەها کارێک. بەڵام بەدەستەوە گرتنی کۆنترۆڵی ناوچە نەوتیەکانی کەرکوک کارێکە کە ڕەنگە وەسوەسە بێت بۆ ئەنجام دانی. ئەم حەرەکەتەی دەوڵەتی عێراق تەنیا

ناگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی گشت پرسی. هەر ئەو جۆرەی کە بۆ کۆنترۆڵ کردنی ناوچەکانی ژێر دەستی داعش شەڕ دەکات، بۆ وەرگرتنەوەی ئەو ناوچانەش کە لە کوردستان، لە ئاکامی هێرشی داعشدا لەدەستی داوەن، شەڕ دەکات. بەبێ گشت پرسیش ئەوان بیانویان بۆ وەها هێرشێک دەست دەکەوێ.

بەڵام بەکردەوە دەرهێنانی زیاتری هەڕەشەکان پێوەندیدارن بە ڕادەی هاوکاری دەوڵەتی ئێران و تورکیە، لەگەڵ دوڵەتی عێراق کە خاڵە گرنگە سەرەکیەکانی هەرێمی کوردستان لە سنورە هاوبەشەکان لەگەڵ ئەواندایە. بۆ نمونە ئەگەر ئەم دەوڵەتانە خۆیان ئەم سنورانە دابخەن و یان ئیجازە بە دەوڵەتی عێراق بدەن، هێزەکانی لەنێو خاکی ئێران و تورکیەدا لە بازگەکانی کۆنترۆڵی مەرزی جێگیر بکات، لەم ئەگەردا گوشارەکان لەباری ئابووریەوە جیدی دەبێت. بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخێکی ئابووری نابەسامان کە هەرێمی کوردستان هەیەتی و پشت بەستن بە تەنیا سەرچاوەی نەوت، بارودۆخی ئێستا لە باری بابووریەوە نابەسامان تر دەبێت. لەم ڕووەوە لە ڕۆژانی داهاتودا دەبێ چاوەڕوان بین تا تەکلیفی کردارەکانی بەکردەوەی دەوڵەتانی ئێران و تورکیە لەم بارەیەوە روون بێتەوە. هۆکارێکی کاریگەر کە دەتوانێ بەر بەم هاوکاریە سێ لایەنەیە بگرێت، نارەزایەتی جەماوەری لە کوردستانی تورکیە و ئێران و پشتیوانی بەکردەوەی بزوتنەوەی رۆژئاوایە.

**جیهانی نیمروز:** دوای بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم ئێمە بەرو رووی شەپۆلێک لە هاوپشتی لە شارەکانی کوردستانی ئێران بووین. بە بۆچوونی ئێوە ڕەوتی سەربەخۆیی کردستانی عێراق تا چە ڕادەیەک کاریگەری لەسەر مەسەلەی کورد لە ئێران هەیە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** لە ڕوانگەیەکی ستراتیژیکیەوە، داهاتوی کوردستانی ئێران و ڕەوتی دەست ڕاگەیشتنی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران بە مافە نەتەوەیی و داخوازیەکانی دیکەی، بەرلەوەی کە کاریگەری لە ئاڵوگۆڕ لە کوردستانی عێراق وەربگرێت، لەژێر کاریگەری ئەو رووداو و ئاڵوگۆڕانە دایە کە لە تاران و لە ئاستی سەرتاسەری لە ئێراندا روو ئەدەن. بەڵام نەفسی ئەوەی کە لە مەودایەکی ئاوا کورتدا ئەم ئاستە لە هاوپشتی و پشتیوانی لە گشت شارەکانی کوردستان لە چواچێوەی خۆپیشاندانی خیابانی و جێژن و شادیدا دەردەبڕدرێت، نیشانەی هەستی هاو چارەنووسییە وەک نەتەوەیەکی ستەم دیدە لە لایەکەوە و پەیامێکی روونە لە لایەن خەڵکی کوردستانی ئێرانەوە بۆ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە زمانی زۆر و هەڕەشەی لە پێوەند لەگەل مەسەلەی گشت پرسی بەکار هێناوە. درێژەی ئەم پشتیوانیانە هەم لە پوچەڵ کردنەوەی گوشارەکانی ڕژیمی ئێران لەسەر هەرێمی کوردستان گەلێک کاریگەر و یەکلا کەرەوە دەبێت و هەم یارمەتی دەری بەرز بوونەوەی ئاستی خەباتی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان دەبێت.



سەرچاوە
Serchawe

**جیهانی نیمروز**: بەشێک لە هێزە سیاسیەکانی ئێران، چ چەپ و چ ڕاست دژایەتی بەڕێوەچوونی ئەم گشت پرسیەیان کرد. هەڵوێستی شۆوینیستی هێزە ڕاستەکان تا ئاستێکی زۆر ئاشکرایە. بەڵام ئێمە لە ئاستێکی بەرتەسکدا لەنێو هێزە چەپەکانیش لە حاڵێکدا کە مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسیان بە ڕەسمی دەناسی بەڵام لەگەڵ ئەم ڕیفرڕاندۆمە دژایەتیان هەبوو و ئەویان بە سەرەتایەک بۆ توند بوونەوەی قەیران لە ناوچەکەدا زانیوە و لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجی ڕێبەریی ڕیفرڕاندۆمیان بە هۆکارێک بۆ نادروست بوونی ئەم گشت پرسیە لێکداوەتەوە. ڕای ئێوە چییە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: دژایەتیەکان هەموویان لە یەک ئاست دانین.. بەشێکیان دڵسۆزانەیە و لە نیگەرانیەکەوە سەرچاوە دەگرێ کە بۆ ئاکامەکانی گشت پرسی هەیانە.ئەم نیگەرانییە قابیلی دەرکە و پێویستە بە هێند وەربگیرێ. لە خودی کوردستانی عێراقیش کۆمەڵێک گوروپ و گەلێک لە رووناک بیران هەبوون کە لە گۆشە نیگای نیگەرانیەکانیان بۆ داهاتو، لەگەڵ بەڕێوەبردنی گشت پرسی لە کاتی دیاریکراودا نە بوون. ئایا هەرێمی کوردستان بۆ روو بە روو بوونەوە لەگەڵ دوا هاتەکانی وەها بڕیارێک لەباری نیزامی، لە باری ئابووری، لە باری ئینسجامی دەرونیەوە، لە باری پێوەندی خەڵک دەسەڵاتەوە، ئامادەیی هەیە. وڵامی جیاواز بە ئاوا پرسیارێک ئەدرایەتەوە. هەڵبەت ژمارەیەکیش بە ڕوانگەی شۆڤێنیستیەوە، بە شێوازێکی شاراوە یان ئاشکرا، لە ڕوانگەی ئەگەری مەترسی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق بۆ یەکپارچەیی خاکی ئێران، دژایەتی دەکەن. ئەم دەستەیەی کە ئێوە ئاماژەیان بۆ دەکەن کە زیاتر ئوپوزسیۆنی کۆماری ئیسلامیشن، لەم بارەیەوە بە کردەوە لەگەڵ ڕژیمی ئێران هاو ئاڕاستە بوون و هێندێک جار بە ڕاوێژ و وتاری توند و ڕوشێنەر و ناشیرین تر لە ڕژیمیش قسە دەکەن.

هەموو ئەم جۆرە بۆچونانە ناکرێ بکەیتە کاسەیەکەوە. بەڵام ئیستا ئەو باسە، پێوەندی بە ڕابردووە هەیە. ریفراندۆم کراوە و ئەمرۆ ئێمە لە بەرانبەر ئەمرێکی واقع داین. گشت پرسی بەڕێوەچووە و درگا بە رووی گوشار و پیلان و دوژمنایەتیەکاندا کراوەتەوە. ئەو مەترسیانەی کە لەمرۆدا هەڕەشە لە کوردستانی عێڕاق دەکەن، تەنیا روویان لە ئەحزابی دەسەڵاتدار نییە لەم ناوچەیەدا، ژیان، ئەمنیەت، بەڕێچوون و ئازادی خەڵک لە مەترسی جیدی دایە. لەمرۆدا دەبێ لەم بارەیەوەقسە بکرێت و لە هەڵسوکەوت لەگەڵ بارودۆخێکی نوێدا کە هاتۆتە پێشێ، دەبێ چون بێت، ڕێگا چارەسەر بدۆزرێتەوە. بەرخورد بەم بارودۆخە نوێیە، لە عەینی حاڵدا سەنگی محەکێکیشە بۆ لێک جیا کردنەوەی هەڵوێستی دڵسۆزانە و بەرپرسانەی بەر لە گشت پرسی لە هەڵوێستی شۆوڤێنیستی. وردبینی تیئۆریک سەبارەت بە نەزەریەی "مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان"، لەم بارەیەوە دەردێک دوا ناکات، ڕەوتی ڕووداوەکان کۆمەڵێک پێوانەی واقعی تر لەم بارەیەوە ئەدەن بە دەستەوە.

**جیهانی نیمروز**: کۆمەڵە، (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران) کە بەشێک لە هێزەکانی لە کوردستانی عێراق جێگیرن چ دەور و نەخش و ئەرکێکی لەم پێوەندیەدا و لەم ڕەوتەدا بۆ خۆی دیاری کردوە و بە شێوەیەکی گشتی کاریگەری ئەم ڕەوتە بۆ هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران کە لەم ناوچەیەدا جێگیرن بە بۆچوونی ئێوە لە مانگەکانی داهاتودا چی دەبێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لە ڕۆژانی پێش لە بەڕێوەچوونی گشت پرسیدا کۆماری ئیسلامی بەشێک لە هەڕەشەکانی خۆی لەدژی ڕیفراندۆم بەرەو هێزەکانی ئوپوزسیۆنی کورد لە هەرێمی کوردستان ئاڕاستە کرد. عەلی شەمخانی دەبیری شورای باڵای ئەمنیەتی نەتەوەیی لەم بارەیەوە وتی کە "(ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوپۆشی لە بەڕێوەبردنی گشت پرسی نەکات)، ئێران لە چوارچێوەی دابین کردنی ئەمنیەتی سنورە هاوبەشەکانی بە شێوەی جیدی بە ئاڕاستەی خۆیدا بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ حوزور و چالاکی دژی شۆڕشی ئێرانیدا دەچێتەوە کە لە هێندێک لە ناوچەی کوردستانی عێراقدا لە هاتوچۆدان و بە شێوەگەلی بەتەواوەی جیاواز بە بەراورد بە ڕابردو هەڵسوکەوت دەکات." ئەگەرچی لەشکر کێشی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی بۆ قوڵایی خاکی کوردستانی عێراق هەڕەشەیەکی پوچ و بێ ناوەرۆکە و هیچی تر بەڵام بێ گومان وەک تۆڵە ئەستاندنەوە لە خەڵکی کوردستان گوشارەکانی لەسەر سنورەکان زیاتر دەکات کە دوکەڵەکەی دەچێتە چاوی خەڵکی ئاواییەکانی ئەم ناوچەیەوە. لەگەڵ ئەوەدا بۆ ئەنجام دانی کرداری تیرۆریستی لەدژی ئوپوزسیۆن لە کوردستانی عێراق بە بەراورد بە ڕابردو دەستی کراوەتر دەبێت. لەگەڵ گشت ئەمانەدا، ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان گشت حاڵەتە جیاوازەکانمان هەڵسەنگاندوە و بۆ هەرکامەیان بەرنامە دادەنێین. لەم بارەیەوە لەگەڵ هێزەکانی دیکەی ئوپوزسیۆن لە کوردستانی عێراق پێوەندی دەگرین و هێندێک هاوکاریش لە بواری پوچەڵ کردنەوەی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیدا لەبەرچاو دەگرین.

تێبینی: ئەم گوفتوگۆیە لە ڕێکەوتی ٣ ئۆکتۆبری ٢٠١٧، واتە دوو هەفتە پێش هێرشی دەوڵەتی عێراق بۆ سەر هەرێمی کوردستان کراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیام

ڕێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

-------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## بە بۆنەی ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عزەدین حوسێنی



ڕۆژی ٢١ی ڕێبەندان ساڵهاتی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عزدین حوسێنی کەسایەتی ناوداری کۆمەڵگای کوردستان و ئێرانە. بەم بۆنەوە سایتی پەیام بەشێک لە کتێبی خەبات بەرەو سەرکەوتن کە کۆمەڵێک وتووێژە لەگەڵ هاوڕێ ئیبراهیم عەلیزادە بڵاو دەکاتەوە:

**پرسیار**: بەم دواییانە مامۆستا شێخ عزدین حسێنی کەسایەتی ئاینی کوردستانی ئێران، گیانی لە دەستدا. وەکوو بیستومە پەیوەندی زۆر تایبەتی لەگەڵ تۆ بووە؟ گەر بکرێ باس لەم پەیوەندیانە بکەی، باس لە مێژووی درووست بوونی پەیوەندی مامۆستاو ئێوە و کۆمەڵە بکەی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: سەردان و چاوپێکەوتنی من لەگەڵ مامۆستا دەگەڕێتەوە بۆ چەند مانگێک پێش ڕووخانی ڕژیمی شا. ئەو کات زۆربەی ڕووناکبیرانی سیاسی سەردانی مامۆستایان دەکرد، منیش کەسێک بووم لەوانە. بەڵام پێوەندی سیاسی من لەگەڵ مامۆستا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە لە کوردستان بەرەیەکی موقاوەمەت بەرامبەر بە هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی شکڵی گرت. کاتێک کە هێزی پێشمەرگە شاری مەهابادیان بەجێهێشت، مامۆستا و ڕاوێژکارانی لە دەفتەرەکەی لە سنووری کوردستانی ئێران و عێراق لە ئاوایی شێنێ نیشتەجێ بوون، هاتوچۆمان چڕو پڕتر بوو. مامۆستا بە هۆی هەڵوێستی دیموکراتیکی بەرامبەر بە کێشەکان، لەلایەن کۆمۆنیستەکانی ئێرانەوە بە گشتی ڕێزی لێدەگیرا. ئەو لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە دین و دەوڵەت دەبێت لەیەک جیا بن و لای وابوو مەزهەب ئەمری تایبەتی ئینسانە و نابێت تێکەڵاوی کێشە سیاسیەکان بکرێت. بەرامبەر بەگەلێک کێشەی کۆمەڵایەتی وەکوو ستەم لە سەر ژن هەڵویستی پێشکەوتنخوازانەی هەبوو.

**پرسیار**: شتێک کە جێگای سەرنجە ئەوەیە، چۆن و بۆچی پیاوێکی ئاینی و مەزهەبی وەکوو مامۆستا شێخ عیزەدین. دەبێتە کۆمەڵە؟ یان لەسەر کۆمەڵە حساب دەکرێت و دۆستی کۆمەڵەیەکی چەپ و مارکسی بووە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لە راستیدا مامۆستا سەرەڕای ئەوە کە بیروباوەری ئاینی هەبوو، ئینسانێکی کراوە و رووناکبیر بوو. ئەو هیچ وەیکچوونێکی لە هیچ بابەتێکەوە لەگەڵ مەلاکانی دیکەی کوردستان نەبوو. بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی هەڵوێستێکی لێبڕاوانەی هەتا سەری هەبوو و لە سەر بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان حازر نەبوو، هیچ سازشێک بکات.

**سەبارەت بە جێگا و شوێن و کەسایەتی مامۆستا شێخ عیزەدین لە شوێنێکی تردا وتوومە:**

مامۆستا شێخ عێزەدین کە بێگومان پیاوێکی موسڵمان بوو، بۆ ماوەی ٣٢ ساڵ دۆستی نزیک و هاوخەباتی کۆمەڵەیەکی کۆمۆنیستی لە بزووتنەوەی شۆڕشێگڕانەی کوردستاندا بێت. پەیوەندییەک کە لەسەر بنەمای راستگۆیی و متمانەیەکی قووڵ بە یەکتر دامەزرابێ.

دەگوترێت کە هۆکاری ئەو پەیوەندییە ئەوەیە کە مامۆستا لەگەڵ ئەوەشدا کە کەسایەتییەکی موسڵمان بوو، بەڵام باوەڕی پتەوی بە جیایی دین لە دەوڵەت بووە و ئەوە بە هۆکاری ئەم پێوەندییە ناو لێدەبرێت. یان دەگوترێت کە مامۆستا لایەنگری یەکسانی ژن و پیاو بوو، یان وەکوو کۆمەڵە مافی دیاری کردنی چارەنووسی بە رێگای رزگاری نەتەوەی کورد دەزانی. بێگومان هەمووی ئەوانە لە زومرەی ئەو راستیانەن کە لە هەڵوێست و کردەوەی مامۆستادا رەنگیان دەدایەوە. خۆی لە خۆیدا هۆکاری رادەیەک نزیکین، بەڵام تەنیا بەشێک لە راستین و ناتوانن بە تەنیایی هۆکاری ئەم پێوەندییە نزیکە تەوزیح بدەن. کەم نین ئەم لایەنانەی کە کەم و زۆر خاوەنی هەمووی ئەو هەڵوێستانەن، بەڵام ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان کۆمەڵە و مامۆستادا بوو، لە نێوانیاندا شکڵی نەگرتووە.

ئەوەیکە مامۆستای "شێخ عێزەدین" و کۆمەڵەی لە یەک نزیکتر دەکردەوە، لە پاڵ ئەم خاڵە هاوبەشانە هاوهەڵوێستی یان بڵێین هەڵوێستی نزیکی سیاسی ئەم دوو لایەنە لە یەکتر لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی کوردستان و ئێران و ناوچەکەدا بوو. چاوخشاندنێک بە سەر گرینگترینیان و وەبیرهێنانەوەی هەڵوێستی ماموستا لە سەریان رەمزی ئەو خۆشەویستیە دوولایەنەمان بۆ دەر دەخات.

هەڵوێستی سیاسی مامۆستا لە هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد دا بەرامبەر بە رەوتی وتووێژەکان لە گەڵ دەوڵەتی مەرکەزی لە ساڵانی دوای سەرکەوتی شۆڕشی گەلانی ئێران. لەم دورەیەدا مامۆستا و کۆمەڵە بە سەهمی خۆیان هەوڵیان دا

کە داخوازییەکانی ڕەوای گەلی کورد لە مەڕ ستەمی نەتەوایەتی بە شێوەیەکی هێمنانە جێبەجێ بێت. کاتێک بۆ هەموان دەرکەوت کە بە ڕەسمی ناسینی هیچ مافێکی ئینسانی خەڵکی کوردستان لە جەوهەر و ناوەڕۆکی کۆماری ئیسلامیدا نییە، مامۆستا تووشی هیچ ڕاڕایەک نەبوو لەوەیکە پشتیوانی لە مقاومەتی چەکدارانەی خەڵکی کوردستان بکات و جل و بەرگی پێشمەرگانەی کردە بەر و وخۆی و بنەماڵەکەی شان بە شانی پێشمەرگە، شیو و هەردیان بڕی. با لێرەوە بە شوێن باقی ڕووداوە گرینگەکانی ۳۲ ساڵی ڕابردووی کوردستاندا بچین:

هەڵوێستی دڵسۆزانە و مەسئولانەی مامۆستا لە شەڕی ناوخۆ، سەرەتا و پرەنسیپەکانی پێوەندی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتان، شەڕی ئێران و عێراق، دۆستان و هاوپەیمانانی مامۆستا لە ناو ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری لە ئێران، هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییەکانی بالای خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ ئازادی لەگەڵ سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئامریکا لە ناوچەکە، پرۆژەی ئیسلاحی کۆماری ئیسلامی و هاتنە کایەی ڕیفۆرمخوازانی حکومەتی لە ئێران، چ لە دووی جۆزەردانی ۱۳۷٦ و چ لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ساڵی ۱۳۸۸. ئەمانە نمونەگەلێکن لەو خاڵە گرینگ و وەرچەرخانە سیاسیانەی کە تێیاندا هەڵوێستی مامۆستا و کۆمەڵە وەکوو یەک و یان گەلێک نزیک لە یەک بۆە. بە لێکۆلینەوە لەم هەڵوێستانەیە کە دەوری ماموستا لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کورد دا و لە بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی کۆمەلانی خەڵکی ئیران دا دەر دەکەوێ.

تەنانەت کاتێک قسە لە سەر باوەری مامۆستا بە سەرەتای جیایی دین لە دەوڵەت دەکەین لە بیرمان بێ کە ئەو هەڵوێستە لای ئەو لە کاتێکدا گەڵاڵە نەبووە کە هەمووان ئاسەواری حکومەتی ئیسلامیان بە گۆشت و پێست و ئێسقانەوە چێشتووە. بەڵکوو لە ساڵی ۱۹۷۹ واتە ئەو کاتەی کە بزووتنەوەی ئیسلامی لە لوتکەی نفووزی خۆی دابوو و هێشتا تەزووی دەسەلاتی بە لەشی خەلکدا نەهاتبوو، مامۆستا ئەم هەڵوێستەی ڕوو لە کۆمەڵانی ملیۆنی خەڵک دەردەبڕی.

مامۆستا هەرگیز مزگەوتی نەکرد بە سەنگەرێک بۆ بردنە پێشی ئامانجە سیاسییەکانی خۆی، ئەو ئەم ئەرکەی بۆ خۆی دانەنابوو کە مەلایانی ئایینی کوردستان لە دەوری یەک کۆ کاتەوە، بەڵکوو هەوڵی ئەوە بوو کە دەوری سەلبی ئەوان لە کۆمەڵگای کوردستاندا پووچەڵ بکاتەوە.

بە داخەوە تەمەن و هەلومەرجی سیاسی زەمانەش مەجالی ئەوەی نەدا کە ئەو ئەرکەی وا مامۆستا بۆ خۆی دانابوو، بە ئەنجامی بگەیەنێت، بەڵام سوونەتێک کە ئەو لە خۆی بەجێهێشت، لە سەر خەباتی سیاسی ئەو کۆمەڵگایەدا هەر دیار دەبێت.



سەرچاوە
Serchawe

**پرسیار**: چۆن لە کاتی پێکهاتنی هەیئەتی نوێنەرانی کورد. بۆ دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران. مامۆستاتان دیاریکرد بە سەرۆکی وەفدی کوردی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: یەکەم ئەوەیکە مامۆستا لە کۆمەڵگای کوردستاندا گەلێک خۆشەویست بوو، رووی لە هەر شارێک دەکرد بە هەزاران کەس بە پێشوازیەوە دەهاتن، نەک وەکوو پیاوێکی ئاینی، بەڵکوو وەکوو هەڵسوڕاوێکی سیاسی لە ناو کۆڕی خەباتدا بوو. بێ گۆمان مافی خۆی بوو کە لە "هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد" دا جێگا و شۆنێکی دیاری هەبێت. بوونی مامۆستا بە سەرۆکی هەیئەتەکە، کێشەی نیوان کۆمەڵە و دیموکراتی لە سەر سەرۆکایەتی هەیئەتەکە چارەسەر کرد. دوای ئەوەی هەموو لایەک لە سەر دیاری کردنی مامۆستا وەکوو سەرۆکی هەیئەت ساغ بووینەوە، ئەو جار توانیمان جێگا و شوێنی حیزبی دیموکرات وەکوو وتەبیژی هەیئەتەکە بسەلمێنین. حیزبی دیموکرات داوای سەرۆکایەتی هەیئەتی دەکرد.

**پرسیار**: وەکوو دەوترێ قاسملۆ دواتر لە مامۆستا نیگەران بووە کە سەرۆکی هەیئەت بێت و هەر ئەوەش وایکردووە مامۆستا بە لای کۆمەڵەدا بێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لەراستیدا حیزبی دیموکرات مامۆستایان خۆش نەدەویست و بوونی ئەویان بەرێگر لە سەر پاوانخوازیەکانی حیزب دەزانی. هەڵوێستی مامۆستا لە سەر کێشە سیاسیەکانی ئەو سەردەم لە هەڵویستی حیزبی دیموکرات دوور بوو و لەم بابەتەوە بە کۆمەڵەوە نزیکتر بوو. حیزبی دیموکرات بە هۆی نفوزێک کە مامۆستا هەیبوو، ناچار بوون بە نابەدڵی سازشی لەگەڵ بکەن.

**پرسیار**: بۆ ماموستا شێخ عێزەدین بەو هەموو نفوزەی هەبیوو، خۆی حیزبێکی ئیسلامی دروست نەکرد و هەمیشە لە پاڵ کۆمەڵە مایەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بە بڕوای من دوو هۆکاری هەبوو، یەکەم ئەوەیکە مامۆستا هەستی دەکرد لەرووی سیاسیەوە لە کوردستانی ئێران بۆشایەکی ئەوتوو نییە کە پێویست بێت ئەو بە پێکهێنانی حیزبێکی سیاسی پڕی بکاتەوە. دووهەم مامۆستا هەستی دەکرد بەوەیکە بە دانانی حیزب ئەو شوروشوقەی کە هەیەتی بۆ هەڵسوڕانێکی رەها لەدەستی دەدات و دەکەوێتە ناو گێژاوەی بەرێوەبردنی حیزب کە لەگەڵ رووحیەی شەخسی ئەو نەدەهاتەوە.

**پرسیار**: ئایا دەکرێت بڵێین مامۆستا چەندە مەزهەبی بوو، ئەوەندەش ئازادیخواز و یەکسانیخواز بوو؟ بۆ نموونە لە بابەتی

**داوای جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەتدا؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەوە راستە کە باوەر بە جیایی دین لە دەوڵەت یەکێک لە پرنسیپەکانی مامۆستا بوو، بەڵام نزیکی کۆمەڵە و مامۆستا گەلێک هۆکاری سیاسی کۆنکرێتیشی هەبوو کە باسم کرد

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیام - ڕێکەوتی: ١٠ی فێبریوێری ٢٠١٨

----------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## گۆڕانکاری پێویستە لە ناوخۆی ئێرانەوە بکرێت نەک بە دەستێوەردانی دەرەکی




**شەماڵ حەسەن - ڕێباز حەسەن**

**ئیبراهیم عەلیزادە، سکرتێری ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)، لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا وەڵامی پرسیارەکانی ئاژانسی هەواڵی فورات (ANF)ی دایەوە. عەلیزادە سەرنجی خستە سەر دوایین پێشهاتەکان، قەیرانەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**

**پرسیار: تا چەند هەوڵدراوە بەرەیەک لە هێزە چەپ و دیموکراتەکان دروست بکرێت لە دەرەوەی هێزە پان ئێران و پان کوردییەکان؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** لەم قۆناغەدا، ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و کوردی زۆرتر لە جاران، کەوتوونە خۆ. هەر لایەنێک هەوڵدەدات بە دید و تێروانینی خۆی، جێگرەوەیەک بە ڕوانگەی خۆی بۆ دوای لەنێوچوونی ڕژێم ساغ بکاتەوە. ئەو جموجۆڵانەی کە ئێستا هەیە جیاوازیان لەگەڵ ڕابردوو، هەموو چاویان لە دەسەڵاتە. حیزب و لایەنی جیاواز هەیە کە هەریەکەیان هەڵگری پەیامی چین و توێژێکە، بەڵام قسەکە لەسەر ئەوەیە کام جێگرەوە شانسی زۆرترە. بۆیە کۆبوونەوەی هەموو لایەن و حیزبەکان کە ببنە یەک جێگرەوە بۆ ڕژێم، پێم وایە شتێکی واقیعی نییە و قابیل بە ڕوودان نییە. بەڵام ئێمە وای دەبینین کە تەنها ئەڵتەرناتیڤێکی ڕادیکاڵ، ئینسانی، سۆسیالیستیی و کرێکارییە کە دەتوانێت وەڵامی خواستەکانی کۆمەڵانی خەڵک بداتەوە. لەو پێناوەشدا هەوڵدەدەین شەپۆل شەپۆل ئەو خەباتە شۆڕشگێرییە بچێتە پێش. لەو باوەڕەداین ئەگەر تەنانەت هێزی چەپ و ڕادیکاڵ ئێستا لاواز-یش بێت و تەنانەت گۆڕانکارییەکان بە ڕادەیەک خێرا ڕوو بدەن کە ئێمە هێشتا فرسەتی خۆکۆکردنەوەی هەموو هێزی خۆمانمان نەبێت، دەرفەتی باش و هاوسەنگی هێز بەلای هێزە چەپەکاندا دەشکێتەوە.

**پرسیار**: ماوەیەکە بەگشتی چالاکانی مەدەنی و کرێکاری دەکرێنە ئامانج، پێتان وایە لەو هەلومەرجەدا کێ لەپشت ئەو تیرۆرانەیە؛ باڵێک لەنێو خودی کۆماری ئیسلامیی یاخود سیستەم؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: مێژووی ٤٠ ساڵەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆ یەک تاکە رۆژیش، وازی لە تیرۆرکردنی نەیارانی لە هیچ گۆشەیەکی جیهان نەهێناوە. تەنانەت ئەم خوولەش بە حیساب ریفۆرمیستەکان کە لەسەر کاربوون، لەبەرئەوەی ئەمە بەشێکە لە خەسڵەتی ئەو رژێمە، لە نێوخۆی ئێران دەستی کراوە نییە بۆ کوشتن و تیرۆر. لەبەرئەوەی نیگەرانی کاردانەوەی جەماوەرە. بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە ئێستا کۆمەڵانی خەڵک لەو تیرۆر و کوشتنە سڵ ناکەنەوە، تا ئێستا-ش تیرۆر و تۆقاندن نەیتوانیوە رێگە لە ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بگرێت.

**پرسیار**: ترسێک هەیە لە لای خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەوەی شەڕی براکوژی لەنێوان لایەنە سیاسییەکان دووبارە سەرهەڵبداتەوە، چ گەرەنتییەک هەیە ئەمە ڕوونەدات؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بێگومان، هەر لایەنێک بۆ خۆی پێویستە ئەو گەرەنتییە بدات. هەر کەسە لەلای خۆیەوە شەڕی ناوخۆ لە کوردستان حەرام بکات، وە دەرفەتی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە لەناو ببات، بەڵێنی ئەوەش بە کۆمەڵگەی کوردستان بدات کە لە هیچ بارودۆخێکدا کێشە و ناکۆکییەکان بە رێبازی چەک و شەڕی براکوژی چارەسەرنەکات. ئەمە گەرەنتیی ئێمەیە، دەتوانین ئەو دڵنیاییە بدەین، لەواقیعیشدا بەرەیەک ناتوانێت پێش لەمە بگرێت. لە باشووری کوردستان بەرەی کوردستانی هەبوو، بەڵام شەڕێکی گەورە ڕوویدا. بەرەی کوردستانی پێک بێت یان نەیەت، خۆی لەخۆیدا گەرەنتیی نییە، بۆیە گرنگە بەرەیەکی پتەو و چەترێکی بەهێز هەبێت، رێگە بەوە نەدرێت کە لە دژی یەکتر بکەونە کار، بیرلێکردنەوە و هێنانە گۆڕێی ئەو بیرۆکەیە زۆر پێویستە.

**پرسیار**: بیر و بۆچوونی کۆمەڵە دەربارەی هەڕەشە و دەستێوەردانەکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران چییە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەمەریکا و دەوڵەتانی رۆژئاوا، زۆریان پێویستیی بەکۆماری ئیسلامی هەیە، لە هەمان کاتدا ئامادە نین دەستبەرداری ئەو رژێمە بن کە لە ئێستا-دا نازانن جێگرەوەی ئەو رژێمە چۆن دەبێت. خەڵک دەبێت بزانێت ئەو خۆشەویستییەی بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی کورد و جیا لە کورد بۆ ئەمەریکا، خۆشەویستییەکی یەک لایەنەیە، تا ئێستا نابینرێت کە ئەمەریکا بیەوێت ئێران بڕوخێنێت، هەموو کات داوای دانوستاندن دەکەن لە ئێران، ئەو لایەنانەی کە باسی دەستێوەردانی ئەمەریکا دەکەن لە ئێران، هەڵەن. لەبەرئەوەی ئیمانیان بە جەماوەر نییە، پێیان وانییە خەباتیی خەڵک،

ئەنجامێکی لێبکەوێتەوە. بەردەوام ئەوە بەرگوێی خەڵکدا دەدەن کە لە ئەنجامی دەستێوەردانی ئەمەریکاوە، سەرکەوتنێکی ئاسان و بێ مەترسیی دێتەوە ئاراوە، بەڵام ئەمە واقیعی نییە. ئەمەریکا لە ڕێگەی ئێرانەوە زۆر کێشەی گەورەی لە ناوچەکە کۆنترۆڵکردووە، ئەوەی ئەمەریکا دەیکات تەنها سنووردارکردنی سەرکێشییەکانی ئێرانە، سنووردارکردنی زیادەخوازییەکانیەت. وەک کۆمەڵە-ش دژی دەستێوەردانی دەرەکین، چونکە تەنها گۆڕانکارییەک کە لە خزمەتیی خەڵکدا بێت، لە نێوخۆی ئێراندا پێویستە ڕووبدات.

**پرسیار**: لە ماوەی ڕابردوو نێچیرڤان بارزانیی و نازم دەباغ هۆشدارییان دایە پارتەکانی ڕۆژهەڵات بەوەی ڕێگە بە جموجۆڵ و چالاکیی چەکداری لە خاکی باشووری کوردستانەوە بۆ نێو ڕۆژهەڵاتی کوردستان نادەن، خوێندنەوەی ئێوە بۆ قسەکانی ئەوان چییە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: حکوومەتی هەرێم ئەگەر هەر هەڵوێستیکیان هەبێت، خەباتی چەکداریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانێت لەسەر حیسابی خەڵکی باشوور یاخود باکووری کوردستان، بەڕێوەبچێت. دەبێت خۆی لەخۆیدا ئامادەکارییەکانی لەنێو خۆیدا پێکهێنابێت. ئێمە دژی ئەوەین لە سنوورەکانەوە کێشە بۆ یەکتر بخوڵقێنن، ئێمە لە ڕابردوو لەنێو ڕۆژهەڵات شار و گوند-مان بەدەستەوەبوو، کاتێک شکستمان خوارد لە بەڕێوەبردنی، بڕیار نییە دووبارە بێینەوە لەم دیو سنوورەکان دەست بە خەباتیی چەکداری بکەینەوە، دەبێت لە نێو خۆی ڕۆژهەڵات کار و خەباتمان چالاک بێت.

**پرسیار**: ڕای ئێوە لەسەر نەخشەڕێگەی کۆدار و پەژاک چییە؟ وەک دەبینرێت ئێوە تا ئێستا پشتگیری ئەو پرۆژەیەتان نەکردووە لەکاتێکدا نەخشەڕێگەکە ئاڕاستەی کۆمەڵگە کراوە؟


**ئیبراهیم عەلیزادە**: ڕاستە پرۆژەیەکی حیزبیە، بەڵام لەو نەخشە ڕێگەیەدا کۆمەڵێک داخوازی و ئاواتی خەڵک تێیدا بەجێکراوە کە زۆر لەجێگەی خۆیدایە، بەڵام ئەوەی جێگەی ڕەخنەی ئێمەیە ئەوەیە، لەو نەخشەڕێگەیەدا کۆماری ئیسلامی لەژێر فشاری خەبات بۆ ڕووخاندن دەرباز دەکات، کە ئەو قۆناغە تەواو بووە. ئێمە لەنێو نەخشەڕێگەکەدا ناکۆکین لەگەڵ ئەم خاڵەدا، بەڵام سەرەڕای ئەم ڕەخنەیەش، ئەمە کار ناکاتەوە سەر پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کۆدار و پەژاک. ئێمە بەردەوام دەبین لە پەیوەندی و سەرنج و ڕا گۆڕینەوە لەگەڵ هاوڕێیانی کۆدار و پەژاک، لەبارەی نەخشەڕێگەکە و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران.

سەرچاوە: ئاژانسی هەواڵی فورات (ANF) - ڕێکەوتی: ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## بڕیارەکەی ئەمریکا لە قازانجی کورد نییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان




**سازدانی: هێمن حەسەن**

**سەبارەت بە کارتی کورد لەم هاوکێشەیەدا. عەلیزادە راشکاوانە دەڵێت: کورد لەم هاوکێشەیەدا نییەو ئەمریکا کارتی ئۆپۆزسیۆنی ئێران بەکار ناهێنێ.**

**هێمن حەسەن**: چۆن بڕیاری بە "تیرۆریست ناساندن"ی سوپای پاسداران هەڵدەسەنگێنن؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەم بڕیارە ناتوانێ گۆڕانکارییەکی زۆر جدی بێنێتە کایەوە لەئێراندا، چۆن بە ئاسانی سوپای پاسدارانیان خستووەتە لیستی تیرۆرەوە هەر بەو ئاسانییە دەتوانن لەگەڵ ئێراندا بکەونە گفتوگۆو رێکەوتن. ئەمریکا پێشینەی لەم رووەوە زۆرە، پێشتر موجاهیدنی خەلق و قاعیدەو پەکەکەی خستبووە لیستی تیرۆرەوە، بەڵام دەبینی ئێستا لەگەڵیان دادەنیشێ.

دەرکردنی ئەم بڕیارە بە بڕوای من، پەیوەندی بە کۆمەڵێک جموجۆڵی سوپای پاسدارانەوە هەیە کە لەناوخۆی ئێراندا کردوویەتی. ئەمریکا نایەوێ بەدیلی رژێمی ئێستای ئێران لە داهاتوودا سوپای پاسدارانبێ وەک ئەوەی لە زۆر وڵات سوپا حکومی دەکات. سوپای پاسداران تەنیا سیستمی سەربازیی نییە بەڵکو سیاسی و ئابوریشە تەنانەت سیاسەتی دەرەوەی ئێران سوپای پاسداران دیاری دەکات. دەرفەتی ئەوەی هەیە شێوەی حکومڕانی لە ئێراندا بگۆڕێت، بۆیە ئەمریکا ڕەنگە هەستی پێکردبێ سوپای پاسداران ئەو دەرفەتە بەکاربهێنێ. هەموو ئەو فشارانەی ئەمریکا بۆ ئەوەیە ئێران پەلکێش بکاتە سەر مێزی گفتوگۆ. ئەمریکا ئێستا نایەوێ رژێمی ئێران بگۆڕێت لەبەرئەوەی نازانن چی بەرنە جێگەی و بەدیلێک شک

نابەن.

**هێمن حەسەن**: ئەی کاریگەری ئەو بڕیارە ئێران بەرەو کوێ دەبات؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ژێرخانی ئابووری ئێران بەتەواوی وێران دەکات، تەواوی کارخانەو ناوەندەکانی وەبەرهێنانو پیشەسازیی وێران دەکات بە پیشەسازی نەوتیشەوە. ئێران تەنیا بە کشتوکاڵەوە ماوە، لەرووی سیاسیشەوە خەڵک ناڕازییە ئەوەی ئێستا روونە دەبێ لە داهاتوودا ئەو رژێمە بگۆڕێت، بەڵام هەتا ئەگەر لەگەڵ ئەمریکاش رێبکەون ئابووری ئەو وڵاتە وا وێران بووە جارێکی تر نایەتەوە باری ئاسایی خۆی. دۆخەکە بە جۆرێکە ئێران ناتوانێ ریفۆرمیش بکات، چونکە ئەگەر ریفۆرم بکات خواستی خەڵک بەرز دەبێتەوە، پێموایە لەو کێشانە رزگاری نابێ و ئاخیرەکەی بە رووخان کۆتایی دێت، بەڵام روخانی رژێمی ئێران پڕۆسەیەکی ئاڵۆزە و سادە نییە وەک ئەوەی کە بەسەر شا دا هات.

**هێمن حەسەن**: کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەتوانێ کەڵک لەو بڕیارە وەربگرێ؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەم فشارانە نەک هەر بۆ رۆژهەڵات بۆ هەموو ئێران زیانی هەیە، هەست بەوە ناکەم فرسەتێکی تازە بخولقێنێ بۆ خەڵکی ئێران. چونکە خەڵکی برسی تر کردووە، یەکێک لە زیانی ئەو فشارانە ئەوەیە وا دەکات خەڵک لەسەر پێی خۆی نەوەستێت و بڕوای بەخۆی نەبێ تا ئەوەی چاوەڕێ بکات ئەو فشارانەی ئەمریکا بە ئەنجامێک بگات، سەرکەوتنێکی ئاسان و بێدەردیسەر وەک بەڵێن دەدەنە خەڵک کە تەنیا خۆش باوەڕییە.

**هێمن حەسەن**: بڕیارەکەی سوپای پاسدارانیش لە قەزانجی کورد نییە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەویش هەر لە قازانجی کورد نییە، چونکە هیچ لە میلیتاریزمی سوپای پاسداران کەم ناکاتەوە. هێزی سەربازیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەر پەرە پێدەدات، کە خراوەتە لیستی تیرۆرەوە کێشەیەکی لە رۆژهەڵات بۆ ناخولقێ تابڵێت سەرچاوەی دارایی لێبڕاوە یان دەستی بەستراوەو چەکی دەست ناکەوێت، بۆ سەرکوتکردنی خەڵک تفەنگ کافییە.

**هێمن حەسەن**: پارتەکانی رۆژهەڵات هیچ پلان و بەرنامەیەکی دیاریکراویان هەیە لە دوای ئەم بڕیارەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەو پارتانەی لەناوەندی هاوکارین زۆر خۆش خەیاڵانە هەموو شتێکیان لەسەر سیاسەتەکانی ئەمریکا

بنیات ناوە. هەموویان بەو ئومێدە دانیشتوون ئەمریکا بێت و ناوچەکەیان بۆ رزگار بکات یان رژێم بڕوخێنێ، جا ئەوانیش بە هێزی چەکدار بێن لە رۆژهەڵات شتێک بەدەست بهێنن. حسابی درێژماوەی ئەوان لەسەر خەباتی جەماوەریی نییە، بێجگە لەوەش لەناوخۆیاندا کێشەو ناکۆکی زۆریان هەیە، ستراتیژی ئێمە لەگەڵ ئەوان زۆر جیاوازەو لەناوخۆشیاندا جیاوازن، ئەوەی روونە ئێستا ئەمریکا بڕیاری نەداوە لەدژی ئێران بەکارتی ئۆپۆزسیۆن کار بکات و بەتایبەتیش کارتی کوردی. ئێستا کورد لە هاوکێشەی ئەمریکادا نییە، بەوە نابێ کە هەیئەتێکی کوردی بچێتە واشنتۆن کارمەندێکی دەرەجە چەندی وەزارەتی دەرەوە ببینێ. وڵاتان هەمیشە تووله رێیەک دەهێڵنەوە و بەتەواوی پەیوەندییەکان لەگەڵ لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان ناپچڕێنن. هەمیشەو ئەو پەیوەندییانەش کە دەیهێڵنەوە لەرێی دەزگای جۆراو جۆری جاسوسی و هەواڵگرییەوە دەیکەن.

**هێمن حەسەن**: دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لە پاش بڕیارەکەی ئەمریکا دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئێران بکات؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: دەسەلاتدارانی هەرێم دەبێ لە بەینی سیاسەتەکانی ئەمریکاو ئێراندا هاوسەنگی رابگرن، نابێ هەموو هێلکەکان بخەنە سەبەتەی یەکێکیانەوە، نابێ بچنە ناو ئەو کێشەیەی ئێران لەگەڵ ئەمریکا هەیەتی، دەبێ سیاسەتی سەربەخۆیان هەبێ. سیاسەتی سەربەخۆی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە ئەوەش بە هێز دەکرێت تەنیا بە ئیرادە ناکرێت. بەشێکی زۆری ئەو هێزە لەناو کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندایە واتە دەبێ ئەو کۆمەڵگەیە پشتیوانی لەو سیاسەتە سەربەخۆیە بکات بۆ ئەو پشتیوانیەش دەبێ کۆمەڵگا رازی و تێربێ بەو مانایەی دەبێت گەندەڵی و ناعەدالەتی نەبێ. لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتدارانی هەرێم دەبێ پشتیوانییەکی گەرموگوڕتر بکەن لە ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێران، ئەمە بەمانای دەستتێوەردان نیە، راستە با هێزی چەکدار نەچێتە ئەودیو و ئێرانیش ئەوە نەکاتە بیانوو، بەڵام حزبەکانی رۆژهەڵات بۆ لێرە بەهێزتر نەبن بۆچی دەنگیان دلێرتر نەبێ بۆچی میدیای ئێرە بە قەد میدیا هیچ وڵاتێکی ئەوروپایی باسی مەسەلەی کورد ناکات، بۆچی دەمی میدیاکانی ئێرە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێران دەبەسترێ؟ بەراستی ئەمە پیشانی نادات کە هەرێم بەهێزە، بەڵکو لای دوژمن لاوازتریان دەکات.

**هێمن حەسەن**: بەرپرسانی هەرێم داوا دەکەن حزبەکانی رۆژهەڵات رەچاوی دۆخی هەرێم بکەن، ئەو داوایە چۆن دەبینی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بەشێک لەو چاوەڕوانییەی حکومەتی هەرێم لە حزبەکانی رۆژهەڵات رەوایە. تۆ هێزی چەکدار بنێریتە ئەودیو و بیهێنیتەوە ئەمە دۆخی خەڵک لەهەرێم دەخاتە دۆخێکی ترەوە. بەڵام لەوە زیاتر تەواوە نابێ فشارمان بۆ بێمنن، بەپێچەوانەوە دەبێت کارئاسانیش بکەن، خەڵکی رۆژهەڵات کە دێن بۆ باشوور نابێ وەک کەسێکی بیانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.



سەرچاوە
Serchawe

**هێمن حەسەن:** ئێستا لە رۆژهەڵات خەباتی سیاسی و مەدەنی زیاترە لە خەباتی چەکداریی هۆکارەکەی چییە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان ئێستا ئەو جۆرە خەباتە چەکدارییەی ناوێ، چونکە کاتێک چەکت کردە شان دەبێ قودرەتت پیشان بدەی نەک خاڵی لاواز. ئەگەر تۆ چوویت شەڕت کردو هەر لێت کوژراو هەڵبێی، ئەوە پیشانی دەدەی کە تۆ نەتوانیوە خۆت پسەپێنی بەسەر دوژمندا. بۆیە ئێستا خەباتی چەکداریی خاڵی لاوازە و زیانی زۆری لێکەوتەوە. دوژمنی هارتر کرد. پێشموایە سیاسەتی حکومەتی هەرێم کاریگەری هەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە.

**هێمن حەسەن:** خوێندنەوەی بەڕێزت بۆ ریفراندۆم و ئەنجامەکەی لە باشور چیە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بەبڕوای من لە ئەساسدا سیستمی فیدراڵی چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی ناکات، بۆ مەسەلەی کورد سیستمی فیدراڵی چارەسەر نییە. دۆخی هەرێمی کوردستان پێش ریفراندۆم لە سیستمی فیدراڵی ئەولاتر بوو، بەڵام دوای ریفراندۆم هەرێمی کوردستان پاشەکشەی کرد و چووەتەوە ناو قاڵبی فیدراڵی، پێش ریفراندۆم هەرێم جۆرێک بوو لە دەوڵەت وەک بڵێی هاوپەیمانیەتیەکی هەبوو لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیی.

**هێمن حەسەن:** وەک سیاسەتمەندارێکی رۆژهەڵاتی کوردستان نەمانی نەوشیروان مستەفا لەسەر شانۆی سیاسی هەرێم چۆن لێک دەدەیتەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** کەس ناتوانێ ئینکاری ئەوە بکات بۆشاییەکی گەورەی دروستکردووە، کاک نەوشیروان کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەبوو لەوانە بڕوابەخۆبوون، راشکاوو بێ پێچ و پەنا بوو لە داڕشتنی سیاسەتدا، ئەوەی دەیوت هەر ئەوەشی دەکرد. کەسایەتییەکی خاوێنی هەبوو، هەموو ئەمانە ئەوی کردبووە شەخسیەتێکی کاریزمی. ئەوەی لە رۆژی مردنەکەیدا بینرا لە خەڵکی سلێمانی، دەرکەوت کە رۆیشتنی بە ئاسانی شوێنەکەی پڕ نابێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی زەمەن پریس


ڕێکەوتی: ٢ی مای ٢٠١٩

------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## کۆماری ئیسلامی هیچ دەرفەتێک بە نەیارەکانی نادات



**سکرتێری ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران باس لەدانوستانی حزبەکانی ڕۆژهەلات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕۆڵی حزبەکەی ئەوان لەو دانوستانانە باسدەکات.**

**لەلایەن ئیبراهیم عەلیزادە، سکرتێری ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەڵامی پرسیاری شارپرێس-ی لەبارەی دانوستانی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایەوە.**

**شارپرێس: دەنگۆی ئەوە هەیە کە لە نێوان چوار حیزبی کوردستانی کە لە ناوەندی هاوکاریدا کۆبونەتەوە و کۆماری ئیسلامی ئیران گەڕێکی نوێی گفتوگۆی دەستپێکردوەتەوە، وردەکاریەکانی ئەو دانیشتنە چیە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەو حیزبانەی کە ئێوە ناوتان برد تا ئێستا بە شێوەی رەسمی لێدوانێکیان لەم بابەتەوە نەداوە، بەڵام بە پێی ئەو هەواڵانەی کە بە شێوەی نارەسمی لێرەوە لەوێ قسەی لێدەکرێت و بە رلەبەرچاوگرتنی پێشینەی ناشەفافی دو دانیشتنەکەی پێشوی ئەوان، کە لە سەرەتاوە رەتیان دەکردەوە و دواجاریش کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دانیان پێدانا، پێدەچێ ئەو دانیشتنە رووی دابێت. پێشینەی مەسەلەکەش دەگەڕێتەوە بۆ نیوبژیوانی رێکخراوێکی ناحکومی نەروێژی بە سەرپەرشتی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە. محەمەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی، لە پەراوێزی پرێس کونفرانسێکدا دانی بە بونی وەها گفتوگۆیەک داناوە. ئاشکرایە کە لە دوو دەوری پێشووی گوفتوگاندا ڕێکەوتنێک لە ئارادا نەبۆە. چونکە لە راستیدا کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی ڕێکەوتن لە گەل ئەوان دانەنیشتوە، بەگوێرەی زانیارییەکانی ئێمە وەفدی ئیرانی پێی گوتون کە کۆماری ئیسلامی ئێران تەنها لە چوارچێوەی" دەستور" واتە قانونی ئەساسی ئێران دا

ئامادەیە لە گەڵیان هەڵسوکەوت بکات. هەموان دەزانن کە هەر بە پێی ئەو دەستورەشە کە کۆماری ئیسلامی ٤٠ ساڵە نەیارانی خۆی لە ئێران و کوردستان سەرکوت دەکات. ئەگەر ئەو دەنگویە ڕاست بێت، بە واتای ئەوەیە کە ئەوە پرۆژەی کۆماری ئیسلامی بۆ لەباربردنی خەباتی رزگاری خوازانەی خەلکی کوردستان بەرەو پێش چۆە و نەک ئامانجەکانی ئەم چەند حیزبە.

**شارپرێس**: هەڵویستی ئێوە بەرانبەر بەم گفتوگۆیانە چییە و بۆ تیایدا بە شدار نین؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئێمە ئەو دەرفەتە لە کۆماری ئیسلامیدا نابینین کە نە ڕێگای چالاکی سیاسی و قانونی بە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی نەیاری خۆی بدات و نە دان بە مافەکانی پێشێلکراوی خەڵکی کوردستان دابنێت. نە لە رابردودا بوبەتی و نە ئێستاش هیچ نیشانەیەک دەبیندرێت کە ئەو زەرفیەتەی پەیدا کردبێت. هاوسەنگی هێزی نیوان ئەو حیزبانە و کۆماری ئیسلامیش لە ئاستێک دانییە کە بڵێین جەبری زەمانە هێناویەتە بەردەم مێزی دانوستان. هەربۆیە ئیمە بە پیلانێکی دەزانین هەر وەکوو لە رابردوودا لێمان دیوە،

بەڵام سەرەرای ئەوە، دوو بابەت دەتوانێ بۆ وەها گفتوگۆیەک هەبێت، یەکیان گفتوگۆ لە سەر بەرژەوەندیەکانی حیزبی، وەکوو خەباتی چەکداری، فەعالیەت لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا، بەشداری کردن لە هەلبژاردن و بابەتی دیکەی لەم چەشنە کە ئەوانە پێوەندی بە حزبەکەی خۆیانەوە هەیە و مافی خۆیانە، هەر بەلایەک بە سەریان بێت یان هەر دەسکەوتێک بۆ حزبەکەیان بە دەست بێنن، لە چاکە و خەراپەی خۆیان بەرپرسن. ئیمە ناڵێین مافی ئەوتان نییە لە سەر ئەم بابەتانە رێبازی و جیهەتی تایبەت بە خۆتانتان هەبێت و لە پێناویدا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی گفتوگۆ بکەن. ئەگەر بە پێویستمانزانی و بۆ رون کردنەوەی بیرورای گشتی و بردنە سەری رادەی ووشیاری جەماوەر لەم بابەتەوە قسەی خۆمان دەکەیەن، بەڵام بابەتی دووهەم گفتوگۆ لە سەر چارەنوسی خەڵکی کوردستان، مافەکانی خەڵکی کوردستان و داخوازیە گشتیەکانی ئەو خەڵکەیە. لێرەدا ئێمە دەڵێین مافی ئەوەیان نییە لە سەر کۆمەڵگای کوردستان و داهاتوەکەی، دانوستان بکەن بۆ چارەنوسی حیزبەکەی خۆیان هەر بریارێک دەدەن با بیدەن ئێمە لەگەڵ ئەو مەسەلەیە کێشەیەکمان نییە، بەڵام کێ مافی ئەوەی پێداون لە سەر چارەنوسی خەلکی کوردستان بریار بدەن؟ ئەو نوینەرایەتێیان لە کێ وەرگرتووە؟

ئەگەر رۆژێک لە رۆژان لە ئاکامی هاوسەنگی هێز و بە پێی هەلومەرجێکی دیاری کراو، بارودۆخی دانوستان لەگەڵ دوژمن پێک هات، ئەو جار مەسەلەی دیاریکردنی دەستەی دانوستانکار، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە لایەن جەماوەری خەڵکی کوردستانەوە متمانەی پێدرابێت دێتە گۆرێ، پێویستە ئەو حیزبانەی کە دەچنە گفتوگۆوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی رادەی



سەرچاوە Serchawe

مافی خۆیان بناسن، ئەوان بۆیان نییە بە نوێنەرایەتی لەلایەن خەڵکی کوردەوە دانوستان بکەن. بە خۆشحاڵییەوە ئێستا جەماوەری خەڵکی کوردستان لەم بابەتەوە وشیارن و گەلێک ئەزمونی بەنرخیان لەم بابەتەوە هەیە و مو لە ماست دەکێشن و ئەگەر ئەو حیزبانە تووشی وەها هەڵەیەک بن، بێگومان خەڵکی کوردستان لێیان قبوڵ ناکەن.

ڕ . ج

سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپرێس - ڕێکەوتی: ١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

---------------------------------------

## مەترسییەکان بۆ باشوور زۆر جددی ترە لەمەترسییەکان بۆ سەر رۆژئاڤا



سازدانی: ئاریز

ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە بۆ هاوڵاتی:

ئیبراهیم عەلیزاد وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کەباس لەمەترسیەکانی سەر باشوور دەکەن. پاش ئەوەی پەلامارەکانی سوپای تورکیا لە (٩ - ١٠ - ٢٠١٩) بۆ سەر رۆژئاڤای کوردستان روویدا.

هاوڵاتی: پەلامارەکان تارادەیەکی زۆر شۆکێک دروستبوو لەڕۆژئاڤاو باشووری کوردستان و لەبەشێک لەناوچەکە. کەئایا بۆچی ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەڕۆژئاڤای کوردستان یان لەباکووری سوریا پاشەکشەی کرد؟ پشتی کردە هێزەکانی هەسەدەو هێزە کوردییەکان؟



سەرچاوە
Serchawe

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەگەر پەکەکە بیەوێت چارەنوسی رۆژئاڤا بەباکوری کوردستانەوە گرێبدات سیاسەتێکی هەڵەیە ئەوەی کە لەرۆژئاڤای کوردستان روودەدات و وەکو ئەوەی مەزڵوم کۆبانێ دەڵێت: جینۆسایدێکە بەرانبەر خەڵکی رۆژئاڤای کوردستان. فەرید ئەسەسەرد پێشتر لەوتارێکیدا رایگەیاندبوو: ئەمە یەکەمجار نییە ئەمەریکا خەیانەت لەکورد دەکات و کورد بەجێدەهێڵێت، لەساڵی (١٩٧٥)، (١٩٩٦) و چەند جارێکی تریش روویداوە، ئێستا لەرۆژئاڤای کوردستان دووبارە بووەتەوە.

ئیبراهیم عەلیزادە لەدرێژەی چاوپێکەوتنەکەیدا دەڵێت «ئەگەر (پەکەکە) بیەوێت چارەنووسی رۆژئاڤا بەباکوری کوردستانەوە گرێبدات، سیاسەتێکی هەڵەیە»

**هاوڵاتی**: لەبەشێک لەراگەیاندنەکانی ئەمەریکا هاتووە، کە ئەفسەرانی ئەمەریکا لەترەمپ تووڕەن کەگوایە ناپاکیمان لەکورد کردووە، هەڵسەنگاندنت بۆ ئەم بۆچوونە چۆنە؟ جگە لەشەڕو ململانێ، رێککەوتنێکیش هەیە لەگەڵ سوپای سوریا بەئاگاداری ڕوسەکان و ئێرانییەکان، ئایا ئەمە چارەسەرە بۆ دۆخەکە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: لێکۆڵینەوە بۆ بەهای ئەخلاقی بۆ ئەوەی کەئایا چەندە دەتوانرێت متمانە بەئەمریکا بکرێت، بەهیچ کوێمان ناگەیەنێت. ئەمەریکا نە لەکوردستان و نە لەهیچ شوێنێکی دونیا جگە لەبەرژەوەندیی خۆی هیچ شتێکی تر لەبەرچاو ناگرێت. دەبێت ئەو راستییە بزانین کەخەسڵەتی رێککەوتن و هاوکاری لەگەڵ ئەمریکا هەموو کات مۆری بەرژەوەندیی هەردوولای تێدایەو دەبێت بەفەرمی و راگەیەنراو بێت، خەیانەتکردن و پشتتێکردنی ئەمریکایش جێگای سەرسوڕمان نییە. پشتکردنی ئەمەریکا لەکوردانی رۆژئاڤا، لەچەند ساڵ پێش ئێستاوە چاوەڕوان دەکرا، بەڵام هەم هێزی رۆژئاڤا و هەم ئەمریکاش بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەبوو، ئەم بەرژەوەندییەش بریتیبوو لەداعش. داعش لەعێراق تەماعی لەدەسەڵاتی ئەمەریکا کردبوو، بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لەعێراق بەهۆی بوونی داعشەوە لەمەترسیدا بوو، واتا ئەمنیەتی ئەمەریکا لەناوخۆی وڵاتەکەی لەرێگای بەهێزبوونی داعش کەوتبوە مەترسی، بەڵکو دۆخی عێراق کەئەمریکا تێیدا (٤٠٠٠) کوژراو، (٥٠)هەزار پەککەوتە و (٣٠٠٠) ملیار دۆلاری تێدا خەرج کردبوو، ئەم بەرژەوەندییە کەوتبوە مەترسییەوە و ئەمریکا دەبوایە چارەیەکی بۆ ئەمە بدۆزیایەتەوە، داعش لە سووریا هیچ مەترسییەکی بۆ ئەمریکا نەبوو، بەڵام بۆ روسیا و دەسەڵاتی بەشار ئەسەد کە لەلایەن ئێران و روسیا لایەنگریی لێدەکرا، مەترسیی هەبوو. ئەمریکا دەبوایە داعش لەعێراق تێکبشکێنێت و لە ناوی ببات، بەڵام هاوکات لەسوریا ئەم کارەی کرد. رۆژئاڤا چ لەو کاتەدا و چ لەئێستاشدا نەدەبوایە بە بێ بەشداریی هیچ لایەنێکی نێونەتەوەیی رێککەوتنی بکردایە، دەبوایە شاهیدو لایەنێکی نێودەوڵەتی لەنێواندا بوایە بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ ئەم رێککەوتنە دابنرێت و بەهاکانی بە چ شێوەیەک بپارێزرێت؟



سەرچاوە
Serchawe

ڕێککەوتنی ڕۆژئاڤاو ئەمەریکا نۆرماڵ بوو، دەبوایە لەپێناو دوژمنێکی هاوبەش هاوکاریی یەکتریان بکردایە، بەڵام دوای ئەوەی کە بەرەو رەققە پێشڕەوییان کرد دەبوایە ئەم ڕێککەوتنە بەچاودێرییەکی نێودەوڵەتی و بەبەرچاوی بیروڕای گشتییەوە واژۆ بکرایە کەئایا دواجار ئەمریکا بەرانبەر بەڕۆژئاڤا هەڵوێستی دەگۆڕێت یان نا؟. ئەگەر ئێستا ئەمریکا دەیەوێت گۆڕانکارییەک لەسیاسەتی خۆی بکات، دەبێت بەشێوەیەکی فەرمی و راگەیەنراو بێت. من گەشبین نیم بەرەخنەی کۆنگرێسمانەکان لەسیاسەتی ترەمپ، چونکە دواجار ئەمەریکا لەنێوان تورکیاو ڕۆژئاڤا لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیدا، تورکیا دەپارێزێت. تورکیا بۆ ئەمریکا دۆستێکی ستراتیجیکە، ئەمە ئەلفبای تێگەییشتنە لەپێوەندییە نێودەوڵەتییەکان. نابێت ئەزموونەکانی پێشوو لەڕۆژئاڤا دووبارە بێتەوە، ئێستایش ئەگەر ئەمریکا دەیەوێت گۆڕانکارییەک لەسیاسەتی خۆی پێکبهێنێت، دەبێت راگەیەنراوو بەچاودێریی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بێت.

**هاوڵاتی**: دوای ڕێککەوتنی سوپای سوریاو هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە)، ئەوەی کەناوی (هەسەدە) بگۆڕرێت بەهێزێکی هاوبەش و سوپای سوریا دەگەڕێتەوە ناوچەکانی باکوری سوریاو خۆرهەڵاتی فورات، ئایا ئەم ڕێککەوتنە ئاڵتەرناتیڤێکی گونجاوە، یان وەک ئەوەی مەزڵوم کۆبانێ دەڵێت: ناچارین ئەم سازشە بکەین بۆ ئەوەی گەلەکەمان جینۆساید نەکرێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: بێگومان ئەوە ناچارییە، لەگۆڕەپانی ململانێکانی سوریا دوو لایەنی جیاواز بەدرێژاییی (١٨) ساڵی رابردوو کێشمەکێشیان هەبووە، لایەنێکیان روسیا، ئێران و حکومەتی بەشار ئەسەدە، لایەنێکیش ئەمریکا، تورکیاو سعودیەیە. ئەنجامی کێشەو ململانێکانی ئەم دوو لایەنە بوەتە ئەوەی کە لایەنی روسیی تێیدا سەرکەوتوو بووەو لایەنی ئەمریکیش شکستی هێناوە، واتا تورکیاش شکستی هێناوە. لەئێستادا کەنزیکدەبینەوە لەدیاریکردنی چارەنووسی سیاسی داهاتووی تورکیا، پێویستی بەوەیە تارادەیەک لەقورساییی ئەم شکستە کەمبکاتەوە، هەربۆیە هێرشکردن بۆ سەر ڕۆژئاڤای کوردستان هەڵوێستێکی بەرگریکارانەیە لەلایەن تورکیا. ئەوەی کەتورکیا بەدوایەوەیەتی دەیەوێت لەدیاریکردنی دوارۆژی سیاسیی سوریا، بێ دەسەڵات نەبێت و لە هەمانکاتدا زیانێکیش بەدوژمنی خۆی کەڕۆژئاڤای کوردستانەو مافی چارەنووسی خۆیان، دەگەیەنێت. ئەردۆغان ئاژاوەگێڕێکی دۆڕاوە لەم رووداوەو بەڕای من لەم پەلامارەشدا سەرکەوتوو نابێت. لایەنێکی تری ئەم بابەتە روسیایە، هەر لەڕابردوو (یەکێتیی سۆڤیەتی جاران)و لەم سەردەمەشدا پێگەیەکی سەرەکی لەسوریا هەبوەو پێکەوە هاوپەیمان بوون. روسیا لەململانێکانی چەندساڵی رابردوو لەسوریا سەرکەوتوو بووە، کەواتە بەئاسانی ناتوانێت لەپێناوی هێرشی سوپای تورکیا، چاوپۆشی لەم سەرکەوتنە بکات. سەبارەت بەڕۆژئاڤا دەبێت بڵێم: هەم ڕێککەوتنی پێشووی لەگەڵ ئەمریکا و هەم ڕێککەوتنی ئێستای لەگەڵ سوریا و روسیا دەبێت راگەیەنراوو یاسایی بێت، دەبێت خەڵک لەوردەکارییەکانی ئاگاداربن، بۆ ئەوەی دوایی تووشی رووداوی چاوەڕواننەکراو نەبن و تووشی سەرلێشێواوی و

نائۆمێدی نەبن. بەڕای من رۆژئاڤا کۆمەڵێک دەستکەوتی کۆمەڵایەتی هەیە، کە بەئاسانی و بەهێرشی سەربازی ناسڕێنەوە. رۆژئاڤا دەبێت ئێستا پارێزگاری لەپەیوەندی نێوان خۆی و خەڵکەکەی بکات، دەبێت پێداگری بکات لەسەر دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی واتا دیموکراسی، خۆبەڕێوەبردن، یاسای پێشکەوتنخوازانەی بۆ ژنان و پاشەکشێ نەکردن بۆ کۆنەپەرستی، دەبێت لەسەر دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی بەردەوام ئەگەر هەر بۆشاییەک لەم نێوانەدا دروستبێت و پەکی بکەوێت، ئێمە بەشکستی دەزانین. لەدوارۆژی سوریا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان سەربەرزدەکەنەوەو خەڵکی سوریا بەئاسانی لەو کەسانەی کەهۆکاری نەهامەتییەکانیان بوون خۆشنابن. لەم کاتەدایە کەپاشەکەوتی هێزو توانای رۆژئاڤای کوردستان فریایان دەکەوێت. من رۆژئاڤای کوردستان بەشکستخواردوو نازانم، لەڕووی سەربازییەوە ئەم پاشەکشێکردنە، واتا هەم پێشڕەوی و هەم بەرگریکردن، هەرسێکیان دەتوانن ببن بەبنەمای ستراتیجییەک بۆ سەرکەوتنیان. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کەدەبێت بەچ شێوەیەک هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت؟ دەسەڵاتی رۆژئاڤای کوردستان نابێت ئەو ئۆمێدو خۆشباوەڕییانەی کە بۆ ئەمریکا هەیبوو، بۆ روسیایش دووپاتی بکاتەوە، دەبێت بەها ئەخلاقییەکانی بپارێزێت، بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت.

**هاوڵاتی**: ئێمە پێویستمان بەهەڵوێستی هەموو هێزە سیاسییەکان هەیە، بەڵام مایک رۆبن لەوتارێکیدا دەڵێت: تورکیا زیاتر لە(٤٥)ساڵ پێش ئێستا قوبرسی داگیرکردو ئێستایش دەیەوێت سەرچاوە سروشتییەکانی لەناوبەرێت، لەعەفرین پاکتاوی رەگەزیی کردووە، لەناوچەی جەرابلوسی سوریا بنکەی پۆستی تورکیای کردووەتەوەو رۆژ لەدوای رۆژ خۆی لەگەڵ ئەو ناوچانەدا دەگونجێنێت، تورکیا لەبەعشیقە و ناوچەی تری عێراق کە مەبەستی بنکەکانی ناوچەی بادینانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەردۆغان باس لەوەدەکات کە لەدەستبەسەراگرتنی هەندێک لەناوچەکانی یۆنان و بولگاریا، نییەتی ئەوەی هەیە. ئەم نووسەرە دەڵێت: تورکیا هەر شوێنێک داگیربکات، چۆڵی ناکات. بنکەی مەخموور کە وا ناسراوە لەلایەن (پەکەکە) بەڕێوەدەچێت یان شەنگال کەهێزگەلی سەر بەپارتی کرێکارانی کوردستانی تێدایە، بەڕای ئێوە ئەگەری ئەوە هەیە کەئەم کێشەو گرفتانە دواجار بەرۆکی باشووری کوردستانیش بگرێ؟ ئاڵتەرناتیڤەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چی دەبێت بۆ ئەوەی بەر بەم کێشانە بگرێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: جیاوازییەکی گەورە لەنێوان سوریاو باشووری کوردستان یان عێراق هەیە. سوریا بووە بەناوچەی نفوزو دەسەڵاتی روسیا، روسیا زلهێزێکە کەتوانیویەتی لەململانێیەکی (حەوت بۆ هەشت) ساڵی رابردوو رکەبەرەکانی وەلابنێت و ببێت بەبڕیاردەری کۆتایی. پێدانی دەرفەت بەتورکیا بۆ ئەوەی بەشێک لەخاکی سوریا داگیربکات و حکومەتی بەشار ئەسەد ناسەقامگیر بکات، بەمانای ئەوەیە کە روسیا لەبەرانبەر تورکیا رۆڵی زلهێزی خۆی لەبەرانبەر تورکیا ناتوانێت بگێڕێت و ئەمەش مومکین نییە. من دڵنیام کە روسیا سەرکەوتنەکانی دەپارێزێت. بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە کەرۆژئاڤا ئەوە بەدەرفەت بزانێت و سوود لەم دۆخە ببات، چونکە لەهەمانکاتدا روسیا دەیەوێت لەناکۆکیی نێوان تورکیاو ئەمەریکا کەڵک



سەرچاوە
Serchawe

وەربگرێت و کەلێنی نێوان ئەم دوو وڵاتەش زۆرتر بکات، هەر بەم هۆکارە سازشی لەسەر دەکات، بێگومان لەسەر مافی خەڵکی رۆژئاڤای کوردستانە کە لەلایەن روسیاوە سازش دەکرێت. بەڵام لەئێستادا ئەو دەرفەتە بەتورکیا نادرێت کە بەخواستی خۆی لەو ناوچەیە تەراتێن بکات. جیاوازیی باشووری کوردستان لەوەدایە کە بووە بەناوچەی نفوزی ئەمریکا کەتێیدا سەرکەوتوو بووە، واتا توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی سەقامگیر بکات، هێزی چەکداری لەخاکی باشوور هەیە، دەسەڵاتی خۆی سەقامگیر کردوە، کونسوڵخانەیەکی (٣٠٠٠) کەسی هەیەو بەرژەوەندییەکی درێژماوەی ئابووریی هەیە، ئەگەر تورکیا تەماع لەرۆژئاڤای کوردستان دەکات، بەڵام لەباشووری کوردستان لەگەڵ روسیا ناکەوێتە ململانێ و رکابەرییەوە. هەر بەم هۆیە روسیا چاوپۆشی دەکات لەباشووری کوردستان. مەترسییەکان بۆ باشووری کوردستان زۆر جددیترە لەمەترسییەکان بۆ سەر رۆژئاڤای کوردستان. باشووری کوردستان ئەو جێگایەیە کە روسیا بۆ ئەمریکای جێهێشتوە. سەبارەت بەحکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەبێت بڵێم: کەهەر بزووتنەوەیەکی سیاسی ئەگەر بیەوێت سەرکەوتوو بێت، پێویستی بەپشتیوانییەکی جەماوەری هەیە، بۆ ئەوەی جەماوەر لەگەڵت بێت، دەبێت لێت رازی بن، ئامادەبن بۆ هەر فیداکارییەک، هەموو شتێک لەباشووری کوردستان گرێدراوە بە پەیوەندیی نێوان خەڵک و دەسەڵات، دەبێت ئەو پەیوەندییە لەسەر جێگای خۆی بێت و بەهێز بێت و خەڵک دەسەڵاتەکە لەخۆیان بزانن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی

ڕێکەوتی: ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# سەید ئیبراهیم عەلیزادە

## ژیاننامە

ئیبراهیم عەلیزادە لە هاوینی ساڵی ١٩٥٠ لە گوندیی غەوساوا کە لە نێوانی ڕێگای مەهاباد و بۆکان داکەوتووە لە بنەماڵەیەکی تەنگدەست لە دایک بوو. باوکی لە کادیرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. تەمەنی کەمتر لە دوو ساڵ بوو کە باوک و دایکی لێک جیا بوونەوە و سەرپەرشتیی لە دایکی سەنراو و بە باوکی سپێردراو.

خوێندنی سەرەتایی و باڵایی لە مەهاباد تێپەڕاند. هێشتا خوێندنە سەرەتاییەکەی تەواو نەکردبوو کە باوکی بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکرات کەوت بە بەندیخانە و بە سزای سێدارەی بۆ درا. ئەگەرچە ئەم سزادانەوە لە ئاکامدا بە ٤ ساڵ زیندان نزمیندرا، بەڵام لە پاڵی تەنگدەستیی بنەماڵەکە، ڕۆڵێکی هەرەگرینگی لە مەیلی ئیبراهیم عەلیزادە بۆ سیاست بوو.

### چالاکیی خوێندکاری

عەلیزادە لە بواری کارەبا لە زانکۆی تەورێز دەستی کردن بە خوێندن و بڕوانامەی بەکەلۆریای لەم زانکۆیە وەرگرت. ئەو لە دەورانی خوێندن لە چالاکییەکانی خوێندکاران لە بزووتنەوەی خوێندکاری بەشداریی دەکرد. یەکەم جارِ لە ساڵی ١٣٦٨ کە چەند کەس لە خوێندکارانی زانکۆی تەورێز دەستبەسەر کرابوون، لە چالاکییەکانی پشتیوانیکردن بە ئازادیی ئەو خوێندکارانە بەشداریی کرد. ئەم چالاکیانە بوو بەهۆی ئەوە کە لە ساڵی ١٩٧١ چەوی چالاکی سیاسیی کۆمەڵەی گرت کە بەشێوەیەکی نهێنی چالاکیان دەکرد. لەم بوارە حسەین مرادبەیگی (حەمەسوور) پەیوەندییەکی لەگەڵ گرت و لە ڕێگای ئەو لەگەڵ عومەر ئیلخانیزادە ئاشنا بوو کە ئەویش هەر بەم شێوە لەبەر سەرنجی کۆمەڵە داکەوتبوو. ئەو لە ڕێگای عەلی ئاشناگەر لەگەڵ محەممەد حوسێن کەریمی پەیوەندیی گرت کە بەرپرسێتیی چالاکییەکانی کۆمەڵە لە مەهاباد و ئاقاری لە ئەستۆ ئەو بوو. عەلیزادە وێڕای ئیلخانیزادە و حوسێن مرادبەیگی لە مەهاباد ناوکێکی چالاکی بە دی هینان. عەلیزادە هەتا ساڵی ١٩٧٤ ئەندامی فەرمیی کۆمەڵە نەبوو و لەو ساڵە، هاوکات لەگەڵ دەستبەسەرکردنی گشتیی کادیرەکانی کۆمەڵە کە خەسارێکی گەورە بۆ ڕێکخراوەکە گەیاند بوو بە ئەندامی فەرمیی کۆمەڵە. بەدوای ئەم دەستبەسەرکردنانە، ڕێخستەکی



سەرچاوە Serchawe

کۆمەڵە خۆی لە دوو ناوەند لە موکریان و سنە ڕێکخستەوە. محەممەد حوسێن کەریمی، حوسێن مرادبەیگی، عومەر ئیلخانیزادە و ئیبراهیم عەلیزادە ئەندامانی ناوەندی موکریان بوون و ساعید وەتەندۆست، سدیق کەمانگور، جەمیل زەکەریایی و حوسێن مرادبەیگی ئەندامانی ناوەندی سنە بوون. بەدوای کۆتایی هاتنی خوێندنی لە زانکۆ چوو بۆ خزمەتی سەربازی و دەورانی سەربازیی خۆی لە ماوەی ١٨ مانگ لە کارخانەی قەندی میاندواو کە هی بەشی لۆجستیکی ئەرتەشی ئێران بوو تێپەڕاند. دوای ئەوە هاتەوە بۆ مەهاباد و بە ماوەی ساڵێک لە فێرگەی تیکنۆلۆژیی مەهاباد وانەی ئیلکترۆنیکی دا. هەر لەم سەردەمە بوو کە بۆ یەکەم جارٍ لەلایەن ساواک دەستبەسەر کرا و ماوەی ٩ مانگ در سلولی تاقەکەسیی ساواک تێپەڕاند. بە دوای ئازادبوون لە زیندانیش دیسانەوە ساواک شوێنی هەڵکرد و ناچار بوو هەتا کاتی شۆڕشی ڕێبەندانی ١٩٧٩ بە شێوەی نهێنی بژێت.

## چالاکییەکانی حیزبی

ئیبراهیم عەلیزادە لە یەکەمین کونگرەی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٧٩ لە سنە، وەکوو ئەندامی کومیتەی ناوەندی و ئەندامی نووسینگەی سیاسیی حیزب هەڵبژێردرا. ئەو دوو جارٍ زەواجی کردووە و ئێستاکە تەکی هاوسەری دوویەمەکەی دەژێت و منداڵی نییە.

لەساڵی ١٩٨٣ وەکوو سکرتێری یەکەمی کۆمەڵە هەڵبژێردراوە و لەو کاتەوە تا ئێستا ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و سکرتێری یەکەمی کۆمەڵەیە.

لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕەزبەری ٢٧٢٠ی کوردی - ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe